

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [٢]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی



بسم الله الرحمن الرحيم

ڕەددانەوەی جوولەکەکان دەربارەی حەرامیی بڕێ خواردەمەنی

﴿ كُلُّ ٱلطَّعَامِ كَانَ حِلًّا لِّبَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسْرَٰٓءِيلُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ مِن قَبْلِ أَن تُنَزَّلَ ٱلتَّوْرَىٰةُ ۗ قُلْ فَأْتُوا۟ بِٱلتَّوْرَىٰةِ فَٱتْلُوهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٩٣﴾ فَمَنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩٤﴾ قُلْ صَدَقَ ٱللَّهُ ۗ فَٱتَّبِعُوا۟ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ



ئایەتەکانی ئەم سوورەتە پیرۆزە، واتە: سوورەتی (العیمران) لە سەرەتاوە تا ئێرە بۆ چەسپاندنی بەلگەی ڕاستی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد بوون ﷺ، هەروەها بۆ چەسپاندنی تاک و تەنیایی خوداو بەرپەرچدانەوەی ئەهلی کیتاب و بۆڕدانیان و پووچەڵ کردنەوەی ئەو داب و نەریتەی کە کردبوویانە ئایین و بەناوی ئایینەوە بەخەڵکیان دەسەلماند، بە درۆ و دەلەسە دەیانگوت: ئەمە لەخوداوە هاتووەو دەقی تەوراتە، لەراستیش دا بێ بناغە بوو. ئەم ئایەتانەی ئێرەیش کە بریتین لە ئایەتەکانی (٩٣-٩٧) کە لەمە دوا دەست دەکەین بە ڕاڤەکردنیان، بۆ پووچەڵ کردنەوەی دوو شوبهەی تری جوولەکەکان هاتوون و لەو تەوەرەدا دەسووڕێنەوە.

١- گومانکاری یەکەم ئەوەیە کە بە پێغەمبەریان دەگوت: ئەتۆ لافی ئەوە لێ دەدەی کە لەسەر ئایینی ئیبراهیمی، ئەدی چۆن گۆشتی وشترو شیری وشتر دەخۆی؟؟ لەکاتێکا کە ئەو جۆرە خواردەمەنییە لە ئایینی ئیبراهیم دا حەرام بوون؛ واتە: تۆ شتێکت حەڵاڵ کردووە کە لەسەر ئەو حەرام بووە، ئەدی تۆ چۆن بە وتەی خۆت تەصدیقی ئەو دەکەیو لەگەڵ ئیبراهیم دا هاوڕاو هاو ئایینی؟؟ کەوابێ تۆ بۆت نیە بڵێی: من

لەهەموو کەس بە ئیبراهیم نزیکترم!!

ئیتر پەروەردگار بەرپەرچی دانەوە بەوە کە فەرمووی: هەموو خواردەمەنییەک بۆ بەنو ئیسرائیل حەڵاڵ بووەو پێش ئەوانیش بۆ ئیبراهیم حەڵاڵ بووە، دوایی بڕێ خواردەمەنییان لێ حەرام کرا وەکوو سزادانێک بۆیان.

گومانکاری دووەم ئەوەبوو: کاتێک رۆگەی موسوڵمانان لە قودسەوە گۆڕا بۆ کەعبەو موسوڵمانان لەجیاتی ئەوەی روو بکەنە بەیتولمەقدیس روویان کردە کەعبە، جوولەکەکان تانووتیان لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر دەداو دەیانگوت: بەیتولمەقدیس لە کەعبە رێزدارترەو شیاوترە بۆ رووتێکردن، بەیتولمەقدیس لەپێش کەعبەدا دروست کراوە و زەوییەکەشی دەبێتە گۆڕەپانی مەحشەر، هەموو پێغەمبەران لەنەوەی ئیسحاقن و هەموویان رێزیان لێگرتووەو لەنوێژدا روویان تێ کردووە، ئەی موحەممەد! تۆ ئەگەر راست بکەی نە لەسە تایینی ئەوانی رێزی ئەو رۆگەیەت دەگرت کە پێغەمبەرانی پێشوو رێزیان لێ گرتووە و، رووت لە قودس وەرنەدەگێڕا و، رۆگەیەکی ترت هەڵنەدەبژارد!؟ ئیتر پەروەردگار بەرپەرچی دانەوە بەوە کە یەکەم خانوویێک بۆ خوداپەرستی دروست کرابێ کەعبەیە کە ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی بۆ خودا تێداپەرستن دروستیان کردووەو لەکاتی نوێژو دوعا کردن دا روویان تێکردووە.

جا بۆ بەرپەرچدانەوەی گومانکاری یەکەم فەرمووی: ﴿**كل الطعام كان حلا لبني إسرائيل إلا ما حرم إسرائيل علي نفسه من قبل أن تنزل التوراة**﴾ هەموو خواردەمەنییەک بۆ نەتەوەی ئیسرائیل حەڵاڵ و رەوا بووە، دوایی بڕێ خواردەمەنی بەگوێرەی تەورات لە جولەکەکان یاساغ کرا، وەکوو سزایەک و تەمبێ کردنێک بۆیان، چونکە ئەوان ستەمیان لەخۆیان کردو شیاوی ئەو تەمبێ کردنە بوون وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**فبظلم من الذين هادوا حرمنا عليهم طيبات أحلت لهم**﴾النساء/١٦٠.
واتە: بەهۆی ستەمکردنی جوولەکەکان خۆیان بڕێ خواردەمەنی -کە

لەوەپێش بۆیان حەڵاڵ بوو- لێمان حەرام کردن.

مەبەست بە (اسرائیل) لێرەدا -بەگوێرەی رای هەندێ لە راڤەکەران مەبەست نەتەوەی ئیسرائیلە نەک یەعقووب بێ، بەڵام بەگوێرەی رای جەماوەری راڤەکەرانی قورئان پێیان وایە مەبەست بە ئیسرائیل یەعقووبە. مەبەستیش بە حەرام کردنی نەتەوەی ئیسرائیل بڕێ خواردەمەنی لەسەر خۆیان، ئەوە نیە کە خۆیان لە خۆیانیان حەرام کردبێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەو گەلە ملیان لە تاوانکردن ناو، گوناهی زۆرو زەبەندەیان کرد تا خوداوەند بۆ سزادانیان لەسەر ئەو تاوانانە بڕێ خواردەمەنی لێ قەدەغەکردن، وەکوو لەو ئایەتەی پێشوو ئاماژەی بۆ کرا.

پوختەی ئەم وەڵامەی قورئان ئەوەیە: کە ئەصڵ لە خواردەمەنیدا ئەوەیە کە حەڵاڵ بێ، ئەوەی لەسەر نەتەوەی ئیسرائیل حەرام کرا بۆ تەمبێکردن بوو، ئاکامی ئەو تاوانانە بوو کە ئەنجامیان دان، دەی خۆ پێغەمبەرو ئۆمەتەکەی هیچ جۆریکیان لەم تاوانانە ئەنجام نەداوە، کە وابێ ئەو خواردەمەنییە پاکانەیان لێ قەدەغە ناکرێ.

کە دەفەرموێ ﴿من قبل أن تنزل التوراة﴾ واتە: پێش هاتنە خوارەوەی تەورات بۆ مووسا هەموو جۆرە خواردەمەنییەک حەڵاڵ بووە، بۆ نەتەوەی ئیسرائیل بەڵام پاش نازڵبوونی تەورات و ئەنجامدانی ئەوان بۆ چەند تاوانێک ئیتر جۆرەها خواردەمەنییان لێ قەدەغەکراو هۆی حەرامکردنەکەشی روون کردۆتەوە، ﴿قل فأتوا بالتورات إن کنتم صادقین﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە دڵنیان کە راست دەکەن! دە تەورات بهێنن و بیخوێننەوە سەیری بکەن بزانن ئاخۆ ئەوەی تێدایە کە دەڵێن: ئەو خواردەمەنییانەی لەئێوە حەرام کراون لە ئیبراهیمیش حەرام بوون؟! دە بێنن دەقەکانی تەورات سەیر بکەن و بیکەن بە حەکەم با راست و درۆی قسەکانتان دەربکەوێ! خۆ تەورات کتێبی خۆتانەو بڕواتان پێیەتی.: دڵنیابن ئەگەر سەیری تەورات بکەن

بۆتان دەردەکەوێ کە ئەو شتانەی لەنەتەوەی ئیسرائیل قەدەغکران هۆیەکەی ئەنجامدانی چەند تاوانێکی بەنو ئیسرائیلیەکان خۆیان بوو، ئەو حەرامکردنەش تەمبێ کردن و سزادانیان بوو، کەوابێ کەسێک ئەو جۆرە تاوانانەی نەکردبن ئەو خواردەمەنییانەی بەشێوەی حەلاڵ بۆ دەمێنێتەوە! چونکە ئەصڵ لە خواردەمەنیدا حەلاڵیە نەک حەرامی.

﴿فمن افترى على الله الكذب﴾ کەسێک درۆو دەلەسە بەدەم خوداوە هەڵبەستێ و پێی وا بێ کە یاساغبوونی ئەوخواردەمەنییانە -گۆشتی وشترو شیرەکەی- لەسەر پێغەمبەرانی پێشوو و گەلەکانیان لەپێش هاتنەخوارەوەی تەورات دا بووەو، لەم هەڵویستەیان پەشیمان نەبنەوەو تۆبە نەکەن ﴿من بعد ذلك﴾ دوای ئەوەی کە بۆیان روون کرایەوە کە حەرامبوونەکە بەهۆی گوناهو تاوانی خۆیانەوەبووەو دوای هاتنە خوارەوەی تەورات بووە،، یان دوای ئەوەی داوایان لێ کرا تەورات بهێن و سەیری بکەن، ئەوانیش لەترسی ئەوە کە درۆکەیان دەرکەوێ نەویران تەورات بێنن ﴿فأولئك هم الظالمون﴾ ئەوانە ستەم لە خۆیان دەکەن و شیاوی سزای دۆزەخن و خودا نەفریتیان لێ دەکا، چونکە ئەوان راستی پێشێل دەکەن و درۆو دەلەسە دەخەنە روو.

دەگێرنە وە دەڵێن: کە پێغەمبەر ﷺ ئەم تەحەددایەی لێکردن، ئیتر نەویران تەورات بێننە پێشەوەو بۆریان خوراد، ئەمەش بەڵگە بوو، لەسەر ئەوە: کە پێغەمبەر ﷺ بەنیگا ئەو زانیاریانەی تەوراتی زانیوە، چونکە ئەو نەخوێندەوار بووەو نەخوێندەوارییەکەشی مەشهوور بووە، جا کە راستی و حەق دەرکەوتن و بەتاڵ تێشکاو ئاکام زاندرا ﴿قل صدق الله﴾ ئەی موحەممەد! بڵێ: پەروەردگار راستی لەگەڵ کردم لەوەدا کە هەواڵی پێدام کە هەموو خواردەمەنییەک حەلاڵ بووە، جگە لە ئەوەی کە ئیسرائیل لەسەر خۆی حەرام کردبوو، ئەو رستەیە ﴿قل صدق الله﴾ باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە، کە گوتنی (صدق الله العظیم) لە کۆتایی

خوێندنی قورئاندا سوننەتە، چونکە هەروەک (صلوا علیه وسلموا تسلیما) گشتایەتی شوێن و کات و کەس دەگرێتەوە ئەمیش هەروەها، هەموو ئەمرێ لە قورئان وحەدیث دا، بۆ عوموومە مەگەر نیشانەو بەڵگەی لادەر لە عوموم هەبێ.

﴿فاتبعوا ملة إبراهيم حنيفا﴾ پێیان بڵێ: شوێن ئایینی ئیبراهیم بکەون ئاینێکی پاک و خاوێن و بێ خەوشە، دەق وەکوو ئەو ئایینە وایە کە من بانگەوازیتان دەکەم بۆی، بەهیچ جۆرێ گۆشتی وشترو شیری وشتری حەرام نەکردووە، ئایینێکی مام ناوەندییە، توندڕەوی و زیادەڕۆیی تێدا نیە، قورئان ناوێنەی بالانومایەتی، ئیبراهیم خوداپەرستێکی حەقناس بوو، وازی لەهەموو ئایینێک هێنابوو ریگای راستی ئیسلامی گرتبوو کە لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی و بەحەلال زانینی خواردەمەنی پاک و خاوێن سەرچاوەی هەڵگرتبوو ﴿وما كان من المشركين﴾ ئیبراهیم هەرگیز هاوەڵی بۆ خودا قەرار نەداوە، نە وەکوو قورەیشییەکان بتپەرستی کردووە، نە وەکوو جووالەکەو مەسیحی کەسی بە کوڕی خودا زانیوە.

ئایینی ئیبراهیم لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی دامەزراوەو، ئەو شەریعەت و یاسایەیە کە قورئان هێناویەتی و پێغەمبەری ئیسلام بانگەوازی بۆ دەکا کەوابێ ئایینی ئیبراهیم دەقی ئەم ئایینە ئیسلامەیە کە (موحەممەد) بانگەوازی بۆ کردووە، ئایینێکی حەق و راستەو هیچ شک و گومانی تێدا نیە، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**قل إنني هداني ربي إلى صراط مستقيم دينا قيما ملة إبراهيم حنيفا وما كان من المشركين**﴾الانعام/١٦١. یان دەفەرموێ: ﴿**ثم أوحينا إليك أن اتبع ملة إبراهيم حنيفاوما كان من المشركين**﴾النحل/١٢٣.

ئایەتەکان ئەم دوو حوکمە دەگەیەنن:

١- یەکەم ئەوخواردەمەنییانەی کە یەعقووب لەسەر خۆی حەرام کرد بەئیجتیهادو رەئی خۆی بوو نەک بە ئیگای خودایی، چونکە لە

ئایەتەکەدا نیسبەتی کرداری (حرم) بۆلای یەعقووب دراوە. پێغەمبەریش ئەگەر ئیجتیهادی کردو گەییشتە شتێك و پەسەندی کرد دەبێتە ئایین و دەبێ پێیەوە پابەند بێ! مەگەر پەروەردگار تەقریری نەکا لەسەری، وەکوو ئەوە پێغەمبەر ﷺ هەنگوینی لەخۆی حەرام کرد، بەڵام پەروەردگار تەقریری نەکردو رەخنەی لێ گرت و فەرمووی ﴿**یا أیها النبي لم تحرم ما أحل ا لله لك**﴾التحریم/١. ئەی پێغەمبەر! بۆچی شتێك خودا بۆی حەلاڵ کردووی لەخۆتی حەرام دەکەی؟!

٢- دووەم ئەوخواردەمەنییانەی کە خودا لەسەر نەتەوەی ئیسرائیلی حەرام کردن وەکوو بەزو چەند جۆرە خواردەمەنییەکی تر بە مەبەستی تەمبێکردن و سزادانیان لەسەر گوناهو تاوان وەکوو خودا دەفەرموێ: ﴿**فبظلم من الذین هادوا حرمنا علیهم طیبات أحلت لهم**﴾النساء/١٦٠. یان دەفەرموێ: ﴿**وعلی الذین هادوا حرمنا کل ذي ظفر**...﴾ تا دەگاتە ئەوەی کەدەفەرموێ: ﴿**ذلك جزیناهم ببغیهم، وانا لصادقون**﴾الأنعام/١٤٦.

ئایەتەکان بەصەراحەت و بێ پەردە ئەوەشیان تێدایە کە یاسای قورئان و ئایینی ئیبراهیم و هەموو ئایینەکانی تر لە بنەمادا یەکن و هەموویان بانگوازییان بۆ یەکتاپەرستی و خودا بەیەکناسین کردووە.

باسی رێزو شکۆمەندی کەعبەو واجب بوونی حەج

إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَٰلَمِينَ (٩٦) فِيهِ ءَايَٰتٌۢ بَيِّنَٰتٌ مَّقَامُ إِبْرَٰهِيمَ ۖ وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنًا ۗ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ



﴿إن أول بیت وضع للناس للذي ببکة مبارکا وهدی للعالمین﴾ بێگومان ئەو خانوەی کە رۆگەی موسوڵمانانە لەنوێژو پاڕانەوەدا، ئەوە

یەکەم خانویکە بۆ خوداپەرستی دروست کراوە، ئەو خانوەیە کە ئیبراهیم و ئیسماعیل دروستیان کرد بۆ خوداپەرستی، وەکوو دەفەموێ: ﴿**واذ یرفع ابراهیم القواعد من البیت واسماعیل**﴾ بقرة/١٢٧. ئەمجار پاش ئەو مێژووە بەچەند چەرخێک سالّی (١٠٠٥)ی پێش زایین حەزرەتی سولەیمانی کوڕی داوود (علیهما السلام) مزگەوتی قودسی دروستکردووە. ئیبراهیم کە کەعبەی دروست کرد، کردی بە یەکەم رۆگەی خوداپەرستان، کەوابێ پێغەمبەری ئیسلام لەسەر ئایینی ئیبراهیمە کە ئەویش لەکاتی نوێژو خوداپەرستیدا رووی دەکردە کەعبە.

بەکورتی: یەکەم پەرستگایەکی راست و دروست کە پێغەمبەران دروستیان کردبێ کەعبەی پیرۆزەو لەسەر زەوی پێش کەعبە پەرستگایەکی تر دروست نەکراوە، دێر زەمانیشی دەبێتەمایەی زۆر رێزی.

ئەم خانووە پیرۆزە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە:

١- پیرۆزو خێرو بەرەکەت ئامێزە، ئەم شارە پیرۆزە هەرچەندە لە دۆلّێکی رەقەن و رووتەن دایە، میوەو بەروبوومی هەموو شتێکی لەهەموو لایەکەوە بۆ دێ وەکوو خودا دەفەرموێ ﴿**یجبی الیه ثمرات کل شیء**﴾ القصص/٥٧. زیاد لەوە خێرو بەرەکەتی چاکەشی هەیە، خێرو خێرات تێیدا پاداشی چەند چەندانە دەدرێتەوەو دوعاو نزاو پاڕانەوە تێیدا گیرا دەبێ.

٢- ﴿**وهدی للعالمین**﴾ ئەو ئاستانە سەرچاوەی شارەزایی کردنی خەلّکە، نوێژکەرەکان لەکاتی نوێژو پاڕانەوەدا رووی تێ دەکەن و دلّی موسولّمانانی پێوە بەندە، سالانە بەسواریو بە پیادەیی ملیۆنەها خەلّکی بۆ دەکشێن، دەچن بۆ دیدەنی ئەم مالّە پیرۆزە، لەهەموو لایەکەوە موسولّمانان دەرژێنە ئەو بەستە (حەرەمە)وە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی حەج و عەمرە، ئەمەش بەبەرەکەتی نزاو پاڕانەوەی ئیبراهیم ﷺ کە لەپەروەردگار پاڕایەوە و گوتی: ﴿**ربنا انی أسکنت من ذریتی بواد غیر ذی زرع عند بیتك المحرم ربنا لیقیموا الصلاة فاجعل أفئدة من الناس تهوي إلیهم وارزقهم**

من الثمرات لعلهم يشكرون﴾ابراهيم/٣٧. پەروەردگار وەڵامی پاڕانەوەکەی دایەوەو فەرمووی: ﴿**وأذن في الناس بالحج يأتوك رجالا وعلى كل ضامر يأتين من كل فيج عميق ليشهدوا منافع لهم**﴾الحج/٢٧-٢٨.

٣- ﴿**فيه آيات بينات مقام إبراهيم**﴾ لەو ماڵەدا نیشانەی ئاشکرای تێدا هەن، یەکێ لەو نیشانانە شوێنی راوەستانی ئیبراهیمە تێیدا (مقام ابراهيم) کە بۆ نوێژ لێی راوەستاوە و لە خودا پاڕاوەتەوە، وەکوو موعجیزەیەکی مێژوویش شوێن قاچی پیرۆزی لەسەر تاتە بەردەکە ماوە، عەرەبەکان بەتەواتور چین لەدوای چین ئەم چیرۆکەیان بۆ یەکتری گێڕاوەتەوە.

٤- ﴿**ومن دخله كان آمنا**﴾ هەرکەسێک تینی بۆ هاتبێ و خۆی خستبێتە ناوی تا لەناویدا مابووبێتەوە پارێزراو بووە، کەس دەستدرێژی بۆ سەر خۆی و ماڵی نەکردووە، تەنانەت پیاوکوژیش کە خۆی خستبێتە ناو کەعبەوە هەرچەندە موستەحەقی تۆڵە لێستاندن بووبێ تا لەوێدا بووبێ خوێنی پارێزراوە. چونکە خودا دەفەرموێ: ﴿**ألم يروا أنا جعلنا حرما امنا**﴾**القصص**/٥٧. یان دەفەرموێ: ﴿**واذ جعلنا البيت مثابة للناس وأمنا**﴾**البقرة**/١٢٥. یان پاڕانەوەکەی ئیبراهیم کەدەفەرموێ: ﴿**رب اجعل هذا بلدا امنا**﴾**البقرة**/١٢٦.

عومەری کوڕی خەططاب ﷺ دەیفەرموو: ئەگەر بکوژی خەططابی باوکم دەست بکەوێ لەناو کەعبەدا تا نەیەتە دەرێ دەستی بۆ نابەم.

ئەبو حەنیفەش دەفەرموێ: کەسێک کوشتنی پێویست بوو، وەکوو ئەوە بکوژ بێ و پێویست بێ تۆڵەی لێ بسێنرێ، یان لەئیسلام هەڵگەڕابێتەوە یان زینای کردبێ و موستەحەقی بەردەباران کردن بێ، خۆ بخاتە ناو کەعبەوە هیچی لێ ناکرێ، ئەوەندە هەیە خواردن و خواردنەوەو پێویستیاتی تری بۆ دابین ناکرێ بۆ ئەوەی بێتە دەرەوەو تۆڵەی لێ بستێندرێ!

بەڵام ئازادکردنی مەککە، لەساڵی هەشتەمی کۆچیدا لەلایەن

پێغەمبەرەوە ﷺ کە بەشەڕو چەکی گرتی، ئەوە لەبەر ناچاریو پاککردنەوەی کەعبە بوو لە بتپەرستی، بەمەبەستی ئەوەبوو، تەنها خودای تێدا بپەرسترێ، شەرکردن تیێدا بۆ پێغەمبەر ساتێک حەلاڵ بوو، کە بریتی بوو لە رۆژی ئازادکردنی مەککە، دوای پێغەمبەر بۆ کەس دروست نیە؛ پێغەمبەریش ﷺ پاش ئەو ساتە رایگەیاندو فەرمووی: هەرکەسێک بچێتە ناو کەعبەوە ئەمین دەبێ، هەرکەسێک بچێتەوە ماڵی خۆی شەڕی لەگەڵدا ناکرێ و ئەمین دەبێ، هەرکەسێک خۆ بخاتە ماڵی ئەبو سوفیانەوە ئەمین دەبێ. ئەو رووداوانەی کە لەسەردەمی حەجاج دا روویان دا ئەوە شتێکی ناڕەوا بووە.. ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر بە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر نوێنرا شتێکی کوفر ئاسا بووەو کەس بەلایەوە رەوا نەبووە. واتە: تەحەککومی حوککام بە حوکمی ئیسلام دانانرێ!

ئەو فتوایەی کە ئیمامی مالیک و ئیمامی شافیعی داویانە کە لەناو کەعبەدا دروستە تۆڵە لە بکوژی عەمدی بسێنرێ ئەوە سزادانێکی دادپەروەرانەیە قورئان فەرمانی پێ کردووەو دەستدرێژی بۆ سەر کەس تێدا نیە!!

زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوە ئەگەر کەسێک لەناو کەعبەدا شەڕی کردو خەڵکی کوشت، شەڕی لەگەڵ دەکرێو دەشکوژرێ لەوێدا.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**ولا تقاتلوهم عند المسجد الحرام حتى يقاتلوكم فيه فإن قاتلوكم فاقتلوهم**﴾البقرة/١٩١.

ئایەتەکە جیاوازی خستۆتە نێوان ئەو کەسەی لەناو کەعبەدا دەستدرێژی دەکاو خەڵک دەکوژێو ئەو کەسەی لە دەرەوەی کەعبە خەڵک دەکوژێ و خۆ دەخاتە ناو کەعبەوە. لە عەبدوڵلای کوڕی عەبباس و عەبدوڵلای کوڕی عومەرو هاوەڵانی تری پێغەمبەرو (تابعین)یش ریوایەتیان کردووە فەرموویانە: ئەگەر کەسێک کەسێکی کوشت و خۆی خستە کەعبەوە لەوێ دا ناکوژرێتەوە! ئیبنوعەبباس فەرموویەتی: بەڵام

نابێ کەس لەوێدا هاونشینی بکاو یارمەتی بدا، خواردن و خواردنەوەی نادرێتێ بۆ ئەوەی ناچار ببێ و بێتە دەرەوەو تۆڵەی لێ بسێنرێ! ئەگەر لەناو کەعبەدا مرۆڤی کوشت هەر لەوێدا تۆڵەی لێ دەستێندرێ.

٥- تایبەتمەندییەکی تری خانەی خودا ئەوەیە کە ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکی بەتوانایە کە لەماوەی ژیانی دا -بەلای کەم- جارێک دیدەنی کەعبە بکا خودا دەفەرموێ: ﴿**و لله على الناس حج البيت من استطاع اليه سبيلا**﴾ پێویستە هەرکەسێک توانای دارایی‌و جەستەیی هەبوو لە موسوڵمانان لەماوەی تەمەنی‌دا جارێک دیدەنی ماڵی خودا بکا بەمەبەستی حەجکردن بۆ خودا، ئەمەش ڕێزلێنانێکی تایبەتە بۆ ئەو خانە پیرۆزە، هەر لە ڕۆژگاری ئیبراهیمەوە تا سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام ئادەمیزادان ساڵانە دیدەنی ئەم خانووەیان کردووە چین لەدوای چین و نەوە لەپاش نەوە -تەنانەت ئەوانەی بتپەرست و موشریکیش بوون- ئەم ڕێو ڕەسمەیان پەیڕەو کردووەو بەشێوەیەک لە شێوەکانی حەج کردن ئەم داب و نەریتەیان درێژە پێداوە، ئەمەش بەڵگەیەکی (متواتر)و گێڕانەوەی کۆ لە کۆیە بۆ چەسپاندنی دروستکردنی ئەو خانوە لەلایەن ئیبراهیمەوە عليه السلام..

هەر لە ڕۆژگاری هاتنی ئاینی ئیسلامیشەوە تا ئێستا ساڵانە موسوڵمانان لەهەر چوار لاوە لەکاتی دیاریکراودا بەرەو ئەم ئەرکە پیرۆزە ئەرکی حەجکردن ئەنجام دەدەن! ئیشنائەڵلا تا کۆتایی تەمەنی جیهان ئەم ئەرکە پیرۆزە ئیسلامییە لەگەشەکردندا دەبێ.

ئایەتەکە بۆ واجب بوونی حەج مەرجی هەبوونی توانای داناو، زانایان لە ڕاڤەکردن و دیاریکردنی تواناادا ڕای جیاجیایان هەیە: هەندێک دەڵێن: مەبەست لە (استطاع) هەبوونی تێشووی ڕێگاو هەبوونی هۆی گواستنەوەیە -وڵاخ یان سەیارە یان تەیارە- بۆ ئەوەی شت و مەکەکانی لێ بار بکاو بۆ خۆشی سواری ببێ وە ڕێگاشی ئەمین بێ، هەندێکیش دەڵێن: (ئیستیطاعە) بریتییە لە لەشساغی و توانای ڕۆیشتن بەڕێگادا،

هەندێکیش دەڵێن: بریتییە لە لەشساغیو نەبوونی ترس لە دوژمن و درندەو توانای دارایی بەجۆرێك بتوانێ تێشوو و لاخی سواری یان سەیارە.. بۆ گەشتەکەی دابین بکا، قەرزو قۆڵەی لەسەر نەبێ، ئەوەندەی هەبێ تا دێتەوە بژێوی خاوو خێزانی؛ ئەوانەی بژێوییان لەسەریەتی دابین بکا!!

بە کورتی واجب بوونی حەج بەستراوە بە هەبوونی تواناوە، تواناش بە گوێرەی رۆژگارو ئادەمیزادەکان دەگۆڕێ.

﴿ومن كفر فإن ا لله غني عن العالمين﴾ هەرکەسێك ئینکاری ئەوەبکا کەکەعبە یەکەم خانوێکە کە ئیبراهیم بەفەرمانی خودا بۆ خودا تێدا پەرستن دروستی کردووە -گەردنکەچ نەبێ بۆ فەرمانی خوداو حەج کردن و رووتێکردنی لەکاتی نوێژداو بە رۆگەی نەزانێ، ئەوە خوا بێ ئاتاجەو هیچ پێویستی بە ئادەمیزادان نیەو لە خودایەتی خۆی ناکەوێ!

بڕێکیش پێیان وایە مەبەست بە (کفر) لە ئایەتەکەدا نەکردنی حەجە، واتە: کەسێك حەج نەکا خودا بێ ئیحتیاجە لەهەموو کەس و چ پێویستییەکی بە ئادەمیزادان نیە!! ئەمەش هەڕەشەیەکی توندە لە ئەو کەسانەی حەج ناکەن، چونکە نەکردنی بە کوفر داناوە!!

لە پێغەمبەر ﷺ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (من مات ولم يحج فليمت إن شاء يهوديا أو نصرانيا) کەسێك حەجی لەسەربێو بمرێو حەج نەکا، ئارەزۆی خۆیەتی با بە جولەکەیی یان گاوریی بمرێ! ئیمامی عەلی دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لەوتارێکیدا فەرمووی: (يا أيها الناس! إن الله فرض الحج على من استطاع اليه سبيلا، ومن لم يفعل فليمت على أي حال شاء يهوديا أو نصرانيا أو مجوسيا). ئەی موسوڵمانینە دڵنیا بن لەوە کە خودا حەجی پێویست کردووە لەسەر هەموو موسوڵمانێ، کە توانای رێگەوبانی هەبێ، جا هەرکەسێ حەجی لەسەربێ و حەج نەکا ئەوە خۆی

سەرپشک بێ لەیەکێ لەمانە: کە بەجوولەکەیی، یا فەلەیی، یان ئاگر پەرستی بمرێ).

لە ئیمامی عومەرەوە دەگێڕنەوە دەیفەرموو: (لقد هممت أن أبعث رجالا إلى هذه الأمصار) نیازم هەبوو کە نوێنەر بنێرم کە بەشارە گەورەکاندا بگەڕێن، تا بە موسوڵمانان رابگەیەنن کە بچن بۆ حەج، هەرکەسێک توانای هەبێ و حەج نەکا سەرانەیان بخەنە سەر، ئەوانە موسوڵمانن نین موسوڵمان نین، هەر لەبەر ئەم بەڵگانە زوربەی زانایانی شەرع گوتوویانە حەج پێویستەو هەرکەسێک توانای هەبوو دەبێ دەست بەجێ ئەنجامی بدا، بڕێکیش دەڵێن: دەتوانێ بە کاوەخۆ ئەنجامی بدا!!.

سووربوونی خاوەن نامەکان لەسەر کوفرو کۆسپ و تەگەرە دانانیان لە رێگەی خودادا

قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٨﴾ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا وَأَنتُمْ شُهَدَآءُ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٩٩﴾

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار بەڵگەی لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام هێنایەوەو راوو بۆچوونی خاوەن نامەکانی پووچەڵ کردەوە، فەرمان بە پێغەمبەر دەکا کە بەشێوەیەکی نەرم و نیان داوایان لێ بکا کە هەڵویستی خۆیان بەرامبەر بانگەوازی ئیسلامیی بگۆڕن و، بڕوا بە پەیامی قورئان بکەن و فەرمووی: ﴿قل یا أهل الکتاب لم تکفرون بآیات الله﴾ ئەی موحەممەد! بە خاوەن نامەکان بڵێ: بۆچی بڕواتان بە خودایەتی خودا نیەو سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن

و ئیمان بە پەیام و نیشانەی راستی پەسەندو نێردراوی ناکەن؟؟ هۆی چیەو بەڵگەتان چیە کەوا هەڵویستی واتان گرتووە بانگەوازی ئیسلامی رەت دەکەنەوە؟؟ ﴿وا الله شهید علی ما تعملون﴾ خودا ئاگادارەو دەزانێ چی دەکەن و سزای شیاوی ئەو هەڵویست و کردارانەتان دەداتەوە. ﴿قل یا أهل الکتاب﴾ پێیان بڵێ: ئەی خاوەن نامەکان! ﴿لم تصدون عن سبیل ا الله من آمن﴾ بۆچی و لەپای چی هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن کە موسوڵمانان لەرێگای راست و دروستی ئیسلام لابدەن؟؟ رێگای ئیمان و زانستیان لێ بشێوێنن؟ هەمیشە کۆسپ و تەگەرەدەخەنە بەردەم بڵاوبوونەوەی ئایین!!

ناهێڵن بەدڵی هۆشیارو چاوی وردبینییەوە لە بوونەوەر بڕوانن و دڵ و دەروونی خۆیان بە رەوشتی بەرز ئارایشت بدەن؟ ئاستی مرۆڤایەتی خۆیان بەرزبکەنەوە؟؟ ئێوە بەم هەڵویستە دژایەتیکردنەتان کە لەسەر بنەمای حەسوودی و لووتبەرزی و چەواشەکاری بنجی بەستووە. ﴿تبغونها عوجا﴾ دەتانەوێ ئادەمیزاد لەرێبازی حەق لابدەن و بیانخەنە سەر رێگای گومڕایی و دەشزانن کە موحەممەد پێغەمبەرەو راستگۆیە لە پەیامەکەی دا و، لەکتێبی ئێوە -تەورات و ئینجیل-دا مزگێنی بە هاتنی دراوە، نیشانەو ئەخلاق و رەوشتی دیاری کراوە، بەڵام ئێوە دەقەکانتان گۆڕیون و بەدەم خوداوە درۆ و دەلەسەتان هەڵبەستووە ﴿وما ا الله بغافل عما تعملون﴾ خودا بێ ئاگا نیە لە کردەوەو فرت و فێڵتان، تۆڵەتان لێ دەستێنێ!!

تێبینییەک : ئەو دوو ئایەتەی پێشوو یەکەمیان بە ﴿وا الله شهید....﴾ کۆتایی پێ هات چونکە ئەو کردەوەیەی لە ئایەتەکە

دایە کوفرێکی ئاشکراودیارە، ئایەتی دووەم بە ﴿وما ا الله بغافل...﴾ کۆتایی پێ هاتووە چونکە رێگەگرتنیان لە ئیسلام لە رووی فرت و فێڵەوە بوو. ئایەتی یەکەم بۆ وازهێنانی خاوەن نامەکانە لە گومڕایی، ئایەتی دووەم بۆ وازهێنانە لەگومڕاییکردنی خەڵکانی تر.

ئەم دوو ئایەتە هەڕەشەو ترساندنی بۆ خاوەن نامەكان تێدایەو جاڕدانێكی ئاشكرایە بۆ پووچەڵ كردنەوەی پیلان و بەدەرخستنی جۆرەها فرت و فێڵیان و چەواشەكردن. چونكە خودا ئاگدارو زانایە بەكردارەكانیان و سزایان دەداتەوە لەسەر كرداری خراپیان و هەڵویستی نالەبار و درۆ ئاساو سەرپێچی ئامێز.

دوای ئەوەی پەروەردگار سەرزەنشتی خاوەن نامەكانی كرد لەسەر كافربوونیان و لەمپەڕ دانانیان لەبەردەم بلاوبوونەوەی تایینی ئیسلام و بەبەڵگەی بەهێز بۆڕدران، روو دەكاتە موسوڵمانان و لەوە دەیانترسێنێ كە بەفرت و فێڵی ئەو جوولەكانە هەڵنەخەڵەتێن، چونكە ئەوانە شیاوی ئەوە نین گوییان لێ رابگیرێو قسەیان ببیسترێ! ئەوانە ئاشووب گێڕن و فیتنە هەل گیرسێنن.

حا وەكوو ئیبنو جەریری طەبەری لەزەیدی كوڕی ئەسلەمەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: رۆژێك جوولەكەیەك (شاس)ی كوڕی قەیس بەلای كۆمەڵێك لە ئەوسو خەزرەج دا تێپەڕی، بینی بەیەكەوە بەبرایەتی دانیشتوون، زۆری پێ ناخۆش بوو، لەدڵی خۆیدا وتی ئەگەر ئەمانە ئاوا بەیەكەوە تەبابن ئێمە ناتوانین لەناویان دا بژین. بەكوڕە جوولەكەیەكی گوت : بچۆ لێیان نزیك بكەوەرەوە، هەر هەلت بۆ هەڵكەوت باس و خواسی رۆژی بوعاث و زاڵبوونی ئەوس بەسەر خەزرەج دا بێنە پێشەوەو برێ شیعرو خۆهەڵكێشانی یەكتریان یاد بخەرەوە، ئیتر كوڕەكە لێزانانە باسی (بعاث)ی هێنایە پێشەوەو ئەو دوژمنایەتیەی خستەوە بیری دانیشتووەكان، ئەوانیش كەوتنە خۆهەڵكێشان و شانازی كردن و تانووت لێكدان، هەتا دوو پیاو لە هەردوولا پەلاماری یەكیان داو یەكیان بەئەوی تری گوت: ئەگەر حەز دەكەن با دایمەزرێنینەوە!! ئیتر هەریەكە لەعاست خۆیەوە پەلاماری چەكی داو وتیان: وادەمان (الظاهرة) بێ لەوێ یەكتر دەبینینەوە، ئەم هەواڵە گەیشتەوە پێغەمبەر و تەشریفی خێرا لەگەل كۆمەڵێك لە كۆچكاران (مهاجرین) چووە ناویانەوەو وتارێكی بۆ دان،

فەرمووی: ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان! ئەوە چۆن هەڵس و کەوتی وا نەزانانە دەنوێنن، خۆ من خۆم هێشتا ماوم لەناوتاندا؟! چۆن دەبێ دوای ئەوەی خودا ڕێزی لێ ناون و ئایینی ئیسلامی بۆ ناردوون و داب و نەریتی سەردەمی نەفامی لێ یاساغ کردوون و برایی و تەبایی خستۆتە نێوانتانەوە، کەچی دەتانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمە نەفامییە، ئەڵلا ئەڵلا! کە کارێکی خراپ دەکەن! ئیتر خەڵکەکە تێگەیشتن کەئەو ڕووداوە کارێکی شەیتانی بوو، پیلانێکی دوژمنکارانەی دوژمنانی موسوڵمانانە! ئیتر هەموویان چەکیان فڕێ داو بڵاوەیان لێ کرد. ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتانەی دوایی ناردە خوارێ.

ڕێنومایی کردنی موسوڵمانان کە پارێزگاری کەسایەتی خۆیان بکەن، پابەندی قورئان و ئیسلام بن

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَـٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ كَـٰفِرِينَ ﴿١٠٠﴾ وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ءَايَـٰتُ ٱللَّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُۥ ۗ وَمَن يَعْتَصِم بِٱللَّهِ فَقَدْ هُدِىَ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٠١﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ وَٱعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ ۚ وَٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَـٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠٣﴾

﴿يا أيها الذين آمنوا إن تطيعوا فريقا من الذين أوتوا الكتاب يردوكم بعد إيمانكم كافرين﴾ ئێوە ئەی گرۆهی موسوڵمانان! ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، ئەگەر گوێ بۆ قسە فیتنە ئامێزو ژەهراوییانەی جوولەکەکان بگرن و دڵیان بۆ بکەنەوە و بەگوێرەی ویستی ئەوان هەڵس و کەوت بکەن، دڵنیا بن لە موسوڵمانییەوە دەتانگێڕنەوە بۆ سەردەمی نەفامی و خودانەناسی! وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئەم مانایە دووپات دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ود كثير من أهل الكتاب لو يردونكم بعد ايمانكم كفارا حسدا من عند أنفسهم﴾ ئاشکراشە خودانەناسی و گەڕانەوە بۆ داب و نەریتی سەردەمی نەزانی دەبێتە هۆی بەدبەختی هەردوو جیهان؛ لەدونیادا دەبێتە هۆی دروستبوونی دژایەتی و دوژمنایەتی و خوێن ڕشتن، لەقیامەتیشدا دەبێتە هۆی چوونە ناو دۆزەخ و سزای بەئێش!

﴿وكيف تكفرون﴾ چۆن ئێوە کافر دەبنەوە و مل لە خودانەناسی دەنێنەوە؟؟ خۆ ﴿وأنتم تتلى عليكم آيات الله﴾ ئێوە ئایاتی خوداتان بەسەردا دەخوێندرێتەوە؟! هەر ساتە ناساتێک بەشێک لەو پەیامە پیرۆزە خودایییەتان بۆ دەنێردرێ ﴿وفيكم رسوله﴾ هاوکات لەگەڵ ئەوەدا پێغەمبەری خوداتان لەناودایەو هەمیشە ئامۆژگاریتان دەکاو ئایەتەکانی قورئانتان بۆ شی دەکاتەوە، بیروباوەڕتان پتەو دەکاو ڕێگای ڕاست و خۆشبەختی و کامەرانیتان پێ دەڵێ: جا ئێوە لەگەڵ هەبوونی ئەم ڕەهبەرە دڵسۆزە لەناوتان دا، نابێ گوێ بۆ ئەو تاقمە سەر لێشێواوە گومڕایانە بگرن و بەفیتی ئەوان هەڵبخەڵەتێن. ﴿ومن يعتصم بالله فقد هدي إلى صراط مستقيم﴾ کەسێک دەست بە ئایینی خوداوە بگرێ و پەیڕەوی قورئان بکا و شوێن پێغەمبەر ﷺ بکەوێ، بێگومان ڕێگای ڕاستیان پیشان دراوە و، کەوتوونە سەر شەقامە ڕێگای ڕاست.

قەتادە دەفەرموێ: لە ئایەتەکەدا پەروەردگار دوو شتی باس کردن کە

دەبنە.هۆی خودا ناسین و دوورکەوتنەوە لە کوفر، یەکەمیان خوێندنەوەی قورئانە دووەمیان هەبوونی پێغەمبەرە لەناویان دا، پێغەمبەر ﷺ چۆتەوە بەر دیوانی خودا و لەدونیا دەرچووە، بەڵام قورئان ماوەتەوە و هەتا رۆژگار هەبێ ئەویش هەر دەمینێ!

﴿یاأیها الذین آمنوا اتقوا الله حق تقاته﴾ ئەی ئەو کەسانەی خاوەن باوەڕن و ئیمانتان هێناوە، تەقوای خودا بکەن بە تەقوا کردنێکی وا کە بەگوێرەی توانا واجبات ئەنجام بدەن و خۆ لە شتە نەهی لێکراوەکان بپارێزن، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فاتقوا الله ماستطعتم﴾التغابن/١٦. بەگوێرەی تاقەت و توانا هەوڵ بدەن تەقوای خودا بکەن.. پێغەمبەریش دەفەرموێ: (ما نهیتكم عنه فاجتنبوه وما أمرتكم به فأتوا به ماستطعتم) أخرجه الشیخان عن أبي هریرة.

ئیبنو مەسعوود دەفەرموێ: تەقوای خودا بریتییە لەوە بەگوێی بکەی و لێی یاخی نەبی، سوپاسی بکەی، نیعمەتەکانی نەشێریەوە، یادی بکەی ولەبیری نەکەی! ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: تەقوای خودا ئەوەیە کە لەپێناو خودادا کۆشش بکەی و لەپێناو ئایینی خودادا کابرا گوێ نەداتە هیچ لۆمە کردنێک، هەموو شتێک بە تەرازووی خودایی بەراورد بکا، چاولێک نایێک لێی بێ ئاگا نەبێ! ﴿ولا تموتن إلا وأنتم مسلمون﴾ وا لەخۆتان مەکەن بەکافری بمرن، هەمیشە هەوڵ بدەن بەموسوڵمانی دونیا بەجێ بهێڵن، هەرگیز هاوەڵ بۆ خودا دامەنێن و بەشێوەی موسوڵمانی پێشوازی لە مردن بکەن![1]

---

[1] راڤەکەرانی قورئان دەڵێن: کە ئایەتی (اتقوا الله حق تقاته) هاتە خوارێ موسوڵمانان تینیان لێ پەیدا بوو، عەرزی پێغەمبەریان کرد وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا کێ توانای بەسەر ئەوەدا هەیە؟؟ کێ دەتوانێ (حق تقاته) ئەنجام بدا؟؟ ئیتر پەروەردگار ئایەتی (فاتقوا الله ماستطعتم)ی ناردە خوارەوە، ئایەتی (حق تقاته) نەسخ کردەوە.
مقاتل: دەفەرموێ: لە سورەتی (ال عمران)دا هیچی تری تێدا نیە نەسخ کرابێتەوە جگە لەم ئایەتە!

﴿واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا﴾ هەمووتان دەست بە کتێبی خوداوە -کە قورئانە- بگرن و پابەندی ئەو پەیمانە بن کە لەو قورئانەدا بۆی ناردوون، لەوێدا فەرمانی پێ کردوون بە یەکیەتی و تەبایی‌و گەردنکەچی بۆ خودا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی!

لە ئایەتەکەدا ئایینی خوداو قورئان بە (حەبل) ناو براوە، لەو رووەوە، کە ئایین کاریگەریەکی تەواوی هەیە لە دڵ و دەروونی پەیڕەوکارانی دا، بەگوێرەی یاساو پرۆگرامی خۆی ئادەمیزادان وەگەڕ دەخاو کاروباری خۆیان لەژێر رۆشنایی ئەو پەیامەدا ئەنجام دەدەن، وەکوو ئەوە کەسێک دەستی پێوەبگرێ ئەمین دەبێ لە تەرەبوون و پەرتەوازە بوون و بەربوونەوە!!

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (القرآن حبل الله المتين لاتنقضي عجائبه، ولا تغنى غرائبه، ولا يخلق على كثرة الرد، من قال به صدق ومن اعتصم به هدى إلى صراط مستقيم) کەوابوو حەبلی خودا بریتییە لە بیروباوەڕو گەردنکەچی بۆ خوداو کارکردن بە قورئان.

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿وأن هذا صراطي مستقيما فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله﴾**.

ئەمجار پەروەردگار نیعمەت و بەخششی خۆی -کە بەموسوڵمانانی داوە- دەخاتەوە بیرو دەفەرموێ: **﴿واذكروا نعمة الله عليكم﴾** ئەی موسوڵمانان! یادی نیعمەتی خودا بکەن بەسەرتانەوە. کە **﴿إذ كنتم أعداء فألف بين قلوبكم فأصبحتم بنعمته إخوانا﴾** ئەو کاتەی ئێوە دوژمنی

بەڵام خاوەنی (التفسير المنير) دەفەرموێ: ئایەتی (فاتقو الله ماستطعتم) بەیان و روون کردنەوەیە بۆ ئایەتی (حق تقاته) واتە ماناکە وای لێ دێ (فاتقو الله حق تقاته ماستطعتم) تەقوای خودا بکەن بە تەقوایەکی حەقیقی‌و راست بەگوێرەی توانا چونکە نەسخ کاتێ دەبێ کە مانای دوو ئایەتەکە (دوو دەقەکە) پێکەوە نەگونجێن! دەی لێرەدا دەکرێ مانای هەردوو ئایەتەکان کۆبکرێتەوەو ماناکەش دژایەتی تێنەکەوێ.

یەکتری بوون، خودا یەکیەتی و برایەتی و تەبایی خستە ناوتانەوە، دوای ئەوەی کە دژایەتی یەکتریتان دەکردو پەرتەوازە بوون، ئەم ئەوی دەکوشت، بەهێز بێ هێزی دەچەوساندەوە! بەڵام بەهۆی نیعمەتی خوداوە -کە ئاینی ئیسلامە- هەمووتان بوون بە برای گیانی بەگیانی یەکتری، تەبایی و خۆشەویستیتان لەناودا بلاوبووەوە. ﴿وكنتم على شفاحفرة من النار فأنقذكم منها﴾ بەهۆی نەفامیو خودانەناسییەوە، ئێوە لەسەر لێواری چاڵە ئاگرێکی سوتمان بوون و خەریکبوو بەهیلاك بچن و، پەروەردگار رزگاری کردن و لەفەوتان و لەناوچوون و قوتارتان بوو!

﴿كذلك﴾ ئا بەو شێوە روونکردنەوەی کە خودا بۆ ئێوەی روون کردەوە لەم ئایەتانەدا دەربارەی ئەو رق و کینەیەی جوولەکەکان بەرامبەر بە ئێوە هەیانە هەروەها ئەو شتانەی کەفەرمانتان پێ دەکاو ئەو شتانەی نەهیتان لێ دەکا هەروەها بۆ ئەو حاڵەتەی کە لەسەری بوون لە چاخی نەفامیتان دا، ئەو حاڵەتەی لەژێر سایەی ئیسلام دا بۆتان رەخساوە ﴿يبين الله لكم آياته لعلكم تهتدون﴾ هەر بەو شێوە ئایەتەکانی ترو بەڵگەو فەرمانەکانی دەنێرێ بۆ پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی شارەزا بکرێن و سات دوای سات شارەزایی کردنەکەتان پەرەبسێنێ! بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە سەر بارودۆخی پەرتەوازەیی و دژایەتیکردنی یەکتری و بتپەرستی و هاوەڵ دانان بۆ خوداو گومڕایی لەعەقیدەو رەوشت و مامەڵەدا.

فەرمان بە چاكەو نەهی لە خراپە

وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَـٰتُ ۚ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾ يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ ۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿١٠٦﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱبْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ فَفِى رَحْمَةِ ٱللَّهِ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿١٠٧﴾

تِلْكَ ءَايَـٰتُ ٱللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِٱلْحَقِّ ۗ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٠٨﴾ وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿١٠٩﴾

ئەم ئایەتانە وەكوو شەرح و شیكردنەوە وەهان بۆ ئایەتی پێشوو ﴿واعتصموا بحبل الله ولا تفرقوا﴾ پەروەردگار لەوەپێش فەرمانی پێكردین كە دەست بە قورئان بگرین و پابەندی ئیسلام بین، نەهی لێكردین لەپەرتەوازە بوون و دژایەنی یەكدی كردن.

ئەمجار رێگای دەست گرتن بە قورئان و پابەندبوونمان بە ئایین پیشان دەداو دەفەرموێ :﴿ولتكن منكم أمة يدعون إلى الخير و يأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر﴾ پەروەردگار فەرمان دەكاو دەفەرموێ: با لە ئێوە كۆمەڵێك هەبێ پسپۆڕو لێهاتوو تێكۆشەر تایبەت بن بە بانگەوازیكردنی خەڵك بۆ خێرو چاكەو فەرمان كردن بە چاكەو نەهی

کردن لە خراپە، ئەوانە کۆمەڵی رزگاربووی دونیاو قیامەتن، ئاشکراشە تایبەتکردنی ئەم کۆمەڵە بەو ئەرکە نابێتە لەمپەڕو هۆی ئەوەی کە ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە ئەرکی سەرشانی هەموو کەس نەبێ! بەڵکو فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکەو هەرکەسە لەعاست خۆیەوە دەبێ رۆڵی خۆی بگێڕێ .و لەم کارە پیرۆزەدا هاوبەشی بکا. وەکوو ئیمامی موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموی: (من رأى منكم منكرا فليغيره بيده فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الايمان) لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (وليس وراء ذلك من الايمان حبة خردل) ئەحمەد و تورموزیو ئیبنو ماجە لە حوزەیفەی (اليمانى)یەوە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (والذي نفسي بيده لتأمرن بالمعروف ولتنهون عن المنكر أو ليوشكن الله أن يبعث عليكم عقابا من عنده ثم لتدعنه فلا يستجيب لكم).

بەڵێ پیاوچاکانی پێشین هیچ کاتێ ئەم ئەرکە پیرۆزەیان پاشگوێ نەخستووە، هەمیشە لەپێناو رازیکردنی خودا لەهیچ شتێک و لەهیچ کەش نەترساون! دەڵێن: عومەری کوڕی خەتتاب لەسەر دوانگە وتاری دەداو دەیفەرموو: موسوڵمانینە! ئەگەر هەڵەو خوارییەکتان لەمن دا بینی راستی بکەنەوە، یەکێک لە حوشترەوانان هەڵسایە سەر پێ و وتی: ئەگەر خواریت تێدا ببینین بە شمشێر راستی دەکەینەوە.

پێویستە ئەو کەسەی ئەرکی بانگەوازی دەخاتە سەر شانی خۆی چەند مەرجێکی تێدابێ!!

١- دەبێ شارەزایی تەواوی هەبێ لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا، ئاگاداری باشی لە ژینامەی پێغەمبەرو چوار جێنشینەکانیدا هەبێ.

٢- پێویستە ئەو کۆمەڵەی کە ئامۆژگارییان دەکاو وتاریان بۆ دەدا باش بیانناسێ و بزانێ چییان پێ خۆشەو چییان پێ ناخۆشە، تا چ ئەندازەیەک ئامادەباشییان تێدایە بۆ وەرگرتن و پەیڕەوکردنی ئامۆژگاریەکانی.

٣- پێویستە زوبانی ئەوکەسانە بزانێ کە بانگەوازییان دەکا، دەبێ بە زاراوەی ئەوان ئاخاوتن بکا، بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە هاوەڵانی کرد کە فێری زمانی عیبری ببن، چونکە پێویستییان بە گوفت وگۆ کردن لەگەڵ جوولەکەدا هەبوو!

٤- پێویستە چۆنیەتی بیروباوەڕو ڕێبازی گەل و نەتەوەکانی تر بزانێ، بۆ ئەوەی لێیان بدوێو سەلبیاتەکانیان بخاتە روو، راستی و ناڕاستی لێک هەڵهاوێرێ! ئیجابیاتەکانی ئاینی پیرۆز بخاتە روو، چونکە ئادەمیزاد ئەگەر هەڵەو چەوتی بیروباوەڕی خۆی بۆ دەرنەکەوێ روو ناکاتە بیروباوەڕێکی تر!

بەکورتی پێویستە ئەو کەسانەی ئەرکی دەعوەی ئیسلامیی دەخەنە سەرشانی خۆیان، کۆمەڵێکی تایبەت بن، زیرەک و زبان رەوان و قسە لە مست و هۆشمەندو بیر تیژو قسە شیرین بن، نهێنی حوکمە شەرعییەکان بزانن، حیکمەتی تەشریع و فیقهی ئیسلامی ئاگادار بن، بۆیە قورئان دەفەرموێ: ﴿فلولا نفر من كل فرقة منهم طائفة ليتفقهوا في الدين ولينذروا قومهم إذا رجعوا إليهم لعلهم يحذرون﴾. ئەم کۆمەڵە بانگەوازیکەرە هەوڵ بدەن حوکمی خودا بەکار بهێنرێ و بەرژەوەندی تایبەتی و گشتی خەڵکی لەهەموو کات و شوێنێک دا بەرچاو بگیرێ، هەوڵ بدەن بە گوێرەی زانیاری خۆیان لە مزگەوت و یانەو شوێنە گشتییەکان و لەکاتی رەخسانی هەل و مەرجی پێویست دا حەقیقەتی ئایینی خودا بە خەڵک بگەیەنن، ئامۆژگاری هاوولاتی خۆیان دەکەن.. هەر گەل و نەتەوەیەک ئەم دیاردە پیرۆزەی تێدا بێ ئەوە کۆمەڵگایەکی بەختەوەرو دوورە شەڕو خێر ئاوەرن! دانیشتوانی ئەو وڵاتە لەگەڵ یەکتردا تەبا دەبن و هاریکاری یەکتری دەکەن و هەمیشە ئامۆژگاری یەکدی

دەکەنە داب و نەریتی خۆیان.

هەر گەل و نەتەوەیەک ئەمە حاڵ و چۆنیەتی بێ، بەسەر گەلان دا سەرکەوتوو دەبێ، بە یەکیەتی و تەبایی ئەندامەکانی ئارەزووەکانی دین و دونیایان دەستەبەر دەکەن، سەروەری بەدەست دەهێنن.

کەوابێ پێویستە موسوڵمان وەکوو خاوەن نامەکان نەکەن! ﴿ولا تکونوا کالذین تفرقوا﴾ ئەی موسوڵمانان! وەکوو خاوەن نامەکان مەبن ناکۆکیتان تێ بکەوێ و پارچە پارچە ببن! ﴿واختلفوا من بعد ماجاءهم البینات﴾ کێشەیان تێکەوت بەتایبەتی دوای ئەوەی بەڵگەی ئاشکراو بەهێزیان پێ درا، ئەگەر شوێنی ئەو بەڵگەو نیشانانە بکەوتنایە دەگەیشتنە مراد، بەڵام ئەوان لە بەڵێن و پەیمانی خۆیان پاشگەز بوونەوە، کە پێغەمبەر ﷺ بانگەوازی کردن پشتیان هەڵکرد، وازیان لە فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە هێنا ﴿وأولئك هم عذاب عظیم﴾ ئەوانە سزای گەورەو بەئێشیان بۆ ئامادەکراوە، شیاوی سزادانی بەئێش و ریسواکەرن لەدونیاو قیامەت دا، لە دونیادا دژایەتی نێوانیان توند دەبێ و ریسواو بەدناو دەبن، لەقیامەتیشدا دەخرێنە دۆزەخەوە بۆ هەتا هەتایە! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**لعن الذین کفروا من بنی إسرائیل علی لسان داود وعیسی ابن مریم، ذلك بما عصوا وکانوا یعتدون، کانوا لایتناهون عن منکر فعلوه لبئس ماکانوا یفعلون**﴾المائدة/٧٨-٧٩.

ئەمە هەڕەشە کردنە لەخاوەن نامەکان و لەبەرامبەریشی دا مژدەی رزگاریو سەرفرازییە بۆ خاوەن باوەڕان.

شایانی باسە: ئەو ئیختیلافەی کە ناپەسەندەو رەخنەی لێ دەگیرێ ئەو ئیختیلافەیە؛ کە لە بنەماو ئەصڵی ئایین دا بێ، هەواو هەوەس بکرێتە حاکم بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی تایبەتی لە شتی گشتیدا.

بەڵام ئیختیلاف لە (فروع)دا واتە: لە لق و پۆپی شەریعەت دا، بۆچوون و رای جیاجیا لە رێبازەکانی شەریعەت دا، لە چۆنیەتی ئەنجامدانی عیبادات و چۆنیەتی مامەڵەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان

...هتد ئەوە ئیختیلاف تیایان دا جێگای رەخنە نیە، بەڵکو ئەوە نیشانەی زیندوویەتی ئەو شەریعەتەیە چونکە ئەو ماناو مەفهومانەی لە دەقە قورئانییەکان وەردەگیرێن جیا جیان، کردارەکانی پێغەمبەر بۆ برێ شت بە چەند جۆرێک ریوایەت کراوە، فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی شتێک جاری وا هەیە بەچەند جۆرێک چەسپاوە و بە ئێمە گەیشتووە؛ ئیتر هەرکەسە لە ئاکامی تێفکرین و لێکۆڵینەوە لەژێر رۆشنایی ئەو فەرموودانە و تێگەیشتن لێیان رێبازێکی فیقهی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

ئەمجار کە لەئایەتی پێشوودا فەرمووی: ﴿**وأولئك هم عذاب عظيم**﴾ لە ئایەتی دوایی‌دا کاتی ئەو سزایە دەستنیشان دەکاو دەفەرموێ: ﴿**يوم تبيض وجوه وتسود وجوه**﴾ ئەو سزایە لە رۆژێک دایە هەندێ دەم و چاو لە گەشەو بزەدان و خۆشی‌و کامەرانییان پێوە دیارە، کەیف خۆش و روو گەش و گوشادن، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وجوه يومئذ ناضرة الى ربها ناظرة**﴾القيامة/٢٢-٢٣. ئەو رۆژەی ﴿**وتسود وجوه**﴾ کە هەندێ دەم و چاوی تریش شەرمەزارو تەڵخ و رەش دادەگیرێن، ئەمانە ئەو کەسانەن کە لەبنەمای ئایین دا ناکۆکی و دووبەرەکییان بەرپاکردووە، ئەو خاوەن نامانەن کە لە ژیانی دونیایان دا فەرمانیان بە چاکەو نەهی‌یان لە خراپە نەکردووە، هەروەها ئەو دوو روانەی کە ژیانیان بە دووڕوویی بەسەر بردووە، ئەو روو رەشانە کە سزای بۆ ئامادەکراویان دەبینن، لەترسان رەنگیان رەش دادەگەڕێ!! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وجوه يومئذ باسرة تظن أن يفعل بها فاقرة**﴾القيامة/٢٤-٢٥. یان دەفەرموێ: ﴿**وجوه يومئذ عليها غبرة ترهقها قترة**﴾عبس/٤٠-٤١. ئەمجار ئاکامی هەردوو کۆمەڵەکە دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿**فأما الذين اسودت وجوههم أكفرتم بعد إيمانكم فذوقوا العذاب بما كنتم تكفرون**﴾ جا ئەوانەی کە روویان رەش دەبێ بەهۆی ئانەوەی دووبەرەکی لە بنەمای ئایین دا، لەژیانی دونیایان دا کێشەو

نیزاعیان بەرپا کردووە، پەروەردگا. تانووتیان لیّ دەداو لۆمەیان دەکاو پێیان دەفەرموێ: دە بچێژن! ئاریّ! پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد بە درۆ دەخەنەوە؟ پیّی کافر دەبن؟ دوای ئەوە کە لەپێش دا ئیمانتان پیّ هێنابوو، پاشگەزدەبنەوە؟ ئێوە دەتانزانی کەی پێغەمبەری ئیسلام پەیدا دەبیّ، نیشانە و رەوشتەکانی لەکتێبی ئێوەدا روون کرابوونەوە! کەچی کە نێردراو بانگەوازی ئیسلامی دەست پیّ کرد، لەبەر حەسوودی و دەمارگیری خۆتان، لەبەر دڵرەقی و دەروون تاریکی خۆتان، پەشێمان بوونەوە و دەستتان کرد بە دژایەتی کردنی و لەمپەڕ دانان لەبەردەم پەیامەکەی دا، ئیتر پاداشتان ئەوە بیّ کە سزای بەئێشی جۆراو جۆر بچێژن! ﴿وأما الذين ابيضت وجوههم ففي رحمة الله هم فيها خالدون﴾ ئەوانەی روو گەش و روو سپین بەهۆی ئەوەی کە لە ژیانی دونیایان دا یەکیەتی و تەباییان بەرجەستە دەکرد، جیاوازییان لە ئایین دا نەدەکرد، ئەوانە هەتا هەتایە دەکەونە ژێر رەحمەتی خوداوە، لەبەهەشتا دەمێننەوە ئەوەندەیان بەلاوە خۆش و دڵگیرە نایانەوێ لیّی دەربچن.

تێبینی:

ئوسلوبی قورئانی پیرۆز وایە: هەرکەسێک دووبەرەکی لە ئایین دا بنێتەوە بەکافرو موشریکی حیساب دەکا وەکوو دەفەرموێ: ﴿**ولا تكونوا من المشركين؛ من الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا كل حزب بما لديهم فرحون**﴾الروم/١٥٩. یان دەفەرموێ: ﴿**إن الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا لست منهم في شيء**﴾الانعام/١٥٩.

﴿تلك آيات الله نتلوها عليك بالحق﴾ ئەم ئایەتانەی بەسەرتا دەخوێندرێنەوە ئایەتی خودان، بەسەرتا دەخوێنینەوە، حەق سەپێنن، شک و گومان و شوبهەیان تێدا نیە، ئیتر دوای پێراگەیاندن و خوێندنەوەی ئەم ئایەتانە، کەس عوزری نامێنیّ کە لە ئایین دا دووبەرەکی بەرپا بکا و قورئان پاشگوێ بخاو پابەندی فەرمان و نەهی و ئامۆژگارییەکانی نەبیّ!

﴿وما الله يريد ظلما للعالمين﴾ ئەوەبزانن: هەرچی خودا فەرمانتان

پێ دەکا و نەهیتان لێ دەکا، ئەوە بۆ ئەوەیە کە ڕێگای ڕاست بگرنەبەر، شارەزابن بۆ ئەو شتانەی کە سروشتتان تەواو دەکا، یاسای کۆمەڵایەتیتان ڕێک دەخا، بۆ ئەوەی سەرڕۆ دەرنەچن، ڕاستاڵ و خوداپەرست بن، خۆشبەختی دونیاو قیامەتتان بۆ دەستەبەر ببێ! کەوابێ ئەوانەی لەڕێگای ڕاست لایان داو تووشی بەڵاو نەهامەتی بوون، ئەوە بۆ خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردووە، بەدەستی خۆیان خۆیان خستۆتە نارەحەتیەوە، پەروەردگار هەرگیز ستەمی بۆ ئادەمیزاد ناوێ، بۆ خۆی ستەمکار نیە! ناشیەوێ کەس ستەم لە خودی خۆیو خەڵکانی تر بکا.

﴿و لله ما في السموات وما في الأرض وإلى ا الله ترجع الأمور﴾ چی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، ملکی خودایە، زاتی پاکی خاوەنی بوونەوەرو ئادەمیزادە، بە گوێرەی ویست و ئیرادەی خۆی کارگێڕو هەڵسوڕێنەری کاروباریانە، سوننەتی خودا هەرگیز گۆڕانکاری تێدا نیە، خودا بۆ خۆی لەهیچ شتێکی کەم نیە، تا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەم و کورییە بیەوێ ستەم لە ئادەمیزادان بکاو نەقصی خۆی پێ پڕ بکاتەوە، پەروەردگار زۆر لەوە بڵندترە، کە ستەمکاربێ، یان ستەمی بوێ بۆ بەندەکانی، چونکە ستەم لەگەڵ حیکمەت و کەماڵی ڕەهاو بەرفراوانی زاتی پاکیدا ناگونجێ! کەسێک حیکمەت و کەماڵی هەبێ لە یاساو نیظامی دا هەرگیز ستەمکاری لێ ناوەشێتەوە!

بەکورتی ئەو زوڵم و ستەمەی خودا لەخۆی دووردەخاتەوە، ئەو ستەمەیە کە لەگەڵ بەرژەوەندی بەندەکانی و ڕەهنومایی‌کردنیان بۆ دەستەبەرکردنی کامەرانی دونیاو قیامەتیان دا نەگونجێ!

هۆی باشیەتی ئۆمەتی موسوڵمان و خراپی و ریسوایی جولەکەکان

كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ۗ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم ۚ مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿١١٠﴾ لَن يَضُرُّوكُمْ إِلَّا أَذًى ۖ وَإِن يُقَاتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ﴿١١١﴾ ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ أَيْنَ مَا ثُقِفُوا إِلَّا بِحَبْلٍ مِّنَ اللَّهِ وَحَبْلٍ مِّنَ النَّاسِ وَبَاءُوا بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الْمَسْكَنَةُ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ الْأَنبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ ۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُوا يَعْتَدُونَ ﴿١١٢﴾

عیکریمە و موقاتیل دەڵێن: ئایەتی (١١٠) لە شانی ئیبنو مەسعوودو ئوبەی کوڕی کەعب و موعازی کوڕی جەبەل و سالم (مەولای ئەبو حوزەیفەدا) هاتۆتە خوارێ، ئەوەبوو مالیکی کوڕی صەیف و وەهەبی کوڕی یەهوزای جوولەکە بەو هاوەڵانەیان گوت: ئایینی ئێمە لەو ئایینەی ئێوە بانگەوازی بۆ دەکەن باشترە، ئێمە خۆشمان لەئێوە رێزدارترین، ئیتر خودا ئەم ئایەتەی نارده خوارێ.

دەربارەی ئایەتی (١١١)ش موقاتیل دەڵێ: کۆمەڵێک جوولەکە ئەزیەتی عەبدوڵلای کوڕی سەلامیان دەدا چونکە موسوڵمان بوو بوو، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی بەو بۆنەوە نارده خوارێ.

پەیوەندی ئەم ئایەتانەش بە ئایەتەکانی پێشوو ئەوەیە ئەم ئایەتانەی ئێره بۆ دامەزراندنی دڵی موسوڵمانانە لەسەر ئەو بیروباوەڕەی کە

لەوەپێش فەرمانی پێکردن و فەرمووی دەست بە قورئانەوە بگرن و پابەندی فەرمان و نەهیەکانی بن و لەدەوری کۆببنەوە.

ئەمجار پەروەردگار دوای ئەوەی کە فەرمانی بە موسوڵمانان کرد کە دەست بگرن بە حەبلی خوداوە -کە قورئانە-و ترساندنی لەوە کە وەکوو خاوەن نامەکان -جوولەکەو گاور- گرۆ گرۆ پارچە پارچە ببن، بەشوێن ئەوەدا باسی گەورەیی و ڕیزداری ئەوانە دەکا کە پابەندی فەرمانی خودان و دەفەرموێ: ﴿كنتم خير أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر﴾ ئێوە ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان! باشترین گەل و نەتەوەیەکن ئێستا هێنراونە ناو گۆڕەپانی ژیانەوە! کە ڕەوشتان وایە: فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە دەکەن. ﴿وتؤمنون با لله﴾ بڕوای پتەو راستتان لە دمروون دا هەیە، کە لە شەڕو فەساد دوورتان دەخاتەوە، بۆ لای خێرو چاکە کێشتان دەکا!

لە ئایەتەکەدا فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە پێش بڕوا بە خوا خراوە، چونکە فەرمان بە چاکەو نەهیلە خراپە، دیاردەیەکی تایبەتی موسوڵمانانە، بەڵام ئیمان بە خودا پەیڕەکەرانی ئاینەکانی تریش ئیدیعای دەکەن، هەروەها ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئیمان بەخودا -بەبێ فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە سوودێکی ئەوتۆی نیە، کاریگەرییەکی لە کۆمەڵگادا نابێ، کۆمەڵی موسوڵمانانیش هەتا لەگەڵ هەبوونی بڕوا بە خودا فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە ئەنجام بدەن ئەوە ئەو چاکی و باشییە بۆ خۆیان پاوان دەکەن!

بە پێچەوانەوە گەل و نەتەوەکانی دیکە کاکڵەی بیروباوەڕیان لێ شێواوە، شەڕو فەسادیان تێدا بڵاوبۆتەوە، ئیمانیان لەکەی تێدایە، فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپەیان پاشگوێ خستووە!!

کە دەفەرموێ: ﴿وتؤمنون با لله﴾ بڕوا بە خودای کردووە بە بڕوابون بە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە بەندەکان بڕوایان پێ هەبێ، یان بڕوابوونی بە هەموو شتێکی کورت هەڵهێناوە لە بڕوابوون بە خودا،

چونکە کەسێک بڕوای بە هەندێ لەو شتانە بێ کە پێویستە بڕوای پێیان بێ، بڕواکەی ئیعتیباری پێ نیەو بەخاوەن باوەڕ ناژمێردرێ! چونکە ئیمان دەبێ گشتی و رەها بێ و هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە کە پێویستە ئیمانی پێیان هەبێ، بەڵگەش لەسەر ئەم رایە ئەوەیە کە قورئان دوا ئەوە دەفەرموێ: ﴿ولو آمن أهل الكتاب﴾ ئەگەر خاوەن نامەکان -لەگەڵ هەبوونی ئیمان بەخودا کە ئیدیعای دەکەن- ئیمانێکی راست و دروستیان هەبوایە کە دڵ و دەروونی رەوشەن بکردایەوەو جڵەوی نەفسیانی بکێشایە بۆ رێبازی راست. ﴿لكان خيرا لهم﴾ ئەوە بێگومان ئەو ئیمانەیان باش دەبوو سوودیان لێ وەردەگرت و بەختەوەری دونیاو قیامەت دەبوون، ئەو مەبەستەی کە بە کەچە ئیمانەکەیان دەیانەوێ وە دەستی بێنن بە ئیمانە تەواو راستەکەیان باشتر بۆیان دەستەبەر دەبوو؟! چونکە ئەو خاوەن نامانە ئایینی خۆیان بۆیە بەلاوە پەسەندە تا سەرۆکایەتی دەستەبەر بکەن و رەشە خەڵکەکە شوێنیان بکەوێ، دەی خۆ ئەگەر پەیڕەوی ئایینی ئیسلامیان بکردایە و بیروباوەڕی پێویستیان هەبوایە، کامەرانی هەردوو جیهانیان دەست دەکەوت و لە دونیاو قیامەت دا بەختەوەر دەبوون! ئەم بنەما سەرەکییانە -فەرمان بە چاکە، نەهی لە خراپە، ئیمانی تەواو بە خوا- ئیمان بە پێغەمبەران و بە فریشتەکان و نامە ئاسمانییەکان و بە رۆژی دوایی، ئەگەر دەستەبەر بون دەبنە هۆکاری ئەو چاکی و باشی و رێزدارییەی کە ئایەتەکە ئاماژەی بۆ کردووە. کە ئەم چاکیو باشییە بۆ هیچ گەلێک دەستەبەر نابن هەتا پارێزگاری ئەم بنەما سێ کوچکەیە نەکەن.

دەگێرنەوە دەڵێن: عومەری کوڕی خەتتاب لەکاتی حەج دا لەوتارێک دا ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿**كنتم خير أمة أخرجت للناس**﴾ پاشان فەرمووی: هەرکەسێک دەیەوێ لەئەو ئوممەتە بێ با مەرجی خودا جێبەجێ بکا، واتە: فەرمان بە چاکە نەهی لە خراپە، کەسێک ئەو مەرجە بەجێ نەهێنێ ئەوە وەکوو خاوەن نامەکان وایە، شیاوی لۆمەکردنی پەروەردگارە کە

دەرحەق بە خاوەن نامەکان دەفەرموێ: ﴿**كانوا لا يتناهون عن منكر فعلوه**﴾المائدة ٧٩.

هەر بۆیە پەروەردگار کە مەدحی ئۆمەتی ئیسلامی کردو رەوشتەکانی باس کردن، هاتە سەر لۆمەکردنی خاوەن نامەکان و رەخنە لێگرتنیان و فەرمووی: ئەگەر ئیمانیان بەوکتێبە بێنایە کە بۆ موحەممەد نێردراوە، پابەندی پەیامەکەی بوونایە ئەوە بۆ ئەوان باشتر بوو! بەلاّم ئەو ئیمانەی پێویست بوو ئەوان نەیانبوو، چونکە ئەوان بڕوایان بە بڕێ لە نامە ئاسمانییەکان هەبوو، بڕوایان بە بڕێکیان نەبوو، هەروەها بڕوایان بە هەندێ پێغەمبەری وەکوو مووساو عیسا هەیە و بڕوایان بە هەندێکی تری وەکوو پێغەمبەری ئیسلام نیە! هەرچەندە کتێبەکانیان موژدەی هاتنی موحەممەدو رەوشتەکانی ئەویان لە خۆ گرتووە، کەچی موحەممەد نێردراو بانگەوازی ئیسلامی دەست پێکرد ئەوان لەبەڵێنی خۆیان ژیوان بوونەوە.....

جا وەنەبێ ئەم لۆمەکردن و رەخنە گرتنە هەموو خاوەن نامەکان بگرێتەوە، زەم کردنەکە رووبەڕووی هەموانیان ببێتەوەو گشتی و سەرانسەری بێ، بۆیە دوا بەدوای لۆمەکردنەکە بڕێ خاوەن نامەی لەو حوکمە دەرهاویشتن فەرمووی: ﴿**منهم المؤمنون**﴾ ئەوانە هەندێکیان بیروباوەڕی رێک و پێکیان هەیە وەکوو عەبدوڵلای کوڕی سەلام و هاوەڵانی و نەجاشی و دارو دەستەکەی، کە ئەمانە بیروباوەڕی پتەویان بە پێغەمبەری ئیسلام هێناوەو لە مێژووی ئیسلام دا رۆڵی پیرۆزیان گێڕاوە.. بەلاّم زۆربەی ئەو خاوەن نامانە فاسق و لە سنووری ئاینی خۆیان دەرچوون و پەیڕەوی ناوەرۆکی کتێبەکانی خۆیان ناکەن، لە بێدینیدا رۆچوون، کەمیان بڕوای بە خوداو ئەو پەیامەی نێردراوە بۆ ئێوەو ئەو پەیامەی نێردراوە بۆ ئەوان! زوربەیان لەسەر گومڕایی و کوفرو بێدینین و لەخودا یاخی بوون. بۆیە فەرمووی: ﴿**وأكثرهم الفاسقون**﴾ زوربەی ئەو خاوەن نامانە بێدین و گومڕاو لە خودا هەڵگەڕاوەن و چوونە باوەشی

کوفرەوە!

هەموو ئایینێک سێ جۆر پەیڕەوکەری تێدان: ڕۆچوو زێدەڕەو (متطرف) لە ئایین دا میانەڕەوو مام ناوەندی، هەڵگەڕاوە و سەرپێچیکەر، هەموو ئایینێکیش لە سەرەتاوە پەیڕەوکەرو لایەنگری زۆر دەبن، کە ماوەی زۆری بەسەردا تێپەڕی و کۆن بوو پەیڕەوکەری کەم دەبنەوە، زوربەی زۆری ئەو گەلە لە ئایینەکە هەڵدەگەڕێنەوەو دڵڕەش و بێ بڕوا دەبن، وەکوو پەروەردگار لە ئایەتێک دا ئاماژە بۆ ئەم ڕاستیە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**ألم يأن للذين امنوا أن تخشع قلوبهم لذكر ا لله وما نزل من الحق، ولا يكونوا كالذين أوتوا الكتاب من قبل فطال عليهم الامد فقست قلوبهم وكثير منهم فاسقون**﴾الحديد ١٦. بەڵام ئەم دیاردەیە لە ئایینی ئیسلام دا نابیندرێو هەرگیز ئەو لاوازییەی بەسەردا نایەو، سەرکەوتن و سەروەری و باڵادەستی لە دواڕۆژدا هەر بۆ ئەوە، چونکە ئایینێکی گشتی و جیهانی یە، هەتا ڕۆژی قیامەت شیاوی هەموو کات و شوێنێکە و هەمیشە زیندوویی تێدایە!

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە **کە** هیچ کاتێک قورئان ئەوە ناسەپێنێ بەسەر گەلێک دا کە سەد دەر سەد فاسق و گومڕابن: بەڵکو دەفەرموێ زۆربە، یان زۆرینەیان گومڕابوون، وەکوو دەربارەی بەنو ئیسرائیل دەفەرموێ: ﴿**فلا يؤمنون إلا قليلا**﴾النساء/٤٦. جارێکی تر دەربارەی گاورو جوولەکەکان دەفەرموێ: ﴿**منهم أمة مقتصدة وكثير ساء ماكانوا يعملون**﴾المائدة/٦٦.

بە کورتی قورئان کە بیەوێ وەصفی گەل و نەتەوەیەک بکاو بیرو باوەڕیان روون بکاتەوە، زۆر بە وردی و بە تەرازوویەکی ورد خوێن و بێ زیادەڕۆیی و ئەملاو ئەولا هەڵویست و حاڵ و چۆنییەتییان سنووردار دەکا، بە جۆرێک کە ئەو ئوسلووبە لە هیچ کتێب و نووسراوێکی تردا بەرچاو ناکەوێ! تەنانەت ئەو حوکم و باس و چیرۆکانەی کە لە خاوەن نامەکانەوە گێڕاویەتیەوە، ئەگەر بۆ زاناو فەیلەسوف و مێژووزانەکانیان

بخوێندرێتەوە، یەکسەر شایەتی حەق و راستی دەدەن!

جا کە لەئایەتی پێشوودا کۆمەڵی خودا نەناسی بەزۆرینە لەقەڵەم دان، وێ دەچێ ترس و بیمێک لەو زۆرینەیان بکەوێتە دڵ و دەروونی موسوڵمانەوە! بۆیە خێرا ئەو ترسەی رەواندەوەو فەرمووی: ﴿**لن یضروکم أذی**﴾ ئەو خودانەناسانە ناتوانن فرسەتتان لێ بێنن و زیانتان پێ بگەیەنن و قەلاچۆتان بکەن، مەگەر لێرەو لەوێ جنێوێک بدەن، تانەیەک لەئایینەکەتان بدەن، هەڕەشەیەکتان لێ بکەن، شوبهەیەک فڕێ بدەنە ناو بیروباوەڕتانەوە، قسەیەک بەدەم بەکێکەوە هەڵبەستن، ئەگینا لەوە زیاتریان لەدەست نایە!

﴿**وإن یقاتلوکم یولوکم الأدبار**﴾ خۆ ئەگەر بەزۆری خۆیان بنازن و شەڕتان لەگەڵ دا بکەن ناتوانن بەرەو رووتان بوەستن، بەڵکو بەبێ ئەوەی بتوانن زیانتان پێ بگەیەنن پشتتان تێدەکەن و دەقوچێنن و گۆڕەپانی جەنگ جێ دیڵن. ﴿**ثم لا ینصرون**﴾ پاشانیش یارمەتی نادرێن و هەرگیز بەسەر ئێوەدا سەرکەوتوو نابن، بەمەرجێک ئەوان لەسەر گومڕایی و فاسقی خۆیان بەردەوام بن و ئێوەش لەسەر چاکی و خێرخوازی خۆتان بن؛ واتە: فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە بکەن و بڕوای پتەوو دامەزراوتان هەبێ.

ئایەتەکە سێ مزگێنی تێدان، کە بەهەواڵی غەیبی دەژمێردرێن تا ئێستا هاتوونە دی، ئەوەش لەیاد نەکەین کە ئەم حوکم و سەرکەوتن و باڵادەستی‌یە کاتێک بۆ موسوڵمانەکان دەستەبەر دەبێ کە خۆیان پابەندی ئایین و پەیامی خودابن و پارێزکاری ئایینەکەیان بکەن! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**یاأیها الذین امنوا إن تنصروا ا لله ینصرکم ویثبت أقدامکم**﴾**محمد**/٧. یان دەربارەی تێکۆشەرانی موسوڵمانان و گیان لەسەر دەستتان دەفەرموێ: ﴿**الامرون بالمعروف والناهون عن المنکر والحافظون لحدود ا لله**﴾**التوبة**/١١٢. هەتا موسوڵمانان فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە بکەن و پارێزکاری سنووری خودا بکەن، سەرکەوتن و باڵادەستی دەستەبەر

دەکەن، هەرکاتێ موسوڵمانان سەرکەوتوو نەبوون، ئەوە دیارە خەلەلەکە لەخۆیان دایەو پێویستە بەخۆیان دا بچنەوە!

﴿ضربت علیهم الذلة أینما ثقفوا﴾ ئەو خاوەن نامانە (ئەهلی کیتاب) زەلیلی و ژێر دەستەیی بووەتە مۆرک و بەناوچاوانیانەوە نراوە و ناتوانن خۆی لێ رزگار بکەن، لەهەر شوێنێک بن ئەوان دزێوو قێز لێکراو و بەش خوراون، ﴿إلا بحبل من الله﴾ مەگەر بەهۆی ئەو عەهدو پەیمانەی کە خودا لەشەریعەتی ئیسلام دا بۆی دیاری کردوون، فەرمانی بە موسوڵمانان کردووە کە لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دا بکەن و مافیان بپارێزن ﴿وحبل من الناس﴾ هەروەها ئەو عەهدو پەیمانەی ئادەمیزادان لەگەڵیان پەیڕەو دەکەن، کە هاوبەشی ژیان و جیرانەتی و هاوەڵی دەسەپێنێ، لەوەدا کە ئێمە پێویستیمان بە ئەوان هەیەو ئەوانیش پێویستییان بە ئێمە هەیە، وەکوو پێویستی بازرگانی و پیشەسازی... هتد هەروەها وەکوو ئەو پارێزگارییە بەردەوامە تۆکمەیەی کە ئێستا بۆ جوولەکەی فەلەستین دابین کراوە لەلایەن ئەمەریکاو خۆرئاواو حکومەتە زلهێزو ملهوڕەکانی جیهانەوە!!

پێغەمبەر ﷺ لەژیانی خۆی دا زۆر بە جوانی رەفتاری لەگەڵ ئەو خاوەن نامانە دەکرد، مامەڵەو قەرزو قۆڵەی-لەگەڵ دا دەکردن، چەند جار شت و مەکی لێ کڕیون، چەند جار قەرزی لێ کردوون لەدوای لەدونیا دەرچوونیشی جێنشینەکانی یەک لەدوای یەک هەمان رەفتار و هەڵس و کەوتی پێغەمبەریان لەگەڵ دا کردوون!

بە کورتی ئەو جوولەکانە لەزاتی خۆیان دا هیچ رێزێکی مرۆڤایەتی و دەسەڵات و خاوەنیەتییان تێدا نیە، ئەگەر رێزێکیان هەبێ و دەسەڵاتێکیان بدرێتێ ئەوە بەهۆی کەسانی دیکەوە پێیان دەدرێ و زاتی نیە، بەهۆی ئەو پەیمانەوەیە کە خودا بۆی چەسپاندوون و فەرمانی بە موسوڵمانان کردووە کە بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام مافیان بپارێزن، هەروەها بەهۆی ئەو پەیمانەی کە موسوڵمانان لە روانگەی

کۆمەڵایەتییەوە باریان پێوە گرتـووە، ﴿وباؤا بغضب من الله﴾ شیاوی سزای سەخت و غەزەبی خودا بوون، جێگای ئەوەن کە لێیـان نـاڕازی بێ، لەهەموو لایەکەوە زەلیلی و ژێردەستەیی دەورەی داون، هیـچ کـاتێ رابەرایەتییان دەست ناکەوێ، هەمیشە شوێنکەوتووی خەڵک و نۆکەرو جاشی ملهوڕانی خودانەناسن!

ئەم پێناسەیە پڕاوپڕی رەوشتی جولەکەیە، لەهەموو کون و قوژبنێکی زەویدا، ئێستا کە لە فەلەستین دا بوونە رەبیەو جاسووسی کوفری عالەمی و داردەستی ئیستیعمارو هەموو جیهانی کوفرو بێدینی یارمەتییان دەداو، موسوڵمانیش وازیان لەبەرنامەی خۆیان هێناوە، بۆیە حاڵ بەپێچەوانەوە سوڕاوە ئەگینا هەرگیز نەیان دەتوانی فەلەستین داگیر بکەن و موسوڵمانان لەزێدی خۆیان وەدەرنێن!

زوربەی جوولەکە بەسەر زەویدا بلاوبوونەوە، وازیان لە نەخشەو پیلانی جەنگ هێناوە، کشت و کاڵ و ئاژەڵداری و ئەو جۆرە شتانەیان پاشگوێ خستووە، خەریکی کۆکردنەوەی ماڵ و داراییین لە ئاسانترین ریگەوە کە ئەویش مامەڵە کردنی ریبا ئامێزە!

﴿ذلك﴾ ئەوەی باسکرا لە ژێردەستەیی و چەوساندنەوەیان و غەزەبی خودا لەسەریان ﴿بأنهم كانوا يكفرون بآيات الله ويقتلون النبيين بغير حق﴾ بەهۆی ئەوەوەیە کە کافرو بێ باوەڕن، باوەڕی راستییان نیە، بەبێ تاوان و بەئەنقەست پێغەمبەرانیان بە جۆرەها شێوەی درندەیی کوشتوون! مێژوویان پڕ کردووە لە کارەساتی ناڕەواو نامرۆڤانە ﴿ذلك﴾ ئەو کافربوون و دەستدرێژی کردنەیان ﴿بما عصوا وكانوا يعتدون﴾ بە هۆی یاخی بوون و رۆچوون و زیادەڕەوی لەئەنجامدانی گوناهی بچووک کە رێخۆشکەرە بۆ گوناهی گەورە، چونکە هەرکەسێک گوناهی بچووک بکات بە عادەت و پەیڕەوی بکا سەری بێ دەکێشێ بۆ کافربوون و کوشتنی پێغەمبەران و بانگەوازیکەران!

جا هەرچەندە کوشتنی پێغەمبەران لەلایەن ئەو جوولەکانەوە نەبووە

کە سەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئان لەژیان دا بوون، بەڵکو باوک و باپیرو پێشینەکانیان ئەو تاوانانەیان ئەنجام داوە، بەڵام چونکە ئەمانیش دەست خۆشییان لە کردەوەکانیان کردووە و بەباشیان زانیوە و پێی رازین! لەبەرئەوە کردەوەی باوک و باپیرانیان پاڵ ئەمان دراوە، چونکە ئەوهەڵوێستە نامرۆڤانەیان لێ بووەتە رەوشت و بەشێک لە سروشتیان، بەمیرات چین لەدوای چین لەیەکتریان وەرگرتووە، لەلایەکی ترەوە هەموو گەل و نەتەوەیەک لەناو خۆیان دا هاریکارو هاوکارن ئیتر هەر داب و نەریتێک تێیان بڵاوببێتەوە پاڵ هەموویان دەدرێ.

باسی کۆمەڵێ لە خاوەن باوەڕانی ئەهلی کیتاب و پاداشی کردەوەکانیان

﴿لَيْسُوا سَوَاءً مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ﴿١١٣﴾ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُولَٰئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ ﴿١١٤﴾ وَمَا يَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَلَن يُكْفَرُوهُ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ ﴿١١٥﴾

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار لە ئایەتەکانی پێشوودا وەصفی خاوەن نامەکانی بەو رەوشتە ناشیرینانە کردو، هەڵوێست و کردەوە و پاداشی شیاوی دیاری کردن، بڕێکی لێ دەرهاویشتن و جیای کردنەوە و فەرمووی: ﴿لیسوا سواء﴾ خاوەن نامەکان هەموویان لەم رەوشتانەدا یەکسان نین، بەڵکو هەندیکیان موسوڵمان و خوداناس و رەوشت بەرزن، زووربەشیان فاسق و لەخوا یاخی و کافرن!

ئیتر لەم ئایەتانەی دوایی دا دێ وەصفی ئەو خودانەناسانەی خاوەن

نامەکان دەکاو هەشت رەوشتیان دەستنیشان دەکاو دەفەرموێ:

١ - ﴿من أهل الكتاب أمة قائمة﴾ لەناو خاوەن نامەکاندا کۆمەڵێک هەیە راستاڵ و دامەزراو لەسەر حەق، دادپەروەرو حەقخواز، ستەم لەکەس ناکەن و پێچەوانەی فەرمانی ئایین ناجولێنەوە، مەبەست بەم کۆمەڵە -وەکوو ئینو جەریر لە ئیبنوعەباسەوە دەگێڕێتەوە- ئەو کۆمەڵە جوولەکانەن کە موسوڵمان بوون وەکوو عەبدوڵلای کوڕی سەلام و سەعلەبەی کوڕی سەعنە (یان سەعیە) و ئوسەیدی کوڕی عوبەیدو هاوەلانیان.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئایینی خودا لەسەر زوبانی هەموو پێغەمبەران یەک ئایینە، یەک مەبەستە، هەرکەسێک بە برواوە وەری بگرێ و راستالانە کاری پێ بکاو فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە بکا ئەوە لە کۆمەڵی صاڵحانە!

هەروەها ئایەتەکە تەماع خستنە بەر ئەهلی کیتابیشی تێدایە و دادوەری پەروەردگاریشی لە خۆ گرتووە، بەڵگەهێنانەوەشی تێدایە بۆ ئەوانەی کە مانای ئیمانو ئیخلاص دەزانن! چونکە ئەگەر ئەم دەقە نەبوایە دەیانتوانی بڵێن: ئەگەر ئەم قورئانە لەخوداوە بهاتایە ئێمەی خاوەن برواو فاسقەکانی بەیەک چاو سەیر نەدەکرد؟؟

٢ ، ٣ - ﴿يتلون آيات الله آناء الليل وهم يسجدون﴾ شەوانە قورئان دەخوێنن و خەریکی شەو نوێژو خوداپەرستین.

٤ ، ٥ - ﴿يؤمنون بالله واليوم الآخر﴾ بیروباوەڕێکی پتەوو راستیان بە خوداو رۆژی قیامەت هەیە، بە جۆرێک کە کاریگەریی ئەو ئیمانە تۆکمەو پتەوە، ترس لەخوداو خۆ ئامادەکردن بۆ رۆژی قیامەتی تێدا رسکاندوون! نەک ئیمانێک کەهەر ئیدیعاو ناوبێ، بوون و نەبوونی یەکسان بێ، وەکوو ئیمانی جولەکەکان کە دەڵێن: بڕوامان بە خودا هەیە کەچی دەشڵێن: عوزەیر کوڕی خودایە! بڕوایان بە رۆژی قیامەت هەیە بەلام بەلایانەوە رۆژی قیامەت بەشێوەیەکی جیا لەو شێوەیە کە قورئان

باسی دەکا!

٦- ﴿ويأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر﴾ ئەوانە زیاد لەوەش، قورئان خوێن و نوێژکەرن و ئیمانی پتەویان بە خوداو ڕۆژی قیامەت هەیە، فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە دەکەن، دەیانەوێ و هەوڵ دەدەن وەکوو ئەوەی بۆ خۆیان باشن خەڵکی تریش باش بن!

٧- ﴿ويسارعون في الخيرات﴾ ئیشی باش دەکەن، لەش سووک و چوست و چاپوکن بۆ ئەنجامدانی کاری خێر، هەرکارێکیان بەلاوە باش بێ پێشبڕکێی تێدا دەکەن و تەمبەڵی ناکەن؛ چونکە تەمبەڵی کردن لەکاری خێردا نیشانەی دووڕووەکانە؛ وەکوو خودا دەفەرموێ: ﴿**واذا قاموا إلى الصلواة قاموا كسالى يراؤن الناس**﴾ ئەو دوو ڕووانە کە هەڵدەستن بۆ نوێژکردن بەتەمبەڵی دەجووڵێنەوەو بۆ ڕیبابازی نوێژەکانیان دەکەن!

ئەم صیفەتە -پێشبڕکێ کردن بۆ کاری خێر- سەرچاوەی هەموو ڕێزدارییەکی ئایینی و ڕەوشتییە، هەموو کارێکی باش کۆدەکاتەوە، باسکردنی لێرەدا تانووت دانە لە جوولەکەکان، چونکە ئەوان بۆ کاری خێرو ئیشی چاکە تەمبەڵ و لەش گرانن!

٨- ﴿وأولئك من الصالحين﴾ ئەوانەی کە ئەو ڕەوشتە بەرزانەیان هەیە لەو کەسانەن حاڵیان باشە، کردەوەیان چاکە، خودایان لێ ڕازییە، کۆتایی هێنانی ئایەتەکە بەم ڕستەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو جوولەکانەیە کە دەیانگوت: بەس شەقاوەو پیاوخراپەکانمان بڕوایان بە موحەممەد هێناوە، ئەگەر ئەوانە باش بوونایە دەستیان لە ئایینی باوک و باپیری خۆیان هەڵنەدەگرت. لەلایەکی ترەوە وەصف دار کردنی ئەو کۆمەڵەی ئیمانیان هێناوە، بە (صەلاح) ئەوپەڕی پێداهەڵدان و ڕێزلێنانە بۆیان، چونکە صیفەتی (صەلاح) پەروەردگار لە قورئان دا بۆ پێغەمبەرە پایە بەرزەکانی چەسپاندووە ئەوەتا دەربارەی ئیسماعیل و ئیدریس و ذیلکیفل دەفەرموێ: ﴿**وأدخلناهم في رحمتنا إنهم من الصالحين**﴾**الانبياء/٨٦**. حەزرەتی سولەیمانیش کە لە خودا پاڕایەوە دەڵێ: ﴿**وأدخلني برحمتك في عبادك**

الصالحين﴾النحل/١٩. صاڵح بوون پلەو پایەیەکی گەلێ مەزنەو پێچەوانەی فەسادە، فەسادیش لەهەر شتێک دابێ لەناوی دەبا هەر بیروباوەڕێک، هەرکردەوەیەک فەسادی تێدابێ سوودی نابێ، ﴿**وما يفعلوا من خير فلن يكفروه**﴾ ئەو خاوەن نامانەی موسوڵمان بوون و بەڕاستی بڕوایان هێناوە، هەر کردەوەو خوداپەرستییەک بکەن لە پاداشی باش بێبەش نابن، پاداشی کەس فەرامۆش ناکرێ؛ چونکە ﴿**وا لله عليم بالمتقين**﴾ خودا ئاگادارو زانایە بەهەڵویستی تەقواکاران و خوداپەرستان، هەموو کەسێک بەگوێرەی کردەوەکانی پاداشی دەدرێتەوە، هەرکەسێک بیروباوەڕی صەحیح بێو تەقوای خودا بکا بەمراد دەگا!

ئەم رستەیەی کۆتایی ئایەتەکە وەکوو بەڵگە وایە، بۆ مانای پێش خۆی، چونکە کەسێک کە پاداشی کەسێک پێشێل بکا یا لەبەر لەبیرچوونەوەیە، یان لەبەر نەزانییە، یان لەبەر بەخیلی و حەسوودییە ئەمانەش هەموویان دەرحەق بە زاتی پاکی خودای تاک و تەنیا مەحاڵن.

ڕۆژی قیامەت کافرەکان مایە پووچن و کردەوەکانیان بێ سوودن!

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَن تُغْنِىَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا وَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۚ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿١١٦﴾ مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ فِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ ۚ وَمَا ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ وَلَٰكِنْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿١١٧﴾

ئەمجار دێتە سەر باس و حاڵ و چۆنیەتی کافرەکانی ئەهلی کیتاب و دەفەرموێ: ﴿**إن الذين كفروا**﴾ ئەوانەی کافرن و وەکوو پێویست خودا ناناسن لەخاوەن نامەکان و موشریکەکانی مەککە و خەڵکی تریش لەو گروپانەی کە رەخنەیان لە پێغەمبەر دەگرت و تانوتیان لە خۆی و هاوەڵانی دەداو دەیانگوت: ئەگەر موحەممەد لەسەر حەق بوایەو

خۆشەويستى خودا بوايە، خودا ئاوا هەژارو نەبوونى نەدەكرد و بەم شێوە بەبێ كورِو بە هەژارى نەيدەهێشتەوە! هەميشە ئەو كافرانە خۆيان بەهۆى دەوڵەمەندى و منداڵى زۆرەوە هەڵ دەنايەوە و لە خۆيان بايى بوو بوون و، پێيان وابوو زۆرى ماڵ و دارايى كورِو نەوەى زۆر لە سزاى خودا دەيانپارێزێ! وەكوو پەروەردگار لە ئايەتێكى تردا لەسەر زوبانى ئەوان دەفەرموێ: ﴿... **نحن أكثر أموالا و أولادا ومانحن بمعذبين**﴾ ئيتر پەروەردگار بۆ رەتكردنەوەى ئەو بۆچوونە هەڵانەيان فەرمووى: ﴿**لن تغني عنهم أمواهم ولا أولادهم من الله شيئا**﴾ ئەو ماڵ و منداڵەى ئەوان پێى دەنازن و پێيان وايە: لە رۆژى قيامەت دا لە ئاگرى دۆزەخ دەيانپارێزن، هيچ سووديان پێ نابەخشێ و فريايان ناكەوێ و لە سزاى ئاگر رزگاريان ناكەن!

بۆيەش تەنها باسى (ئەموال و ئەولاد)ى كرد چونكە ئەم دوو نيعمەتە لە ژيانى ئينسان دا گرنگن و ئادەميزاد كە تەنگانەيەكى بەردێ يان بە ماڵ و دارايى لە كۆڵ خۆى دەكاتەوە يان پەنا دەباتە بەر منداڵ و نەوەى خۆى، كەسێك لە لەزەت و خۆشى ئەم دوو نيعمەتەدا بێ ئيتر لە دونيادا هيچى ترى وەبير نايەتەوە و كەم وادەبێ روو لە حەق و راستى بكا! بۆيە دەبينين زۆر كەس بە ماڵى زۆرو منداڵ و نەوەى زۆر لە خۆ بايى دەبێ و تا سەرى لەبەرد نەدا وەهۆش خۆى نايەتەوە ﴿**وأولئك أصحاب النار هم فيها خالدون**﴾ ئەوانە دارو دەستەى دۆزەخن و دەخرێنە ناو ئاگرەوە و هەتا هەتايە تێيدا دەمێننەوە، چونكە دڵرِەشى و خراپەكارى و چەواشەكارييان لە ژيانى دونيايان دا بەجۆرێك بووە كە شياوى ئەو سزايە بن كە سووتەمەنييەكەى ئادەميزادو بەردە!!

دواى ئەوەى كە پەروەردگار لە ئايەتى پێشوودا ئەوەى روون كردەوە كە ماڵ و منداڵى ئەو كافرانە هيچ سوودێكيان بۆيان نابێ. باسى ئەوە دەكا كە ئەو ماڵ و دارايييەى لە خۆش رابواردن و بۆ ريابازى و باس كردنى خەڵك و ناوبانگ پەيداكردن و پشتيوان پەيدا كردن دا دەيبەخشن

و بەهیوای خێرو چاکە و جێگای هیچیان بۆ ناگرێ و دەفەرموێ: ﴿ما ينفقون في هذه الحياة الدنيا كمثل ريح فيها صر أصابت حرث قوم ظلموا أنفسم فأهلكته﴾ ئەو ماڵ و دارایییەی دەیبەخشن بۆ ناوو شۆرەت و ریابازیی و پشت گرتن، ئەوە هیچ سوودێکی لیٚ نابینن و وەکوو زریان و رەشەبایەکی بەهێز وایە، کە سەرسایەکی زۆری پێوە بیٚ و لە کشت و کاڵی قەومێک بدا کە ستەمیان کردووە لەناوی بەریٚ!

پوختەی قسەکە ئەوەیە دەڵیٚ: چۆنیەتی حاڵی ئەوانەی کافرن و ماڵ دەبەخشن، هەرچەندە بۆ کاری خێریش بیٚ وەکوو کشت وکاڵێک وایە کە زریانێکی سارد لیٚی بدا و لەناوی بەریٚ و بەرو بوومی لیٚ پەیدا نەبیٚ؟! ئەوانەش ئاوا هیچ سوودو قازانجێک لە بەخشینەکەیان ناکەن واتە: وەکوو چۆن خاوەن کشت و کاڵە سەرما بردووەکان هیچ سوودێک لەو کشت و کاڵە ناکەن، ئەو خودانەناسانەش کە ماڵ و دارایی خۆیان دەبەخشن بۆ قەلا دروستکردن و پرد رابەستن و رێگا خۆشکردن و یارمەتیدانی هەتیوو بێوەژن و هەژارو بیٚنەوایان.. هتد بەهیوای پاداشی باش هیچ پاداشێکیان وەگیر ناکەویٚ، رۆژی قیامەت دەبینن کوفرەکەیان کردارە باشەکانیانی پووچ کردۆتەوە، خەسارەتمەند بوون، جگە لەپەشیمانی و پەنجە گەستن هیچیان بۆ نامێنێتەوە! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وقدمنا إلى ما عملوا من عمل فجعلناه هباء منثورا﴾الفرقان/٢٣. یان دەفەرموێ: ﴿والذين كفروا أعمالهم كسراب بقيعة يحسبه الظمان ماء حتى إذا جاءه لم يجده شيئا﴾النور/٣٩. ئەم ئایەتانە پەندو ئامۆژگارین و ئاوێنەی باڵانومان بۆ نائومێدی کافرەکان لە رۆژی قیامەت دا، دەشگونجیٚ نموونە هێنانەوەبیٚ بۆ ناهومێدی دونیایان. ﴿وما ظلمهم الله﴾ خودا ستەمی لیٚ نەکردوون بەوەی کە سوودیان لە بەخشینەکانیان نەبینی و بەخشینەکانی لیٚ وەرنەگرتوون. پاداشی کردەوە خراپەکانیانی بە سزا دانەوە ﴿ولكن أنفسهم يظلمون﴾ بەڵکو بۆ خۆیان زوڵمیان لە خۆیان کرد کە ماڵ و دارایی خۆیانیان لە رێگەیەکەوە بەخشی کە سوودبەخش

نەبێ، بۆ خۆیان تووشی نائومێدی و زیان ببن!

دەڵێن: ئەم ئایەتە دەربارەی دانیشتوانی مەککە یان جوولەکەکان هاتۆتە خوارێ کە ماڵی خۆیان دەبەخشی بۆ دژایەتیکردنی پێغەمبەر ﷺ! هەندێکیش دەڵێن: دەربارەی ئەو ماڵبەخشینەی دوو رووەکان نازڵ بووە کە بۆ ریابازی ناوو شۆرەت ماڵیان دەبەخشی، برێکیش دەڵێن: ئایەتەکە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خودا نەناسن و ماڵ و دارایی خۆیان لە رێگەی باش دا دەبەخشن و بەهیوای خێر، بەلاّم خێریان وەگیر نابێ؛ چونکە مەرجی پاداش بۆ ئەو کردەوانە ئەوەیە : دەبێ کابرا بڕوادار بێ و بەگوێرەی یاسای یەزدانی و بۆ رەزامەندی خودا ماڵ ببەخشن کەوابێ ئەوان ستەمیان لە خۆیان کردووە بەوە کە ئینکاری خودایان کردووە، گوێیان بۆ بەڵگەو ئامۆژگاری ئایینی حەق نەگرتووە!

نابێ بتمانە بەکافران بکرێ و نابێ بهێڵدرێ بەسەر نهێنی موسوڵمانان دا ئاگاداربن

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ بِطَانَةً مِّن دُونِكُمْ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّواْ مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ ٱلْبَغْضَآءُ مِنْ أَفْوَٰهِهِمْ وَمَا تُخْفِى صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ ۚ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلْـَٔايَٰتِ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١١٨﴾ هَٰٓأَنتُمْ أُوْلَآءِ تُحِبُّونَهُمْ وَلَا يُحِبُّونَكُمْ وَتُؤْمِنُونَ بِٱلْكِتَٰبِ كُلِّهِۦ وَإِذَا لَقُوكُمْ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوْاْ عَضُّواْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَنَامِلَ مِنَ ٱلْغَيْظِ ۚ قُلْ مُوتُواْ بِغَيْظِكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١١٩﴾ إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُواْ بِهَا ۖ وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔا ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴿١٢٠﴾

ئیبنو جەریری طەبەری و ئیبنو ئیسحاق لە ئیبنو عەبباسەوە : دەڵێ کۆمەڵێک لە پیاوانی موسوڵمان پەیوەندییان بەچەند جولەکەیەکەوە هەبوو، چونکە لەپێش موسوڵمان بوونیان دا جیرانی یەکتر بوون، یان هاوپەیمانی یەکتری و سوێند خۆری یەکتر بوون، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿یا أیها الذین آمنوا لا تتخذوا بطانة من دونکم﴾ ئەی ئەوانەی موسوڵمان بوون و باوەڕتان هێناوە؛ هەرگیز دوژمنانتان بەسەر نهێنی خۆتان دا ئاگادار مەکەن، نەچن دۆستایەتی لەگەڵ خودانەناسان دا بگرن و چی پلان و نهێنی موسوڵمانان هەیە پێیان رابگەیەنن! چونکە ئەوان دۆستی ئێوە نین خۆشبەختی و سەربەرزی ئێوەیان ناوێ، ئەوانە هەرگیز لە سەنگەردان بۆ ئێوە!

١ - ﴿لا یألونکم خبالا﴾ کەمتەرخەمی ناکەن لە زیان پێگەیاندنتان، ئەوەندەی بتوانن هەوڵ دەدەن کارو بارتان بشێوێنن!

٢ - ﴿ودوا ما عنتم﴾ ئاواتە خوازی ئەوەن ئێوە تۆشی ئەو پەڕی زەرەرو زیان ببن لە دین و دونیادا.

٣ - ﴿قد بدت البغضاء من أفواههم﴾ رق و کینەیان دەرحەق بە ئێوە ئەوەندە زۆرە ناتوانن لە دەروون دا بیشارنەوە، بە دەم ئاشکرای دەکەن، بێپەردە پێغەمبەر و قورئانەکەی بە درۆ دەخەنەوە، بە گێل و نەزان و کەم ئەزموونتان لەقەڵەم دەدەن!

٤ - ﴿وما تخفي صدورهم أکبر﴾ ئەوەی بە دەم ئاشکرای دەکەن لە قین و ناخۆشەویستی بەرامبەرتان زۆر کەمترە لەوەی لە دڵ دا شاردوویانەتەوە.

ئەم رەوشتانە لەمپەرن بۆ دۆستایەتیکردنی ناموسوڵمان و تێکەڵاوبوون لەگەڵیان دا، جا ئەگەر گۆڕانکاریی بەسەر ئەم رەوشتانەیان دا هات و فەرمانڕەوای موسوڵمان دڵنیابوو لە دۆستایەتیکردنی ناموسوڵمانان و متمانەی پێکردن، ئەوسا دروستە هاریکارییان لەگەڵ دا بکەین! داوای کۆمەکییان لێ بکەین، بڕی نەخشەو پیلانی خۆمانیان بخەینە

بەردەست، وەکوو جوولەکەکان لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامیی دا دوژمنی بابە کوشتەی موسوڵمانان بوون، کەچی دوایی بۆ رزگارکردنی ئەندەلووس رۆڵی پیاوانەیان گێڕا، یان قیبطی‌یەکان لە رزگارکردنی میصرو رۆم دا رۆڵی مەردانەیان هەبوو، ئەگەر لە زیانی ئەو ناموسوڵمانانە ئەمین بووین دۆستایەتیکردنیان و تیکەڵاوبوون و هاموشۆکردنیان رەوایە، بەڵکو ئەوکاتە دروستە لە ئیدارەی دەوڵەتیش دا دابمەزرێن؛ ئەوەتا عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ کاربەدەستانی رۆمی لە دیوانەکانی حکوومەتی ئیسلامیی دا دامەزراند! دوای ئەویش جێنشینەکانی موسوڵمانان هەر لە سەر ئەم داب و نەریتە رۆیشتن، هەتا سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان کە دیوانەکان لە زاراوەی رۆمی‌یەوە وەرگێڕانە سەر زوبانی عەرەبی، واتە: شێوەی نووسینی لیستەکانی دەوڵەتی گۆڕین بۆ زوبانی عەرەبی..

خەلیفە عەبباسییەکان و فەرمانڕەوای موسوڵمانان لەهەموو کون و قوژبنێکی وڵاتی ئیسلام دا هەر بەم شێوە زۆربەی کاروباری کارگێڕی دەوڵەتیان بەکەسانی جوولەکەو مەسیحی دەسپارد، تەنانەت لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانییەکان دا زوربەی سەفیرو جێگری باڵیۆزخانەکانی مەسیحی بوون، وێنەو مانای ئەم ئایەتە دوو ئایەتی ترە کە دەفەرموێ: ﴿**لا ينهاكم الله عن الذين لم يقاتلوكم في الدين ولم يخرجوكم من دياركم**﴾ تا دەگاتە ﴿**أولئك هم الظالمون**﴾**المتحنة/٨-٩**. کە زۆر بەوردی رێو رەسمی دۆستایەتیکردن و نزیک بوونەوە لە ناموسڵمانانی بۆ روون کردووینەوە.

ئەمجار قورئان دێتەوە سەر باسەکە و موسوڵمانان دەترسێنێ و پێیان دەفەرموێ: ﴿**قد بينا لكم الآيات إن كنتم تعقلون**﴾ بێگومان بۆمان روون کردوونەوەو رێگامان پیشان داون، بەڵگە و پەندو ئامۆژگاریمان بۆ شیکردوونەوە، کە ئەگەر گوێیان بۆ رابگرن و، پابەندیان بن، شارەزاتان دەکەن بۆ خێرو رێگای راست و رەوانتان بۆ دەستنیشان دەکەن، کە چۆن جیاوازی بخەنە نێوان دۆست و دوژمنەوە، کێ باشە بکرێتە کاربەدەست و

نهێنی لەلا بدرکێندرێ، کێ بەکار نایە -ئەگەر ئێوە هەست بەو حەقیقەتانە بکەن کە دەستنیشانی دۆست و دوژمنتان بۆ دەکا!!

ئەمجار قورئان جەخت لەسەر ترساندنەکەی پێشوو بۆ موسوڵمانان دەکاتەوە کە نابێ ناموسوڵمانان بکەینە رازگرو شوێنی نهێنی دانانی خۆمان! بۆ ئەم مەبەستە سێ هۆکار دەچەسپێنێ، هەریەکەیان داخوازی ئەوەیە: کە خۆمان بگرینەوە لە دۆستایەتیکردنی ناموسوڵمانان لەکاتی متمانە پێنەکردن پێیان و ئەو سێ هۆیانەش ئەمانەن کە ئایەتەکە دەستیشانیان دەکا و دەفەرموێ:

١- ﴿ها أنتم أولاء تحبونهم ولا يحبونكم﴾ ئێوە ئەو کافرە خودانەناسانەتان خۆش دەوێن کەئەوان ئێوەیان خۆش ناوێ و لەهەموو کەس زیاتر رقیان لێتانە، هیچ کەمتەرخەمی ناکەن لە شێواندنی ئایین و ئابووری و دەسەڵات و وڵاتتان، ئاواتە خوازی ئەوەن تووشی ناخۆشی ببن و بە ئاشکرا دژایەتی و دوژمنایەتینان دەکەن، چاوەڕوانی ئەوەن بکەونە گێژاوێکەوە و ئەوانیش لەپشتەوە دەستتان لێ بوەشێنن! دەی ئێوە چۆن تاقم و دارو دەستەی ئاواتان خۆش دەوێن؟!

٢- ﴿تؤمنون بالكتاب كله﴾ ئێوە بڕواتان بە هەموو نامە ئاسمانیەکان هەیەو ئینکاری هیچ کتێبێکی ئاسمانی ناکەن، بڕواتان بە هەموو پێغەمبەرو رەوانەکراوان هەیە، کەبڕێ لەو نامە و پێغەمبەرانە تەورات و ئینجیلە، مووساو عیسایە! دەی ئەوان بڕوایان بەبەشێ لە نامە ئاسمانییەکان نیە، بڕوا بە بڕێ پێغەمبەر دەکەن و هەندێکی تر بە پێغەمبەر نازانن.

٣- ﴿وإذا لقوكم قالوا آمنا وإذا خلوا عضوا عليكم الأنامل من الغيظ﴾ ئەگەر لە ڕێگەو بان و شوێنی کۆڕو کۆبوونەوەدا تووشی موسوڵمانان دەبن لەترسی خۆیان مەراییتان لەبەردا دەکەن و بەزمانی لووس و دڵی ترساوەوە دەڵێن: ئێمەش موسوڵمانین و بڕوامان بە ئایینی ئیسلام هەیە، ئیمانمان بە پێغەمبەرایەتی موحەممەد هێناوە، کە

دەڕۆنەوە ماڵ و لای دارو دەستەی خۆیان و دڵنیا دەبن کە موسوڵمانان ئاگایان لێ نین دوژمنایەتی و رق و کینی خۆیان دژی ئێوە هەڵدەڕێژن! تەنانەت کار دەگاتە ئەوە کە لەبەر پەشیمانی یان لە قینان پەنجەی خۆیانتان لێ بگەزن، چونکە دەبینن موسوڵمانان بەیەکەوە کۆکن، قسەیان یەکە، نێوانیان خۆشە، خودا یارمەتییان دەدا بەجۆرێک کە دوژمنیان فرسەتیان لێ نابینێ و ناچارە مەراییان لەبەردا بکا!

کەوابێ ئێوە ئەی موسوڵمانینە! لەوەدا بەهەڵەچوون کە دۆستایەتی دووڕوو کافرەکان دەکەن، ئەوان بە ئایینی بەتاڵ و بڕوای پوچیانەوە بەرامبەرتان جەربەزەو سەررەقن، کەچی ئێوە بە ئایینی راست و بڕوای پتەوەوە بەرامبەریان نەرم و نیان و خۆش باوەڕن.

﴿**قل موتوا بغيظكم**﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: بەو داخ و خەفەتەوە بتلێنەوە تا لەناو دەچن، چەندێک پێتان ناخۆش بێ و خەفەتی پێ بخۆن! ئەوە بزانن خودا ئایینی خۆی تەواو دەکاو سەری دەخا، گەشەی پێ دەکا، پەیڕەوکارانی زۆرو بەهێز دەکا، بەڕاستی ئەمە پەندو ئامۆژگارییە بۆ موسوڵمانان بەڵکو وەهۆش خۆ بێنەوەو بەخۆیان دا بچنەوەو، بزانن ئەو نەهامەتییەی بەسەر شانیان دا دێ هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە لەناو خۆیان دا یەکیەتی و تەباییان نیەو لێک ترازاون و گرۆ گرۆ بوون!

﴿**إن الله عليم بذات الصدور**﴾ بێگومان خودا ئاگادارەو دەزانێ دڵ و دەروونتان چ حیقدو رق و کینەیەکی تێدایە، ئەوەی بەنهێنی لەناو خۆتان دا دژی موسوڵمانان دەیڵێن، ئەو پیلان و فرت و فێڵانەی دژیان ئەنجامی دەدەن لەخودا بزر نابێ! هەروەها ئەو خۆشەویستی و دڵنەرمی و خێرخوازییەی موسوڵمانان بەرامبەر ئێوە هەیانە لێ‌ی گوم نابێ، پاداش و سزای کوفرو ئیمانی هەردوولاتان. هەریەکەتان بەگوێرەی خۆی چاکە بە چاکە و خراپە بە خراپە دەداتەوە!

ئەی خاوەن باوەڕان! ئەو خودا نەناسانە دوژمنی راستەقینەی ئێوەن

چونکە ﴿إن تمسسكم حسنة تسؤكم﴾ ئەگەر سەربەرزی و سەرکەوتوویی و سەروەرییەکتان بەدەست هێنا، وەکوو: ئەوە بەسەر دوژمندا زاڵ ببن، یان خەڵک روو بکاتە ئیسلام و پاڵتان لێ بدا یان هەرزانی و خێرو فەڕتان لەناودا بڵاوبێتەوە! ئەوان پێی نارەحەت دەبن غەم و خەفەت دایان دەگرێ -دەبنە پیرەژنی دۆڕژاو ؟!-

﴿وإن تصبكم سيئة يفرحوا بها﴾ ئەگەر ناخۆشییەکتان بێتە پێش وەکوو تێکشکانێک لەشەڕدا، یان هاتنی بەڵایەک بەسەرتان دا، یان کەوتنەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوانتان دا. ئەوە ئەوان پێی کەیف خۆش دەبن و توکەی سمێڵیان دێ.

﴿وإن تصبروا وتتقوا لايضركم كيدهم شيئا﴾ ئەگەر ئارام بگرن لەسەر ناخۆشی ژیان و خۆڕاگربن لەبەرامبەر پیلانی دوژمنانی ئایین و پابەندی فەرمانی خوادابن و، هەرچی نەهیتان لێ کراوە لێی دوورە پەرێز بن کە یەکێ لەو شتانەی نەهیتان لێ کراوە دۆستایەتی‌کردنی خودانەناسانە- ئەوە فرت و فێڵی ئەوان زیانتان پێ ناگەیەنێ، چونکە ئێوە پەیمانی بەندایەتی خۆتان بەرامبەر بە خودا بەجێ هێناوە، خوداش پەیمانی خودایەتی خۆی دەربارەی ئێوە ئەنجام دەدا، لە داوو نەخشەو پیلانی گڵاوی ئەوان دەتانپارێزێ! ﴿إن الله بما يعملون محيط﴾ بێگومان خودا ئاگادارە بەو هەڵوێست و کردەوانەی هەردوولا ئەنجامی دەدەن، دەزانێ هۆکاری کردارەکان چین و پێشەکی و ئاکام و ئامانجی کردەوەکانتان چییە.

بەکورتی خودا ئێوەی شارەزا کردووە بۆ ئەو شتانەی -ئەگەر پەیڕەوییان بکەن- لە فێڵی دوژمنان رزگارتان دەکا، پێویستە بزانن کە خودا ئاگادارە بە کردەوەی دوژمنان و دەتوانێ نەهێڵێ ویستی خۆیان لە ئێوەدا بهێننە دی!

تێبینی: ئایەتی (١١٨) چوار حوکمی سەرەکی لەخۆ گرتوون:

١- جەخت کردن لەسەر پەنا نەبردن بۆخودانەناسان.

٢- نەهی کردن لە موسوڵمانان لەوە کە کافرو جوولەکە و گرۆهی هەوەسباز بکەنە موستەشارو ئەمینداری خۆیان، لە گۆڕینەوە و دانو سانی راوو هەڵوێستی گرنگ دا بیان کەنە نوێنەر و وتە بێژی خۆیان!

هەروەها نەهی کردن لە دامەزراندنیان لە شوێنی گرنگ و حەساسی فەرمانگەی دەوڵەت دا، بەڵام دامەزراندنیان لە کاروباری ئاسایی دەوڵەت دا بەموچەخۆر و کارگوزار لەشوێنی ناگرنگ دا خراپی تێدا نیە، چونکە جێنشینەکانی پێغەمبەر هەر لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب و دواییش فەرمانڕەوای موسوڵمانان پەیڕەوی ئەم کارەیان کردووە.

٣- ئەو نەهیەی لە ئایەتەکەدایە روودەکاتە بەکارهێنانی ناموسوڵمانان بۆ رازگرىو سپاردنی کاری گرنگ پێیان!

٤- ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە شایەدی دوژمن لەسەر دوژمن وەرناگیرێ زانایانی مەدینە و حیجاز ئەم فتوایەیان داوە، ئەبو حەنیفە دەڵێ: وەردەگیرێ.

جەنگی ئوحودو رێکخستنی سوپای ئیسلامی

وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ ٱلْمُؤْمِنِينَ مَقَـٰعِدَ لِلْقِتَالِ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٢١﴾ إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلَا وَٱللَّهُ وَلِيُّهُمَا ۗ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٢٢﴾ وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢٣﴾ إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَن يَكْفِيَكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلَـٰثَةِ ءَالَـٰفٍ مِّنَ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةِ مُنزَلِينَ ﴿١٢٤﴾ بَلَىٰٓ ۚ

إِن تَصْبِرُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ هَٰذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم بِخَمْسَةِ ءَالَٰفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُسَوِّمِينَ ﴿١٢٥﴾ وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِۦ ۗ وَمَا ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿١٢٦﴾ لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنقَلِبُوا۟ خَآئِبِينَ ﴿١٢٧﴾ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَىْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿١٢٨﴾ وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ

يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٩﴾

ئەم کۆمەڵە ئایەتانەی سوورەتی (ال عمران) لەئایەتی (١٢١-١٢٩) دەربارەی رووداوی جەنگی بەدرو ئوحود دەدوێن، بۆیە جێی خۆیەتی کە پێش ئەوەی بچینە سەر راڤەکردنی ئایەتەکان بەسەرپێییەکەوە کورتەیەک باسی رووداوەکان بکەین.

جا وەکوو مێژوونووسان و ترێژەرەوانی ژینامەی پێغەمبەر ﷺ نووسیویانە دەڵێن: جەنگی بەدر لە حەقدەی رەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچی بەرپا بوو، ئەمەش پاش ئەوەی کە موسوڵمانەکان هەواڵیان پێگەیشت کە کاروانێکی قورەیشییەکان لەشامەوە دەگەرێتەوە بۆ مەککە، پێغەمبەر ﷺ هێزێکی ناردنە سەر رێگا بۆ ئەوە پێشیان پێ بگرنو کاروانەکە رووت بکەنەوە.

موسوڵمانەکان ویستیان ئەو کاڵاو شتو مەکەیان لێبستێنن بەمەبەستی ئابڵوقەی ئابووری خستنە سەریان و بژاردنەوەی ئەو ماڵ و سامانەی کە قورەیشییەکان لە مەککە لە موسوڵمانە کۆچکەرەکانیان داگیر کردبوو، بەڵام ئەبو سوفیان کە سەرکردەی کاروانەکە بوو، زووتر

هەستی بە جم و جوڵی موسوڵمانەکان کردبوو، ڕێگای کاروانەکەی گۆڕی و بەکوێرە ڕێیەکێ دا لەقەراخ دەریاوە تێپەڕ بوو، لەچنگی موسوڵمانەکان قوتار بوو، پێش ئەوەش ئەبو سوفیان تەتەرێکی بە پەلە ناردبوو بۆ مەککە بۆ ئەوەی فریایان بکەون! جا قوڕەیشی‌یەکان هەرچەندە کاروانەکەیان بەسەلامەتی رزگاری بوو بوو، بەڵام ئەم ڕێپێگرتنەیان زۆر لەسەر شان گران بوو، هەستیان بەوە کرد: کە خەتەریان لەسەرەو موسوڵمانەکان بەهێز بوون و هەوڵی لەناوبردنیان دەدەن، ئەوەندەی تر رقو کینەیان دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەر زیادی کرد، دڵیان لیّ پڕ بوون، پەیوەندییان بە خێڵە عەرەبەکانەوە کردو زوربەی زۆریان ئامادەباشی خۆیان پیشان دا، لەشکریان کۆکردبووەوە، لە قوڕەیشی‌یەکان -کەمێک نەبێ- هەموویان خۆیان بۆ شەڕ تەیار کردبوو، زیاد لە هەزار جەنگاوەریان کۆبووبووەوە، پاڵەوان و سوارچاک و شەڕکەری ئازایان تێدا بوو، بڕیاری شەڕکردن لەگەڵ موسوڵمانەکانیان داو بەرەو مەدینە کەوتنە ڕێ!

لەو لاشەوە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی دەیانویست هەواڵی کاروانەکە بزانن و ئاگایان لەم لەشکرە گەورەیەی قوڕەیش نەبوو، کاتێک کە پێغەمبەر ﷺ بەم هەواڵەی زانی و لەهەڵوێستی قوڕەیشیی‌یەکان حاڵی بوو، ڕاوێژی لەگەڵ هاوەڵانی دا کردو بار و دۆخەکەی بۆ شیکردنەوە، چونکە ئەوان لەمەدینە بەهومێدی دەسگیرکردنی کاروانەکە دەرچووبوون و ئێستا وا ڕووی داستانەکە گۆڕاوە، سوپای موسوڵمانەکان سێ سەدو سیانزە کەس بوون، تەنها دوو ئەسپ سوارو حەفتا وشتریان پێ بوو، ئەوانی تر هەموویان پیادە بوون و چەک و سیلاحی پێویستیشیان پێ نەبوو، ئەوسا بە تەمای گرتنی کاروانێک بوون کە سی چل کەسی لەگەڵدا بێ؛ ئێستە وا ڕووبەڕووی سوپایەکی گەورەی قوڕەیش دەبنەوە، بەهەر حاڵ دوای ڕاوێژ و گفت و گۆیەکی زۆر بڕیاری بەرەنگاربوونەوە درا!!

ئیتر موسوڵمانەکان بەرەو مەککە کەوتنە ڕێ، لەنزیک بیرێک کە

هی بەدر ناوێک بوو پێک گەیشتن، دوایی ئەو شوێنە بەناوی ئەو بەدرەوە ناوبانگی دەرکرد، برێکیش دەڵێن: بیرەکە ناوی بەدر بووە شوێنەکە بەناوی بیرەکەوە ناوی رۆیشتووە، شەڕ دەستی پێکرد و موسوڵمانەکان سەرکەوتنیان تێدا بەدەست هێناو قورەیشییەکان بەتەواوی تێشکان و بوونە پەندو عیبرەت، جەنگێکی یەکلاکەرەوە بوو، ئاکامی دوا رۆژی هەردوولای دیاری کرد، لەناو دورگەی عەرەب دا دەنگی دایەوە! قورئانی پیرۆز لە شوێنێکی تردا رۆژی بەدری بە (یوم الفرقان) ناو بردووە و دەفەرموێ: ﴿**إن كنتم امنتم با لله وما أنزلنا على عبدنا يوم الفرقان يوم التقى الجمعان**﴾الانفال/٤١.

لەو شەڕەدا تاقمی کەم و خاوەن بڕوا بەسەر تاقمی زۆرو بتپەرست دا سەرکەوتن ﴿**ولقد نصركم ا لله ببدر وأنتم أذلة**﴾ لەو شەڕەدا خودا فریشتەی نارده یارمەتی موسوڵمانان، جەنگێک بوو خۆڕاگری و ئازایەتی موسوڵمانانی تێدا دەرکەوت، پێغەمبەر ﷺ خۆی بەشداری تێدا کرد، لەوشەڕەدا لایەنی ئیمان و عەقیدەو پشت بە خودا بەستن لەکاتی لێک راکێشان و تێکرژان دا دەرکەوت. پێغەمبەر ﷺ بە ماوەیەکی کەم پێش دەست پێکردنی جەنگەکە کەوتە پاڕانەوەو دوعا کردن و دەیفەرموو: خودایە! ئەوەی بەڵێنت پێداوم بۆم بهێنە دی، خودایە! داواکاری یارمەتی تۆین! هەردوو دەستی بەرزکردبووەوە بۆ ئاسمان بە جۆرێک کە ریداکەی سەرشانی کەوتە خوارێ، ئەبوبەکر هەڵیگرتەوە و خستیەوە سەر شانی موبارەکی و لەدواوەی وەستا! تەنانەت پاڕانەوەکەی پێغەمبەر ئەوەندە بەکوڵ و سۆز بوو، ئەبوبەکر بەزەیی پێداهاتەوە ﴿**اذ تستغيثون ربكم فاستجاب لكم أني ممدكم بألف من الملائكة مردفين**﴾الانفال/٩.

ئیتر قورەیشییەکان بەم تێکشکانەو ئابڕووچوونەیان لە جەنگی بەدردا ئەوەندی تر شێت گیر بوون و رقیان هەڵسا! ئەبو سوفیان سەرۆکی قورەیشییەکان، زیاتر پەرەی بە دژایەتیکردنی پێغەمبەر و هاوەڵانی دا، لێبڕا بۆ هەڵنان و تەیارکردنی خەڵک بۆ تۆڵە سەندنەوە لە

موسوڵمانان. ماڵ و دارایی‌یەکی زۆری کۆکردەوە، سوپایەکی سێ هەزار کەسیی پێکەوە نا، حەوت سەد زرێپۆش و دوو سەد سواریان تێدا بوو یەکێ لەو شەڕکەرە سوارچاکانە صەفوانی کوڕی ئومەییە بوو، پێغەمبەر ﷺ لەمەدینە بەم هەواڵەی زانی و لەشکرکێشی قورەیشی‌یەکانی پێ گەیشتەوە، خێرا راوێژی لەگەڵ هاوەڵانی دا کردو راوو بۆچوونی خەڵکەکەی وەرگرت، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی (سەرۆکی دووڕووەکان) و ریش سپی جوولەکەکان رایان وابوو موسوڵمانەکان لەشار نەچنە دەرێ و ئەگەر هاتنە سەریان لەناو ماڵان دا شەڕیان لەگەڵ بکەن! پێغەمبەریش ﷺ بۆخۆی چوونەدەرەوەی شاری بەلاوە باش نەبوو، بەڵام گەنجە موسڵمانەکان بەتایەتی کە هەندێکیان ساڵی پێشوو ئامادەی جەنگی بەدر نەبووبوون حەزیان لەوە بوو؛ بەرەو روویان بچن و لە دەرەوەی مەدینەدا شەڕیان لەگەڵ دا بکەن! وتیان ئەی پێغەمبەری خوا! پێشمان بکەوەو بمانبەرە دەرەوەی شار با لەوێ بەرەنگاری دوژمن ببین!

با نەڵێن ترسنۆك و بێهێزن، ئەوێران بەرامبەرمان بوەستن! ئیتر ئەوەندە لە پێغەمبەر پاڕانەوە و تکایان لێ کرد کە بەرەو پیریان بڕۆن و پێشیان پێ بگرن، هەتا پێغەمبەر ﷺ رۆیشتەوە ماڵەوەو چەکی جەنگی لە خۆ بەست و هاتە سەر رای ئەوانەی کە داوای شەڕکردنیان دەکرد لە دەرەوەی شار!! کە پێغەمبەر ﷺ هاتە دەرەوە و چەکی جەنگی لە خۆ بەستبوو، ئیتر ئەوانەی کە داخوازی ئەوە بوون بڕۆنە دەرەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی قورەیشی‌یەکان پەشیمان بوونەوە و، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ زیادەڕۆییمان کردو زیاد لە ئەندازە پێکیشیمان لێ کردی، ئێمە پەشیمانین ئەگەر دەفەرموی: با نەچین!!! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەر پێغەمبەرێك چەکی شەڕی هەڵگرت و زرێی پۆشی؛ هەتا جەنگەکە نەکا نابێ چەکەکەی دابنێتەوە، ئیتر بە سوپایەکی هەزار، یان نۆ سەدو پەنجاکەسیەوە، لە مەدینە دەرکەوت و بەرەو کێوی ئوحود کەوتنە رێ، سوپاکە دووسەد زرێپۆش و دوو ئەسپ سواری تێدا بوو، رۆژی

شەممە حەوتی مانگی‌شەوالی سالی سێیەمی کۆچی بە مەسافەی سێ کیلۆمەتر لە شیمالی مەدینە لە دامێنی کێوی ئوحود بارگەی لێ خست و پالی دا بەکێوی ئوحودەوە و، جەنگاوەرانی دابەش کردن، پەنجا تیرهاوێژی دەستنیشان کردن و عەبدوڵلای کوڕی جوبەیری کردە فەرماندەیان و لەسەر کێوەکە دیمەزران و پێی فەرمووی: پارێزگاریمان لێ بکەن و، مەهێلن دوژمن پشتمان لێ بگرێ، ئامۆژگاریشی کردن و پێی فەرموون: ئێمە سەربکەوین یان بشکێین، ئێوە ئێرە بەجێ مەهێلن! تەنانەت ئەگەر دیتان بالندە زەلام دەڕفێنێ؛ ئێوە هەر مەجوولێن و ئێرە چۆل مەکەن!

سوپای ئیسلام بەرەو رووی دوژمن وەستا و هەلگیرسانی شەڕ نزیک بووەوە، ئالای پێغەمبەر ﷺ بەدەستی موصعەبی کوڕی عومەیر بوو، زوبەیری کوڕی عەوام سەرکردەی بالێکی لەشکرەکە بوو، بالێکیشیانی بەسەرکردایەتی مونذیری کوڕی عەمرو بوو، لەشکری کافرەکانیش لای راستی لەژێر فەرماندەی خالیدی کوڕی وەلیدا بوو، لای چەپیشی لەژێر سەرکردایەتی عیکرمەی کوڕی ئەبو جەهل دا بوو، ئالاکەشیان بەدەستی طەلحەی کوڕی ئەبو طەلحەوە بوو، تیرئەندازەکانیان سەد کەس بوون عەبدوڵلای کوڕی ئەبو رەبیعە سەرکردەیان بوو!

هێشتا شەڕ دسەتی پێ نەکردبوو، سەرۆکی دوڕووەکان عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی بەخۆی و سێ سەد کەس لە هاوەلانی مەیدانی جەنگیان بەجێهێشت و گەڕانەوە، وتی: پێغەمبەر بەقسەی مندال و پال دەکا و گوێ بۆ ریش سپی وەکوو ئێمە ناگرێ! بە گەڕانەوەی دووڕووەکان تەنها حەوت سەد کەس لەگەل پێغەمبەر ﷺ مانەوە.

لەلایەکی ترەوە بنەمالەی (بەنو سەلەمە) و بنەمالەی (حاریثە) کە لە یاریدەدەران بوون خەریک بوون ئەوانیش هاوبەشی جەنگی ئوحود نەکەن، بەلام خودا یارمەتیدان و رایان گۆڕی و هاوبەشییان کرد، قورئان ئاماژە بۆ ئەم هەلوێستەیان دەکا و دەفەرموێ: ﴿**إذ همت طائفتان أن تفشلا**

وا لله وليهما﴿ال عمران/١٦٧.

شەڕ دەستی پێ کرد، هیندی کچی عەتەبە و ژنی ئەبو سوفیان لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەتی تر لەدوا قورەیشی‌یەکانەوە تەپڵ و دەفیان لێ دەدا، جەنگاوەرانیان هان دەدا بۆ تۆڵە ساندنەوەی کوژراوانی بەدر! لەم لاشەوە ئەبو دوجانە کە شمشێرەکەی پێغەمبەری وەرگرت و پەیمانی دا مافی خۆی بداتێ، شەڕێکی باشی پێ کرد، هەرکەسێکی بەرەنگاری دەبوو دەیکوشت! حەمزەی مامی پێغەمبەر شەڕێکی جەربەزانەی کردو کۆمەڵێکی لە پاڵەوانانی قورەیش کوشت، کە موصعەبی کوڕی عومەیر -هەڵگری ئاڵا- شەهید بوو، پێغەمبەر ﷺ ئاڵاکەی دا بە عەلی کوڕی ئەبو تالیب.

وەحشی کە نۆکەر و بەندەی (موطعیم)ی کوڕی جوبەیر بوو، هەلی بۆ هەڵکەوت و فرصەتی لە حەزرەتی حەمزە هێنا و حەربەیەکی بۆ هاویشت و شەهیدی کرد و بوو بە سەروەری شەهیدان!!

سوپای کافرەکان تێشکاو ئاڵاکەیان کە بەدەست طەلحەوە بوو کەوتە خوارێ؛ کوڕەکەی هەڵیگرتەوە، دوایی براکەی ورەی جەنگاوەرانیان رووخا و نزیک بوو سەرکەوتن بۆ موسوڵمانەکان دەستەبەر بێ، ئەگەر تیرهاوێژەکانی سەر کەژەکە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەریان نەکردایە و شوێن و سەنگەری ستراتیجی خۆیان چۆڵ نەکردایە و نەهاتنایەتە خوارێ! بۆ کۆکردنەوەی تاڵان و دەستکەوتی جەنگ! بەڵێ تیرهاوێژان تەماعیان بەرکەوت و -کەمێکیان نەبێ لەگەڵ عەبدوڵلا مانەوە- ئەوانی تر شوێنەکەی خۆیان بەجێ هێشت و هاتنە خوارێ...

خالیدی کوڕی وەلید کە سەرکردەی هێزێکی کافرەکان بوو هەستی بەو کەلەبەرە کردو لەگەڵ کۆمەڵێک لە سوارەی قورەیش لەپشتەوە هەڵمەتی بۆ بردن و شوێنی تیرهاوێژەکانی گرت و ئەو چەند کەسەی لە سەنگەرەکاندا لەگەڵ عەبدوڵلا مابوونەوە و شوێنەکانیان بەجێ نەهێشتبوو شەهیدیان کردن، ئەمجار هەر ئەم تاقمەی خالید لە پشتەوە

هەڵمەتی لە نکاویان هێنایە سەر موسوڵمانەکان و شپرزەیان کردن، هەر لەو ماوەدا دەنگ بڵاوبووەوە کە پێغەمبەر شەهید کرابێ، مسووڵمانەکان ئەوەندەی تر پرشتیان لێ بڕاو کەوتنە پاشەکشە و هەڵاتن، کافرەکان ئەوەندە لە پێغەمبەر نزیک بوونەوە بەبەرد پێدادان شەپرزەیان کرد، چەند بەردێکی بەرکەوت، ددانی موبارەکی شکا، سەری شکا، لێوی بریندار بوو، خوێن بە دەم و چاویدا هاتە خوارێ، هەردوو ئەژنۆی ئازاریان پێ گەیی، ئیتر خوێنی لەدەم و چاوی دەسڕی و دەیفەرموو چۆن ئەو نەتەوەیە سەرکەوتوو دەبن دەم و چاوی پێغەمبەریان خوێناوی کردبێ؟؟ بانگەوازی موسوڵمانانیشی دەکرد بۆ لای خودا، ئیتر عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەستی گرت و طەلحەش هەڵیستاندەوە، مالیکی کوڕی سەنان خوێنی دەم و چاوی پێغەمبەری بە زمان لستەوە و قووتی دا!

ئەمجار پێغەمبەر ﷺ لەدواوە دەستی کرد بە بانگ کردنی موسوڵمانان و دەیفەرموو: بەندەکانی خودا: وەرن بۆ لای من، ئەمن پێغەمبەرم شەهید نەکراوم، ساغ و سەلامەتم، بگەڕێنەوە هەڵمەیەن! لە شوێنێکی تردا قورئان وێنەی ئەمەی کێشاوەو دەفەرموێ: ﴿**إذ تصعدون ولا تلوون على أحد والرسول يدعوكم في أخراكم فأثابكم غما بغم**﴾ال عمران/١٥٣.

ئەبو سوفیان لە بەرزاییەکەوە بەدەنگی بەرز دەینەڕاند و دەیگوت: کێتان موحەممەدی کوشتووە.؟ با بیناسین دوایی خەڵاتی بدەینێ! عەمری کوڕی قومەیئە وتی: من کوشتوومە. کەعبی کوڕی مالیک یەکەم کەس بوو مژدەی رزگاربوونی پێغەمبەری بە موسوڵمانان راگەیاند! ئیتر پێغەمبەر ﷺ لە چنگی کافرەکان رزگاری بوو ﴿**وا لله يعصمك من الناس**﴾المائدة/٦٧. لەو شەڕەدا پێغەمبەر ﷺ بەدەستی خۆی ئوبەی کوڕی خەڵەفی کوشت کە لەوەپێش پیلانی شەهیدکردنی پێغەمبەر لەلایەن ئەوەوە نەخشەی بۆ کێشرابوو. پێغەمبەر ﷺ لەهەموو ژیانیدا تەنها ئەم خودانەناسەی کوشتووە، ئایەتی ﴿**ومارميت إذ رميت ولكن ا لله رمى**﴾الانفال/١٧. دەربارەی کوشتنی ئەم کابرایە هاتۆتە خوارێ!

بەڕاستی ڕۆژی ئوحود بەڵایەکی سامناک بوو بۆ موسوڵمانان! حەفتا جەنگاوەریان لیٚ شەهید کرا! لە کافرەکان تەنیا بیست و دوو کەس کوژرابوون دیمەنەکە سامناک بوو: لە گۆڕەپانی شەڕدا ئیمامی حەمزە بەکوژراوی هیندی کچی عەتەبە سکی هەڵدڕی بوو، بە ددان جەرگی جوو بوو، ئەبو سوفیان بە هەموو هێزی خۆی دەینەڕاند و دەیگوت: ئەمە تۆڵەی شەڕی بەدرە!

ئەی بتی (هبل)! ئایینی تۆ سەرکەوت، ئەمجار وتی: مەوعیدمان بەدربیٚ لە ساڵی داهاتوودا لەوێدا خۆتان دەبیننەوە دەبیٚ لەویش دا شەڕێکی ئاواتان لەگەڵ بکەین، تێکتان بشکێنین! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی پیٚی بڵێن : باشە با مەوعیدمان بەدر بیٚ!

ئەمجار شەڕ کۆتایی هات و مەیدان چۆڵ بوو، پێغەمبەر ﷺ بەشوێن لاشەی حەمزەدا گەڕاو دۆزییەوە، ورگی هەڵدڕابوو لووت و گوێیان بڕیبوو، زۆری پەرۆش بوو، بۆی خەمناک بوو، وتی: ئەگەر خودا جارێکی تر بەسەر ئەوان دا سەرم بخا دەبیٚ دەم و لووتی سی کەسیان ببڕم! دەبیٚ سی کەسیان ئاوا لیٚ هەتک بکەم! ئەمجار بە عەباکەی داپۆشی و نوێژی لەسەر کردو حەوت جار ئەڵلاهوئەکبەری لەسەر کرد! شەهیدەکانی تری لە پەناوە ریزکردن یەک لەدوای یەک نوێژی لەسەر کردن، تا حەفتاو دوو نوێژی لەسەر کردن، ئەمجار حەمزەیان ناشت و فەرمانی دا شەهیدەکانی تریش هەریەکەی لەو جێگایەی لیٚی شەهیدکراوە بنێژریٚ.

هۆی تێکشکانی موسوڵمانەکان لەجەنگی ئوحود دا -وەکوو دەرکەوت- بەگویٚ نەکردنی تیرهاوێژەکان بوو بۆفەرمان و ئامۆژگاری پێغەمبەر و بەجیٚهێشتنی سەنگەرەکانیان بوو،، بۆ کۆکردنەوە و گرتنی تالان! دیارە ئەم نەبەردە تاقیکردنەوە بوو بۆ موسوڵمانەکان، پاڵفتەکردن و پەروەردەکردن بوو بۆخاوەن باوەڕان ، خودا پیٚی زاناندن کە سەرکەوتن بەستراوە بە دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی و تێشکانیش نابیٚ ببێتە هۆی رووخانی بیروباوەڕ و شێوانی عەقیدە!

ئەمجار پاش ئەم رانواندنە سەرپێی‌یەی جەنگی بەدرو ئوحود دێینەوە سەر راڤەکردنی ئایەتەکان کە دەفەرموێ: ﴿وإذ غدوت من أهلك تبوئ المؤمنين للقتال﴾ ئەی موحەممەد! ئەوە بۆ هاوەڵانت باس بکە کە لە ماڵی خۆت هاتیە دەرەوە رۆژی شەممە حەوتی شەووالی ساڵی سێیەمی کۆچی بەرەو کێوی ئوحود کەوتیتە رێ و لەوێ پیلانی شەڕت دا دەنا، موسوڵمانانت دابەش دەکردن سەنگەرو شوێنی جەنگەکەت بۆ دیاری دەکردن، بەسەر شوێنەکان دا دابەشت دەکردن، ئامۆژگاری جەنگاوەرانت دەکرد، ورەت بەرز دەکردنەوە،کۆمەڵێک تیرهاوێژت لەسەر کەژەکە دامەزراندن، تاقمێک جەنگاوەرت لەلای راست و دەستەیەک لەلای چەپەوە دامەزراندن، شوێنی تایبەتیت بۆ سوارەکان تدیاری دەکرد، ﴿وا الله سميع عليم﴾ خودا شنەوابوو بۆ ئەو راوێژەی لەگەڵ هاوەڵانت دا کردت لە مەدنە، کەکۆمەڵێک وتیان: لەشار دەرنەچین تا دێنە سەرمان و تاقمێکیشتان ورتان: با بڕۆینە دەرەوە و لە دەرەوەی شار بەرەنگاریان ببین، خودا زانایە بە هەموو نییەت و مەبەست و کردەوەیەک، دەزانێ کێ راستە و بەدڵ قسەی دەکردو دڵسۆزی ئایین بوو، کێ هەڵە بوو، کێ دوو روو بوو -با رایەکەشی راست بووبێ وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی و هاوەڵانی دووڕووی- هەروەها خودا ئاگاداری ئەوەش بوو ﴿إذ همت طائفتان منكم أن تفشلا وا الله وليهما﴾ ئەو کاتەی کە دوو تاقم لە یاریدەدەران کە دەستەی بەنو سەلەمە لە هۆزی ئەوس و دەستەی بەنو حاریپە لە هۆزی خەزرەج کە دوو باڵی لەشکری موسوڵمانان بوو، سێیەکی سوپاکەش بوون ویستیان لاوازی بنرێنن و ترسنۆکی پیشان بدەن، خۆپاش دەن و هاوبەشی جەنگەکە نەکەن. ئەوەش لەکاتێکی زۆر حەسساس و ناسک دا بوو لەو کاتەی بینیان دووڕووەکان گەڕانەوە، بەڵام خودا یارمەتیدان، چونکە ئەوان دووڕوو نەبوون، ئیمانیان راست بوو، ئەو ریسواییەی بەسەردا نەهێنان و لە ترس و دەلاتن و گەڕانەوە پاراستنی و ئەو خەتەرەی بەدڵیان دا هات بە تاوان بۆی حسێب نەکردن، چونکە

ویستی خراپەکردن تا بە کردەوە ئەنجام نەدرێ بە تاوان دانانرێ، ئاماژە بەوە کە خودا دەفەرموێ: ﴿وا لله ولیهما﴾ خودا پشتیوان و پەنایانە.

﴿وعلی ا لله فلیتوکل المؤمنون﴾ با موسوڵمانان هەر بە خودا پشت ئەستوور بن و تەوەکولیان هەر لەسەر زاتی پاکی بێ، هەرگیز بەهێزو بازووی خۆیان نەنازن، بەڵکو دوای -دەستەبەرکردنی هۆکارەکان و ئامادەکردنی پێویستی‌یەکان و پێکەوەنانی سوپاو دابین کردنی چەك و تەقەمەنی پێویست بە گوێرەی رۆژگار- دەبێ پشت بەستنیان بە خودا بێ، نەك بە توانای خۆیان و کۆمەکیکارانیان بنازن و پشت ئەستوور بن! چونکە ئەوە لەسەر ئادەمیزاد پێویستە کە هۆکار بەدەست بێنێ و ئەمجار ئاکام و ئامانجەکان بداتە دەست خودا!

پەروەردگار بەویستی خۆی هەمیشە یارمەتیدەری کۆمەڵی کەم و باوەڕدارە، زاڵیان دەکا بەسەر کۆمەڵی زۆری بێ بڕوادا، وەکوو چۆن لەجەنگی بەدردا موسوڵمانانی بێ چەك و کەل و پەلی جەنگیی -بەڵام خاوەن بڕواو ورە بەرزی بەسەر سوپای کوفری قوڕەیشی‌دا زاڵ کرد!! وەکوو دەفەرموێ: ﴿ولقد نصرکم ا لله ببدر وأنتم أذلة﴾ واتە: ئەگەر ئێوە خۆڕاگربن تەقوای خودا بکەن و پشت بە هێزی بێ سنووری ئەو ببەستن! ئەوە پیلان و تێکۆشانی بێدینان بۆ لەناوبردنتان چ نرخێکی نیە و هیچ ترسێکی لەسەر ئێوە نابێ، خودا یارمەتیتان دەدا، وەکوو چۆن لەبەدردا سەرکەوتووی کردن بەسەر دوژمن دا، لەحاڵێك دا ئێوە ئەو رۆژە کەم و بێ چەك و سیلاحی پێویست بوون و کەس کۆمەکی پێ نەدەکردن! کەچی خودا زاڵی کردن بەسەر ئەو دوژمنە سەر سەختەی کە خۆیان بۆ لەناوبردنتان تەیارو ئامادەباش کردبوو، بە ژمارە لەئێوە زۆرترو لە چەك و ئەسبابی شەڕ زۆر لە ئێوە پۆشتەترو بە تواناتر بوون.

جا کە ئێوە خۆگر بن بۆ فەرمانی خوداو پابەندی فەرمان و نەهییەکانی بن ئەوە یارمەتیتان دەدا و سەرکەوتوتان دەکا، وەکوو چۆن لەجەنگی بەدردا یارمەتی دان و سەرکەوتووی کردن ﴿فاتقوا ا لله لعلکم

تشکرون﴾ تەقوای خودا بکەن، لەخودا بترسن بەوە پابەندی فەرمانەکانی بن و خۆ لە نەهی‌یەکانی بپارێزن، بۆ ئەوەی دڵ و دەروونتان رام بکەن بۆ سوپاسگوزاریی لەسەر یارمەتیدانتان بەسەر دوژمن دا، سەرخستنی ئایینەکەتان و شارەزایی‌کردنتان بۆ رێبازێکی پیرۆز کە ناحەزانتان لێیان گوم بووە، چونکە کەسێك خۆی رام نەکا بۆ تەقواکاری ئەوە هەواو هەوەس بەسەریدا زاڵ دەبێ و ئومێدی سوپاسکردنی نیعمەتەکانی خودای لی‌ رەچاو ناکرێ!

بێگومان خودا یارمەتی دان ﴿إذ تقول للمؤمنين﴾ ئەو کاتەی ورەی موسوڵمانانت بەرزکردەوە و پێت دەگوتن: ﴿ألن يكفيكم ربكم أن يمدكم بثلاثة آلاف من الملائكة منزلين﴾ ئایا بەستان نیە کە پەروەردگارتان بە سێ هەزار فریشتە یارمەتیتان بدا؟ بەستان نیە سی‌ هەزار فریشتە بنێرێتە خوارێ بۆ کۆمەکی پێ کردنتان؟؟

ئیبنو ئەبو شەیبەو ئیبنول مونذیر و هی تریش لە (الشعبی)یەوە دەگێڕنەوە کە لە رۆژی جەنگی بەدردا موسوڵمانەکان هەواڵیان پێ گەییشت کە کورزی کوڕی جابیری (المحاربی) دەیەوێ یارمەتی کافرەکان بداو کۆمەکییان پێ بکا، ئەمە زۆر لەسەر شانی موسوڵمانان گران بوو، ئیتر خودا ئەم موژدەیەی دا بە پێغەمبەرو موسوڵمانان!

ئیمامی فەخری رازی لەتەفسیرەکەی دا دەفەرموێ: هەموو زانایانی تەفسیرو شارەزایانی ژینامەی پێغەمبەر لەسەر ئەوە کۆکن کە رۆژی بەدر خودا فریشتەی ناردوونە خوارێ بۆ شەڕکردن لەگەڵ کافرەکان دا و یارمەتیدانی موسوڵمانان.

ئیبنو عەبباس ﷺ فەرموویەتی: فریشتە -کە یارمەتی خوداناسانیان داوە تەنها رۆژی بەدر شەڕیان لەگەڵ خودانەناسان دا کردووە، جگە لە رۆژی بەدر یارمەتیدانەکەیان رواڵەتی بووە، بۆ چاوترسان بووە، یارمەتیدانێکی مەعنەوی بوو ﴿بلى إن تصبروا وتتقوا﴾ بەڵێ: ئەگەر خۆڕاگربن و ئارامتان هەبێ، لەسەر بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و خۆپارێز

بن لە تاوان و سەرپێچی فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودا نەکەن ﴿ویأتوکم من فورهم هذا﴾ کافرەکان بێنە سەرتان و شەڕتان لەگەڵ بکەن ﴿یمددکم ربکم بخمسة آلاف من الملائکة مسومین﴾ کۆمەکیتان پێ دەکا بە پێنج هەزار فریشتەی نیشانەکراو.

قەتادە دەفەرموێ: یارمەتیدانی موسوڵمانان بە فریشتە، رۆژی بەدر بووە! لە سەرەتاوە هەزار فریشتە، دوایی بوون بە سێ هەزار، دوایی بوون بە پێنج هەزار، قورئان ئاماژە بۆ ئەمە دەکا و دەفەرموێ: **﴿إذ تستغیثون ربکم فاستجاب لکم أني ممدکم بالف من الملائکة مردفین﴾الانفال/٦.** یان دەفەرموێ: **﴿ألن یکفیکم أن یمدکم ربکم بثلاثة الاف من الملائکة منزلین﴾** یان **﴿بلی إن تصبروا وتتقوا ویاتوکم من فورهم یمددکم ربکم بخمسة الاف من الملائکة مسومین﴾**

ئەوە بوو موسوڵمانان لە رۆژی بەدردا خۆڕاگر بوون و تەقوای خودایان کرد. پەروەردگار یارمەتی دان بە پێنج هەزار فریشتە وەکوو بەڵێنی پێدابوون، ئەمانە هەموویان رۆژی بەدر بوون.

ئەم کۆمەکیکردنە کۆمەکییەکی ماددی و فیعلی بووە. فریشتە هاوبەشی شەڕیان کردووە. زۆر ریوایەت و فەرموودە هەن ئەم راستییە دەچەسپێنن! بوخاری و موسلیم چەند فەرموودەیەکیان لەم بارەوە گێڕاوەتەوە، ئەم کۆمەکیکردنە کۆمەکی کردنێکی مەعنەوی نەبووە وەکوو خاوەنی تەفسیری مەنار بۆی چووە و رایەکی بڕێ موفەسیری ترە، کە لە کۆندا ئەم رایەیان دەربڕیوە وتوویانە: سوود لە زۆری فریشتە ئەوە بووە کە نزا بکەن و تەسبیحات بکەن شەڕکەران زۆر بکەن. ئیتر بەپێی ئەم رایە فریشتە رۆژی بەدر بە فیعلی بەشداری جەنگەکەیان نەکردووە، ئامادە بوونەکەیان تەنها بۆ ورە بەرزکردنەوەو پاڕانەوە بووە.

رای یەکەم؛ رای راڤەکەرانی قورئانە، ئەم مانایە لەم رووەوە دەبێ: کە بڵێین: ئایەتی **﴿إذ تقول للمؤمنین ألن یکفیکم﴾** بیرخستنەوەیان بێ بە رووداوی بەدر و هاوبەشی کردنی فریشتە لە جەنگەکەدا. کەچی لە

عەکرەمەو ضەحاکەوە گێردراوەتەوە فەرموویانە: ئەمە رۆژی جەنگی ئوحود بووە، پەروەردگار بەڵێنی بە موسوڵمانان داوە ئەگەر خۆڕاگربن و سەرپێچی فەرمانی خوداو پێغەمبەر ﷺ نەکەن یارمەتییان دەدا، دەی ئەوان صەبریان نەگرت و پەروەردگاریش بە فریشتە یارمەتی نەدان! چونکە ئەگەر فریشتە بهاتایە کۆمەکییان، موسوڵمانەکان نەدەشکان!!

پوختەی قسە ئەوەیە: راڤەکەرانی قورئان لەو بەڵێنەی کە ئایەتی ﴿إذ تقول للمؤمنين...﴾ دەیگەیەنێ کەوتوونەتە را جیایی‌یەوە، ئایا رۆژی بەدر بووە یان رۆژی ئوحود؟؟

رای یەکەم: رای حەسەنی بەصری و کۆمەڵێک موفەسیرینەو طەبەری پەسەندی کردووە، دەفەرموون: ئایەتی ﴿إذ تقول للمؤمنين...﴾ پەیوەندی بە ﴿ولقد نصركم الله ببدر﴾وە هەیە.

رای دووەم : رای موجاهیدو کۆمەڵێک لە زانایانی ترە، کە دەفەرموون: بەڵێنی خودا لە ئایەتەکەدا پەیوەندی هەیە بە ئایەتی ﴿وإذ غدوت...﴾ ئەویش رۆژی جەنگی ئوحود بووە.

ئەمجار پەروەردگار دەفەرموێ: بەڵێ: سێ هەزار فریشتە بەستانە بۆ یارمەتیدان، خۆ ئەگەر خۆڕاگرو بەئارام بن و تەقوای خودا بکەن ژمارەیان زیاد دەکەین، دەیانکەین بە پێنج هەزار فریشتە کە خۆیان یان ولاخەکانیان نیشانەدار کراون، یان بۆ خۆیان مێزەری زەردیان لەسەر بووە، لکی مێزەرەکانیان بەسەر شانیان شۆڕبووبووەوە!

ضەحاک دەڵێ: نیشانەی ولاخەکانیان ئەوە بوو پەڵە خوری سپی بەناوچاوان و کلکیانەوە بوو.

قەتادە دەڵێ: ولاخەکانیان بەڵەک بوون!

بەکورتی و پوختی: قورئان ئاماژە بە ئەوە دەکا کە موسڵمانان رۆژی بەدر بە هەزار فریشتە یارمەتی دراون! وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**إذ تستغيثون ربكم فاستجاب لكم أني ممدكم بألف من الملائكة مردفين**﴾الانفال/٩. بەڵێ کۆمەکی پێکردنی موسوڵمانان بەسێ هەزار یان بە

وا لله ولیهما﴾ال عمران/١٦٧.

شەڕ دەستی پێ کرد، هیندی کچی عەتەبە و ژنی ئەبو سوفیان لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەتی تر لەدوا قورەیشی‌یەکانەوە تەپڵ و دەفیان لێ دەدا، جەنگاوەرانیان هان دەدا بۆ تۆڵە ساندنەوەی کوژراوانی بەدر! لەم لاشەوە ئەبو دوجانە کە شمشێرەکەی پێغەمبەری وەرگرت و پەیمانی دا مافی خۆی بداتێ، شەڕێکی باشی پێ کرد، هەرکەسێکی بەرەنگاری دەبوو دەیکوشت! حەمزەی مامی پێغەمبەر شەڕێکی جەربەزانەی کردو کۆمەڵێکی لە پاڵەوانانی قورەیشیش کوشت، کە موصعەبی کوڕی عومەیر -هەڵگری ئالا- شەهید بوو، پێغەمبەر ﷺ ئالاکەی دا بە عەلی کوڕی ئەبو تالیب.

وەحشی کە نۆکەر و بەندەی (موطعیم)ی کوڕی جوبەیر بوو، هەلی بۆ هەڵکەوت و فرصەتی لە حەزرەتی حەمزە هێنا و حەربەیەکی بۆ هاویشت و شەهیدی کرد و بوو بە سەروەری شەهیدان!!

سوپای کافرەکان تێشکاو ئالاکەیان کە بەدەست طەلحەوە بوو کەوتە خوارێ؛ کوڕەکەی هەڵیگرتەوە، دوایی براکەی ورەی جەنگاوەرانیان رووخا و نزیک بوو سەرکەوتن بۆ موسوڵمانەکان دەستەبەر بێ، ئەگەر تیرهاوێژەکانی سەر کەژەکە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەریان نەکردایە و شوێن و سەنگەری ستراتیجی خۆیان چۆڵ نەکردایە و نەهاتنایەتە خوارێ! بۆ کۆکردنەوەی تالان و دەستکەوتی جەنگ! بەڵێ تیرهاوێژان تەماعیان بەرکەوت و -کەمێکیان نەبێ لەگەڵ عەبدوڵلا مانەوە- ئەوانی تر شوێنەکەی خۆیان بەجێ هێشت و هاتنە خوارێ...

خالیدی کوڕی وەلید کە سەرکردەی هێزێکی کافرەکان بوو هەستی بەو کەلەبەرە کردو لەگەڵ کۆمەڵێک لە سوارەی قورەیش لەپشتەوە هەڵمەتی بۆ بردن و شوێنی تیرهاوێژەکانی گرت و ئەو چەند کەسەی لە سەنگەرەکاندا لەگەڵ عەبدوڵلا مابوونەوە و شوێنەکانیان بەجێ نەهێشتبوو شەهیدیان کردن، ئەمجار هەر ئەم تاقمەی خالید لە پشتەوە

هەڵمەتی لە نکاویان هێنایە سەر موسوڵمانەکان و شپرزەیان کردن، هەر لەو ماوەدا دەنگ بڵاوبووەوە کە پێغەمبەر شەهید کرابێ، مسووڵمانەکان ئەوەندەی تر پڕشتیان لێ بڕاو کەوتنە پاشەکشە و هەڵاتن، کافرەکان ئەوەندە لە پێغەمبەر نزیک بوونەوە بەبەرد پێدادان شەپرزەیان کرد، چەند بەردێکی بەرکەوت، ددانی موبارەکی شکا، سەری شکا، لێوی بریندار بوو، خوێن بە دەم و چاویدا هاتە خوارێ، هەردوو ئەژنۆی ئازاریان پێ گەیی، ئیتر خوێنی لەدەم و چاوی دەسڕی و دەیفەرموو چۆن ئەو نەتەوەیە سەرکەوتوو دەبن دەم و چاوی پێغەمبەریان خوێناوی کردبێ؟؟ بانگەوازی موسوڵمانانیشی دەکرد بۆ لای خودا، ئیتر عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەستی گرت و طەلحەش هەڵیستاندەوە، مالیکی کوڕی سەنان خوێنی دەم و چاوی پێغەمبەری بە زمان لستەوە و قووتی دا!

ئەمجار پێغەمبەر ﷺ لەدواوە دەستی کرد بە بانگ کردنی موسوڵمانان و دەیفەرموو: بەندەکانی خودا: وەرن بۆ لای من، ئەمن پێغەمبەرم شەهید نەکراوم، ساغ و سەلامەتم، بگەڕێنەوە هەڵمەیەن! لە شوێنێکی تردا قورئان وێنەی ئەمەی کێشاوەو دەفەرموێ: ﴿**إذ تصعدون ولا تلوون على أحد والرسول يدعوكم في أخراكم فأثابكم غما بغم**﴾ال عمران/١٥٣.

ئەبو سوفیان لە بەرزاییەکەوە بەدەنگی بەرز دەینەڕاند و دەیگوت: کێتان موحەممەدی کوشتووە.؟ با بیناسین دوایی خەڵاتی بدەینێ! عەمری کوڕی قومەیئە وتی: من کوشتوومە. کەعبی کوڕی مالیک یەکەم کەس بوو مژدەی رزگاربوونی پێغەمبەری بە موسوڵمانان راگەیاند! ئیتر پێغەمبەر ﷺ لە چنگی کافرەکان رزگاری بوو ﴿**وا لله يعصمك من الناس**﴾المائدة/٦٧. لەو شەڕەدا پێغەمبەر ﷺ بەدەستی خۆی ئوبەی کوڕی خەڵەفی کوشت کە لەوەپێش پیلانی شەهیدکردنی پێغەمبەر لەلایەن ئەوەوە نەخشەی بۆ کێشرابوو. پێغەمبەر ﷺ لەهەموو ژیانیدا تەنها ئەم خودانەناسەی کوشتووە، ئایەتی ﴿**ومارميت إذ رميت ولكن ا لله رمى**﴾الانفال/١٧. دەربارەی کوشتنی ئەم کابرایە هاتۆتە خوارێ!

بەڕاستی ڕۆژی ئوحود بەڵایەکی سامناک بوو بۆ موسوڵمانان! حەفتا جەنگاوەریان لیّ شەهید کرا! لە کافرەکان تەنیا بیست و دوو کەس کوژرابوون دیمەنەکە سامناک بوو: لە گۆڕەپانی شەڕدا ئیمامی حەمزە بەکوژراوی هیندی کچی عەتەبە سکی هەڵدڕی بوو، بە ددان جەرگی جوو بوو، ئەبو سوفیان بە هەموو هێزی خۆی دەینەڕاند و دەیگوت: ئەمە تۆڵەی شەڕی بەدرە!

ئەی بتی (هبل)! ئایینی تۆ سەرکەوت، ئەمجار وتی: مەوعیدمان بەدربیّ لە ساڵی داهاتوودا لەوێدا خۆتان دەبیننەوە دەبیّ لەویش دا شەڕێکی ئاواتان لەگەڵ بکەین، تێکتان بشکێنین! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی پیّی بڵێن : باشە با مەوعیدمان بەدر بیّ!

ئەمجار شەڕ کۆتایی هات و مەیدان چۆڵ بوو، پێغەمبەر ﷺ بەشوێن لاشەی حەمزەدا گەڕاو دۆزییەوە، ورگی هەڵدڕابوو لووت و گوێیان بڕیبوو، زۆری پەرۆش بوو، بۆی خەمناک بوو، وتی: ئەگەر خودا جارێکی تر بەسەر ئەوان دا سەرم بخا دەبیّ دەم و لووتی سی کەسیان ببڕم! دەبیّ سی کەسیان ئاوا لیّ هەتک بکەم! ئەمجار بە عەباکەی داپۆشی و نوێژی لەسەر کردو حەوت جار ئەڵلاهوئەکبەری لەسەر کرد! شەهیدەکانی تری لە پەناوە ریزکردن یەک لەدوای یەک نوێژی لەسەر کردن، تا حەفتاو دوو نوێژی لەسەر کردن، ئەمجار حەمزەیان ناشت و فەرمانی دا شەهیدەکانی تریش هەریەکەی لەو جێگایەی لیّی شەهیدکراوە بنێژریّ.

هۆی تێکشکانی موسوڵمانەکان لەجەنگی ئوحود دا -وەکوو دەرکەوت- بەگویّ نەکردنی تیرهاوێژەکان بوو بۆفەرمان و ئامۆژگاری پێغەمبەر و بەجیّهێشتنی سەنگەرەکانیان بوو،، بۆ کۆکردنەوە و گرتنی تاڵان! دیارە ئەم نەبەردە تاقیکردنەوە بوو بۆ موسوڵمانەکان، پاڵفتەکردن و پەروەردەکردن بوو بۆخاوەن باوەڕان ، خودا پێی زاناندن کە سەرکەوتن بەستراوە بە دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی و تێشکانیش نابیّ ببێتە هۆی رووخانی بیروباوەڕ و شێوانی عەقیدە!

ئەمجار پاش ئەم راناوندنە سەرپێی‌یەی جەنگی بەدرو ئوحود دێینەوە سەر راڤەکردنی ئایەتەکان کە دەفەرموێ: ﴿وإذ غدوت من أهلك تبوئ المؤمنين للقتال﴾ ئەی موحەممەد! ئەوە بۆ هاوەڵانت باس بکە کە لە ماڵی خۆت هاتیە دەرەوە رۆژی شەممە حەوتی شەووالی ساڵی سێیەمی کۆچی بەرەو کێوی ئوحود کەوتیتە رێ و لەوێ پیلانی شەڕت دا دەنا، موسوڵمانانت دابەش دەکردن سەنگەرو شوێنی جەنگەکەت بۆ دیاری دەکردن، بەسەر شوێنەکان دا دابەشت دەکردن، ئامۆژگاری جەنگاوەرانت دەکرد، ورەت بەرز دەکردنەوە،کۆمەڵێک تیرهاوێژت لەسەر کەژەکە دامەزراندن، تاقمێک جەنگاوەرت لەلای راست و دەستەیەک لەلای چەپەوە دامەزراندن، شوێنی تایبەتیت بۆ سوارەکان تدیاری دەکرد، ﴿وا الله سميع عليم﴾ خودا شنەوابوو بۆ ئەو راوێژەی لەگەڵ هاوەڵانت دا کردت لە مەدینە، کەکۆمەڵێک وتیان: لەشار دەرنەچین تا دێنە سەرمان و تاقمێکیشتان وتان: با برۆینە دەرەوە و لە دەرەوەی شار بەرەنگاریان ببین، خودا زانایە بە هەموو نییەت و مەبەست و کردەوەیەک، دەزانێ کێ راستە و بەدڵ قسەی دەکردو دڵسۆزی ئایین بوو، کێ هەڵە بوو، کێ دوو روو بوو -با رایەکەشی راست بووبێ وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی و هاوەڵانی دووڕووی- هەروەها خودا ئاگاداری ئەوەش بوو ﴿إذ همت طائفتان منكم أن تفشلا وا الله وليهما﴾ ئەو کاتەی کە دوو تاقم لە یاریدەدەران کە دەستەی بەنو سەلەمە لە هۆزی ئەوس و دەستەی بەنو حاریپە لە هۆزی خەزرەج کە دوو باڵی لەشکری موسوڵمانان بوو، سێیەکی سوپاکەش بوون ویستیان لاوازی بنوێنن و ترسنۆکی پیشان بدەن، خۆپاش دەن و هاوبەشی جەنگەکە نەکەن. ئەوەش لەکاتێکی زۆر حەسساس و ناسک دا بوو لەو کاتەی بینیان دووڕووەکان گەڕانەوە، بەڵام خودا یارمەتیدان، چونکە ئەوان دووڕوو نەبوون، ئیمانیان راست بوو، ئەو ریسوایی‌یەی بەسەردا نەهێنان و لە ترس و دەڵاتن و گەڕانەوە پاراستنی و ئەو خەتەرەی بەدڵیان دا هات بە تاوان بۆی حسێب نەکردن، چونکە

ویستی خراپەکردن تا بە کردەوە ئەنجام نەدرێ بە تاوان دانانرێ، ئاماژە بەوە کە خودا دەفەرموێ: ﴿وا الله ولیهما﴾ خودا پشتیوان و پەنایانە.

﴿وعلی ا الله فلیتوکل المؤمنون﴾ با موسوڵمانان هەر بە خودا پشت ئەستوور بن و تەوەکولیان هەر لەسەر زاتی پاکی بێ، هەرگیز بەهێزو بازووی خۆیان نەنازن، بەڵکو دوای -دەستەبەرکردنی هۆکارەکان و ئامادەکردنی پێویستی‌یەکان و پێکەوەنانی سوپاو دابین کردنی چەک و تەقەمەنی پێویست بە گوێرەی رۆژگار- دەبێ پشت بەستنیان بە خودا بێ، نەک بە توانای خۆیان و کۆمەکیکارانیان بنازن و پشت ئەستوور بن! چونکە ئەوە لەسەر ئادەمیزاد پێویستە کە هۆکار بەدەست بێنێ و ئەمجار ئاکام و ئامانجەکان بداتە دەست خودا!

پەروەردگار بەویستی خۆی هەمیشە یارمەتیدەری کۆمەڵی کەم و باوەڕدارە، زاڵیان دەکا بەسەر کۆمەڵی زۆری بێ بڕوادا، وەکوو چۆن لەجەنگی بەدردا موسوڵمانانی بێ چەک و کەل و پەلی جەنگیی -بەڵام خاوەن بڕواو ورە بەرزی بەسەر سوپای کوفری قورەیشی‌دا زاڵ کرد!! وەکوو دەفەرموێ: ﴿ولقد نصرکم ا الله ببدر وأنتم أذلة﴾ واتە: ئەگەر ئێوە خۆڕاگربن تەقوای خودا بکەن و پشت بە هێزی بێ سنووری ئەو ببەستن! ئەوە پیلان و تێکۆشانی بێدینان بۆ لەناوبردنتان چ نرخێکی نیە و هیچ ترسێکی لەسەر ئێوە نابێ، خودا یارمەتیتان دەدا، وەکوو چۆن لەبەدردا سەرکەوتووی کردن بەسەر دوژمن دا، لەحاڵێک دا ئێوە ئەو رۆژە کەم و بێ چەک و سیلاحی پێویست بوون و کەس کۆمەکی پێ نەدەکردن! کەچی خودا زاڵی کردن بەسەر ئەو دوژمنە سەر سەختەی کە خۆیان بۆ لەناوبردنتان تەیارو ئامادەباش کردبوو، بە ژمارە لەئێوە زۆرترو لە چەک و ئەسبابی شەڕ زۆر لە ئێوە پۆشتەترو بە تواناتر بوون.

جا کە ئێوە خۆگر بن بۆ فەرمانی خوداو پابەندی فەرمان و نەهییەکانی بن ئەوە یارمەتیتان دەدا و سەرکەوتووتان دەکا، وەکوو چۆن لەجەنگی بەدردا یارمەتی دان و سەرکەوتووی کردن ﴿فاتقوا ا الله لعلکم

تشکرون﴾ تەقوای خودا بکەن، لەخودا بترسن بەوە پابەندی فەرمانەکانی بن و خۆ لە نەهی‌یەکانی بپارێزن، بۆ ئەوەی دڵ و دەروونتان رام بکەن بۆ سوپاسگوزاریی لەسەر یارمەتیدانتان بەسەر دوژمن دا، سەرخستنی ئایینەکەتان و شارەزاییکردنتان بۆ رێبازێکی پیرۆز کە ناحەزانتان لێیان گوم بووە، چونکە کەسێک خۆی رام نەکا بۆ تەقواکاری ئەوە هەواو هەوەس بەسەریدا زاڵ دەبێ و ئومێدی سوپاسکردنی نیعمەتەکانی خودای لیٚ رەچاو ناکرێ!

بێگومان خودا یارمەتی دان ﴿إذ تقول للمؤمنين﴾ ئەو کاتەی ورەی موسوڵمانانت بەرزکردەوە و پێت دەگوتن: ﴿ألن يكفيكم ربكم أن يمدكم بثلاثة آلاف من الملائكة منزلين﴾ ئایا بەستان نیە کە پەروەردگارتان بە سێ هەزار فریشتە یارمەتیتان بدا؟ بەستان نیە سیٚ هەزار فریشتە بنێرێتە خوارێ بۆ کۆمەکی پیٚ کردنتان؟؟

ئیبنو ئەبو شەیبەو ئیبنول مونذیر و هی تریش لە (الشعبی)یەوە دەگێڕنەوە کە لە رۆژی جەنگی بەدردا موسوڵمانەکان هەواڵیان پیٚ گەییشت کە کورزی کوڕی جابیری (المحاربی) دەیەوێ یارمەتی کافرەکان بداو کۆمەکییان پیٚ بکا، ئەمە زۆر لەسەر شانی موسوڵمانان گران بوو، ئیتر خودا ئەم موژدەیەی دا بە پێغەمبەرو موسوڵمانان!

ئیمامی فەخری رازی لەتەفسیرەکەی دا دەفەرموێ: هەموو زانایانی تەفسیرو شارەزایانی ژینامەی پێغەمبەر لەسەر ئەوە کۆکن کە رۆژی بەدر خودا فریشتەی ناردوونە خوارێ بۆ شەڕکردن لەگەڵ کافرەکان دا و یارمەتیدانی موسوڵمانان.

ئیبنو عەبباس ﷺ فەرموویەتی: فریشتە -کە یارمەتی خوداناسانیان داوە تەنها رۆژی بەدر شەڕیان لەگەڵ خودانەناسان دا کردووە، جگە لە رۆژی بەدر یارمەتیدانەکەیان رواڵەتی بووە، بۆ چاوترسان بووە، یارمەتیدانێکی مەعنەوی بوو ﴿بلى إن تصبروا وتتقوا﴾ بەڵێ: ئەگەر خۆڕاگربن و ئارامتان هەبێ، لەسەر بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و خۆپارێز

بن لە تاوان و سەرپێچی فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودا نەکەن ﴿ويأتوكم من فورهم هذا﴾ کافرەکان بێنە سەرتان و شەڕتان لەگەڵ بکەن ﴿يمددكم ربكم بخمسة آلاف من الملائكة مسومين﴾ کۆمەکیتان پێ دەکا بە پێنج هەزار فریشتەی نیشانەکراو.

قەتادە دەفەرموێ: یارمەتیدانی موسوڵمانان بە فریشتە، ڕۆژی بەدر بووە! لە سەرەتاوە هەزار فریشتە، دوایی بوون بە سێ هەزار، دوایی بوون بە پێنج هەزار، قورئان ئاماژە بۆ ئەمە دەکا و دەفەرموێ: ﴿**إذ تستغيثون ربكم فاستجاب لكم أني ممدكم بالف من الملائكة مردفين**﴾الانفال/٦. یان دەفەرموێ: ﴿**ألن يكفيكم أن يمدكم ربكم بثلاثة الاف من الملائكة منزلين**﴾ یان ﴿**بلى إن تصبروا وتتقوا ويأتوكم من فورهم يمددكم ربكم بخمسة الاف من الملائكة مسومين**﴾

ئەوە بوو موسوڵمانان لە ڕۆژی بەدردا خۆڕاگر بوون و تەقوای خودایان کرد. پەروەردگار یارمەتی دان بە پێنج هەزار فریشتە وەکوو بەڵێنی پێدابوون، ئەمانە هەموویان ڕۆژی بەدر بوون.

ئەم کۆمەکیکردنە کۆمەکییەکی ماددی و فیعلی بووە. فریشتە هاوبەشی شەڕیان کردووە. زۆر ریوایەت و فەرموودە هەن ئەم ڕاستییە دەچەسپێنن! بوخاری و موسلیم چەند فەرموودەیەکیان لەم بارەوە گێڕاوەتەوە، ئەم کۆمەکیکردنە کۆمەکی کردنێکی مەعنەوی نەبووە وەکوو خاوەنی تەفسیری مەنار بۆی چووە و ڕایەکی بڕێ موفەسیری ترە، کە لە کۆندا ئەم ڕایەیان دەربڕیوە وتوویانە: سوود لە زۆری فریشتە ئەوە بووە کە نزا بکەن و تەسبیحات بکەن شەڕکەران زۆر بکەن. ئیتر بەپێی ئەم ڕایە فریشتە ڕۆژی بەدر بە فیعلی بەشداری جەنگەکەیان نەکردووە، ئامادە بوونەکەیان تەنها بۆ ورە بەرزکردنەوەو پاڕانەوە بووە.

ڕای یەکەم؛ ڕای ڕاڤەکەرانی قورئانە، ئەم مانایە لەم ڕووەوە دەبێ: کە بڵێین: ئایەتی ﴿إذ تقول للمؤمنين ألن يكفيكم﴾ بیرخستنەوەیان بێ بە ڕووداوی بەدر و هاوبەشی کردنی فریشتە لە جەنگەکەدا. کەچی لە

عەکرەمەو ضەحاکەوە گێردراوەتەوە فەرموویانە: ئەمە رۆژی جەنگی ئوحود بووە، پەروەردگار بەڵێنی بە موسوڵمانان داوە ئەگەر خۆڕاگربن و سەرپێچی فەرمانی خوداو پێغەمبەر ﷺ نەکەن یارمەتییان دەدا، دەی ئەوان صەبریان نەگرت و پەروەردگاریش بە فریشتە یارمەتی نەدان! چونکە ئەگەر فریشتە بهاتایە کۆمەکییان، موسوڵمانەکان نەدەشکان!!

پوختەی قسە ئەوەیە: راڤەکەرانی قورئان لەو بەڵێنەی کە ئایەتی ﴿إذ تقول للمؤمنين...﴾ دەیگەیەنێ کەوتوونەتە را جیاییەوە، ئایا رۆژی بەدر بووە یان رۆژی ئوحود؟؟

رای یەکەم: رای حەسەنی بەصری و کۆمەڵێک موفەسیرینەو طەبەری پەسەندی کردووە، دەفەرموون: ئایەتی ﴿إذ تقول للمؤمنين...﴾ پەیوەندی بە ﴿ولقد نصركم الله ببدر﴾وە هەیە.

رای دووەم: رای موجاهیدو کۆمەڵێک لە زانایانی ترە، کە دەفەرموون: بەڵێنی خودا لە ئایەتەکەدا پەیوەندی هەیە بە ئایەتی ﴿وإذ غدوت...﴾ ئەویش رۆژی جەنگی ئوحود بووە.

ئەمجار پەروەردگار دەفەرموێ: بەڵێ: سێ هەزار فریشتە بەستانە بۆ یارمەتیدان، خۆ ئەگەر خۆڕاگرو بەئارام بن و تەقوای خودا بکەن ژمارەیان زیاد دەکەین، دەیانکەین بە پێنج هەزار فریشتە کە خۆیان یان وڵاخەکانیان نیشانەدار کراون، یان بۆ خۆیان مێزەری زەردیان لەسەر بووە، لکی مێزەرەکانیان بەسەر شانیان شۆڕبووبووەوە!

ضەحاک دەڵێ: نیشانەی وڵاخەکانیان ئەوە بوو پەڵە خوری سپی بەناوچاوان و کلکیانەوە بوو.

قەتادە دەڵێ: وڵاخەکانیان بەڵەک بوون!

بەکورتی و پوختی: قورئان ئاماژە بە ئەوە دەکا کە موسڵمانان رۆژی بەدر بە هەزار فریشتە یارمەتی دراون! وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: **﴿إذ تستغيثون ربكم فاستجاب لكم أني ممدكم بألف من الملائكة مردفين﴾الانفال/٩.** بەڵێ کۆمەکی پێکردنی موسوڵمانان بەسێ هەزار یان بە

پێنج هــەزار، بـرێ لـە زانایـانی ئیسـلام چەسپاندوویانە، بـەڵام طەبـەری دەفەرموێ: ئایەتەکە ئەوەی لێ وەرناگیرێ کە بەسێ هەزار یان بـە پێـنج هــەزار کۆمــەکی کرابـن، هــەروەکوو چـۆن ئەوەشــی لێ وەرناگــیرێ کــە کۆمــەکی نــەکرابن! کــەوابوو دەتـوانــین بڵێــین: کۆمــەکی‌کراون کـــە چەسپێنەرەکان (مثبتین) بۆی چوون: دەتوانـین بڵێـین کۆمـەکی نـەکراون بەو شێوەیەی کە ئەوانەی ئینکاری کۆمەکی‌یەکە دەکەن! فەرموودەیــەکی وایش نیە کێشەکە یەکالا بکاتەوەو تەرجیحی لایەک بدا، بۆیە چاک وایــە ئێمەیش بێ بەڵگەی حاشاهەڵنەگر پارسەنگ نەخەینە لایەکی تــەرازووەوە و لایەک پاساو نەدەینەوە!!

بەڵام دەربارەی جەنگی ئوحود لایەنی ئەوە کۆمەکی نـەکرابن باشـتر لەدڵ دا دەچەسپێ چونکە ئەگەر موسوڵمانان بە فریشتە یارمەتی بدرانایە نەدەشکان و ئەو حاڵەی بەسـەریان هـات بەسـەریان نـەدەهات، ئـەم رایـە پەسەندی ئەهلی عیلمەو دەڵێن: موژدەی یارمەتیدان وابەستە بووە بە سێ مەرج (صەبر، تەقوا، هاتنی دوژمن بۆیان لـە نکـاو) دەی ئـەم مەرجانـە نەهاتنـە دی و کۆمەکی‌یەکـەش نەهاتـە دی! ﴿**وما جعله الله إلا بشرى لكم**﴾ پەروەردگار کۆمەکی‌کردنی ئێوەی بە فریشتە کردە مزگێنـی بۆتـان بەوەی کە ئێوە سەرکەوتوو دەبن! ﴿**ولتطمئن قلوبكم به**﴾ هـەروەها بـۆ ئەوەی صەبرو ئارامی بچێتە دڵتانــەوە و بزانـن کـە یارمــەتی و کۆمــەکی خودا هەر بۆ ئێوەیە، واتە: کۆمەکی پیکـردن بـە فریشـتە دوو مەبەسـتی سەرەکی لەخۆ گرتووە:

ا- مزگێنـی بەسـەرکەوتن بەسـەر دوژمـــن دا، دڵخۆشـبوونتان بــەو مزگێنی‌یە.

ب- دڵنیاکردنی موسوڵمانان بەوەی کە خودا لەگەڵیانەو یارمــەتییان دەدا و ئیتر لە شەڕکردن نەترسێن ﴿**وما النصر إلا من عند الله العزيز الحكيم**﴾ سەرکەوتنی راستەقینە هەر لای خودای بەتواناو بالادەستە، کـە هەرگیز کەس بەسەری‌دا زاڵ نابێ، داناو کارسازێکی وایە، هەموو کـارێک

بە باشترین شێوە و نەخشەکێشان و هۆکار ئەنجام دەدا، سەرکەوتن دەبەخشێ، کاتیکیش پێویست بوو لییان بگرێتەوە لییان دەگرێتەوە، وەکوو زللەیەکی میهرەبانی و تەمبێ کردنێکی یەزدانی بۆ ئەوەی بەخۆیان دا بچنەوە!

ئەی موسوڵمانینە! سەیر بکەن پەروەردگار لەجەنگی بەدردا سەرکەوتن و زاڵبوونی بۆ دەستەبەرکردن، کۆمەڵێک فریشتەی ناردنە خوارێ بۆ کۆمەکی پێکردنتان ﴿ليقطع طرفا من الذين كفروا﴾ بۆ ئەوەی قەلاچۆی کۆمەڵێک لە سەرانی کوفر بکاو دوابڕاویان بکا، بەکوشتن یا بەدیل کردنیان، ئەوەتا لەجەنگی بەدردا حەفتایان لێ کوژرا، حەفتاشیان لێ بەدیل گیرا، زوربەشیان لە سەران وپاڵەوانانیان بوون! ﴿أو يكبتهم فينقلبوا خائبين﴾ یان ریسوایان بکا، بەهۆی تێشکانەوە دڵ پڕ داخ و خەفەت بن، بەدۆڕاوی و شکاوی بگەڕێنەوە، نەیانتوانیبێ ئامانجی خۆیان بەجێ بێنن و بە مراد بگەن، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ورد الله الذين كفروا بغيظهم لم ينالوا خيرا﴾الاحزاب/٢٥.

ئەمجار رستەیەکی موعتەرەضە دەهێنێ و دەیکاتە ناواخن لەنێوان باسی پێشوو دوواوە و دەفەرموێ: ﴿ليس لك من الأمر شئ﴾ ئەی موحەممەد! لەبارەی موسوڵمانان و ئیمان نەهێنانی ئەو ئادەمیزادانەوە ئەتۆ هیچت بەدەست نیە! ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە ئەوەیە؛ فەرمانی پەروەردگارت جێبەجێ بکەی، پابەندو ملکەچی فەرمانی ئێمەبی!! تۆ تەنها راگەیاندنت لەسەرە، ئێمە خۆمان حیساب بۆ ئەوانە دەکەین و تۆڵەیان لێ دەستێنین، بەهەڵوێستی سەر رەقانەیان دڵگران مەبە! دوعای لەناوچوونیان لێ مەکە، بەڵکو هەیان بێ تۆبە بکا، موسوڵمان ببێ!! بێگومان ئەبو سوفیان و ئەلحارثی کوڕی هیشام و سوهەیلی کوڕی عەمرو صەفوانی کوڕی ئومەییە دوایی موسوڵمان بوون و هاتنە ریزی موسوڵمانانەوە، ئاگادار بەو بزانە ئەی موحەممەد! کاری ئەوان بەدەست خوایە ﴿أو يتوب عليهم﴾ یان تۆبەیان لێ وەردەگرێ، ئەگەر موسوڵمان

بوون و گەڕانەوە بۆ لای خودا، یان سزایان دەدا ئەگەر لەسەر هەڵوێستی سەر رەقانە و دوژمنکاری خۆیان بەردەوام بن، ئەو کاتە ستەم لە خۆیان دەکەن!.

ئیمامی ئەحمەدو ئیمامی موسلیم لە ئەنەسەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ ددانی موبارەکی لە رۆژی ئوحوددا بەبەردی کافرەکان شکا، سەری موبارەکی شکا، خوێن بەدەم و چاویدا هاتە خوارێ! ئیتر پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: چۆن نەتەوەیەک ئاوا رەفتار لەگەڵ پێغەمبەرەکەیان دا بکەن رزگاریان دەبێ و سەرکەوتوو دەبن!؟؟ ئیتر ئایەتی ﴿**لیس لك من الأمر شئ**﴾ هاتە خوارێ.

ئیمامی ئەحمەد و ئیمامی بوخاری و تیرمذی و نەسائی لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە -خوایان لێ رازیی بێ- دەگێڕنەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ رۆژی جەنگی ئوحود دەیفەرموو: خودایە! نەفرین لەئەبوسوفیان بکە، خودایە! نەفرین لە (الحارث) ی کوڕی هیشام بکە، خودایە! نەفرین لە سوهەیلی کوڕی عەمر بکە، خودایە! نەفرین لە صەفوانی کوڕی ئومەییە بکە، ئیتر ئایەتی ﴿**لیس لك من الأمر شئ**﴾ نێردرایە خوارێ، خودا تۆبەی لێوەرگرتن و موسوڵمان بوون!

﴿**و لله ما في السموات والأرض يغفر لمن يشاء ويعذب من يشاء والله غفور رحيم**﴾ هەر بۆ خودایە چی لە ئاسمانەکان و زەوی هەموو بەندەو دروستکراوی خودان، چۆنی بوێ ئاوا هەڵیان دەسووڕێنێ، ئەوەی بیەوێ لێی خۆشبێ لێخۆشبوون دەکاتە خەڵاتی، ئەوەی بشیەوێ سزای بدا، بە دانایی و دادوەرانە سزای دەدا، پەروەردگار خودایەکی ئەوەندە بە رەحم و خاوەن لێخۆشبوونە، تاوانی خۆشەویستانی خۆی دادەپۆشێ، رەحم و سۆزی هەیە بۆ ئەو کەسانەی فەرمانبەردارو ملکەچی فەرمکانەکاننی، لەگوناهـ خۆش دەبێ، چاوپۆشی لەتاوان دەکا، سزا دوا دەخا!

ئەمەش ئامۆژگاری کردنە بۆ پێغەمبەرو پێزانانندنیەتی کە دوعاکردن لە موشریکەکان و نەفرین لێکردنیان هەڵوێستێک بوو نەدەبوو

بنوێندرێ!! چونکە هەموو ئیشێکێ بە دەستی خودایە، بۆ هیچ کەس نیە لەئەهلی ئاسمان و زەوی راوو تەگبیری خۆی دەربڕێ تێیان دا، تەنانەت ئەگەر فریشتەی نزیک بارەگای ئەقدەسیش بێ، یان پێغەمبەرێکی رەوانەکراو بێ، مەگەر کەسێک خودا ئیزنی دابێ شەفاعەت بکا، ئەویش بەگوێرەی سوننەتی خودا لە بوونەوەرداو بەگوێرەی ویست و ئیرادەی رەهاو بێسنووری و؛ لەبەر حیکمەتی خودایی کە ئێمە تا رۆژی قیامەت هۆیەکەی نازانین!

ئایەتەکان زۆر حوکم و ئاماژەیان تێدایە برێ لەو حوکم و ئاماژانە ئەمانەن:

ا- کۆمەکیکردنی موسولْمانان لەجەنگی بەدردا بە فریشتە بەشێوەیەکی فیعلی شتێکی چەسپاوە، چونکە بەلْگەی حاشاهەلْنەگر لەسەر یارمەتیدانەکە لە فەرموودەی پێغەمبەردا هەیە، یارمەتیدانەکە مزگێنی بوو بۆ موسولْمانان و دلْنیاکردنیان بوو لە سەرکەوتن!

ب- بریندار بوونی پێغەمبەرو شکانی ددان و سەری موبارەکی کاریگەریەکی زۆری هەبوو؛ هەم لەسەر خودی پێغەمبەر خۆی و هەم لەسەر موسولْمانان، تەنانەت -وەکوو لە صەحیحی موسلیم دا هاتووە- کە تەشریفی خوێنی لەدەم و چاوی دەسڕی، دەیفەرموو: چۆن نەتەوەیەک رزگاری دەبێ سەری پێغەمبەری خۆیان بشکێنن و ددانی بشکێنن؟ لە پاساوی ئەوەدا کە بانگەوازییان دەکا بۆ لای خودا؟؟! ئیتر یەزدان ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ ﴿**ليس لك من الأمر شئ**﴾. ضەححاک دەلْێ: پێغەمبەر ویستی دوعا لە موشریکەکان بکا، خوا ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ ﴿**ليس لك من الأمر شئ**﴾.

هەندێک دەلْێن: پێغەمبەر ﷺ ئیزنی وەرگرت کە دوعا لە کافرەکان بکا و لەبێخ دەریان بێنێ! کە ئەم ئایەتە هاتە خوارێ هەستی بەوە کرد کە تێیاندا هەیە موسولْمان دەبێ -هەروایش بوو- زۆریان موسولْمان بوون- لەوانە خالیدی کوڕی وەلیدو عەمری کوڕی عاص و عەکرەمەی

کوڕی ئەبو جەهل...هتد.

تیرمذی لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ دوعای لە چوار کەس دەکرد خودا ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ ئیترا دوایی خودا هیدایەتی دان و موسوڵمان بوون!

بەهەرحاڵ ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر ئەوە کە قورئان لە خوداوە هاتووە، هۆشیارکردنەوەی پێغەمبەرەو تێگەیاندنیەتی کە جڵەوی هەموو شتێک بەدەست خودایە، جا پێغەمبەر دوعای کردبێ یان نەی کردبێ؟!

ج- بەگوێرەی رای ئەوانەی کە دەڵێن: پێغەمبەر دوعای لەکافران کردووە لەنوێژی بەیانیدا، زانایانی ئیسلام دەربارەی خوێندنی قنووت لەنوێژی بەیانی دا رای جیاجیایان هەیە:

١- حەنەفییەکان و حەنبەلیەکان قونووت خویندنی نوێژی بەیانییان بەلاوە چەسپاوە، چونکە لە مووەطەئدا ریوایەتێک لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە دەگێڕنەوە ئەوە دەچەسپێنێ کە پێغەمبەر ﷺ لەهیچ نویژێک دا قونووتی نەخوێندووە!

(نەسائی)ش ئەوەی ریوایەت کردووە کە پێغەمبەرو جێنشینەکانی هەرگیز قونوتییان نەخوێندووە.

٢- حیجازییەکان، واتە: مالکیەکان. هەروەها شافیعیەکانیش قونووت خوێندنیان بەلاوە چەسپاوە، ئەمجار بەلای مالکییەکانەوە قونووت پێش روکوعە بەلای شافیعیەکانەوە دوای هەستانەوە لە روکوعە، بەڵگەشیان ئەم فەرموودەیە کە دارەقوطنی بەسەنەدی راست گێڕاویەتیەوە،کە دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ تا لەژیان دا بوو، هەرگیز قونووت خوێندنی نوێژی بەیانی پاشگوێ نەخستووە!

ڕێنموونی موسوڵمانان بۆ چاکەکردن و وازهێنان لە خراپەکاری و پاداشی کردەوەی چاک و خراپ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُواْ ٱلرِّبَوٰٓاْ أَضۡعَٰفٗا مُّضَٰعَفَةٗۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿١٣٠﴾ وَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِيٓ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٣١﴾ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴿١٣٢﴾ ۞وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿١٣٣﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٣٤﴾

وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوۡ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ لِذُنُوبِهِمۡ وَمَن يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمۡ يُصِرُّواْ عَلَىٰ مَا فَعَلُواْ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿١٣٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَجَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَنِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ﴿١٣٦﴾

ئەمجار دوای ئەوە کە لە ئایەتی پێشوودا موسوڵمانانی ترساند لەوەی کە ناموسوڵمانان بکەن بە راوێژکارو رازگرو لێپرسراوی کاروباری ستراتیژی و داوای لیکردن کە خۆڕاگرو تەقواکار بن، تا دوژمنان فرسەتیان لی نەهێنن، نموونەیەکی خۆڕاگری و تەقواکاری هێنایەوە لەجەنگی بەدرو ئوحوددا، موسوڵمانانی هۆشیارکردەوەو ترساندنی لە بڵاوبوونەوەی رەوشتێکی جولەکە و کافرەکان کەئەویش رەوشتی ریباخۆرییە.

فەریابی لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: لە سەردەمی پێش ئیسلام دا خەڵکەکە کالآیان دەفرۆشت بەقەرز، کە وەختی قەرزدانەوەکە دەهات، کابرای قەرزدار نەیدەبوو قەرزەکە بداتەوە، ئەو کاتە پارەکەیان زیاد دەکردو ماوەکەشیان درێژ دەکردەوە، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ ﴿یا أیها الذین آمنوا لا تأکلوا الربا أضعافا مضاعفة﴾ هەر فەریادی لە عەطاوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: هۆزی ثەقیف پارەیان لە هۆزی نەضیر وەرگرت، کە وەختی قەرزەکە دەهات دەیانگوت: ژمارەی پارەکە زیاد دەکەین ئێوەیش ماوەکەیمان بۆ درێژ بکەنەوە، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ: ﴿یا أیها الذین آمنوا لا تأکلوا الربا أضعافا مضاعفة﴾ واتە: ئەی بڕواداران! خۆتان بپارێزن لە خواردنی ریبا، وەکوو ئەوەی ئادەمیزادان لەسەردەمی نەزانیدا دەیانکرد،! ئەمەتەهیەکی ئاشکراو روونە ئاراستەی موسوڵمانان کراوە: کە نابێ ریباخۆری بکەن، سەوداو مامەڵەی ریبائامێز ئەنجام بدەن و دووچەندانەو چەند چەندانە زیادە وەربگرن وەکوو لەسەردەمی نەزانیدا دەیانکرد؛ کە وەختی قەرزەکە دەهات خاوەن قەرزەکە بەقەرزدارەکەی دەگوت: یان قەرزەکەم بدەوە، یان ماوەکە درێژ بکەرەوەو پارەکە زیاد دەکەم، جا ئەگەر کابرای قەرزدار قەرزەکەی دابایەوە، ئەوە باش بوو ئەگینا قەرزدار چەند قەرزدانەوەکەی بوەغراندایە خاوەن قەرزەکە ئەوەندە سوودی قەرزەکەی زیاد دەکرد!

زۆرجار قەرزی کەم بەم شێوەیە زۆر بووە تا وای لێ هاتووە قەرزدار لەبنی دەرنەهاتووەو نەیتوانیوە بیداتەوەو بەقەرزداری سەری ناوەتەوە.. ﴿واتقوا الله لعلکم تفلحون﴾ لەخودا بترسن، تەقوای خودا بکەن، واز لە سەوداو مامەڵەی ریبائامێز بێنن بەڵکو سەرفرازی دونیاو قیامەت ببن؛ لەدونیادا تووشی کێشەو عەداوەت نەبن، لە قیامەتیشدا تووشی سزای ئاگر نەبن!! ﴿واتقوا النار التي أعدت للکافرین﴾ خۆتان بپارێزن لە سزای ئەو ئاگرەی بۆ بێ بڕوایان ئامادەکراوە، واتە: ئەگەر ئێوە ریباخۆر بن شیاوی ئەوە دەبن کە مامەڵەی کافرانتان لەگەڵ دا بکرێ! ﴿وأطیعوا الله

والرسول لعلكم ترحمون﴾ پابەندی فەرمانی خوداین، بەگوێی ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەر بکەن، مامەڵەو سەودای ریبا ئامێز مەکەن، سوود مەخۆن، بەگوێرەی پەیامی پیرۆزی خودا رەفتار بکەن، بەڵکو رەحمتان پێ بکرێ، خودا بەزەیی پێتانا بێتەوە!!

خوێنەری هێژا ! لە سوورەتی بەقەرە لەکاتی راڤەکردنی ئایەتی (٢٧٥-٢٧٦-٢٧٨-٢٧٩) وتمان: ریبا بە چەند قۆناغێک یاساغ کراوە: ئەم ئایەتەی ئێرە قۆناغی سێیەم دەژمێردرێ، ئەوەشمان گوت: کە سوود خواردن کەم و زۆری حەرامە، ئایەتەکانی قورئان کە لە سوورەتی (البقرە) دان دواترین ئایەتی حوکمی ریبان کەهاتوونە خوارێ و دوو جۆر ریبا حەرام دەکەن: (ریبا النسیئة) زیادە وەرگرتنەوەی قەرز (ربا الفضل) زیادە وەرگرتنی دەست بەجێ، یاساغ کردنی ریبا بە هەردوو جۆرەکانیەوە بۆ بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵە، چونکە کارپێکردنی ریبا بازان و خەتەری بۆ تاک وکۆمەڵە!! ئەوەش گوترا: کە یاساغ کردنی (ربا الفضل) بۆیە بوووە کە نەبێتە رێخۆشکەرە بۆ (ربا النسیئة) هەر قەرزێکیش سوودراکێش بێ، ئەوە ریبایەو حەرامە، جا شوودەکە پارەی زیاد بێ یان شتی تربێ!

(ربا النسیئة) کە ئەمرۆ لە بانقەکان دا بە ریبای فاحیش ناوزەد دەکرێ یان پیێ دەڵێن: سوودی چەند چەندانە، کە بەگوێرەی وەغرانی قەرزەکە سوودەکە زیاددەکا، ئەوە حەرامەو بەهیچ شێوەیەک حەلاڵ ناکرێ، قورئان راستەوخۆ بەشێوەیەکی صەریح حەرامی کردووە قەیدارکردنی ریبا بەچەند چەندانە (أضعافا مضاعقة) لە ئایەتەکەدا بۆ بەیانی واقیعەو وێنەکێشانی ئەو حاڵەتەیە کە ئەو کاتە ئادەمیزاد لەسەری بوون و، رەخنەگرتنە لەو دیاردەیەو زەم کردنی ئەو سەوداو مامەڵەیەیە کە دیاردەیەکی ستەمکاری و چەوساندنەوەیەکی زەق و ئاشکرای هەژارانی ئەو رۆژگارە بووە! واتە: قەیدارکردنی ریبا بە (أضعافا مضاعفة) ئەوە ناگەیەنێ کە ریبای کەم حەلاڵ بێ و ریبای

فـاحیش واتـە: چـەند چەندانـە حـەرام بـێ نەخـەیر ئـەوە مـەبەس نیـە و ئایەتەکە ئەوەی مەبەس نیە، ریبا کەم و زۆری حەرامە و تاوانی گەورەیـە و گوناهی فەوتێنـەرە، ریبـا حـەڵاڵ نیـە مەگـەر بـۆ موحتـاجێک کەبەئەندازەی پێویستی‌یەکەی مامەڵـەی ریبا ئـامێز بکـا! واتـە: بگاتـە حاڵەتێک لی‌ی مەعلووم بێ ئەگەر بە ریبا مامەڵـە نـەکا لەبرسا بمرێ، یان بێ‌مەسکەن و شوێنی حەوانـەوە بمێنێتـەوە، خـۆی و مـاڵ و منداڵـی بکەونە دەشت و سارا، بەڵام قەرزکردن بە ریبا بۆ بازرگانی و پیشەسازی و کشت و کاڵ کردن ئەوە حەرامە، مەگەر لی‌ی روون بێ کەئەگـەر پارەکـە وەرنـەگرێ موفلیـس و مایـەپووچ دەبـێ، یـان کشـت وکاڵەکـەی بفـەوتێ کەسێکیش نەبێ بەقەرز پارەی بداتێ، ئـەو کاتـە بـۆی هەیـە بەئـەندازەی پێویستی‌یەکە پارە بە سوود وەربگرێو خۆی رزگار بکا!

ئەوەی ئێستا دڵخۆشکەرەیە ئەوەیە: کە لـەژێر سایەی ئـەم رابوونـە ئیسلامی‌یەی ئێستادا بـڕێ بـانق و شـەریکەی تـەئمینی ئیسلامی پـەیدا بوون کە لەسەر بنەمای سەودای موضارەبەو قازانج بە سێیەک و قـازانج بە نیوە و ئەم جۆرە مامەڵانە کە زانایانی ئیسلام فتوایان بە حەڵاڵی داوە و ریباو هەڵخەڵەتاندن و قوماری تێدا نیە!

فەرمانی پەروەردگار جەختی لەسەر نەهی‌کردن لەسەودای ریبا ئـامێز کرد بەوەی کە فەرانی بە موسـوڵمانان کـرد، بـە تـەقواو خۆپاراسـتن لـەو شـتانەی نـەهی لی‌کردوویـن -کـە یـەکێک لەوانـە ریبایـە- بـۆ ئـەوەی سەرکەوتن و خۆشبەختی لەدونیادا بۆ خۆمان دەستەبەر بکەین! هاریکاری یـەکتریی بکـەین، بـەزەییمان بەیـەکتری دا بێتـەوە، چونکـە هاریکـاری سەردەکێشێ بۆ یەکتر خۆشویستن، خۆشەویسـتی بناخـەی خۆشبـەختییە، لە قیامەتیش دا بـە مـراد گەیشـتن و زەفەربردنـە بـە رەزامـەندی خـودا لەبەهەشتا!!!

ئەمجار جەختەکەی دووبارە کردەوە بەوە کـە ترساندنی لـەوەی کـە ئەگەر پابەندی فەرمان و نەهی‌یەکە نەبن، واز لە ریبـاخۆری نـەهێنن بـە

ئاگر سزایان دەدا؛ ئەو ئاگرەی خودا بۆ کافرەکان -کە ریباخۆران بەشێکن لەوان- ئامادەی کردووە.

جا ئەگەر روو نەکەنە تەقواکاری وخۆتان لە گوناهـ نەپارێزن، ئەوە دەچنە ریزی ئەوانەی بە ئاگر سزا دەدرێن.

ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: ئەم ئایەتە ترسناکترین هەڕەشەی قورئانە!! چونکە خودا هەڕەشە لە موسوڵمانان دەکا بە ئاگرێک کە بۆ کافران دانراوە، ئەگەر خۆ لە سوود خۆری نەپارێزن و لە شتە حەرام کراوەکان دوور نەکەونەوە،! ئەوەشمان بێتەوە یاد کە پەروەردگار لە سوورەتی (البقرة)دا دوژمنایەتی خۆی و پێغەمبەری خۆیدژی سوودخۆران راگەیاند!

ئەمجار پەروەردگار بەمەبەستی جەخت کردن لەسەر تەقوا و خۆپارێزیی فەرمان دەکا بە موسوڵمانان کە پابەندی فەرمانی خودا بن گوێڕایەڵی ئامۆژگاری پێغەمبەرەکەی بکەن و ریبا نەخۆن، مامەڵەی سوود ئامێز نەکەن بەڵکو لەدونیادا بێگیرو گرفت ژیان بگوزەرێنن، لەقیامەتیش دا پاداشی کردەوەی باشیان وەربگرنەوە!

دەفەرموێ: ﴿وسارعوا إلى مغفرة من ربكم و جنة عرضها السموات والأرض أعدت للمتقين﴾ پەلە بکەن بۆ وەدەستهێنانی لێخۆشبوونی خودایی و چوونەناو بەهەشتێک کە تا بڵێی: فراوان و گوشادە، پانتایی بەئەندازەی ئاسمانەکان و زەوییە و ئامادەکراوە بۆ خاوەن بڕوایان!

ئیمامی ئەحمەد ﷺ لە موسنەدەکەی دا دەگێڕێتەوە: کە هیرقەلی رۆم نامەیەکی بۆ پێغەمبەر ﷺ نووسی عەرزی کرد بوو کە تۆ بانگەوازی منت بۆ بەهەشتێک کە پانتایی بەئەندازەی ئاسمانەکان و زەوییە، ئەدی دۆزەخ لە کوێیە؟؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (سبحان الله فأين الليل والنهار؟؟) پاکی بۆ خودا! کە رووناکی دێ تاریکی بۆ کوێ دەچێ؟؟ واتە: ئەگەر فەلەک هەڵدەسوڕێ نیوەی بوونەوەر (نیوەی زەوی) رووناکە

نیوەکەی تریشی تاریکە، هەربەو جۆرش بەهەشت لای سەرووی بوونەوەرەو دۆزەخیش لای خوارووبەتی!!

دەشتوانین بڵێین: پێویست ناکا لەوەی کەکاتێ رۆژ دادێ ئێمە شەو نابینین، لە شوێنی تر شەو نەبێ! هەرچەندە کەوا ئێمە نایزانین، هەر بەو جۆرەش دۆزەخ لە شوێنێک بێ کە خودا بۆ خۆی دەزانێ و زانیاری ئێمە دەرکی ناکا!!

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: ئەم مەعنایە وێ چووترە، لەبەر ئەو فەرموودەیەی ئەبوهورەیرە کە بەززاز پەسەندی کردووە، دەڵێ پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ گوتی: قوربان! پێم ناڵێی ئایەتی ﴿**وجنة عرضها السموات والأرض**﴾ چۆنە؟ ئەگەر وابێ بەهەشت هەمووی داگرتبن ئەدی دۆزەخ لەکوێیە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئەتۆ نابینی کە شەو هات هیچ شتێک لە رووناکایی رۆژ دیار نیە؟ دەی باشە ئەو کاتە رووناکایی رۆژ لەکوێیە؟! وتی: لەو شوێنەیەکە خودا بۆی دیاری کردووە، پێغەمبەر فەرمووی دەی دۆزەخیش لەو شوێنەیە کە خودا بۆی داناوە.

ئەمجار خودای مەزن و زانا باسی رەوشتی بەهەشتییان دەکا و دەفەرموێ:

١- ﴿**الذين ينفقون في السراء والضراء**﴾ ئەوانەی ماڵ و دارایی خۆیان دەبەخشن لە خۆشیو ناخۆشی دا، لە هەرزانی و گرانی دا، لە ساغی و نەخۆشی دا، بەگەنجی و بەپیری، بەشەوو بە رۆژ، بەنهێنی و بە ئاشکرا! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**الذين ينفقون أموالهم بالليل والنهار سرا وعلانية**﴾البقرة/٢٧٤. واتە: ئەو خودا پێداوانە هیچ شتێک لە خوداپەرستی بێ ئاگایان ناکا، هەموو کاتێک خەریکی خوداپەرستی و ماڵبەخشینن و سەرگەرمی چاکەکردنن لەگەڵ بەندەکانی خودادا، جۆرەها چاکە و پیاوەتییان لەگەڵ دا دەکەن، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: (إتقوا النار ولو بشق تمرة) ئەحمەدو بوخاری و موسلیم لە عەدییەوە ریوایەتیان

کردووه.

فەرمانکردن بە ماڵبەخشین دوو مەبەستی سەرەکی تێدایە!

١- ماڵبەخشین یارمەتیدانی موحتاجەو باربووکردنیەتی، سوودخواردن چەوساندنەوەی هەژارە لەلایەن دەوڵەمەندەوە.

٢- ماڵبەخشین لەهەموو بارێکدا؛ لە خۆشیو ناخۆشیدا بەڵگەیەکی بەهێزە، لەسەر خوداپەرستی و یارمەتیدانی هەژارانە بەشێوەیەکی هەمیشەیی، نە دەوڵەمەندەکە تینی پێ دەگا، نە هەژاریش پاشگوێ دەخرێ، پەندی پێشینانیشە دەڵێ: (أعط القليل فالحرمان أقل منه) کەمیش ببەخشی لەهیچ باشترە، خێرخوازی و یادی رۆژی قیامەت سۆزو بەزەیی لە ئادەمیزادا دەجوولێنن: وا لە مرۆڤ دەکەن کە هەمیشە بەخشندە بێ، با بەخششەکەی کەمیش بێ، بەخشینی کەم و هەمیشەیی باشترە لەبەخشینی زۆرو هەڵەشەیی و بڕاوە!! واتە: ئەگەر کەسێک لەماوەی ساڵێک دا هەزار دینار ببەخشێ ئەو هەزار دینارە ئەگەر لەماوەی ساڵەکەدا کەمکەمە بیبەخشێ باشترە لەوەی کە بەجارێک یان دووجار بیبەخشێ و وشکایی بێ!

لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**لينفق ذو سعة من سعته ومن قدر عليه رزقه فلينفق مما اتاه ا لله، لايكلف ا لله نفسا إلا ما اتاها سيجعل ا لله بعد عسر يسرا**﴾الطلاق/٧.

رەوشتێکی تری بەهەشتییان ئەوەیە (والكاظمين الغيظ) کە رقیان هەڵساو سوور بوونەوە رقەکەیان دەخۆنەوە، هەرچەندە دەسەڵاتیان هەیە رقەکەیان برێژن، بەڵام ددان بەخۆیان دا دەگرن و بەرەنگاری نەفس و شەیتان دەبنەوە، پێغەمبەریش دەفەرموێ: (ليس الشديد بالصرعة و لكن الشديد الذي يملك نفسه عند الغضب) ئازاو بەهێز ئەو کەسە نیە پاڵەوانبازی بکا، بەڵکو ئازا ئەو کەسەیە لەکاتی رق هەڵسان دا جڵەوی نەفسی خۆی بگرێ!

ڕێگاچارەی رق هەڵسان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ کە ئیمامی ئەحمەدو ئەبو داوود لە (عطیة)ی کوڕی (سعدالسعدی)یەوە گێڕاویانەتەوە: دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (إن الغضب من الشيطان، وإن الشيطان خلق من نار، وإنما تطفأ النار بالماء فإذا غضب أحدكم فليتوضأ) واتە: رق هەڵسان لەشەیتانەوەیە، شەیتانیش لە ئاگر دروست کراوە، ئاگریش بەئاو دەکوژێتەوە، ئەگەر یەکێک لەئێوە رقی هەڵسا با دەستنوێژ بگرێ.

٣- ﴿والعافين عن الناس﴾ ئەوانەی لە خراپەی خراپەکاران دەبوورن، کەسێک خراپەیان لەگەڵ دەکاو رقیان هەڵ دەستێنێ، نەک هەر رقەکەیان دەخۆنەوەو بەس! بەڵکو لێشیان خۆش دەبن، ئەمەش پلەیەکی مرۆڤایەتییە، نیشانەی پڕ عەقڵی و بیرو را راستی و بەهێزی ویست و ئیرادەو توندو تۆڵی کەسایەتییەتی! ئەم پلەیە لە ژوور پلەی پیش خواردنەوەیە، چونکە زۆرجار رق خواردنەوە کینەو بوغزاندن لە دڵ و دەروون دا دروست دەکا، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وإذا ما غضبوا هم يغفرون**﴾الشورى/٣٧.

حاکم وطەبەرانی لە ثوبەی کوڕی کەعبەوە دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەر فەرموویەتی: (من سره أن يشرف له البنيان، وترفع له الدرجات، فليعف عمن ظلمه، ويعط من حرمه، ويصل من قطعه).[١]

[١] حاکم دەڵێ ئەم حەدیثە صەحیحەو مەرجی شەیخەینی تێدا هاتۆتە جێ بەڵام دەریان نەهێناوە!

ئیبنو عەبباس دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إذا كان يوم القيامة نادى مناد يقول: أين العافون عن الناس؟ هلموا إلى ربكم، وخذوا أجوركم وحق على كل امرئ مسلم إذا عفا أن يدخل الجنة).

٤- ﴿والله يحب المحسنين﴾ خودا چاکەکارانی خۆش دەوێن، ئەو کەسانەی بە چاکە وەڵامی خراپەی خەڵک دەدەنەوە، جا چاکە کردنەکەیان بەگەیاندنی سوودبێ بە خراپەکار، یان بە دوورخستنەوەی زیان دەبێ لێی، لەدونیادا بەوە دەبێ کە نەهێڵێ خراپەی لەگەڵ دا بکرێ، یان لە قیامەت دا بەوە دەبێ کە لەهەموو مافێکی کە لای خەڵک هەیبێ خۆش ببێ، ئەمەش پلەیەکە لە پلەکانی پێشوو بەرزترە!

بەیهەقی دەگێڕێتەوە دەڵێ: عەلی کوڕی حوسەین ﷺ کارەکەرێکی هەبوو ئاوی بە دەستی دا دەکرد بۆ دەستنوێژ، مەسینەکە لەدەستی کەوتە خوارێ عەلی بریندار کرد! عەلی سەری بەرزکردەوە کارەکەرەکە لێی ترسا وتی: قوربان! خودا دەفەرموێ: ﴿والكاظمين الغيظ﴾ عەلی وتی: وا رقم خواردەوە، کارەکەرەکە وتی: ﴿والعافين عن الناس﴾ عەلی وتی خوا لێت خۆش بێ، کارەکەرەکە وتی: ﴿والله يحب المحسنين﴾ عەلی وتی: دەبڕۆ ئازادبەو ئەوا لەبەر ڕەزامەندیی خودا ئازادم کردی.

٥- ﴿والذين إذا فعلوا فاحشة﴾ ئەوانەی کە کردەوەیەکی ناشیرین ئەنجام دەدەن وەکوو غەیبەت کردن ﴿أو ظلموا أنفسهم﴾ یان تاوانێک دەکەن کە زیانەکەی هەر بۆ خۆیانە وەکوو خواردنەوەی عەرەق ﴿ذكروا الله فاستغفروا لذنوبهم﴾ خێرا یادی خودا دەکەنەوە و پەشیمان دەبنەوە، بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە و داوای لێخۆشبوونی لێ دەکەن، دڵنیان کە بەس خودا لەتاوان خۆش دەبێ و هەر ئەو کەریمی کارسازە، بەگوێرەی دانایی و زانایی خۆی بوونەوەر هەڵدەسوڕێنێ. ﴿ومن يغفر الذنوب إلا الله﴾ -کێ جگە لەخودا- لەتاوان خۆش دەبێ؟ (ئەمە جوملەیەکی

(معترضة)یە، واتە: جگە لە خودا کەس نیە لە گوناهـ خۆش ببێ! خودا بەگەورەیی خۆی و چاکەو ئیحسانی بێ سنووری، لە خراپەکاران خۆش دەبێ، چاوپۆشی لە تاوانباران دەکا، بەمەرجێ تاوانەکەی هاوەڵ پەیدا کردن بۆخودا نەبێ، چونکە خودا لەشەریکێ دانان بۆ خۆش نابێ، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**إن الله لا يغفر أن يشرك به ويغفر مادون ذلك لمن يشاء**﴾النساء/٤٨.

ئەمە بە رەوا دانانی کردەوەی تۆبەکارانە و دڵنیاکردنیانە و مزگێنی پێدانیانە بە فراوانی رەحمەت و بەزەیی و نزیکی لێخۆشبوونی خودا لێیان و بەرزکردنەوەی پلەو پایەیانە.. چونکە هەستیان بە وە کردووە کە هیچ پەنایەک نیە جگە لەپەنای خودا، هەر کەرەم و رەحمەتی خودا فریا بەندەکانی دەکەوێ و تۆبەی تۆبەکاریش لەگوناهـ وەکوو ئەوکەسە وایە کە تاوانی نەکردبێ.

بەڵام مەرجی قبوڵ کردنی تۆبە ئەوەیە: کە ﴿**ولم يصرواعلى مافعلوا**﴾ لە سەر تاوانەکانیان بەردەوام نەبن، واتە: تۆبەیان لە تاوانەکانیان کردووە، بۆ لای خودا گەڕاونەوە، بەردەوام نەبوون لەسەر تاوانەکانیان ئەو گوناهەی تۆبەیان لێ کردووە جارێکی تر بۆی نەگەڕاونەوە، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: (لا كبيرة مع الاستغفار ولا صغيرة مع الاصرار) مەبەستی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە کە تاوانی بچووک ئەگەر لەسەری بەردەوام بووی دەبێتە تاوانی گەورە، ئەمە بەمەرجێ ﴿**وهم يعلمون**﴾ ئەوانە بزانن ئەمەی کە دەیکەن تاوانە، ئەگەر نەیانزانێ ئەوە گوناهیان ناگاتێ!!

﴿**أولئك**﴾ ئەو موسوڵمانانەی کەئەو رەوشتانەیان تێدایەو بەو شێوە هەڵس و کەوت دەکەن ﴿**جزاؤهم مغفرة من ربهم وجنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها**﴾ پاداشیان لێخۆشبوونی پەروەردگارە بۆیان، وێڕای چەند باخ و باخاتێک کە بەژێر دارەکانیاندا جۆگە و جۆبار دەکشێن و

هەتا هەتایە تێیدا دەمێننەوە! ﴿ونعم أجر العاملین﴾ ئەم پاداشە باشترین پاداشە بۆ چاکەکاران کە بریتییە لە لێخۆشبوونی خوداو دڵنیابوونیان لە سزانەدانیان و بە مراد گەیشتن بە بەهەشتی بەرین و رازاوە بە هەموو جۆرێکی زۆر رابواردن، بە هەموو جۆرێکی خواردن و خواردنەوە، تەنانەت خۆشی و لەززەتی وای تێدایە: نە چاو بینیویەتی، نە گوێچکە بیستوویەتی، نە بەسەر دڵی هیچ کەس دا رابوردووە؟!

سەرەنجامی خوداپەرستان و سەرپێچیکاران، جیهاد نیشانەی شکۆمەندی موسوڵمانانە

قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٣٧﴾ هَٰذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ ﴿١٣٨﴾ وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ ٱلْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُۥ وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَآءَ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٠﴾ وَلِيُمَحِّصَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَيَمْحَقَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٤١﴾

ویست و ئیرادەو داب و نەریتی خودا یاسایەکی نەگۆڕی هەیە، هەرچەندە توانای بەسەر هەموو شتێک دا هەیە، هەموو شتێکی پڕ حیکمەت و کارسازانەیە، ئیشەکانی وا داناوە کە بەگوێرەی هۆو هۆکار (علة و معلول) بێنە دی، پێشەکی و نەتیجەیان هەبێ! ئەو داب و نەرێتە خودایی‌یە بۆ رابوردوو و داهاتوو وەک یەک وایە، هەرکەسێک رێبازی خوداپەرستان بگرێ، پابەندی فەرمانی خوداو رێڕەوی رێبازی راستی ئەو بێ، لە هەردوو دونیا بە مراد دەگا، سەرکەوتن و سەرفرازی بەدەست دێنێ، کەسێکیش رێبازی گومڕایان بگرێ سەرپێچیکەرو دڵ رەق و

رەوشت ناشیرین بێ، سەرەنجامی خەسارەتمەندی و تیاچوون و وڵات وێرانی و خۆشی نەدیتووی هەردو جیهانە!

لەکاتی ئاشتی دا ئەگەر ئادەمیزاد پەیڕەوی یاسای سروشت و زانیاری و ئەزموونی رۆژگار بکا، دەربارەی کشت و کاڵ و بازرگانی و پیشەسازی ...هتد بەگوێرەی هۆو هۆکار هەڵس و کەوت بکا و لەهەموو شتێکیش دا ویڕای دەستەبەرکردنی ئەسباب تەوەکولی بەخودابێ، لەژیان دا سەرکەوتوو سەرفرازو بە مراد گەیشتوو دەبێ، تەنانەت خودانەناسیش ئەگەر پەیڕەوی یاسای ژیانی کرد، لە کاروباری ژیان دا داب و نەریتی کارو کاسبی پەیڕەو بکا بەمراد دەگا، ئەگەر بەپێچەوانەی داب و نەریتیش کار بکا -با خوداپەرستیش بێ- هەر سەرکەوتوو نابێ!

لەبارو زروفی جەنگیش دا، ئەگەر سەرکردە بەگوێرەی رۆژگار ئەسبابی جەنگ دەستەبەر بکا، مەشق و راهێنان و تاقیکردنەوە بەگوێرەی پێویست ئەنجام بدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ و بەسەر دوژمن دا زاڵ دەبێ، خۆ ئەگەر مەشق و راهێنان پاشگوێ بخا و چەک و تەقەمەنی دەستەبەر نەکا! تووشی تێشکان و ژێرکەوتن دەبێ، ئەمە یاسای خودایە لە بوونەوەردا، تۆو نەچێنی بەروبووم ناچنی، ئەمام نەچەقێنی شین نابێ کشت وکاڵ ئاوی نەدەی یان ئاونەدرێ شین نابێ و پێ ناگا!!

﴿قد خلت من قبلكم سنن فسيروا في الأرض﴾ واتە: پێش ئێوە زۆر جار داب و نەریتی خودا دووبارە بۆتەوە، گەل و نەتەوەی جۆراو جۆر هاتوونە کۆڕی ژیانەوەو رۆیشتوون. دە بەسەر زەویدا گەشت و گوزار بکەن، لە شوێنەوارو پاشماوەی کۆنینە بڕوانن، سەیری رابوردووی گەل و نەتەوە پێشینەکان بکەن، لەمێژووی ژیاریان تێبفکرن، رووداوەکان بخوێننەوە ئەوکاتە راستییەتی تەرازووی خودابیتان بۆئاشکرا دەبێ، داب و نەریتی تایبەتی خۆیتان بۆ دەردەکەوێ کە بریتییە لە بەمراد گەیاندنی چاکەکار و خەسارەتمەندی خراپەکار ﴿فانظروا كيف كان عاقبة

المكذبين﴾ تێبفكرن سەرەنجامی ئەمانە چۆن بوو كە پێغەمبەرانیان بە درۆ خستەوە، چۆن تەفرو توونا كران و لەناو بران!!؟

ئەمە هۆشیاركردنەوەیە بۆ سەرپێچیكەران -كە تیرهاوێژەكانی سەر كەژەكەی ئوحودیش دەگرێتەوە- یادخستنەوەی موسوڵمانانە بەوەی كە سەركەوتنی رۆژی جەنگی بەدر بەهۆی خۆڕاگری و گوێڕایەڵی فەرمانی خوداو پێغەمبەر و پشت بەستنیان بە خودا و دەستەبەر كردنی هۆیەكانی شەڕو، متمانە بوونیان بە توانا و دەسەڵاتی خودا و ڕەحمەتی بەرفراوانی بوو!

﴿**هذا بيان للناس وهدى وموعظة للمتقين**﴾ ئەمەی كە لەمەپێش گوترا: لە قورئان و ئەوەی كە لەوە دوا دێ، هەمووی ڕوونكردنەوەیە بۆ ئادەمیزادان بەگشتی و ڕێنموویی و ئامۆژگاری كردنە بۆخوداپەرستان و تەقواكاران بەتایبەتی، چونكە هەر ئەمان سوود لە قورئان وەردەگرن، وەكوو لەسەرەتای سوورەتی بەقەرەدا دەفەرموێ: ﴿**ذلك الكتاب لا ريب فيه هدى للمتقين**﴾البقرة/٢ یان دەفەرموێ: ﴿**هدى ورحمة للمحسنين**﴾لقمان/٢. ئاوا بەو شێوەیە قورئان ڕێڕەوی ژیان ڕوون دەكاتەوە، داب و نەریتی خودامان لە بوونەوەردا بۆ شی دەكاتەوە، پێمان دەڵێ: دەبێ بۆ هەموو شتێك لەڕێگای خۆیەوە بۆی بچین، بەمەش قسەو گوتەی كافرو دوو ڕووەكان پووچەڵ دەبێتەوە كە دەڵێن: ئەگەر موحەممەد ڕاست بكا و پێغەمبەر بێ، لەشەڕی ئوحوددا تێنەدەشكا!! هاوەڵانی تووشی ئەو هەموو ئێش و ئازارو كوشتن و برینە نەدەبوون! ئەوەش دەردەخا كە سوننەتی خودا بەسەر پێغەمبەرانو باقی ڕابەرو سەركردەو خەڵكی تردا ئەوەیە : هەر سەركردەیەك سەربازەكانی گوێڕایەڵی نەبن و سەرپێچی فەرمانەكانی بكەن تووشی تێشكان دەبن!! جا كاتێك موسوڵمانان ئەم حەقیقەتەیان زانی: پێویستە تێشكانی جەنگی ئوحود نەبێتە هۆی نائومێدی و ترسان لەشەڕ، نارەحەت نەبن لەوەی كە تووشیان هات لەبرینداری و شەهید بوون و ماندووبوون، چونكە كوژراوەكان شەهیدن و میوانی خودان، ئەو

رووداوەش زللەیەکی میهرەبانی و دەرسوپەروەردەکردن و فێرکردنی موسولمانانە، کە تەمبێ ببن و بەهیچ جۆرێک سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەر نەکەن! هەر بۆیەشە پێغەمبەر دەربارەی جەنگی ئوحود فەرموویەتی: (لو خيرت بين الهزيمة والنصر يوم أحد لاخترت الهزيمة) ئەگەر رۆژی جەنگی ئوحود خۆمیان سەرپشک بکردایە لەنێوان تێشکان و سەرکەوتن دا تێشکانم هەلدەبژارد! ﴿ولا تهنوا﴾ ئێوە خۆتان بە زەبوون و لاوازو ترساو لەشەڕ پیشان مەدەن، ﴿ولا تحزنوا﴾ خەم و خەفەت بۆ کوژراوان مەخۆن، ئەوانە نەمرن و میوانی خودان ﴿وأنتم الأعلون﴾ ئێوە سەربەرزو سەرفرازان، دوارۆژو سەرکەوتن هەر بۆ ئێوەیە ئەی کۆمەلی موسولمانان! ﴿إن كنتم مؤمنين﴾ بەمەرجێک ئێوە خاوەن باوەڕی راست و دروست بن!

داب و نەرێتی خودا وایە هەموو کات دوارۆژو سەرەنجام بۆ تەقواکارانە؛ کوژاروەکانیان لەبەهەشت دان، کوژراوی کافران لە دۆزەخدان،...

مەبەست بە نەهی‌کردن لە زەبوونی و خەم خواردن ئەوەیە کە تەسلیمی دوژمن نەبن، بە خۆیان دا بچنەوەو سەرلەنوێ خۆیان ئامادە بکەنەوە بۆ بەرەنگاری دوژمن و جەنگان لەگەلی‌دا، ئەمە وێڕای هەبوونی عەزیمەتی راست و هێزی ئیرادەو پشت بەستن بە خوداو ورە بەرزیی و هیوای سەرکەوتن.

چۆن ئێوە زەبوونی دەنوێنن! بەهۆی تێشکانتان لەجەنگی ئوحوددا ورەتان دەڕوخێ؟؟ خۆ ﴿إن يمسسكم قرح﴾ ئەگەر لەو جەنگەدا نارەحەتییەکتان تووش بووبێ؛ بریندار بووبن، سەرتان شکابێ، لێتان کوژرابێ، ئەوە ﴿فقد مس القوم قرح مثله﴾ ئەوە دوژمنانیشتان؛ کافرەکانی قوڕەیش هەمان رەبرو زەنگیان بەرکەوتووە؛ ئەوانیش لێیان کوژاروە، لێیان بریندار بووە، بەلکو زیاتریش، ئەوان لەجەنگی بەدردا

زیاتریان لێ کوژرا زیاتر تێشکان. کەچی کۆڵیان نەداو خۆیان بۆ شەڕێکی تر تەیارکردەوە! جا کە ئێوە لە شەڕی ئوحوددا تێشکان ئەوە لەپێشدا لەجەنگی بەدردا سەرکەوتووبن، ڕۆژگاریش وەهایە، هەر ڕۆژە سەرکەوتن بۆ دەستەیێکە، ڕۆژێک بۆ ئێوەیە و ڕۆژێک بۆ ئەوانە، هەمووشی لەبەر حیکمەتێکی خودایی‌یە، دەسەڵات دەدرێ بەدەستەیەکی بێ بڕواو ڕۆژێک بەتاڵ فەرمانڕەوا دەبێ، چەند ڕۆژێکیش حەق باڵادەست دەبێ و حوکمڕانی دەکا ﴿وتلك الأيام نداولها بين الناس﴾ ئەو ڕۆژگارانە ئاوا دەستاو دەست پێ دەکەین لەنێوان ئادەمیزاداندا هەر ڕۆژەی شانس و نگین بەتاقمێک دەدەین، بەڵام دواڕۆژ و سەرکەوتنی سەرەنجام بۆ پابەندانی ڕێبازی خودایی‌یە!

بۆیەش ئاوا هەر ڕۆژە نگین دەدەین بە تاقمێک ﴿ليعلم الله الذين آمنوا﴾ بۆ ئەوەی پەروەردگار عەدل وداد پەروەری خۆی دەربخا، یاسای بوونەوەرە بچەسپێنێ، بۆ ئەوەی پەروەردگار زانیاری خۆی بە موسوڵمانان بزانێنێ بەوەی کە ئاگاداری چۆنیەتی بڕوای بڕوادارانە، بۆ ئەوەی خۆڕاگوان لەبەرامبەر دوژمنان دا دەربخا، بۆ ئەوەی خەڵک جیاوازییان بزانێ و لێکیان جیا بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕاستی ئیمانی ئیمانداران بچەسپێنێ، چونکە هەرکاتێ ئیمانەکە پەیدابوو خودا زانیاری دەربارەی هەیە، هەر شتێک خودا عیلمی پێ نەبێ ئەوە هەبوونی نیەو نەبووە، کەوابێ مانای ﴿وليعلم الله﴾ ئەوەیە کە خودا زانیاری خۆی بە چۆنیەتی شتەکان بۆخەڵکی دەربخا!

چونکە عیلمی خودا بە چۆنیەتی شتەکان لەئەزەل دا چەسپاوە و هەیە، ئەوەی کە ورودەدا دەق وەکو ئەوە وایە :کە لە زانیاری خودا دا هەیە لە ئەزەلدا؛ زانیاری خوداش هەموو کاتێ ڕەنگدانەوەی واقیعە، شتێک خودا زانیاری پێ نەبێ نە هەیە و نە حەقیقەتی هەیە! وێڕای ئەو دەرخستن و پێزاناندنەو تێگەیاندنە ﴿ويتخذ منكم شهداء﴾ بۆ ئەوەش پەروەردگار تاقمێک ئامادەباش بکا بۆ شەهید بوون و لەڕێگەی خودادا

بکوژرێن، لەپێناو رەزامەندیی خودادا گیانی خۆیان بەخت بکەن، چونکە برێ موسوڵمان بەشداری و ئامادەبوونی جەنگی بەدریان لەکیس چوو بوو ئاواتەخوازی ئەوەبوون هەلێکیان بۆهەڵ بکەوێ و پلەی شەهید بون و گیان بەخت کردن لەرێگای خودادا بەدەست بێنن!!

ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەهلی سوننەو جەماعەت کە دەڵێن: ئیرادە و ئەمری خودا لێک جودان چونکە پەروەردگار نەهی لە کافران کردووە کە موسوڵمانان -حەمزەو هاوەڵانی- بکوژن و ویستوشیەتی بکوژرێن؛!! نەهی خواردنی داری گەنمی لەئادەم کرد کەچی خواردنەکەشی ئیرادە کردووە. فەرمانی بە شەیتان کرد بۆ سوژدە بردن و ئیرادەی نەکرد سوژدە بەرێ؛ بۆیە شەیتان سوجدەکەی نەبرد.. فەرمانی بە موسوڵمانان کردووە بە جیهادو تێکۆشان بەڵام تەمبەڵی تێدا دروست کردوون ئەوەبوو برێک بە هۆی تەمبەڵی یان ترسان و خۆ ویستی و هۆی تر ئەنجامیان نەدا!!..

بێگومان بەزدان رێزی شەهیدانی گرتووە، لەژیانی بەرزەخیدا بەمیوانی خۆی حسێب کردوون و دەفەرموێ ﴿**ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله أموات بل أحياء عند ربهم يرزقون**﴾ال عمران/١٦٩. یان دەفەرموێ ﴿**فاولئك مع الذين أنعم الله عليهم من النبيين والصديقين والشهداء**﴾النساء/٦٩.

هەر لەم رووەوەو بۆ زیادە رێزلێنان لەشەهیدان، باسی ستەمکاران دەکاو دەفەرموێ: ﴿**والله لا يحب الظالمين**﴾ پەروەردگار ستەمکارانی خۆش ناوێن، سزایان دەدا، چونکە ستەمیان لە خۆیان کردووە ئاژاوەیان لە زەوی دا ناوەتەوە، سەریان لەخەڵکی تێک داوە؛ لە پاساوی ئەوەدا پەروەردگار پەلە دەکا لە سەرنگون کردنیان، لەوەرگێرانی تەخت و بەختیان! لەکاتی پێویست و ماوەی دیاریکراودا سەرەنگرێیان دەکا، لەم رووەوە کە ستەمکاریی پایەدار نابێ و ئاکامی فەوتان و وەرگەڕانە!!

﴿**وليمحص الله الذين آمنوا**﴾ هەروەها بۆ هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی بڕوادارانی راستاڵ لە دوو رووەکان، واتە: رۆژگارو شانس و

نگین ئاڵ و گۆڕ پێ دەکەین بۆ ئەوەی خاوەن باوەڕانی پاڵفتەکراو دیاری بکەین، لە موسوڵمانانی دەروون زەعیف هەڵیان هاوێرین، موسوڵمانی راستاڵ لە موسوڵمانی بڕوا لێڵ و لەرزۆک جیا بکەینەوە! بۆ ئەوەی ئەو موسوڵمانە پاڵفتەکراوە ببێتە پارچە زێڕێکی پاڵفتەو لە بۆ تەدراوو خەڵکی تر بیناسێ و ببێتە نموونە و هی تریش شوێنی بکەون، بۆ خۆشی خۆی بناسێ! چونکە زۆرجار ئادەمیزاد بۆ خۆی خۆی ناناسێ و حەقیقەتی راستی خۆی نازانێ!! ئەزموون و تاقیکردنەوەی وەکوو جەنگی ئوحود ئامیزاد پاڵفتە دەکا و راستی و پیاوەتی دەردەکەوێ!! ئەوەتا لەجەنگی ئوحوددا دووڕووەکان پاشگەزبوونەوە و گۆڕەپانی جەنگیان جێهیشت، بڕێ موسوڵمان لەترسان هەڵهاتن، هەندێکیش لەتیرهاوێژەکان هەر بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی تاڵان و غەنیمەت سەرپێچی فەرمان و ئامۆژگاری پێغەمبەریان کرد.

برێکیش لە دەوری پێغەمبەر مانەوەو ورەیان نەڕووخا و داکۆکیان لە پێغەمبەر ﷺ کرد و ئازایەتی و مەردایەتی خۆیان نواند!

لە صەحیحەین دا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا تمنوا لقاء العدو وسلوا الله العافية فإذا لقيتم فاصبروا واعلموا أن الجنة تحت ظلال السيوف).

ئاکامی ئەم ئەزموون و تاقیکردنەوەیە: لە جەنگەکانی دوایی‌دا دەرکەوت: ئەوەتا لەجەنگی (حمراء الاسد)دا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی‌دا کە جگە لە ئەوانەی هاوبەشی‌جەنگی ئوحودیان کردووە کەسی تر شوێن کافرەکان نەکەوێ؛ ئیتر خاوەن باوەڕان پابەندی فەرمانەکەی پێغەمبەر ﷺ بوون، کەس سەرپێچی نەکرد!

﴿ويمحق الكافرين﴾ هەروەها ئەو تاقیکردنەوەیە بۆئەوە بوو کە نائومێدی و نەمانی هیوا روو بکاتە دڵ و دەروونی خودا نەناسان، هیچ

بنەماو ماکی ئازایەتی‌و هەڵمەتیان تێدا نەمێنیّ! چونکە ئەوان ئەگەر سەربکەون ئاوا زیادەڕەوی دەکەن، سەرباری کرشتن‌و برین؛ کوژراوەکان ئەتک دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی فەوتان‌و نەمانیان، ئەوان لەئاست موسوڵمانانی راستەقینەدا هیچ وجوودێکیان نیە، بیروباوەڕی بەتاڵ‌و پووچی ئەوان کاتێ دیارە، کە حەق‌و راستی موسوڵمانان دیار نەبێ!

سەرزەنشت کردنی جەنگاوەرانی شەڕی ئوحوودو هەڵنانیان بۆ خۆگری‌و پێ‌سەلماندنیان کە مردن بەدەست خودایە

أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَـٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿١٤٢﴾ وَلَقَدْ كُنتُمْ تَمَنَّوْنَ ٱلْمَوْتَ مِن قَبْلِ أَن تَلْقَوْهُ فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿١٤٣﴾ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِي۟ن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّـٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ كِتَـٰبًا مُّؤَجَّلًا ۗ

وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلْـَٔاخِرَةِ نُؤْتِهِۦ مِنْهَا ۚ وَسَنَجْزِى ٱلشَّـٰكِرِينَ ﴿١٤٥﴾ وَكَأَيِّن مِّن نَّبِىٍّ قَـٰتَلَ مَعَهُۥ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا۟ لِمَآ أَصَابَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا۟ وَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿١٤٦﴾ وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِىٓ أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿١٤٧﴾ فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ ٱلْـَٔاخِرَةِ ۗ

وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٤٨﴾

ئیبنو ئەبی حاتەم لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: چەند هاوەڵێک دەیانگوت: خۆزگە ئێمەیش بکوژراینایە،! وەکوو چۆن ئەصحابی بەدر شەهید بوون یان دەیانگوت: خۆزگە ئێمەیش ڕۆژێکی وەکوو ڕۆژی بەدرمان بهاتایە پێشو شەڕمان لەگەڵ کافرەکان بکردایەو خۆمان تاقی بکردایەوە: جا شەهیدبوونو بەهەشتمان دەست بکەوتایە! یان سەرکەوتنو غەنیمەت... ئەوەبوو پەروەردگار ئامادەی جەنگی ئوحوودی کردن، چەند کەسێکیان نەبێ ئەوانی تر هەڵاتن؛ ئیتر ئایەتی ﴿**ولقد كنتم تمنون الموت**﴾ نازل بوو، پێش ئەویش دەفەرموێ: ﴿**أم حسبتم أن تدخلوا الجنة ولما يعلم ا لله الذين جاهدوا منكم ويعلم الصابرين**﴾ ئایا وا گومان دەبەن کە بچنە بەهەشتەوە بەبێ ئەوەی لەڕێگای خوادا تێکۆشان بکەنو لەپێناو بەرنامەو ئایینەکەی دا خۆتان بەخت بکەن؟؟ بە تەمای ئەوەن بەبێ تاقیکردنەوەو تووشبوونتان بە جۆرەها گیرو گرفتی تاڵو ناسۆری سامناک بەهەشتتان دەست کەوێ؟! هێشتا خودا گیانی خۆبەخت کردنو تێکۆشانی ئێوەی بۆ خەڵکی دەرنەخستبێ؟ تێکۆشەریو خۆڕاگری ئێوە دەرنەکەوتبێ ! چۆن هەروا بە هەوانتەو بە قسە بە تەمای بەهەشتن!!؟

ئاشکراشە جیهادو تێکۆشان چەند جۆرێکی هەیە، جەنگان لەگەڵ هەواو هەوەسو شەیتان دا، بە تایبەتیی لەسەردەمی گەنجیو لاوێتیدا، تێکۆشان بە گیان بۆ بەرزکردنەوەی وشەی (لا الـه إلا الله) بۆ بەرگری لە وڵاتو ناموس. تێکۆشان بە ماڵو دارایی بۆ بەرگری لە گەلو نەتەوەو بەرژەوەندی گشتی، بەرەنگاربوونەوەی بە تاڵو ناحەق یارمەتیدانی حەقو ڕاستی، هەوڵدان بۆ چەسپاندنی عەدالەت...

بە ڕاستی خۆڕاگریی پێویستە لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکە ئایینییەکاندا، بە هەموو جۆرێکیانەوە، فەرمانبەرداری خوداو پێغەمبەر، لەکاتی بەڵام تەنگانەدا، لەکاتی ڕاوەستان لە بەرامبەر دوژمن دا... هتد.

ئینجا پەروەردگار ڕووی خیطاب دەکاتە ئەو موسوڵمانانەی کە ئامادەی جەنگی بەدر نەبووبوونو ئاواتە خوازبوون لەجەنگێکی تری

ئاوهادا لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ ئامادەبن و پلەو پایەی شەهیدبوون بە دەست بێنن و دەفەرموێ: ﴿ولقد كنتم تمنون الموت من قبل أن تلقوه فقد رأيتموه وأنتم تنظرون﴾.

بێگومان ئێوەبوون، ئاواتەخوازی شەهیدبوون بوون، لەپێش ئەوەدا کە شەڕەکە ببینن، بەڵام کاتێک جەنگ بەرپابوو لەگەڵ دوژمن لە ئوحوددا و چاوتان بە لێک دان و تێک رژان کەوت، بریسکەو بریقەی شمشێرو سەرەرمتان بینی، ریزی خۆڕاگری و راوەستاوی جەنگاوەرانتان بینی، ئیتر ترسان و دڵە لەرزەتان پێ کەوتو پێغەمبەرتان لەکاتێکی زۆر ناسک دا بەجێ هێشتو هەڵاتن، لەهەموو لایەکەوە پێغەمبەر ﷺ تیرەباران دەکراو بە ردی بۆ دەهاوێژرا، کافرەکان دەوریان دابوو؛ ئا لەو کاتەدا ئێوە دەورتان چۆڵ کردو هەڵاتن!! ئەو بانگی ئێوەی دەکرد کە دەوری چۆڵ نەکەن و دژی دوژمن بجەنگن و شەڕ بکەن و خۆڕاگر بن و ورە بەرزو دڵ قایم و گورج و گۆڵ بن و مەیدان چۆڵ نەکەن، بانگی دەکردن بۆ خوداپەرستی و خۆڕاگری و ورەبەرزیی! بەڵێ بە چاوی خۆتان هۆکاری مردنتان بینی، دیتان براو خزم و هاوەڵانتان کوژران و لاشەیان کەوتە سەر زەوی، ئێوەش خەریک بوو بکوژرێن! ئەمە لۆمە کردنێکی بەهێزە، بۆ ئەوانەی کە لەپێش جەنگەکەدا خۆیان دەخواردەوەو ئاواتەخوازی بەرپابوونی شەڕێکی وەکوو شەڕی بەدر بوون و ئیلحاحیان لە پێغەمبەر ﷺ کرد کە خۆ ببەستی و بچێتە دەرێ بۆ شەڕ، کەچی کەتەنگانە هات بایدۆستیان لێ کردو هەڵاتن و کەمێکیان نەبێ کەسیان لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ نەمانەوە!

جا کاتێک رۆژی ئوحوود موسوڵمانان شکان و ئەوانەی هەڵاتن هەڵاتن، ئەوەی لێیان کوژرا لێیان کوژرا، هەندێکیشیان بە دەوری پێغەمبەر مابوونەوە، بانگێکی شەیتانی هەڵدرا کە موحەممەد کوژراوە!! ئیبنو قومەیئە گەڕایەوە بۆ ناو کافرەکان و وتی: من موحەممەدم کوشتووە؛ بۆیەش ئەم هەواڵەی بڵاوکربووەوە چونکە بەردێکی بە پێغەمبەردا دابوو سەری شکاندبوو، ئیتر زۆربەی خەڵکەکە وایان زانیبوو:

کە پێغەمبەر ﷺ کوژراوە! ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوراەوەکە دەفەرموێ: ﴿وما محمد إلا رسول قد خلت من قبله الرسل﴾ موحەممەد کە هەیە پێغەمبەرێکەو ئادەمیزادە، نەخۆشیو کوژرانو برینداربوونو مردنیشی بەسەردا دێ، وەکوو چۆن ئەو شتانە بەسەر پێغەمبەرانی پێش خۆیدا هاتوون، ئەوەتا پێش ئەو مووساو عیسا هاتوونە ژیانەوەو دوایی مردوون، زەکەرییاو یەحیا کوژراون، لەگەڵ ئەوەشا ئایینەکانیان هەر ماون، پەیڕەوکارانیان هەن، کەوابێ پێویستە لەسەرتان کە لە سەر ئایین بەردەوام بن، تەنانەت ئەگەر پێغەمبەر بمرێ یان بکوژرێ، نابێ ئێوە هەڵبگەڕێنەوەو لە ئایین پەشیمان ببنەوە.

پێغەمبەر ئادەمیزادێکە وەکوو باقی پێغەمبەران ئەرکی پێویستی خۆی لەسەرشانە، ئەرکەکەی کۆتایی دێ بە لەدونیا دەرچوونی، جا کەسێک موحەممەد بپەرستێ ئەوە با بزانێ ئەو دەمرێ، کەسێکیش خودا بپەرستێ، ئەوە خودا زیندووەو نامرێ.

﴿أفإن مات أو قتل انقلبتم على أعقابكم﴾ ئایا ئەگەر موحەممەد مرد یان کوژرا!! ئێوە پاشگەز دەبنەوە؟! دەچنەوە سەر حاڵەتی نەفامیو گومڕایی؟! نابێ ئێوە هەرگیز بیر لە شتی وا بکەنەوەو هەڵوێستی ئاوا نەفامانە بنوێنن، خۆ ئەگەر پاشگەز ببنەوە، زیانەکەی بۆ خۆتانە، چونکە ﴿ومن ينقلب على عقبيه فلن يضر الله شيئا﴾ کەسێک دوای موسوڵمان بوونی پاشگەز ببێتەوەو لە ئایین پەشیمان بێتەوە، واز لە تێکۆشانو بەرەنگاری دوژمن بهێنێ، ئەوە با بزانێ هیچ زیانێک بە خودا ناگەیەنێ، بەڵکو زیان بە خودی خۆی دەگەیەنێو بۆ خۆی سزای دۆزەخ دەستەبەر دەکا. کەسێکیش خوداپەرست بێ بە مردن وکوژرانی پێغەمبەر واز لە ئایین نەهێنێو سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی خودا بێ، لەپێناو ئایینیدا شەڕ بکا، لەحاڵی ژیانو مردن دا پەیڕەوی پەیامی پێغەمبەر ﷺ بکا، ئەوە شوکرانە ژمێرە ﴿وسيجزي الله الشاكرين﴾ خودا پاداشتی شوکرانەژمێران دەداتەوە، بەگوێرەی کردارو هەڵوێستیان بەهرەمەند دەبن!

ئەم ئایەتە ڕێخۆشکەر بوو، بۆ لەدونیا دەرچوونی پێغەمبەر ﷺ، یادخەرەوە بوو، بۆ ئەوانەی وەکوو ئیمامی عومەر بیریام لە مردنی پێغەمبەر نەکردبووەوە، تەنانەت عومەر رضي الله عنه کە هەواڵی لەدونیا دەرچوونی پێغەمبەری بیست، تاساو سەرسام بوو، تووشی صەدمە بوو، وتی: هەرکەسێ بڵێ: موحەممەد مردووە دەیکوژم، بەم شمشێرە دوو لەتی دەکەم!

ئەنەسی کوڕی (النضر) (مامی ئەنەسی کوڕی مالیکێ) دەڵێ: لەو ساتە ناسکەدا کە لەجەنگی ئوحوددا بە سەر موسوڵمانان دا تێپەڕی ئەو کاتەی کە لەناو خەڵکێ دا بڵاوبووەوە کە موحەممەد ﷺ کوژراوە، بڕێ موسوڵمانی ورە رووخاوو بڕوا لاواز دەیانگوت: فرصەتمان بوایە پیاوێکمان بناردایە بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بەڵکو ئەمانو لێبوردنی لەئەبوسوفیان بۆ وەربگرتینایە! بڕێ دووڕووش دەیانگوت: ئەگەر ڕاستە موحەممەد کوژراوە بچنەوە سەر ئایینی پێشووتان.

جا ئەنەس دەڵێ: قسەکەیان نابەجێ بوو (خۆ ئەگەر موحەممەد کوژرابێ خۆ خودای موحەممەد نەکوژراوە، چۆن دوای پێغەمبەر ژیان دەگوزەرێنن؟ بڕۆن شەڕ بکەن لەسەر ئەو بەرنامەو پرۆگرامەی ئەو شەڕی لەسەر کردووە، بمرن لەسەر ئەو شتەی ئەو لەسەری مردووە).

ئەمجار گوتی: خودایە! من بە گوتەی ئەوان نەگری، من بەریم لە هەڵوێستی ئەوان، بەریم لەوەی کەئەوان دەیڵێن. ئەمجار شمشێرەکەی بەدەستەوە گرتو هەتا شەهید بوو شەڕی کرد!!

ئیمامی بوخاری لەئەبوسەلەمەوە دەگێڕێتەوە: کە عائیشە بۆی گێڕاوەتەوە دەڵێ: ئەو ڕۆژەی کە پێغەمبەر ﷺ لەدونیا دەرچوو ئەبوبەکر لەماڵی خۆیان لە (سونح)[1] بە سواری ئەسپێک هاتو دابەزیو چووە ژووری مزگەوت، لەگەڵ کەس قسەی نەکرد، تا چووە لای عائیشە کە

[1] شوێنێکە لە مەدینە گەڕەکی بەنو حاریثە یەک میل لە ماڵی پێغەمبەرەوە دووربووە.

لەنزیکیەوە پێغەمبەر ﷺ بە بوردی یەمانی داپۆشرابوو، پەردەکەی لەسەر رووی لاداو خۆی بەسەردا داو ماچیکردو گریا، ئەمجار وتی: دایکو باوکم بەقوربانت بن، سوێند بەخودا دوو مردنت بەسەردا نایەن. ئەو مردنەی کە خودا لەسەری نووسیوی ئەوا رووی داوەو لەدونیا دەرچووی!

ئیمامی زوهری دەڵێ: ئەبو سەلەمە لە ئیبنوعەبباسەوە بۆی گێرامەوە فەرمووی: ئەبوبەکر هاتە دەرەوە، عومەر قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد: (دەیگوت: هەرکەسێ بڵێ موحەممەد ﷺ مردووە زمانی دەبڕم) ئیتر ئەبوبەکر وتی: عومەر! کەسێک موحەممەدی دەپەرست، موحەممەد مردو بڕایەوە، کەسێکیش خودا دەپەرستێ؟ ئەوە خودا زیندووەو نامرێ، ئەمجار ئەم ئایەتە ﴿**وما محمد إلا رسول قد خلت من قبله الرسل**﴾ی خوێندەوە، سوێند بە خودا وام زانی ئەو خەڵکە لەوەپێش ئەم ئایەتەیان نەبیستووە، وەک ئەوە وابوو کە نەیانزانیبێ کەئەم ئایەتە هاتۆتە خوارێ! کە ئەبوبەکر خوێندییەوە خەڵکیش لەدەمی ئەوەوە هەنوو خوێندییانەوە، ئیتر لەوەو دوا هەرکەسێکم دەبینی ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە!

ئیبنوماجەش بەهەمان شێوە لە عائیشەوە گێڕاویەتییەوە![1]

ئەبولقاسمی طەبەری دەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە گێردراوەتەوە دەڵێ: ئیمامی عەلی لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ کە ئەم ئایەتە ﴿**أفإن مات أو قتل انقلبتم على أعقابكم**﴾ دەخوێندرایەوە دەیگوت: نە بەخوا دوای ئەوەی خودا شارەزای ئایینی کردووین پاشگەز نابینەوە، سوێند بە خودا ئەگەر بمرێ بکوژرێ تا گیانم تێدایە شەڕ دەکەم لە پێناو ئەو ئامانجەی ئەو شەڕی لەپێناودا دەکرد، سوێند بەخودا من براو میراتگرو کوڕی مامی ئەوم کێ لە من بۆ ئەو لەپێشترە؟ ﴿**وما كان لنفس أن تموت إلا بإذن الله كتابا مؤجلا**﴾ هیچ کەسێک نامرێ مەگەر بەویستی خودا نەبێ،

---

[1] تقسیر القرطبي ج٢/٢٢٢-٢٢٣.

هەتا ئەو ماوەیەی بۆی دانراوە تەواوی نەکا لە ژیان دەرناچیّ، دەبیّ خودا ئیزن بدا ویستو ئیرادەی لەسەر مردنەکەی بیّ ئەمجار دەمریّ!

ئەمە شتیّکی چەسپاوو سنووردار کراوە بە ماوەیەکی دیاریکراوەوە، کاتی دیاریکراوە، پیّشو پاش ناکا! زۆر وا دەبیّ پیاوی تازاو جەنگاوەر تووشی دەیەها شەڕو تیّکرژانی سامناک دەبیّو ناکوژریّ، لەنکاویّک ترسنۆکی وا هەیە ناویّریّ لە پیّستی خۆیدا بجوولیّتەوە کەچی دەکوژریّ! قورئان دەفەرمویّ: ﴿**وما يعمر من معمر ولا ينقص من عمره إلا في كتاب**﴾فاطر/١١. یان دەفەرمویّ: ﴿**فإذا جاء أجلهم فلا يستأخرون ساعة ولا يستقدمون**﴾النحل/٦١.

ئەمەن دیاری کراوە، کاتی مردن بڕاوەتەوە، قەزاو قەدەر فەرمانڕەوایە، هەڵسوڕیّنەری هەموو کاروبار پەروەردگارە، هەموو گیانیّک بە ئیزنی خودا دەردەچیّ، بە گویّرەی زانستی ئەو -بەبیّ پیّشکەوتنو دواکەوتن- هەموو گیانیّک لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دەردەچیّ!

دەی کەوابیّ بۆچی دەبیّ مرۆڤ بترسیّو لە تیّکۆشان دوا بکەویّ؟!

﴿**ومن يرد ثواب الدنيا نؤته منها ومن يرد ثواب الآخرة نؤته منها وسنجزي الشاكرين**﴾ کەسیّک هەوڵ بدا بۆ دونیاو ئامانجو مەبەستی بە دەستهیّنانی دونیا بیّ، ئەوە بە گویّرەی خۆی بەشی دەدەینو لە قیامەت بیّبەشە! کەسیّکیش هەوڵ بۆ دوارۆژ بداو، ئامانجی پلەو پایەی قیامەت بیّ بیّبەشی ناکەین! وەکوو لە ئایەتیّکی تردا دەفەرمویّ:

﴿**من كان يريد حرث الدنيا نؤته منها وما له في الآخرة من نصيب**﴾الشورى/٢٠. لە ئایەتیّکی تردا دەفەرمویّ: ﴿**من كان يريد العاجلة عجلنا له فيها ما نشاء لمن نريد ثم جعلنا له جهنم يصلاها مذموما مدحورا. ومن اراد الاخرة وسعى لها سعيها وهو مؤمن فأولئك كان سعيهم مشكورا**﴾الاسراء/١٨-١٩.

ئایەتەکەی ئیّرەیش بە (سیجزی الشاکرین) کۆتایی هاتووە، واتە: ئیّمە پاداشی شوکرانەژمیّران دەدەینەوە، بە فەزڵو گەورەیی خۆمان لە دونیاو

قیامەت بە گوێرەی شوکرو کردەوەیان لە پاداشی ئەوەدا کە لەشەڕدا هەڵنەهاتوون پاداشی نەبڕاوەیان دەدەینەوە. بەڵام ئێوە ئەی ئەو کەسانەی هەڵپەی دونیاتانە، لە رۆژی جەنگی ئوحوددا وازتان لە سەنگەری بەرگری هێناو سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەرتان کرد، بۆ تاڵانی گرتن راجمین! دەتوانن برێ لە کاڵای دونیایی بەدەست بهێنن، بەڵام ئەو دەسکەوتەی کە پێغەمبەر بانگەوازی بۆ دەکردن لە کیس خۆتان دا: کە خۆشبەختی دونیاو قیامەتە!

ئایەتەکە ئاماژەدەکا بۆ ئەوانەی رۆژی ئوحوود هەڵپەی تاڵانی گرتن، شتی تری لەبیر بردنەوە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکا کە ئیرادەی ئادەمیزاد شێوازی سروشتی کردەوە -چاک یان خراپ- دیاری دەکا دەفەرموێ: ﴿ومن یرد﴾ ئیسنادی فیعلەکە پاڵ شەخصەکە دراوە!! ئەوەش لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە بوخاریو موسلیم لە ئیمامی عومەرەوە دەیگێڕێتەوەکە فەرموویەتی: (إنما الأعمال بالنیات وإنما لکل امرئ ما نوی) یەک دەگرنەوە جا کەوابێ ئەی خاوەن بڕوایان! وەنەبێ ئەم کارەساتە هەر بەسەر ئێوە هاتبێ. ﴿وکأین من نبي قاتل معه ربیون کثیر﴾ زۆر لە پێغەمبەران لە رێگای خودادا جەنگاون، تبکۆشاون، پەیڕەوکارانیشیان شان بە شانی ئەوان لەپێناو بەرزکردنەوەی شیعاری (لا الە الا اللە)دا شەڕیان کردووە، نموونەو رەهنومایی‌کەری رۆشنبیرو شارەزایی‌کەر بوون.

﴿فما وهنوا لما أصابهم في سبیل الله وما ضعفوا﴾ ئەوان زەبوونیو لاوازییان نیشان نەئەدا لە بەرامبەر شەڕو شۆڕو کوژرانی خۆیانو پێغەمبەرەکانیان، دەستەوئەژنۆ دانەنیشتوون ورەیان نەڕووخاوەو مل کەچی دوژمن نەبوون.

﴿وما استکانوا﴾ دونیاپەرستو خۆپەرست نەبوون، پشتیان لە دژومن نەکردووە، بەڵکو خۆڕاگرو بەئارام بوون. ﴿والله یحب الصابرین﴾ پەروەردگار خۆڕاگرانی خۆش دەوێن؛ ئەوانەی خۆیان خۆڕاگر بوونو ورەی

هاوەڵانیشیان بەرزکردۆتەوە، ئەوانە خودا ڕێنماییان دەکاو پاداشی باشیان دەداتەوە! ئەمە سەرکۆنەکردنی موسوڵمانانی ئوحوودی تێدایە! کە لەو ڕۆژەدا ورەیان رووخاو دڵەلەرزەیان پێکەوت، بە هەواڵی کوژرانی پێغەمبەر ﷺ دەستیان لە کراسی هاتە دەرو، توانای بەرامبەری کردنی کافرەکانیان نەماو بیریان لەوە کردەوە چۆن پەیوەندی بە ئەبوسوفیامەوە بکەن لێبوردنیان بۆ دەستەبەر بێ!

دەی ئەوە کردەوەو هەڵوێستی زۆربەی هاوەڵانی پێغەمبەرەکانی پێشوو بوو، ﴿وما كان قولهم إلا أن قالوا ربنا اغفر لنا ذنوبنا وإسرافنا في أمرنا وثبت أقدامنا وانصرنا على القوم الكافرين﴾ لەکاتی تێکڕژانو روو بە روو بوونەوەی خودانەناسان دا جگە لە نزاو پاڕانەوە لەخوا هیچی تریان نەدەگوت، هەر دەیانگوت: پەروەردگارا! لە گوناهو کەمتەرخەمیمان خۆش بە، عەیبو عارو سەرپێچی کردنی فەرمانی خۆتمان داپۆشە، ئەژنۆمان بەهێز بکە، نزاو پاڕانەوەو داوای لێخۆشبوونیان لەخودا لەگەڵ ئەوەدا کە ڕەببانیو خوداویست بوون! ئەمە ئاماژەیە بە هەست کردنیان بە تەقصیرو کەمتەرخەمی، داواکردنی لێخۆشبوون لەپێش داوای ورەبەرزیو خۆڕاگری، بەو مەبەستەیە کە دڵو دەروونیان پاک بێو دوعاکەیان گیرابێ..

﴿فأتاهم الله ثواب الدنيا وحسن ثواب الآخرة والله يحب المحسنين﴾ ئیتر خودا لە پاداشتی خۆڕاگریو نزاو پاڕانەوەیان دا سەرکەوتنو زاڵبوونیانی بەسەر دوژمن دا پێ بەخشین. ناوو شۆرەتی پیاوەتی دونیایان دەست کەوت، وێڕای پاداشی باشی قیامەتیان کە ڕەزامەندیی خوداو ڕەحمەتو شادبوونیانە بە بینینی پەروەردگار لە بەهەشت دا، چونکە ئەوان لە دونیادا کردارو هەڵوێستیان بەگوێرەی ویستی خودا بووە، ویستوویانە سوننەتی خودا لەسەر زەوی بەرقەرار بکەن، خوداش چاکەکاری ئاوای خۆش دەوێن، پاداشی باشی ئەو کردارە چاکانەیان دەداتەوە!

ئەمەش ڕێنومایی کردنو پەروەردەکردنە بۆ هاوەڵانی پێغەمبەرو سەرنج ڕاکێشانیانە بۆ ئەوەی کە ئەوان شیاوترن بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ڕەوشتە باشانەو پێویستە پەیڕەوی ئەو کۆمەڵە خواویستە بکەن، لەبەرامبەر دوژمن دا نەبەردو نەترس بن! لە کردارو گوفتاری باشیان دا شوێن ئەوان بکەون.

ئایینی خودا یەکێ ئایینەو بنەماکانی گۆڕانکارییان بەسەردا نایە، سونئەتو دابو نەرێتی خودا لە بوونەوەردا گۆڕانی بەسەردا نایە.

نابێ موسوڵمانان بەگوێی کافران بکەن

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾ بَلِ ٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلنَّٰصِرِينَ ﴿١٥٠﴾ سَنُلْقِى فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلرُّعْبَ بِمَآ أَشْرَكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًاۖ وَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُۚ وَبِئْسَ مَثْوَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٥١﴾

لە ئایەتەکانی پێشوودا پەروەردگار فەرمانی کرد بە موسوڵمانان کە هاوەڵانی پێغەمبەرانی پێشوو بکەنە پێشەواو شوێنیان بکەون، موسوڵمانان دەترسێنێ لە شوێنکەوتنی کافرو جوولەکەو گاورەکانو دووڕووەکان؛ ئەوانەی کە پیلانیان لە بانگەوازی ئیسلامیی دەکردو دەفەرموێ: ﴿**یا أیها الذین آمنوا إن تطیعوا فریقا من الذین کفروا یردوکم علی أعقابکم فتنقلبوا خاسرین**﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوەو موسوڵمان بوون ئەگەر گوێڕایەڵی ئەوانە بکەن کە بڕوایان بە ئایینی ئێوە نیەو پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرەکەتان ڕەت دەکەنەوە، وەکوو ئەبو سوفیانو هاوەڵانی، عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی سەرۆکی دووڕووەکانو شوێنکەوتووانی، هەروەها سەرانی جوولەکەو گاورەکان، ئەوە بزانن دوای موسوڵمان بوونتان دەتانگێڕنەوە بۆ کوفرو خەسارەتمەندی دونیاو قیامەت

دەبن، لەدونیادا زیللەتی کوفرو بێدینی بەسەر شانتاندا دێ، عیززەتی ئیسلامتان لەکیس دەچێ! دوژمن لە وڵاتتاندا جێگیر دەبێ، لەززەتی سەرکەوتنو فەرمانڕەوایی‌و باڵادەستیتان نامێنێ، ئەو وادەیەی خودا پێی داون کە دەفەرموێ: ﴿**وعد ا لله الذين امنوا منكم، وعملوا الصالحات ليستخلفنهم في الأرض كما استخلف الذين من قبلهم وليمكنن لهم دينهم الذي ارتضى لهم وليبدلنهم من بعد خوفهم أمنا**﴾النور/٥٥. بۆتان نایەتە جێ‌و فەرمانڕەوایی سەرزەویتان لەکیس دەچێ‌و بۆ خۆتان دەبنە بۆرەپیاوو مسکێن‌و ژێر دەستە. لەقیامەتیشا خەسارەتمەندی ئەوە دەبن کە لەنیعمەت‌و خۆشی بەهەشت بێبەش دەبن‌و تووشی سزای دۆزەخ دەبن.

﴿بل ا لله مولاكم وهو خير الناصرين﴾ ئێوە پشت بە ئەوان مەبەستن بە هیوای یارمەتی بێباوەڕان مەبن، بەڵکوو خودا سەرپەرشتیکاری ئێوەیە، ئەو یارمەتیدەرو پشتیوانتانە، ئەو باشترین یارمەتیدەرە؛ وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**فاعلموا أن ا لله مولاكم، نعم المولى ونعم النصير**﴾**الأنفال/٤٠**.

هەر ئەویش سەرفرازی‌و سەرکەوتنی بۆ خۆی‌و پێغەمبەرو موسوڵمانان داناوە، دەفەرموێ: ﴿**و لله العزة ولرسوله وللمؤمنين**﴾المنافقون/٨. یەکێکیش لە دیاردەی یارمەتیدانی پەروەردگار بۆ خاوەن باوەڕان ئەوەیە: کە ترس‌و لەرز بخاتە دڵ‌و دەروونی کافرانەوە، چونکە بڕوایان دامەزراوو چەسپاو نییە، هەر ئەوەندەیە بەلاسایی کردنەوەی کوێرانە شەریک بۆ خودا دادەنێن، بت لە دارو بەرد دەتاشن‌و دەیانپەرستن، وەکوو دەفەرموێ:

﴿سنلقي في قلوب الذين كفروا الرعب بما أشركوا با لله ما لم ينزل به سلطانا﴾ ترس‌و لەرز دەخەینە دڵ‌و دەروونی ئەوانەی کە خوانەناسن‌و گومڕاو کافرن، چونکە ئەوان شەریک بۆ خودا دادەنێن، بەردو دارێک دەکەنە هاوبەشی خودا، کە هیچ بەڵگەو دەلیلێک نە عەقڵی‌و نە هەستی (حسی)یان بەدەستەوە نیە، کە شیاوی پەرستن بن! تاکە بەڵگەیان لەپەرستنی ئەو بتانەدا لاسایی کردنەوەی باوکو باپیریانەو دەڵێن: ئێمە

بیستوومانە ئەوانە ئەو بتانەیان پەرستووە، ئێمەش شوێن ئەوان دەکەوین ﴿**إنا وجدنا اباءنا علی أمة، وإنا علی اثارهم مقتدون**﴾الزخرف/٢٢.

دامەزرانی بیروباوەڕیان لەسەر ئەو بنەما پڕوپووچانە سەردەکێشێ بۆ پشێوی دڵو دەروونیان، شێوانی عەقڵو هۆشیان، تێکچوونی بیرو بۆچوونیان، پەیدابوونی ترسو لەرز لە دڵیاندا وێڕای ئەو بەدبەختییەی جیهانیان ﴿ومأواهم النار﴾ لە قیامەتا جێگایان دۆزەخە، بەهۆی ستەمکارییان لە خودی خۆیان، بەهۆی کوفرو بێدینیو سەرپێچیکردنیانەوە.

﴿وبئس مثوی الظالمین﴾ دۆزەخ خراپترین پەناگەو شوێنی مانەوەی ستەمکارانە.

ئەوەی لەو ئایەتانە وەردەگیرێ:

١- ترساندنو هەڕەشەکردن لە موسوڵمانانە کە بەهیچ جۆرێك گوێڕایەڵی کافرو خودانەناسان نەبنو بتمانەیان پێ نەکەن، چونکە هەرچەندە ئایەتەکە دەربارەی جەنگی ئوحود نازڵ بووە، بەڵام وەکوو دەڵێن: عیبرەت بەگشتی وشەکەیە، نەك بە تایبەتی هۆیەکەی.

٢- کافرو خودانەناسان هەمیشە لە قەلەقیو بیرشێواویدانو ترسو لەرز لەدڵیان دا جێگیرە.

هۆکارەکانی تێکشکانی موسوڵمانان لەجەنگی ئوحوودا

وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَ ۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ ۖ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥٢﴾ ۞ إِذْ تُصْعِدُونَ وَلَا تَلْوُۥنَ عَلَىٰٓ أَحَدٍ وَٱلرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِىٓ أُخْرَىٰكُمْ فَأَثَٰبَكُمْ غَمًّۢا بِغَمٍّ لِّكَيْلَا تَحْزَنُوا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا مَآ أَصَٰبَكُمْ ۗ

وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٥٣﴾ ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيۡكُم مِّنۢ بَعۡدِ ٱلۡغَمِّ أَمَنَةٗ نُّعَاسٗا يَغۡشَىٰ طَآئِفَةٗ مِّنكُمۡۖ وَطَآئِفَةٞ قَدۡ أَهَمَّتۡهُمۡ أَنفُسُهُمۡ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ مِن شَيۡءٖۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَمۡرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِۗ يُخۡفُونَ فِيٓ أَنفُسِهِم مَّا لَا يُبۡدُونَ لَكَۖ يَقُولُونَ لَوۡ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٞ مَّا قُتِلۡنَا هَٰهُنَاۗ قُل لَّوۡ كُنتُمۡ فِي بُيُوتِكُمۡ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَتۡلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمۡۖ وَلِيَبۡتَلِيَ ٱللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمۡ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمۡۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٥٤﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ مِنكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ إِنَّمَا ٱسۡتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِبَعۡضِ مَا كَسَبُواْۖ وَلَقَدۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٞ ﴿١٥٥﴾

ئەمجا دێتە سەر ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی تێشکانی موسوڵمانان لە جەنگی ئوحوددداو دەفەرموێ: ﴿ولقد صدقكم الله وعده﴾ سوێند بە خودا بێگومان پەروەردگارتان بەڵێنی خۆی بە سەرکەوتنتان بەسەر دوژمن دا هێنایە دی ﴿إذ تحسونهم باذنه﴾ ئەو کاتەی دەستتان کرد بە لێدانو کوشتنیانو قەلاچۆتان دەکردن بە پشتیوانی خوداو یارمەتیدانی ﴿حتى إذا فشلتم﴾ تا ئەو کاتەی ترسو خۆف دایگرتن، لەشەڕ ترسانو ئەژنۆتان شکا ﴿وتنازعتم في الأمر﴾ کێشەتان تیٚکەوت دەربارەی جیٚبەجیٚکردنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ لێتان بوو بە مقۆ مقۆ لەسەر کەژی ئوحود، هەندێکتان وتتان: با شوێنی خۆمان بەجێ بێڵینو فریای تالان بکەوین،

هەندێکیشتان وتتان: بێ ئەمری پێغەمبەر ﷺ ناکەین، لەسەنگەرەکان دا تەنها عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیر (کە سەرکردەی تیرهاوێژەکان بوو) لەگەڵ چەند هاوەڵێکی دا مانەوەو ئەوانی تر شوێنەکانی خۆیان چۆڵ کرد ﴿وعصيتم من بعد ما أراكم ما تحبون﴾ سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەرتان کرد دوای ئەوەی پێتان خۆش بوو ئەوەی دیتان! کە بریتی بوو لە تێکشکانی سوپای کوفرو سەرکەوتنی موسوڵمانانو هەبوونی دەستکەوتو غەنیمەت، ئیتر وادەی پەروەردگار بە یارمەتیدانتان دواکەوت.

عوروەی کوڕی زوبەیر دەڵێ: پەروەردگار بەڵێنی پێدان کەئەگەر خۆڕاگربنو تەقوای خودا بکەن، خودا بە پێنج هەزار فریشتەی نیشانەکراو کۆمەکییان پێ دەکا، کە تیرهاوێژەکان سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەریان کردو سەنگەرەکانی خۆیان جێهێشتو بۆ تالان گرتن هاتنە خوارێ، یارمەتیدان بە فریشتەیان لێسەندرایەوە، ئایەتی ﴿ولقد صدقكم الله وعده إذ تحسونهم بإذنه﴾ ناردە خوارێ، خودا بەڵێنی خۆی بەجێ هێنا. سەرکەوتنی پیشان دان، بەڵام کە سەرپێچییان کردو فەرمانی پێغەمبەریان شکاند تووشی ئەو تێشکانو نارەحەتیەی کردن.

ئەمجار پەروەردگار هۆی کێشەو سەرپێچی تیرهاوێژەکان روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿منكم من يريد الدنيا﴾ هەتان بوو هەڵپەی دونیای بوو؛ دەیویست دەستکەوتو غەنیمەت دەست بکەوێ!

ئیبنومەسعود دەفەرموێ: هیچ کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەر هەستی بەوە نەدەکرد کە دونیاویستیان تێدابێ! تا رۆژی جەنگی ئوحوود هات،! ئەوانە ئەو کەسانە بوون کە لەسەر کەژەکە سەنگەرەکانی خۆیان چۆڵ کردو بەهیوای گرتنی تالان هاتنە خوارەوە. ﴿ومنكم من يريد الآخرة﴾ هەشتان بوو، پاداشی رۆژی قیامەتی دەویست، پابەندی فەرمانی پێغەمبەر بوونو شوێنی خۆیان جێنەهێشتو لەگەڵ سەرکردەکەیان: عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیر مانەوە، خالیدی کوڕی وەلیدو عەکرەمەی کوڕی ئەبو جەهل -کە ئەوسا کافر بوون- هەڵمەتیان بۆ بردن دەوریان گرتن

ئەوانەی مابوونەوە لەسەر کەژەکە شەهیدیان کردن!!

لۆمەکە روودەکاتە ئەوانەی سەرپێچییان کردو شوێنی خۆیان بەجێ هێشتو هەڵاتن، روو ناکاتە ئەوانەی کە لە شوێنی خۆیان مانەوەو تا شەهیدبوون بەرگرییان کرد، ﴿ثم صرفکم عنهم﴾ دوای ئەوە کە لەسەرەتاوە سەرکەوتن، بەهۆی شکاندنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ شکانو کوژرانو هەڵاتنی بەسەردا هێنان ﴿لیبتلیکم﴾ بۆ ئەوەی بیرو باوەڕتان تاقی بکاتەوە، بۆ خۆتان بزانن، تا چ رادەیەک خۆڕاگرن -چونکە خودا بۆ خۆی پێش ئەوەش ئەوەی دەزانی- ﴿ولقد عفا عنکم﴾ دڵنیابن خودا لەو تاوانەتان خۆش بووە، بەو ژێرکەوتنو تاقیکردنەوەتان شوێنەواری تاوانەکانتانی سڕیەوە، تۆبەی لێ قبوڵ کردن، پەشیمانیتان وەرگیرا، ﴿وا الله ذو فضل علی المؤمنین﴾ خودا خاوەن فەزڵو بەزەییە بۆ موسوڵمانان، چونکە بەهۆی تاوانەکانیانەوە لەبێخ دەری نەهێنان! وێ دەچێ هۆیەک لە هۆیەکانی بەزەیی هاتنەوەی خودا پێیان زۆری دوژمنو هەبوونی چەکو پێویستیاتی جەنگ لە لایانو کەمیی موسوڵمانانو نەبوونی پێویستیاتی جەنگ لایان بووبێ، ﴿إذ نصعدون ولا تلوون علی أحد والرسول یدعوکم في أخراکم﴾ یادی ئەوە بکەنەوە کە کافرەکان بۆ سەر کێوەکە هەڵیان بڕینو راویان نان، ئێوە بە شکاوی راتان دەکردو ئاوڕتان لەکەس نەدەدایەوە، لەبەر ترسو لەرزو پەشۆکاوی خۆتان دەتان قوچاند، پێغەمبەرتان بەجێ هێشتبوو، لەدواوە بانگی دەکردن دەیگوت: هەڵمەیێنو وەرنەوە بۆ لای منو لەدەورەم کۆ ببنەوەو خۆڕاگرنو بەرگری بکەنو هەڵمەت بەرن؛ ئەوە مَن پێغەمبەرم ماوم، نەکوژراوم، کەسێک بگەڕێتەوەو هەڵمەت بەرێ بەهەشت بۆ خۆی حەڵاڵ دەکا.

بەڵام ئێوە گوێتان پێ نەداو نەگەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ.

ئیبنوعەبباس دەفەرموێ: (بانگ کردنی پێغەمبەر ﷺ بریتی بوو لەوە دەیفەرموو: ئەی بەندەکانی خودا هەڵمەیەن بگەڕێنەوە، بۆ گۆڕەپانی جەنگو شەڕ بکەن!

﴿فأثابكم غما بغم﴾ پەروەردگار سزای دانەوە بە غەمو ناڕەحەتیو تێشکان بەهۆی ئەو غەمو ناڕەحەتییەی خستانە دڵی پێغەمبەرەوە کە سەرپێچی فەرمانەکانتان کرد. کەوابێ (خەم)ی یەکەم تێشکانی موسوڵمانانو لەکیس چوونی دەستکەوتو کوژرانی هاوەڵانی پێغەمبەرە ﷺ، (خەم)ی دووەم کە هۆی خەمی یەکەمە، ئەو ناڕەحەتییەیە کە تووشی پێغەمبەر ﷺ بوو بەهۆی سەرپێچی کردنی ئێوەوە بۆ فەرمانەکەی !! خودا تووشی ئەو ناخۆشیو چەرمەسەرییەی کردن بۆ ئەوەی رام ببن لەسەر ناڕەحەتیو خۆ بۆ ناخۆشی رابگرن، لە ناو رووداوەکان دا قال ببن!

﴿لكيلا تأسوا على ما فاتكم﴾ تا خەفەت بۆ ئەوە نەخۆن کە لەکیستان چووە لە سوودو تالانی جەنگ.

﴿ولا ما أصابكم﴾ هەروەها خەفەت نەخۆن بۆ ئەو زەرەرو زیانەی تووشتان بووە، ئەو ئێشو ئازارەی پێتان گەیشتووە لە دوژمنەوە وەکوو کوژرانو بیرینداریو ماندووبوونو برسیایەتیو تینوایەتی!

﴿والله خبير بما تعملون﴾ خودا ئاگاداری کردارو هەڵوێستو مەبەستتانە لەسەر چاکەو خراپە پاداشتتان دەداتەوە!

چونکە کردەوە هۆکارە بۆ سەرکەوتنو، هەل بەدەست هێنانە بۆ تەوابوونی ئیمانو خۆڕازاندنەوەیە بە رەوشتی بەرز.

﴿ثم أنزل عليكم من بعد الغم أمنة نعاسا﴾ ئەمجار خودا دوای ئەو غەمو ناڕەحەتییەی تووشتان هات، پاش ئەو ترسو لەرزەی پێتان گەیی، ئەمنو ئاسایشو ئارامی ناردە سەر دڵتان، تەنانەت ئەوەندە لە دوژمنتان بێباک بوون وەنەوز دایگرتن، وەنەوزیش لەکاتی وادا نیشانەی بێ باکیو ئەهەمیەت پێنەدانە، بۆ ئەوەی ئەو سەرشۆڕییە بشۆنەوە، رەدی ئیعتیبار بکەنەوە، ئەو زەبوونیو لاوازییەی تووشی هاتوون نەمێنێ.

وەکوو لە سوورەتی ئەنفال دا هاتووە دەربارەی غەزای بەدر دەفەرموێ: ﴿إذ يغشيكم النعاس أمنة منه﴾الانفال/١١.

ئەبو طەلحە دەفەرموێ: مــن یـەکێک بووم لەوانـە کـە لـە جـەنگی ئوحوددا وەنـەوز دایگـرتم! تەنانـەت شمشێرەکەم لەدەســت دەکەوتــە خوارێو هەڵم دەگرتەوە: چەند جارێک ئاوا شمشێرەکەم لەدەستم دەکەوتە خوارێو هەڵم دەگرتەوە.[1]

﴿یغشـی طائفـة منکـم﴾ بـەڵێ، وەنـەوز (خەوەنوچکـە) کۆمــەڵێکی داپۆشین کە بریتی بوون لە کۆچکەرانو زۆربەی یاریدەدەران واتە: ئەوانەی بڕوا قایمو گەش بین بوون، یان کۆمەڵی یەقینو خۆڕاگرو پشت بەستوو بـە خـودا بــوون، ئەوانــەی کــە دڵنیــابوون لــەوەی پــەروەردگار یارمــەتی پێغەمبەرەکەی دەداو ئاواتەکانی بۆ دێنێتە جێ.

﴿وطائفة قد أهمتهم أنفسهم﴾ کۆمەڵێکیش خـەمی خۆیـان هـەموو شتێکی لـەبیر بردبوونـەوە، تـرس دڵو دەروونـی داگـیر کردبـوون، چونکـە بتمانـەیان بـە یارمـەتیدانی خـودا نـەبوو، بڕوایــان بــە پێغەمبەرایـەتی پێغەمبەر ﷺ نەبوو، ئەوانە کۆمەڵی دووڕووەکان بوون، وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیو مەعتەبی کـوڕی قوشـەیرو هاوەڵانیـان، ئەوانـە وەنـەوزیان نـەدەهاتیو لـەترسو دڵەڕاوکـەو قەلـەق دا بــوون، هیــچ کۆڵێکیــان بــە پێغەمبەرو ئایینەوە هەڵ نەگرتبوو!!

﴿یظنون با لله غـیر الحق ظـن الجاهلیـة﴾ گومانیـان بـە خـودا دەبـرد بەشێوەیەکی ناڕەوا، دەیانگوت: ئەگەر راست بوایە موحەممەد پێغەمبەر بوایە کافرەکان ئاوا زاڵ نەدەبوون بەسەریدا!! ئـەم جـۆرە وتانـە جگـە لـە کافرو موشریک کەسی تر نایڵێ: ﴿یقولون هل لنـا مـن الامـر مـن شیء﴾ بڕێکیـان بـە بڕێکییانیـان دەگـوت: ئایـا ئێمـە لەسـەرکەوتنو سـەرفرازی بەشمان هەیە؟ پرسیارەکەیان بەشێوەیەکی ئینکار ئامێز بوو، مەبەستیان ئـەوەبوو کـە هیـچ سـەروەرێکیان دەست ناکـەوێ، ئـەوان وا لــە ئــایین تێگەیشتبوون کە هەر دەبێ خاوەن ئیمان سەرکەون، پێیــان وابــوو ئــایینو

[1] ئیمامی بوخاری ئەم رووداوەی لە (المغازی)دا ریوایەت کردووە.

سەرکەوتن دوو شتی لێک جیا نەبوەوەن! بەڕاستی گومانەکەیان هەڵەبوو، چونکە یارمەتیدانی خودا بۆ پێغەمبەرانی ئەوە ناگەیەنێ کە دەبێ هەموو کاتێک پەیڕەوانی پێغەمبەرانی سەرکەون، بەڵکو ڕێ دەکەوێ ژێر دەکەون، کاتێک پەیڕەوی یاسای سروشتیان نەکردبێ، بەڵام هەموو کاتێ کۆتایی زێرین‌و سەرفرازی دوا رۆژی بۆ تەقواکارانە.

ئەمجار رستەیەکی تێهەڵکێشی هێناو فەرمووی: ﴿قل إن الأمر كله لله﴾ پێیان بڵێ: هەرکارێک ئەنجام دەدرێ، ئەوە بەگوێرەی دابو نەرێتی خودایەو بەپێی یاسای ئەو هەڵدەسووڕێ!! لە ئاکامی پەیوەندی هۆو هۆکار (علەو معلول)وە دێتەجێ.

سەرکەوتن‌و هەڵسووڕانی کاروبار هەمووی بەدەستی پەروەردگارە، کەس رایەی ناکەوێ بە هی خۆی بزانێ، خودا یارمەتی بەندە موخلیصە باوەڕدارەکانی دەدا، وەکوو بەڵێنی داوەو دەفەرموێ: ﴿كتب ا لله لأغلبن أنا ورسلي﴾المجادلة/٢١.

یان دەفەرموێ: ﴿وإن جندنا لهم الغالبون﴾الصافات/١٧٣.

ئەو کۆمەڵە خودانەناس‌و دووڕووانە ﴿يخفون في أنفسهم ما لا يبدون لك﴾ لەدڵی خۆیان دا بیروباوەڕێکیان شاردۆتەوە کە ناوێرن بۆ تۆی ئاشکرا بکەن؛ ئەوان کە پرسیارت لێ دەکەن‌و دەڵێن: ﴿هل لنا من الأمر من شئ﴾ وای پیشان دەدەن کە پرسیاری رێنومایی‌و ئاشکرابوونی شتێکە کە نایزانن! بەڵام لەراستی‌دا پرسیاری ئینکاری‌و بە درۆخستنەوەیە ﴿يقولون لو كان لنا من الأمر شئ ماقتلنا ههنا﴾ دەڵێن: کە سەرکەوتن‌و زاڵبوون بەدەست خوداو بەندە راستگۆکانی بوایە وەکوو موحەممەد دەیڵێ: کە کاروبار بەدەست خودایەو سەرکەوتن بۆ خۆشەویستانیەتی، ئێمە ئاوا ژێر نەدەکەوتین؟! ئەو هەموو موسوڵمانانە نەدەکوژران، ئەگەر موحەممەد بە ڕاستی پێغەمبەر بوایە، ئاوا ژێر نەدەکەوت؟

ئەمجار پەروەردگار بیروبۆچوونەکەیان رەت دەکاتەوە بەوە کە هەموو ئیش‌و کارێک لە بوونەوەردا بەگوێرەی سوننەتی خودا

هەڵدەسوڕێن، ئەوەیان لەبیر خۆ بردۆتەوە کە سەرکەوتن بە کۆمەکی ئەو دێتەجیّو تێشکان بەهۆی سەرپێچی موسوڵمانان پەیدا دەبیّ! ئەوەشیان لەبیر خۆ بردۆتەوە کە تەمەنی هەموو ئادەمیزادێک ماوەیەکی دیاریکراوی هەیەو پاشو پێش ناکا! بۆیە پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ کرد کە وەڵامیان بداتەوەو دەفەرموێ:

﴿قل لو کنتم في بیوتکم لبرز الذین کتب علیهم القتل إلی مضاجعهم﴾ پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە لە ماڵی خۆشتان بونایە ئەوانەی کوژرانیان لەزانستی خودادا دیاری کراوە، دەهاتنە ئەم شوێنی کوژارنەیانو گیانیان دەردەچوو، ئەم دەشتە دەبووە شوێنی لەخوێندا گەوزانیان.

بەکورتی ترس، قەزاو قەدەر ناگێڕێتەوە، تەگبیر بەرامبەریی تەقدیرو نەخشەکێشانی خودا ناکا، ئەوانەی کوژارنیان بۆ نووسراوە دەبیّ بکوژرێن ئەگینا زانیاری خودا دەبێتە نەزانی، ئەوانەی کوژران، بۆیە کوژران چونکە ئەجەلیان هاتبوو! بەگوێرەی نەخشەی (لوح المحفوظ) بوو. ﴿ولیبتلي الله ما في صدورکم﴾ پەروەردگار ئەو تێشکانەی تووشی موسوڵمانان کرد بۆ تاقیکردنەوەی ورەی خاوەن باوەڕانو دەرخستنی ڕێژەی ئیخلاصو خۆڕاگرییان بوو. ﴿ولیمحص ما في قلوبکم﴾ بۆ لێک جیاکردنەوەو لێک هەڵاواردنی ئەوەی لە دڵیاندایە لە نەخۆشیو ختوکەدانی شەیتانو پاک کردنەوەی دڵ، تا بڕواو ئیمانتان بگاتە ترۆپکی یەقین.

﴿والله علیم بذات الصدور﴾ خودا پێویستی بە تاقیکردنەوە نیە، هیچ شتێکی لیّ ون نابیّ، لە ئاسمانو زەویدا شتێک نیە خودا پیّی نەزانیّ! خودا زانایە بە نهێنی دڵو دەروون، دەزانیّ چییان تێدایە. ئەوەی بۆیە کرد، تا چۆنیەتی ئەو خەڵکە دەربخا، هەڵوێستی موسوڵمانانی خۆڕاگرو راستاڵ لەهەڵوێستی دوو ڕوو فێڵباز جیا بکاتەوە..

﴿إن الذین تولوا منکم یوم التقی الجمعان إنما استزلهم الشیطان

بیعض ما کسبوا﴾ ئەو تیر هاوێژانەی پێغەمبەر ﷺ لە جەنگی ئوحووددا فەرمانی پیٚ‌کردن کە لە شوێنی خۆیان دا جێگیر بنو نەجوولێن بۆ ئەوەی پارێزگاری پشتەوەی سوپای ئیسلام بکەن، شوێنی خۆیان بەجیٚ‌نەهێشت مەگەر بە ختوکەی شەیتان نەبیٚ بۆیان، شەیتان ئەو کارەی پیٚ‌کردنو هەڵیخەڵەتاندن، چونکە بریٚ تاوانیان کردبوون.

واتە: ئەوانەی رۆژی جەنگی ئوحوود شکانو هەلاتن، هۆی تێشکانو هەلاتنیان بە گوێکردنی شەیتانو ئەنجامدانی تاوانو خراپەکاری بوو کە پشتیوانی پەروەردگاری لیٚ بڕینو ورەیان رووخاو قوچاندیان. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە گوناه گوناه کێش دەکا، هەروەکوو چۆن تاعەت کردن تاعەت دەهێنیٚ! بەلام موصیبەت -کە شکان لەشەڕدا بۆ خۆی بەلایە- دەبنە ئاکامو بەرووبوومی خراپە.. وەکوو چۆن پاداشی چاکەش چاکەیە.

ئەمجار **﴿ولقد عفا عنکم﴾** بێگومان خودا لە تاوانی هەڵهاتنەکەتان خۆش بوو، لە قیامەت دا سزاتان نادا لەسەری!

سزای دونیاشیان کە ئاوا تیشکانو تووشی دەردی سەری هاتن ئەوە تاقیکردنەوەو پاڵفتەکردنو لەبۆتەدان بوو بۆیان ئەمەش دەرگای هومێدیان لیٚ دەکاتەوەو ناهێڵیٚ نائومێدی دڵو دەروونیان داگریٚ **﴿إن الله غفور رحیم﴾** بێگومان خودا زۆر بە بەزەیی‌یە، دوای تۆبەکردن لەتاوانی گەورەو بچووکی بەندەکانی خۆش دەبیٚ، زۆر لەسەرەخۆو هێدییە، تۆڵەی دەس بەجیٚ ناسێنیٚ! بەڵکو مۆڵەتی بەندەی دەدا بۆ ئەوەی بەخۆیدا بچێتەوە، هەڵەکانی خۆی راست بکاتەوە چارەسەری کەمو کورتیەکانی بکا.

هەڵنانی موسوڵمانان بۆ جەنگو جیهادو وریا بن دووڕووەكان كاریان تێ نەكەن

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَقَالُواْ لِإِخْوَٰنِهِمْ إِذَا ضَرَبُواْ فِى ٱلْأَرْضِ أَوْ كَانُواْ غُزًّى لَّوْ كَانُواْ عِندَنَا مَا مَاتُواْ وَمَا قُتِلُواْ لِيَجْعَلَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ حَسْرَةً فِى قُلُوبِهِمْ ۗ وَٱللَّهُ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١٥٦﴾ وَلَئِن قُتِلْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَوْ مُتُّمْ لَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَحْمَةٌ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿١٥٧﴾ وَلَئِن مُّتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لَإِلَى ٱللَّهِ تُحْشَرُونَ ﴿١٥٨﴾ .

دوای ئەوە پەروەردگار لەم ئایەتانەی پێشوودا موسوڵمانانی لە وەسوەسەی شەیتان ترساند، ئەو وەسوەسەیەی کە موسوڵمانانی تووشی ئەو تێشکانە گەورەیە کرد، لەجەنگی ئوحووددا!

ئەجار لێرەدا دێ موسوڵمانان لە وەسوەسەو دەنەدەنەی درۆو کۆمەکیکارانی شەیاتین دەترسێنێو دەفەرموێ: ﴿**یا أیها الذین آمنوا لا تکونوا کالذین کفروا وقالوا لإخوانهم إذا ضربوا في الأرض أو کانوا غزی لو کانوا عندنا ما ماتوا وما قتلوا**﴾ ئەی خاوەن باوەڕان! نەچن وەکوو ئەو بێبڕوایانە بکەن: کە هەرکاتێ براو خزمو کەسو کاریسان بچوونایە بۆ سەفەرێک، یان بۆ غەزایەکو بمردنایە؛ یان شەهید بکرانایە، دەیانگوت: ئەگەر نەچوونایەو لەلای ئێمە بمانایەوە نە دەمردنو شەهید نەدەکران! ئەی خاوەن بڕوایان ئێوە! بیروباوەڕی وا پەیڕەو مەکەن، بیروبۆچوونی وا لە دڵو دەروونی خۆتان دەربکەن، ئەوە سەرلێشێوانە بەرامبەر بە ئایینو گومڕاییە لە بیروباوەڕدا، چونکە ژیانو مردن بە دەست پەروەردگارن، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وما کان لنفس أن تموت إلا بإذن ا لله**

كتابا مؤجلا﴾ال‌عمران/١٤٥.

پێویستە ئەوە بگوترێ: کە قەزاو قەدەر ئادەمیزاد ناچار ناکەن بۆ کردنی کارەکانی، چونکە قەزا (قضاء) بریتییە لە پەیوەندبوونی زانستی خودایی بە شتێکەوە، زانستو دەرخستنو ئاگاداری بەسەر شت دا کاریگەری تێدا ناگەیەنێ! قەدەریش بریتییە لە پەیدابوونی شت بەگوێرەی زانیاریو زانست. زانستی خودا هەمیشە لەگەڵ رووداوەکان دا چوون یەکە، هەرگیزاو هەرگیز رووداو بە پێچەوانەی زانستی خوداوە نابێ، ئادەمیزادیش لە کردارەکانیدا ئازادە بەڵام تواناو ویستو زانستی سنووردارەو رەها نیە، کەمو کووڕی تێدابە، جاری وا هەیە دەیەوێ ئیشێک بکا، کارێک پەسەند دەکا کردنی ئیشەکە، یان پەسەندکردنی کارەکە بە ویستو ئیرادەی خۆیەتی!! بەڵام ئادەمیزاد بەهیچ جۆرێک زانیاری بە کاتو شوێنو هۆیەکانی مردن نیەو نازانێ بە چ دەمرێ!

هەرکاتێ شتەکە رووی دا ئەو کاتە دەزانێ کەئەو شتە بووە، جا کە ئینسان بڕوای بە یارمەتیدانی خوداو پاڵپشتی کردنی هەبێو بزانێ ئەو یارمەتی دەدا بۆپەیڕەوکردنی هۆیەکانی خۆشبەختی، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هۆکارانەو وێڕای بڕوا دەروونی‌یەکە، ئیتر لە کارەکانیدا چوستو چالاک دەبێو لەتێشکانو هەڵەنگوتن دوور دەکەوێتەوە!

کەواتە ئەی خاوەن باوەڕان وەکوو ئەو خوانەناسانە مەبن کە دەربارەی مردوو کوژراوەکان ئەو جۆرە قسانەیان کردن.. ﴿**ليجعل ا لله ذلك حسرة في قلوبهم**﴾ بۆ ئەوەی سەرەنجامی ئەو جۆرە قسانە ببێتە داخو کە سەر لە دڵیان داو زیاتر بۆیان بەپەرۆش بن، ورەیان بڕوخێو پەشیمانی بنوێنن وەکوو ئەوان تووشی حەسرەت دەبن وەکوو ئەوان لە تێکۆشانو بەرەنگاری کولدەبن!

پەروەردگار ئەو بیروباوەڕەی لەلای ئەو بێبڕوایانە پەیدا کرد، بۆ ئەوەی زیاتر حەسرەتبار بنو، پتر خەم بۆ مردووو کوژراویان بخۆن!

بەڵام ئەوان نەزانو تێنەگەیشتوونو بە هەڵەچوون، چونکە ﴿وا لله

﴿یحیي ویمیت﴾ خودا دەژێنیو دەمرێنێ.. واتە: دروستکردنو بەدیهێنان بەدەست خۆیەتی، لە ناوبردنو مردن بە ویستو فەرمانی ئەو دەبێ! کەس ناژیو کەس نامرێ بەویستو ئیرادەی ئەو نەبێ! تەمەنی کەس بە بێ ئیرادەو رەزامەندی ئەو لیی زیادو کەم ناکرێ؛ ﴿وا لله بما تعملون بصیر﴾ خودا ئاگادراو بینایە بەو کردارو گوفتارەی ئەنجامیان دەدەن! هەرچی لەدڵتان دا شاردووتانەتەوە: لەو بیروباوەڕانەی کە کاریگەرییان هەیە لە گفتارو کردارتان دا، لای خودا نمایانە! هەوڵ بدەن دڵو دەروونتان پاک بکەنەوە لە وەسوەسەی شەیتانو دووڕووەکان، تا ئەو هەڵوێستانەی لە کافرەکان دیاری دەدا لە ئێوە دیاری نەدا.

لێرەدا ئەمە هەڕەشەکردنە لە موسوڵمانان کە لە گوفتارو کرداردا لاسایی خودانەناسان نەکەنەوە!

ئەمجار مزگێنی بەختەوەریی دواڕۆژ دەدا بەو کەسانەی کە لەڕێگای خودادا دەکوژرێنو دەمرنو دەفەرموێ: ﴿ولئن قتلتم في سبیل ا لله أو متم لمغفرة من ا لله ورحمة خیر مما یجمعون﴾ ئەگەر ئێوە لەڕێگای خودادا بکوژرێن یان بمرن، ئەوە لێخۆشبوونی خودا بەدەست دێنن، لێخۆشبوونی خوداو رەحمەتو بەزەیی ئەو باشترە لەو ماڵو دارایییەی کافرەکان تێیدا رادەبوێرن، چونکە دونیا سێبەری بێ بەقایەو پایەدار نابێ.

مردن لە رێگای خودادا مردنێکە لە چوارچێوەی ئەو کارانەی کە ئینسان دەیانکا لەکاری چاکە کە خودا شارەزایی بۆ کردوونو پێیان رازییە، جەنگاوەر جاری وا هەیە لەکاتی شەڕدا دەمرێ بەهۆی ماندوبوون یان بەهۆی ئەنجامدانی کردەوەیەکی شەڕ داخوازیەتی، ئەمە پێی دەگوترێ مردن لەرێگای خودادا...!

بەکورتی: ئەو لێخۆشبوونەی کە گوناهی جەنگاوەرانی موسوڵمان دەشواتەوە، ئەو رەحمەتەی پلەی جەنگاوەران بەرز دەکاتەوە، زۆر باشترە لەو ماڵو دارایییەی ئەو هەڵپەکەرانە هەوڵی بۆ دەدەنو خۆی بۆ ماندو دەکەن! کەوابێ جێگای خۆیەتی موسوڵمانان لێخۆشبوونی خودا بۆ خۆیان

بەدەست بێنن، حەسرەتبار نەبن بۆ ئەوانەی لەرێگای خودادا دەمرنو دەکوژرێن چونکە ئەوەی لەو دونیا دەستیان دەکەوێ زۆر باشترە لەوەی کە لە دونیادا تێیدان.

﴿ولئن متم أو قتلتم لإلى الله تحشرون﴾ ئێوە ئەگەر بە هەر هۆیەک بمرنو لەناو بچن، بێگومان هەر بۆ لای خودا دەگەڕێندرێنەوەو حەشرتان بۆ لای ئەوە، هەر کەسە بە گوێرەی کردەوەی خۆی پاداشو سزای دەدرێتەوە؛ چاکە بە چاکەو خراپە بە خراپە.. جگە لە زاتی یەزدان داوا لەکەس ناکرێ بۆ پاداشو لەکەسی تریش ئومێدی لابردنی سزا ناکرێ!

مەبەست لە حەشر بۆ لای خودا ئەوەیە کە لەو ڕۆژەدا کە حەشری ئادەمیزادی تێدا دەکرێتەوەو هەموویان لەدەشتی مەحشەردا چاوەڕوانی ئەوەن ئاخۆ خودا چ پاداشێکیان دەداتەوەو، هیچ شتێک نیە لەو چاوەڕوانیە مەشغوڵی بکا، لێی عەیانو نومایانە کە هەموو شتێک بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە، هیچ شتێک خودای لەبیر ناباتەوە بەڵام ئادەمیزاد لەم دونیایەدا جاری وا دەبێ لە خودا غافڵ دەبێو هەیبەتو جەلالی پەروەردگاری لەیاد دەچێتەوە، دەسەڵاتو گەورەیی خودای لێ ون دەبێ، چونکە مەشغوڵ دەبێ بە داکۆکی بەڵاو موصیبەت لەخۆیو دابین کردنی لەززەتو خۆشی بۆ خۆی، جا ئەگەر ئاکامو سەرەنجامی هەموو زیندوێک مردن گەڕانەوە بێ بۆ لای خودا، ئیتر خۆ خەریک کردن بە بەرەنگاری کردنی هۆکاری مردن بێسوودە، ئەوەی شیاوی ئادەمیزادی خاوەن عەقڵو هۆشمەندە ئەوەیە: کە گرنگی بدا بە پاشەڕۆژو خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو ڕۆژەو کارکردن بۆ خۆشبەختیو کامەرانی دوا ڕۆژ!!

مامەڵەکردنی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ هاوەڵانیدا بەشێوەی نەرمو نیانو راوێژ

فَبِمَا رَحۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمۡۖ وَلَوۡ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلۡقَلۡبِ لَٱنفَضُّواْ مِنۡ حَوۡلِكَۖ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ فَإِذَا عَزَمۡتَ فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾ إِن يَنصُرۡكُمُ ٱللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمۡۖ وَإِن يَخۡذُلۡكُمۡ فَمَن ذَا ٱلَّذِي يَنصُرُكُم مِّنۢ بَعۡدِهِۦۗ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿١٦٠﴾

لە ئایەتەکانی پێشوودا باسی ئەو شتانەی کرد کە سوودبەخشن لەهەردوو دونیا؛ یەکێ لەو شتە هەرە خۆشانە ئەوەبوو کە عەفووی کردنو لەو هەڵەیان چاوپۆشی کرد، ئەمجار زێدە فەزڵی خۆی دەنوێنێ کە مەدحی پێغەمبەر ﷺ دەکا بەوەی کە چاوپۆشی لێکردن، توورەییو قسەی رەقی لەگەڵدا بەکار نەهێنان، بەڵکو بەهێدیو لەسەرەخۆیی هەڵسو کەوتی لەگەڵ دا کردن، تەنانەت راوێژی لەگەڵ دا کردن بۆ بەرژەوەندی موسوڵمانان! ئەمەش ئەوپەڕی لوتفو هێدیەتیو هێمنایەتییەو رەحمەتێکی یەزدانییەو دەفەرموێ: ﴿فبما رحمة من الله لنت لهم﴾ ئەی پێغەمبەر! بەهۆی رەحمەتی یەزدانەوە بوو، تۆ لەگەڵ هاوەڵەکانتدا ئەوەندە نەرمو نیانو لەسەرەخۆو لێبوردە بووی! هەڵسو کەوتت لەگەڵیان دا قورئانی بوو ﴿وانك لعلى خلق عظيم﴾القلم/٤.

پێغەمبەر بۆخۆی لە فەرموودەیەک دا فەرموویەتی: (لا حلم أحب إلى الله من حلم إمام ورفقه، ولا جهل أبغض إلى الله من جهل إمام وخرقه) هیچ لەسەرەخۆییەک لای خودا لەهێدیو هێمنی فەرمانڕەوا لای خودا

خۆشەویست تر نیــە، هیــچ نــەزانیو کەللـەڕەقی لای خـودا لـە توورەیـیو نەزانی فەرمانڕەوا رق لێبووتر نیە.

﴿ولو كنت فظا غليظ القلب لانفضوا من حولك﴾ ئەگـەر تـۆ ئـەی پێغەمبـەر ﷺ تونـدو تیـژ بویتایـە، قسـە رەقو تـوورەو هـەڵسو کـەوت ناشیرین بوویتایە؛ لەگەڵ هاوەڵانت دا دەوریـان چۆڵ دەکـردی! لێـت دوور دەکەوتنـەوە، ئـاوا ئاپوورەیـان نـەدەدای، ئـەوەنـدە مـل کـەچو پابـەندی فەرمانت نەدەبوون، نەتدەتوانی رێگای هیدایەتیان نیشـان بـدەیو قسـەت لەناویان دا ئەوەندە کاریگەر نەدەبوو!!

چونکـە مەبەسـت لـە نـاردنی پێغەمبـەران، راگـەیاندنی شـەریعەتی خودایە بە ئادەمیزاد، ئەم مەبەستەش وەدی نایـە تـا خەڵکەکـە وەگریـان نەبنو خۆشیان نەوێن! ئەمـەش کاتێ وەدی دێ کـە پێغەمبەرەکـە هێـدیو لێبوردە بێ، لە تاوانو هەڵەی هاوەڵانی چاوپۆشـی بکـا، لـەباتی هەڕەشـە ئامۆژگـاریو لەشـوێنی توورەبــوون زەردەخەنـ ـە بـەکاربێنێ! پیـاوەتیو چاکـەیان لەگـەڵدا بکـا. کـەوابێ ﴿فاعف عنهـم واسـتغفر لهـم﴾ ئـەی پێغەمبەر! لێیان خۆش ببەو داوای لێخۆشبوونیان لەخودا بۆ بکە!

﴿وشاورهم في الأمر﴾ هەڵسو کەوتت لەگـەڵیان دا هـەڵسو کـەوتی راوێژکارانە بێ، بەردەوام بە لەسەر پەیڕەوکردنی راوێژ بۆ ئەو کاروبارانـەی کە پێویستیان بە راوێژ هەیە، چونکە رام کردنی موسوڵمانان لەسەر راوێـژ سوودی گرنگی دەبێ بۆ پاشەڕۆژی فەرمانڕەوایی موسوڵمانان، لەم رووەوە کـە رای گـەلو کۆمـەڵ زۆر جـار لـە هەڵـەوە دوورە! ئـەو تـەنگژەو ئاستەنگانەی تووشـی نەتـەوە دەبـێو خەتـەر دەخاتـە سـەر رەوڕەوەی بەرێوەچوونو هەڵسوڕانی کاروبـاری، ئەگـەر بدرێتـە دەسـت تاکەکـەس - هەرچەندە عـاقڵو کارامـەش بـێ- لەوانەیـە نتـەتوانێ خـۆیو گـەل رزگـار بکات، وڵات تووشی کارەساتی سامناک دەکا! جا لەبەرئـەوەی کـە راوێـژ وادەبێ را جیایی تێدا دەبـێ -بـە تایبـەتی کـە راوێژکارەکـان زۆر بـوون- پەروەردگار فەرمانی بـە پێغەمبـەری خـۆی کـردووە کـە بـە کـردەوە ئـەم

دیاردەیە پەیڕەو بکاو لە واقیعی عەمەلی ژیانی خۆیدا ئەنجامی بدا، ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ مەشوورەتی بە هاوەڵانی دەکرد بە ئەوپەڕی لەسەرخۆییو ئارامی‌یەوە گوێی بۆ رای هەموو کەسێک دەگرت، رایەکی بەسەر رایەکدا هەڵدەبژاردو ئەوی بیزانیایە کە بەرژەوەندی گەلو کۆمەڵی تێدایە پەسەندی دەکردو بەگوێرەی توانا کاری بۆ دەکرد!!!

بێگومان پێغەمبەر ﷺ لە ژیانی خۆیدا کاری بە راوێژ کردووە راوێژی بە زۆربەی موسوڵمانانی دەکرد، بۆ کاری گرنگو نهێنیەکانی دەوڵەتیش راوێژی بە چەند کەسێکی عاقڵو هۆشمەندو لێهاتوو دەکرد!

رۆژی بەدر راوێژی بە موسوڵمانان کرد، کاتێک کە زانی قورەیشی‌یەکان لە مەککە دەرچوونو خەیاڵی شەڕکردنیان هەیە، هەتا کۆچەرییەکانو یاریدەدەران رای خۆیان دەرنەبڕی، پێغەمبەر ﷺ هەڵویستی خۆی دیاری نەکرد.

رۆژی غەزای ئوحودیش راوێژی پێ کردن، هەروەها لەهەموو کارێکی گرنگ دا راوێژی پیّ دەکردن، مەگەر نیگای لەو بارەیەوە بۆ بهاتایە!! چونکە ئەگەر نیگای بۆ بهاتایە دەبوایە بەبێ سیّو دوو جیّبەجیّی بکردایەو پێویستی بە راوێژ نەدەبوو. پێغەمبەر ﷺ لە ژیانی خۆی دا بنەماکانی راوێژی دانەنان، چونکە ئەو بنەمایانە بە گوێرەی رۆژگارو شوێنو باری کۆمەڵایەتی گەلان دەگۆڕێن، هەروەها ئەگەر بنەمای بۆ دابنانایە دوایی موسوڵمانان دەسانکردن بە ئایینو هەوڵیان دەدا لەهەموو کاتو زروفێک دا ئەنجامیان بدانایە، ئەی ئەوە نەبوو هاوەڵان پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی هەڵبژاردنی حەزرەتی ئەبوبەکر وتیان: پێغەمبەر هەڵیبژاردووە بۆ ئایینمان، چۆن ئێمە پیّی رازی نابین بۆ دونیامان؟؟ مەبەستیان ئەوەبوو کە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی نەخۆشیەکەیدا فەرمانی پیّ کردبوو کە پێشنوێژی بۆ موسوڵمانان بکا!!

بەڵام بەداخەوە پاش ماوەیەک جێنشینو فەرمانڕەوایانی موسوڵمانان پەیڕەوی رێبازی راوێژیان نەکردو بۆ دانانی جێنشین راوێژیان بەکار

نەهێنا !! بەتایبەتی سەردەمی ئەمەوییەکانو لەوەدوا، کە جێنشینی بوو بە دانانو داگیرکردن، زانایانی ئایینیش لەم بارەوە پشتگیرییان کردنو لەم پێشێل کردنەی مافی گەل بێ دەنگ بوون. تا وای لێهات زۆربەی موسوڵمانان وای بۆچوون کە دەسەڵات لە ئیسلام دا ملهوڕیو تاکڕەوییو ئیستیبدادییە، راوێژکردن کارێکی ئیختیارییە! بەڵام ئەمە دوورە لە راستییەوە، چونکە قورئان مەدحی موسوڵمانانی بەوە دەکرد کە کاری گرنگ لە رێگەی راوێژەوە چارەسەر دەکەن فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ کردووە کە راوێژ لەگەڵ هاوەڵانی بکا.

راوێژ چەند سوودێکی هەیە:

١- ئەندازەی عەقڵو تێگەیشتنو دڵسۆزیی هەموو کەسێک بۆ بەرژەوەندی گشتیی دەردەخا.

٢- عەقڵو هۆشی ئادەمیزادان لێک جیاوازن بیروبۆچوونیان جیایە، زۆرجار رای بەجێ لەکەسێکی رەشۆکیو بۆرە پیاوەوە سەر هەڵدەدا کە زاناو لێهاتوویەک پەی بەو رایە نابا!!

٣- راو بۆچوونەکان سەرو بن دەکرێنو رای گونجاو پەسەند دەکرێو کاری پێ دەکرێ.

٤- لە راوێژدا یەکیەتیو یەکڕایی پەیدا دەبێ لەسەر کارێکی تایبەتی، بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێکی تایبەتی، هەر بۆیەشە کۆبوونەوە ئایینییەکان وەکوو جەماعەتو جومعەو حەج تەشریع کراون، بۆ ئەوەی یەکیەتی موسوڵمانان تیایان دا رەنگ بداتەوە؛

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (ما تشاور قوم إلا هدوا لأرشد أمرهم) هیچ گەلو کۆمەڵێک راوێژ ناکەن مەگەر باشترین رێگای ژیانی خۆیان دەدۆزنەوە.

ئەبو هورەیرە دەڵێ: کەسم نەدیوە بە ئەندازەی هاوەڵانی پێغەمبەر راوێژ بە یەکتری بکەن!!

﴿فإذا عزمت فتوكل على الله﴾ ئەی پێغەمبەر! ئەگەر دوای راوێژو راگۆڕینەوە دڵت هاتە سەر جێبەجێکردنی کارێک، ئەوە پشت بە خودا ببەستەو شانی بەر بدە، بەڵام بۆ هەموو کارێک پێویستە هۆکارەکانی لەبەرچاو بگری، پێغەمبەریش ﷺ لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێ: (إعقلها ثم توكل) وشترەکە ببەستەوەو تەوەککولیشت بە خودا بێ!

ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوە هەرکاتێ مەرجەکانی عەزیمەت بۆ کردنی کارێک هاتنە دی -کە راوێژ یەکێکە لە مەرجە گرینگەکانی- پێویستە ئەو کارە دەستی پێ بکرێو هەوڵی ئەنجامدانی بدرێو سستی تێدا نەکرێ!!

نهێنی ئەمەش ئەوەیە کە دوای عەزیمەتو سووربوونو بڕیاردان لەسەر کارێک ژێوان بوونەوەو پاشگەز بوونەوە راڕایی‌و لاوازیی لە دڵو دەروونـدا دروست دەکا، خاوەنەکەی وا لێدەکا خەڵکی متمانەی پێ نەکەن، لەقسەو کردەوەیدا، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە فەرمانڕەواو سەرۆکی دەوڵەت بێ.

واتە: دوای راوێژو بڕیاردان نابێ تەمبەڵی لەئەنجامدان بکرێ!! هەر بۆیەش پێغەمبەر ﷺ کە بۆ غەزای ئوحود راوێژی کردو بڕیاری شەڕکردنیان داو تەشریفی رۆیشتەماڵەوەو خۆی بەستو چەکی هەڵگرت، گوێی بۆ رای ئەوانە نەگرت کە پەشیمان بوونەوەو وتیان: با لە مەدینە دەرنەچین! چونکە پێغەمبەر ﷺ پێی وابوو دوای راوێژ کردنەکە ئیتر دەست بەکارەکە کراوەو پاشگەزبوونەوە ناگونجێ.

بەمەش ئەوەی لە موسوڵمانان گەیاند کە هەموو کردەوەیەک کاتێکی دیاریکراوی هەیە، کاتێ راوێژ تەوابووو بڕیار درا ئیتر کاتی نیشە، وە هەرکاتێ سەرۆکو پێشەوا کە بەگوێرەی راوێژ دەستی بە کار کرد نابێ لێی پاشگەز بێتەوەو واز لەو شتە بڕیاردراوە بهێنێ، هەرچەندە بشزانێ کە راوێژ پێ کراوان لە بۆچوونەکەیاندا بەهەڵەچوون، وەکوو غەزای

ئوحوود پێغەمبەر ﷺ دەیزانی کە راوێژکاران بەهەڵەچوون!! بەڵام هەر لەبەر رێزگرتنی راوێژەکە، لەئەنجامدانو جێبەجێکردنی بۆ شەڕ چوونەکە ژێوان نەبووەوە!!

سەیر ئەوەیە تا ئێستا پیاوە سیاسییە دەست رۆیشتووەکان، پیاوە سەربازەکانی قسە رۆیشتووی جەنگ لە وڵاتە خاوەن ژیارو شارستانییەکانی جیهاندا پابەندی ئەم یاساو دابو نەریتەنو کردوویانە بە ریبازو دەستوور بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیانیانو بەهیچ جۆرێک ئەوەی دوای راوێژ چەسپا ئیتر هەڵوەشاندنەوەی نیە!

تەنانەت گەورە رامیارییەکانی ئینگلیز دەڵێن: سیاسەت هەرکاتێ رای لەسەر دراو چەسپا، پێویستە پەیڕەو بکرێو هەڵوەشاندنەوەی مەمنووعەو گەڕانەوە لێی هەڵەیە.

﴿إن ا لله يحب المتو كلين﴾ بێگومان پەروەردگار ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە پشتی پێ دەبەستنو هیوایان پێیەتی، یارمەتییان دەداو شارەزاییان دەکا بۆ هەر شتێک سوودمەند بێ بۆیان.

ئایەتەکە بە راشکاوی ئادەمیزادە بەرپرسیارەکان هەڵدەنێ کە پشت بە خودا ببەستنو لەهەموو شتێک دا بۆ لای ئەو بگەڕێنەوەو روو لە کەسی تر نەکەن!

ئیمامی رازی دەفەرموێ: ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە مانای تەوەککول ئەوە نیە؛ کە ئادەمیزاد دەست لەخۆی بەربداو کاریگەریی خۆی پاشگوێ بخا وەکوو برێ نەفام تێی گەیشتوون!

خۆ ئەگەر وابێ فەرمان کردن بە راوێژ لەگەڵ فەرمان بە تەوەککول دژ دەوەستن! بەڵکو تەوەککول لەسەر خودا پێویستە وەلێ دەبێ وێڕای لەبەرچاو گرتنی هۆکارە رواڵەتیەکان بێ، بەڵام نابێ بە دڵو بە گیان پشت بەو ئەسبابانە ببەستێو لایەنی تەوەککول لەسەر خودا پاشگوێ بخا! دەبێ لە هەموو کارێک دا وێڕای دەستو بازووی خۆیو دەستەبەرکردنی هۆکارە ماددییەکان، تەوەککولیشی بە خودا بێ!

لەبارەی بژێوو هەوڵدان بۆ ژیان پێویستە وێڕای پشت بە ستن بە خودا هەوڵو کۆششی خۆی ئەنجام بدا، وەکوو پەروەردگار فەرمان بە ئادەمیزادان دەکاو دەفەرموێ: ﴿**فامشوا في مناكبها وكلوا من رزقه وإليه النشور**﴾الملك/١٥. لەبارەی رامیاریو کاروباری جەنگ، پەروەردگار فەرمان بە موسوڵمانان دەکا کە هۆشیارو بە ئاگاو حەزەر بنو پێداویستی پێویست بۆ خۆیان دابین بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەرامبەریی دوژمنیان بکەن. وەکوو دەفەرموێ: ﴿**يا أيها الذين امنوا خذوا حذركم**﴾النساء/٧١.

یان دەفەرموێ: ﴿**وأعدوا لهم وماستطعتم من قوة**﴾الانفال/٦٠.

دەربارەی بەرژەوەندی دونیاو قیامەتیش دەفەرموێ: ﴿**وتزودوا فإن خير الزاد التقوى**﴾البقرة/١٩٧.

لە هەموو شتێکدا تەوەککول دەبێ وێڕای کۆششو تێکۆشان بێ؛ یان کۆششو ێڕای تەوەککول بێ.

ئەحمەدو تیرمذیو نەسائیو ئیبنوماجە دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لو أنكم توكلتم على الله حق توكله لرزقكم كا يرزق الطير، تغدو خماصا وتروح بطانا) ئەگەر ئێوە تەوەککولتان لەسەر خودا بێ وەکوو پێویست، ئەوە خودا رزقو رۆزیی ئێوە دەدا وەکوو چۆن باڵندە بەیانیان هێلانەکەی بەجێ دێڵێ بە برسیایەتی، ئێواران دەگەڕێتەوە بە تێروپڕی.

ئیبنوحیببان لە صەحیحی خۆیدا فەرموودەی ئەو پیاوە دەگێڕێتەوە کە هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ویستی وشترەکەی نەبەستێتەوە، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا وشترەکەم ببستمەوە؟و تەوەککولم هەبێ. یان بەرەڵلای بکەمو تەوەککولم هەبێ؟ پێغەمبەر فەرمووی: (إعقلها ثم توكل) بیبەستەوەو تەوەککولیشت هەبێ!

ئەمجار پەروەردگار کاتێ سەرچاوەی سەرکەوتنی راستەقینەمان نیشان دەداو دەفەرموێ: ﴿إن ينصركم الله فلا غالب لكم﴾ ئەگەر خودا

بیەوێ یارمەتیتان بدا لە جەنگی ئوحووددا وەکوو لەجەنگی بەدردا ئەوە هیچ کەسێکی تر ناتوانێ بەسەرتان دا زاڵ ببێ! خۆ ﴿وإن يخذلكم فمن ذا الذي ينصركم من بعده﴾ ئەگەر بیەوێ ریسواتان بکاو بتان شکێنێو یارمەتی خۆی ببڕێ لێتان بەهۆی سەرپێچیکردنی خۆتانو دووبەرەکی نێوانتانو بەگوێ نەکردنتان بۆ پێشەواکەتان وەکوو لە رۆژی ئوحووددا بەسەرتان دا هات، ئەوە هیچ کەس لە ئادەمیزاد ناتوانێ سەرکەوتنتان بۆ دەستەبەر بکا. ﴿وعلى الله فليتوكل المؤمنون﴾ دەی با موسوڵمانان هەر پشت بە خودا ببەستنو وێڕای دەستەبەرکردنی ئەسباب، تەوەککولیشیان بە خودا بێ.

داپەروەریی پێغەمبەر لە دابەشکردنی دەسکەوتەکانی جەنگو ئیصلاخوازیی لەناو هاوەڵانیدا

وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَغُلَّ وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦١﴾ أَفَمَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ كَمَنۢ بَآءَ بِسَخَطٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأْوَىٰهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٦٢﴾ هُمْ دَرَجَـٰتٌ عِندَ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿١٦٣﴾ لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿١٦٤﴾

﴿وما كان لنبي أن يغل﴾ کولەبیو موقاتیل دەڵێن: ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو تیرئەندازانە هاتۆتە خوارێ کە لەجەنگی ئوحووددا پێغەمبەر ﷺ لەسەر کەژەکە دایمەزراندن،، بەڵام ئەوان بەمەبەستی تاڵانی گرتنەوە شوێنەکەیان بەجێ هێشتو وتیان لەوە دەترسین کە پێغەمبەر ﷺ بە جەنگاوەران بڵێ: هەرکەسێک شتێکی گرت، ئەوە بۆ

خۆیەتیو ئیتر تالانو دەسکەوتی شەڕ بەسەر هەموو جەنگاوەران دا دابەش نەکا؛ هەروەکوو چۆن لە غەزای بەدردا بە ویستی جەنگاوەران دابەشی نەکرد: تەنانەت کە پێغەمبەر ﷺ لۆمەی تیرهاوێژەکانی کردو پێی گوتن: من پێم نەگوتن: ئێوە ئەو شوێنە بەجێمەهێڵن تا فەرمانی منتان بۆ دێ؟!

وتیان: (ترکنا بقیة اخواننا وقوفا) پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون: نەخێر ئێوە پێتان وابوو: کە ئێمە بەخیلی دەکەینو دەسکەوتەکانی جەنگ دابەش ناکەین. ئیتر ئەم ئایەتانە هاتنە خوارێ کە دادپەروەری پێغەمبەرو گرنگی پێدان بە کۆمەڵو کۆمەڵگای ئیسلام دەچەسپێنێو دەفەرموێ: ﴿وما كان لنبي أن يغل﴾ ناشێ بۆ پێغەمبەر ﷺ کە خیانەت بکا! چونکە خودا پێغەمبەرانی بە دوور گرتووە لە گوناهکردن، ناهێڵێ شتێک شایەنی پلەو پایەی ئەوان نەبێ لێیان روو بدا، چونکە پێغەمبەرایەتی پلەو پایەیەکی بەرزو بەڕێزە لەگەڵ ئەنجامدانی تاوانو کاری پڕوپووچ دا ناگونجێ.

﴿ومن يغلل يأت بما غل يوم القيامة﴾ کەسێک خەیانەت بکا شتێک لە غەنیمەتو دەستکەوتەکانی جەنگ پاشقول بدا، رۆژی قیامەت کێشی دەشتی مەحشەری دەکەنو ئەو شتەی کە پاشقولی داوە بەسەر شانیەوەیەو تەحەمولی بەرپرسیاریی کردەوەکانی خۆی دەکا!!

بە راستی ئەمە هەڕەشەیەکی توندو تەهدیدێکی سامناکە، پێویستە موسوڵمانان زۆر گرنگی پێ بدەن!

بوخاریو موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: پێغەمبەر رۆژێک هەستا لەناومان دا وتارێکی بۆ داینو باسی خیانەتی کردو، زۆر گرنگی پێدا.. ئەمجار فەرمووی: (ألا لا الفينّ أحدكم يجئ يوم القيامة على رقبته بعير له رغاء فيقول: يا رسول الله أغثني، فأقول له لا أملك لك من الله شيئًا قد أبلغتك) .

(لا الفينّ أحدكم يجئ يوم القيامة على رقبته فرس لها حمحمة[1] فيقول: يا رسول الله أغثني، فأقول له لا أملك لك من الله شيئًا قد أبلغتك).

(لا الفينّ أحدكم يجئ يوم القيامة على رقبته رقاع[2] تخفق فيقول: يا رسول الله أغثني، فأقول له لا أملك لك من الله شيئًا قد أبلغتك).

ئەم فەرموودانە هەموویان قورسایی تاوانو سامناکی کارەکە دەنوێنو ئەوە دەگەیەنن کە هەموو کەس خۆی بەرپرسیاری تاوانی خۆیەتی وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وهم يحملون أوزارهم على ظهورهم ألا ساء ما يزرون**﴾الانعام/٣١.

وەرگرتنی هەر شتێک بە نارەوا دەبێتە هۆی سزادانی خودایی‌و پەروەردگار لەسەر هەموو شتێک پاداش‌و سزای هەیە. هیچ شتێکی لێ هون نابێ.

﴿**ثم توفى كل نفس ما كسبت وهم لا يظلمون**﴾ ئەمجار هەموو ئادەمیزادێک پاداشی کردەوەکانی خۆی وەردەگرێتەوە، ئەمجار پەروەردگار ئەوە روون دەکاتەوە: کە چاکەکارو خراپەکار چوون یەک نین‌و دەفەرموێ: ﴿**أفمن اتبع رضوان الله كمن باء بسخط من الله ومأواه جهنم وبئس المصير**﴾ ئایا کەسێک تەقواکار بێ عەودالّی رەزامەندیی خوا بێ وەکوو ئەو کەسە وایە: کە خراپەکارەو خودا لێی نارازییە؟!

دیارە ئەم دوو جۆرە ئادەمیە چوون یەک نین؛ ئەوەی شوێن رەزامەندی خودا دەکەوێ‌و کردار چاکە، ئەوە شیاوی رەزامەندیی خوداو پاداشی باش‌و ئەمین بوون لە سزای دۆزەخە، کەسێکیش شیاوی غەزەبی خودا بوو، کەس ناتوانێ رزگاری بکا لێی‌و رۆژی قیامەت جێگاو شوێنی

---

١ حمحمە: دەنگی ئەسپ بەبێ حیلە.

٢ رقاع: قەباڵە نامە یان هەرشتێک حەقی ماڵو دارایی تێدا نووسرابێ.

حەوانەوەی ئاگری دۆزەخە. وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**أفمن كان مؤمنا كمن كان فاسقا، لايستوون**﴾السجدة/١٨.

یان دەفەرموێ: ﴿**أم نجعل الذين امنوا وعملوا الصالحات كالمفسدين في الآرض أم نجعل المتقين كالفجار**﴾ص/٢٨.

ئەمجار قورئان دێ پلەو پایەی ئادەمیزادان دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿**هم درجات عند الله**﴾ بۆ هەموو کەسێک، چاک یان خراپ، پلەو پایەی تایبەتی هەیە، بەهەشتییەکان لەبەهەشت دا هەر کەسە شوێنی جیای خۆی هەیە. دۆزەخییەکان لە جەهەننەم دا هەر کەسە شێوو چاڵی خۆی هەیە، هەرکەسە بە گوێرەی کردەوەی خۆی سزاو پاداشی دەدرێتەوە!

بەرزترین پلەو پایەی بەهەشت جێگاو مەکانی پێغەمبەری ئیسلامە ﷺ، نزمترینو ناخۆشترین شوێن لە دۆزەخ دا شوێنی دووڕووەکانە، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**إن المنافقين في الدرك الآسفل من النار**﴾النساء/١٤٥.

چونکە دووڕوو زیانی بۆ خوداپەرستان لە زیانی کافرو خوانەناسی ئاسایی زیاترە بۆیە سزایان توندترە ﴿**والله بصير بما تعملون**﴾ پەروەردگار بیناو ئاگادارە بە کردەوەی ئادەمیزادان، هیچ شتێکی لێ هون نابێ، بە هەموو کردەوەیەکیان دەزانێ.

ئەمجار پەروەردگار منەت دەکا بەسەر ئادەمیزادداو فەزڵو گەورەیی خۆی بۆ موسوڵمانان بەیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿**لقد من الله على المؤمنين إذ بعث فيهم رسولا من أنفسهم**﴾ بێگومان خودا منەتی کرد بەسەر موسوڵمانان داو فەزڵو گەورەیی خۆی بۆ ئادەمیزاد نواند :کە فروستادەی خۆی موحەممەد ﷺ نارد بۆ سەر هەموو ئادەمیزادو جنۆکە! فروستادەی خودا ئەم رەوشتانەی تێدایەو ئەم کارە گرنگانەشی لەئەستۆدایە:

یەکەم : ئەو زاتە لە جۆری ئادەمیزادەو لەنەوەی ئیبراهیمەو بەرەی ئیسماعیلە، ئەمەش زیاتر پاڵ بە گەلو نەتەوەکەیەوە دەنێ کە شوێنی بکەونو ئیمانی پێ بهێنن! بتمانە بە پەیامەکەی بکەن، زیاد لەوەش

بەهۆی ئەو زاتەوە گەلو نەتەوەی قورەیش فەزلو رێزیان بەدەست هێناوە وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وانه لذكر لك ولقومك**﴾الزخرف/٤٤.

تایبەتمەندیکردنی (ذکر) بۆیان زیادە سوودمەندی دەگەیەنێ بۆیان، هەرچەندە پێغەمبەری ئیسلام بۆ سەر هەموو کەس نێردراوە وەکوو دەفەرموێ: ﴿**وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين**﴾الانبیاء/١٠٧.

دووەم : ﴿**يتلوا عليهم** آياته﴾ نیشانەو بەڵگەی دەسەلاتو بەتوانایی خودایان بۆ دەخوێنێتەوە، تاکو تەنیایی خودایان بۆ دەچەسپێنێ! زانایی‌و صیفاتەکانی پەروەردگاریان بۆ روون دەکاتەوە، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**إن في خلق السموات والأرض واختلاف الليل والنهار لايات لأولي الألباب**﴾ال‌عمران/١٩٠.

سێهەم: ﴿**ويزكيهم**﴾ پاکیان دەکاتەوە لە پۆخڵاواتی بتپەرستی، لە پشێوی بیروباوەڕی سەردەمی نەزانی، بیروباوەڕی ئەوە: کە گوایە بتەکانیان رۆڵی خۆیان هەیە لە بوونەوەردا، پێغەمبەری دڵسۆز فاڵ گرتنەوەو بیروباوەڕی پڕوپووچو نەشازیان لە کۆڵ دەکاتەوە، دەیانخاتە سەر بیروباوەڕی راستو فیکری رۆشنو شارستانیەتو ژیاری پێشکەوتوو، دامەزراندنی دەوڵەتو کارگێڕی رامیاری لەو جۆرەی کە ئەمڕۆ جیهانی پێشکەوتوو شانازی پێوە دەکا. فەرمانیان پێ دەکا بە چاکەو نەهیان لێ دەکا لە خراپە، بۆ ئەوەی دڵو دەروونیان پاک بکاتەوە لەپیسو پۆخەڵی بیرو بۆچوونی کوفرئامێز.

چوارەم : ﴿**ويعلمهم** الكتاب والحكمة﴾ قورئانو فەرموودەی خۆییان فێر دەکا، زاناو نووسەرو پزیشکو سەرکردەو مامۆستای زانستو زانیارییان تێدا هەڵدەکەوێ. ﴿**وإن كانوا من قبل لفي ضلال مبين**﴾ .هەرچەندە پێش هاتنی ئەم پێغەمبەرە ﷺ لە گومڕایی‌و نەزانی‌و سەرلێشێواویدا بوون، گەلو نەتەوەیەکی نەخوێندەوار بوون، بەهۆی نووری ئیسلام‌و زانستی قورئانو عەقڵو هۆشی راستاڵانە گەلو نەتەوەیەکی شارستانی‌و پێشکەوتووخوازیان لێ پەیدا بوو. پێشبڕکێیان

لەگەڵ گەلە خاوەن ژیارەکاندا کردو پێشیان کەوتن!

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە زانستی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بوون بە کلیلی دەرگای زانستو زانیاری هەمەجۆر بۆ گەلی عەرەبی دواکەوتوو، پاشان بۆ هەموو گەلانی جیهانو مێژووش ئەم راستیەی سەلماندووە.

برێ هەڵەی موسوڵمانان لەجەنگی ئوحووددا‌و برێ ئەتواری ناشیرینی دووڕووەکان

أَوَلَمَّآ أَصَـٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَـٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١٦٥﴾ وَمَآ أَصَـٰبَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَلِيَعۡلَمَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٦٦﴾ وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ نَافَقُواْۚ وَقِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ قَـٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَوِ ٱدۡفَعُواْۖ قَالُواْ لَوۡ نَعۡلَمُ قِتَالٗا لَّٱتَّبَعۡنَـٰكُمۡۗ هُمۡ لِلۡكُفۡرِ يَوۡمَئِذٍ أَقۡرَبُ مِنۡهُمۡ لِلۡإِيمَـٰنِۚ يَقُولُونَ بِأَفۡوَٰهِهِم مَّا لَيۡسَ فِي قُلُوبِهِمۡۚ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يَكۡتُمُونَ ﴿١٦٧﴾

ٱلَّذِينَ قَالُواْ لِإِخۡوَٰنِهِمۡ وَقَعَدُواْ لَوۡ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُواْۗ قُلۡ فَٱدۡرَءُواْ عَنۡ أَنفُسِكُمُ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَـٰدِقِينَ ﴿١٦٨﴾

ئیبنو ئەبی حاتەم لە عومەری کوڕی خەتتابەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: موسوڵمانان رۆژی ئوحود تۆڵەی رۆژی بەدریان لێکرایەوە، چونکە رۆژی بەدر فیدیەیان وەرگرت، لە تۆڵەی ئەم تاوانەیان دا رۆژی ئوحوود حەفتا کەسیان لێ کوژرا، هاوەڵانی پێغەمبەر شکانو هەڵاتن، پێغەمبەر ﷺ ددانی پێشەوەی شکا سەری شکاو خوێن بە دەمو چاویدا هاتە خوارێ،

ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خـواریّ کـە بەشـێکە لـە زنجـیرەی ئـەو ئایەتانـەی هەڵەی موسوڵمانەکان دەردەخەن، ئەو هەڵانەی کە لـە غـەزای ئوحـوددا تـیّ کەوتن..! لەوەپێش پەروەردگار ئەوەی روون کردەوە کـە دووڕووەکـان خیانەتو غەدرو چلێسی‌یان پاڵ پێغەمبـەر دەدا، خـودای مـەزن بـە درۆی خستنەوەو پێغەمبەری لەو رەوشتە ناشیرینانە تەبرئە کرد.

لەم ئایەتانەی دواییش دا پەروەردگار هەڵـەی موسـوڵمانەکان -پێـش رووداوی ئوحوودو دوا ئەویش- بیروبۆچوونی ناڕاسـتیانو قسـەو کـردەوەی هەڵـەیان دیـاری دەکـاو دەفـەرموێ: ﴿أولما أصـابتكم مصيبـة قـد أصبتـم مثليها﴾ واتـە: ئێوە بـۆ خۆتـان هـۆی ئـەو بـەڵاو تێشـکانەن کـە تووشـتان هـاتووە، چونکـە ئێـوە پێکیشـیتان لـە پێغەمبـەر ﷺ کـرد کـە لەشـاری مەدینە دەرچیّ بۆ شەڕ، یان بـۆ خۆتـان سـەنگەرەکانی سەرشـاختان چـۆڵ کردو شوێنە ستراتیجی‌یەکەتان بەجیّ هێشت.

ئیمـامی عـەلی دەفـەرموێ: چونکـە فیدیـەتان لـە دیلـەکانی بـەدر وەرگرت پێش ئەوەی ئیزن بدرێن!

هەمزە لە (اولما)دا بۆ تەقریرو تەقریعە؛ واتـە: ناشـیێ بـۆ ئێـوە ئـەی کۆمەڵی دووڕوو کۆمەڵی جەنگاوەر! کە ئیعتیراز بگرن ﴿قلتم أنى هـذا﴾ بەسەرسامی‌یەوە بڵێن ئەم تێشکانە لەپای چی‌و بۆچی تووشـی ئێمـە بـوو، لەکوێوە ئەم بەڵایەمان هاتە سەرو حەفتا کەسمان لیّ شەهید بوو؟!

پێتـان وانـەبیّ چونکـە موسـوڵمانن -تەنانـەت سـەرپێچی فـەرمانی خوداش بکەن خودا هەر سـەرتان دەخـا، لەگـەڵ ئەوەیشـا ئێـوە لـە رۆژی بەدردا دوو ئەوەندەتان زیان بە ئەوان گەیاند. حەفتا کەسـتان لیّ کوشـتن، حەفتای ترتان لیّ بەدیل گرتن، ئەوجا لە جـەنگی ئوحـووددا ئـەو هـەموو دەردەسـەریەتان تـووش هـات. ﴿قـل هـو مـن عنـد أنفسـكم﴾ ئـەی موحەمـەد! پێیان بڵیّ: ئەوەی بەسەرتان هـات بـەهۆی تـاوانی خۆتانـەوە بوو، بەهۆی دەرچوونتان بـوو لـە فـەرمانی پێغەمبـەر ﷺ: کـاتێک پـیّ‌ی

گوتن: شوێنی خۆتان جێ‌مەهێڵن! ئێوەی تیرئەنداز سەرپێچیتان کرد.

جۆرەکانی سەرپێچی کردن زۆر بوون :

دەرچوون لە مەدینە لەکاتێکێ دا رای پێغەمبەر ﷺ وابوو هەر لە مەدینە بمێنێتەوە، کەچی رایەکەشتان لاواز بوو کێشەتان تێکەوت، سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەرتان کرد کە ئەو جێگایەی بۆی دانابوون بەجێتان هێشت. ئاشکراشە سزا ئاکامی کردارە، خودا وادەی سەرکەوتن‌و یارمەتیدانی پێدان بە مەرجێک تاوان نەکەن‌و فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بەجێ بهێنن. ﴿**إن تنصروا ا لله ينصركم ويثبت اقدامكم**﴾محمد/٧. دەی کە ئێوە یارمەتی خودا نەدەن واتە: پابەندی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ نەبن، چۆن خودا یارمەتیتان دەدا؟ ﴿إن ا لله على كل شئ قدير﴾ بێگومان پەروەردگار بە توانایە بۆ یارمەتیدانتان ئەگەر خۆگر بن‌و صەبرتان بێ، دەتوانێ یارمەتیتان لێ بگرێتەوە ئەگەر سەرپێچی فەرمانی بکەن‌و لێی یاخی بن، کەوابێ ئەوەی توشوتان هات لە ناڕەحەتی‌و کوژران‌و برینداربوون، سوچی خۆتان بوو!

ئەمجار پەروەردگار دڵخۆشی موسوڵمانان دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿وما أصابكم يوم التقى الجمعان فبإذن ا لله وليعلم المؤمنين﴾ ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان! ئەوەی کەرۆژی پێک گەیشتنی ئەو دوو سوپایە: سوپای موسوڵمانان‌و سوپای کوفر بەسەرتان هات هەمووی بە ئیزن‌و ویست‌و قەزاو قەدەری پەروەردگارە، لەئەمەش دا حیکمەتێکی یەزدانی هەیە، هیچ شتێک نیە لە بوونەوەردا گەردنکەچی ویست‌و حیکمەتی خودا نەبێ.

﴿وليعلم المؤمنين﴾ بەشێکیش لە دیاردەی حیکمەتی خودا ئەوەیە: کە زانست‌و عیلمی خۆی بە حاڵ‌و چۆنیەتی موسوڵمانان دەربخا، پێیان رابگەیەنێ کە هێزو لاوازی ئیمانیان، خۆڕاگری‌و صەبرو بێ‌صەبرییان دەزانێ!

﴿وليعلم الذين نافقوا﴾ تا دەری بخا کە ئاگاداری هەڵوێستی

دووڕووەکانە، کۆمەڵی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول کە سێ سەد کەس بوون لەرێگا گەڕانەوە.

﴿**وقيل لهم تعالوا قاتلوا في سبيل الله أو ادفعوا**﴾ ئەو مونافیقانە ئەگەر پێیان بگوترێ: وەرن لە ڕێگەی خودادا شەڕ بکەن، یان بەرگری لە خۆتانو مالو منداڵو نیشتمانتان بکەن، ﴿**قالوا لو نعلم قتالا لاتبعناكم**﴾ دەیانگوت: ئەگەر بزانین ئێوە لەم غەزایەدا تووشی شەڕ دین شوێنتان دەکەوتینو لەگەڵتان دەبووین! بەڵام ئێمە دڵنیاین کە تووشی شەڕ نابن کەوابێ بۆچی خۆمان ماندوو بکەین؟ ئەم هەڵوێستەیان بەڵگەیە لەسەر نوغرۆبوونیان لە دووڕوویی‌داو مەبەستیان چەواشە کردنی ڕاستی‌یەو فێڵو تەڵەکەو ون کردنی ڕاستی‌یەکانە، چونکە هاتنی سوپای کافرەکان بۆ ئوحوودو دەرچوونی موسوڵمانەکان لە مەدینەو ڕۆیشتنیان بەرەو ئوحوود بۆ بەرەنگاری ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن لەسەر بەرپابوونی شەڕو کوشتو کوشتار.

دەڵێن: ئەم ئایەتە دەربارەی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوولو هاوەڵە دووڕووەکانی کە ژمارەیان سێ سەد کەس بوو لە ڕێگای چوونیان بۆ ئوحوود لەگەڵ سوپای ئیسلامدا، گەڕانەوە بۆ ئەوەی ورەی موسوڵمانەکان بڕوخێ هاتۆتە خوارێ!

﴿**هم للكفر يومئذ أقرب منهم للإيمان**﴾ ئەمانە بە گوتنی ئەم قسەیەیان کە دەیانگوت: ئەگەر بمانزانیایە شەڕ بەرپا دەبێ شوێنتان دەکەوتین!! ئەوانە بەم قسەیەیان لە دووڕێیانی کوفرو ئیمان دان، بەڵام لەکوفرەوە نزیکترن، چونکە ئەوان بە گەڕانەوەیان لە ڕێگا بە مەبەستی ڕووخاندنی ورەی موسوڵمانان خۆیان دەخەنە خانەی کوفرەوە بە خاوەن باوەڕ حلێب نین، کەوابێ کەسێک خۆ لە جیهادو شەڕکردن لەڕێگەی خودا بدزێتەوەو بەرگریی نەکا لە ولاتو بەرەنگاری دوژمن نەبێتەوە! بە موسوڵمان حسێب ناکرێ! چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿**إنما المؤمنون الذين امنوا با لله ورسوله ثم لم يرتابوا وجاهدوا بأموالهم وأنفسهم في سبيل**

ا لله أولئك هم الصادقون﴾الحجرات/١٥.

ئەو دوو ڕووانەی دەیانەوێ بە چەپو گوپو چاوو ڕاو، حەقیقەتی خۆیان بشێرنەوە. ﴿یقولون بأفواههم ما لیس في قلوبهم﴾ بەدەم شتێک دەڵێن: پێچەوانەی ئەوەیە کە لە دڵیاندایە.. جا خۆ وەنەبێ خودا بەم حەقیقەتەیان نەزانێ! بەڵکو ﴿وا لله أعلم بما یکتمون﴾ خودا زۆر زاناترە لەخۆیان بەو هەڵویستو مەبەستانەی کە دەیشێرنەوە. ئەمە هەڕەشەیەکی توندە لێیانو جاڕدانێکی ئاشکرایە کە دووڕوویی دادیان ناداو سوودیان پێ ناگەیەنێو دوای کڵاوی بابردوو کەوتوون!

﴿الذین قالوا لإخوانهم وقعدوا لو أطاعونا ماقتلوا﴾ ئەوانەی دوای تەواوبوونی جەنگی ئوحوود دەربارەی ئەوانەی کوژرابوون دەیانگوت: ئەگەر پەیڕەوی ئامۆژگاری ئێمەیان بکردایەو قسەی ئێمەیان ببیستایە کە پێمان گوتن: دانیشن، مەچن بۆ شەڕو لەگەڵ پێغەمبەر دەرنەچوونایە؛ ئاوا نەدەکوژرانو لەناو نەدەچوون! ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەوان ئامۆژگاری هاوەڵەکانیان کردووە کە بگەڕێنەوەو نەچن بۆ شەڕ.

ئیبنو جەریری طەبەری لە سوددیەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ بە هەزار جەنگاوەرەوە بەرەو ئوحوود کەوتەڕێ، بەڵێنی سەرکەوتنیشی پێدابوون، بە مەرجێ خۆڕاگر بن! کاتێ بەڕێ کەوتن لە ڕێگا عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بە خۆیو سێ سەد کەسەوە گەڕایەوە، ئەبو جابیری سەلەمی دوایان کەوتو بانگی لێکردن، وتی: بگەڕێنەوەو ئێمە بەجێ مەهێڵن! عەیبە مەڕۆنەوە، وتیان: ئەگەر بمانزانیایە شەڕ دەبێ بەجێمان نەدەهێشتنو شوێنتان دەکەوتین.

ئەمجار خودا ڕەدیان دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿قل فادرؤوا عن أنفسکم الموت إن کنتم صادقین﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: ئەگەر لەماڵەوە دانیشتن پیاو لە کوژرانو مردن دەپارێزێ، ئێوە ئازابن مردن لە خۆتان دووربخەنەوە؛ واتە: دەبێ ئێوە نەمرن ! دڵنیا بن مردنتان بۆ دێ، تەنانەت ئەگەر لەناو قەصرو باڵەخانەش دا بن! دە ئەگەر ڕاست دەکەن

مردن لە خۆتان مەنع کەن..!

پلەو پایەی شەهیدانو تێکۆشەران لەرێگەی خودادا

وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا۟ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٧٠﴾ ۞ يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٧١﴾ ٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ مِنۢ بَعْدِ مَآ أَصَابَهُمُ ٱلْقَرْحُ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ مِنْهُمْ وَٱتَّقَوْا۟ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٢﴾

ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ فَٱنقَلَبُوا۟ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوٓءٌ وَٱتَّبَعُوا۟ رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ ﴿١٧٤﴾ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾

ئیمامی ئەحمەدو ئەبو داودو حاکیم لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕنەوە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: کاتێک براکانتان لەجەنگی ئوحووددا شەهید بوون، پەروەردگار گیانەکانیانی خستنە ناو باڵندەی سەوزەوەو دەیانبردنە سەر جۆگاو چۆمەکانی بەهەشتو لە میوەکانیان دەخواردو دەگەڕانەوە بۆ لای قەنادیلی زێڕین لەژێر سێبەری عەرش.

جا کە ئەم جۆرە خواردنو خواردنەوەیان دەدریتیو ئەم جێگا خۆشە دەبینن دەڵێن: خۆزگا برایانمان بیانزانیایە خودا چی پێ بەخشیوین بۆ ئەوەی پشتیان لە جیهاد سارد نەبێتەوە و کۆڵ لە شەڕکردن نەدەن، پەروەردگار پێی راگەیاندنو فەرمووی: من لەجیاتی ئێوە پێیان رادەگەیەنمو فەرمووی:

﴿ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله أمواتا بل أحياء عند ربهم يرزقون﴾ پێتان وانەبێ کە ئەو کەسانەی لەپێناو ئایینی خودادا کوژراونو مردوونو لەریزی نەبوانن، چونکە ئەو شەهیدانە هەرچەندە بە رواڵەت لەدونیادا کوژراون؛ بەڵام لەراستیدا گیانەکانیان زیندووە، لەو دونیا رزقو رۆزیی دەچێژنو لەززەتو خۆشیدا دەگوزەرێنن خیتابەکە لەگەڵ پێغەمبەرە ﷺ یان رووی خیتاب لە هەموو کەسە! واتە: ئەی ئەو کەسانەی قسەی دوورووەکان دەبیسن! پێتان وانەبێ کە ئەوانەی لە رێگای خودادا کوژراون، مردوونو پاداشی ئەو کردەوانەیان نادرێتەوە کە کردویانن؟ بەڵکو ئەوانە زیندوونو لە جیهانێکی تردانو لە خودا نزیکنو رزقو رۆزیی وەردەگرن وەکوو چۆن زیندوانی دونیا خورادنو خواردنەوەیان هەیە، ئەوانیش دەخۆنو دەخۆنەوە، ئەمە جەخت کردنە لەسەر ئەوە کە ئەوانە زیندوونو نەمردوون، لای خودای خۆیاننو لە خۆشیدان!

بوونیان لەکن خودا کە دەفەرموێ: ﴿عند ربهم﴾ بوونی شوێنی تایبەتییە، نزیکی رێزو تەقدیرە ئەوپەڕی نزیکی دەگەیەنێ نزیکی شوێنو مەسافە نیە.

ئەو ژیانەی قورئان چەسپاندوویەتی بۆ شەهیدان ژیانێکی غەیبییەو چۆنیەتیەکەی نازانین، دەبێ قورئان چۆن هەواڵی پێداوە ئاوا بڕوامان پێ هەبێ. ئەو شەهیدانە کەیف خۆشن بەو نیعمەتو لەززەتە بەردەوامەی پێیان دراوە، ئەو زێدە رێزەی دراویانەتێ بەهۆی شەهیدبوونەوە، هەروەها کەیف خۆشن بە تێکۆشانی برا جەنگاوەرەکانیان، ئەوانەی کە هێشتا شەهید نەبوونو لەرێگای خودادا دەجەنگێن. شوێن پێی برا

شەهیدەکانیان کەوتوون، لەپێناو ئەو بەرنامەیەی ئەوان بۆی شەهید بوون، ئەوانیش پیادەی هەمان ڕێبازن. جا کاتێک ئەو نازو نیعمەتە دەبینن کە بۆیان دانراوە کە بریتی‌یە لە ژیانی هەتاهەتاییو لەززەتو خۆشی هەمیشەیی کە بەهیچ جۆرێک غەمو ناخۆشی تێکەڵاو نابێ، ئیتر ئەوەندەی تر خۆشی‌یەکەیان زیاد دەکاو دڵخۆشو رووگەش دەبن.

﴿فرحين بما آتاهم الله من فضله ويستبشرون بالذين لم يلحقوا بهم من خلفهم﴾ خۆشحاڵو تەڕ دەماخن بەو پاداشەی خودا پێی داون، خۆشحاڵن بەوە کە سات دوا سات ئەو نیعمەتانە تازە دەبنەوە، لەنێو نازو نیعمەتو ڕێزی خودایی‌دا دەگوزەرێنن، مزگێنی دەدەن بە وانەی لەدوایانەوەنو هێشتا پێیان نەگەیشتوونو لەژیان دان ، مزگێنی نازو نیعمەتی خودایان پێ دەدەنو بەوە دڵخۆشن کە هەمان نازو نیعمەت بۆ ئەوانیش ئامادەکراوە ئەوەشیان پێ دەڵێن: ﴿ألا خوف عليهم ولا هم يحزنون﴾ کە ئەوانە ترسی ناخۆشی داهاتوویان نیەو خەمی شتی لەکیس چووی رابوردوویان نیە.

﴿يستبشرون بنعمة من الله وفضل وأن الله لا يضيع أجر المؤمنين﴾ مزگێنی بە ڕێز لێگرتنی خودا دەدەن، ئەوەشیان پێ رادەگەیەنن کە پەروەردگار بە هیچ جۆرێ پاداشی چاکەی چاکەکاران بە فیڕۆ نادات!

هەرگیز موسوڵمانان کرێی کردەوەکانیان پاشگوێ ناخرێ ﴿الذين استجابوا لله والرسول من بعد ما أصابهم القرح﴾ ئەو موسوڵمانانەی بەپیر بانگەوازی خوداو پێغەمبەرەوە ﷺ هاتنو ئامادەباشی خۆیان دەربڕی بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمن، وێڕای ئەو هەموو نارەحەتیەی تووشیان بوو بوو لەجەنگی ئوحوددا ، سەرباری ئەو هەموو برینداریو ماندوو شەکەتیەی چەشتوویانەو هێشتا ماندوویان نەحەسابووەوە خێرا بۆ غەزای (حەمرائولئەسەد) کە دوابەدوای غەزای ئوحود بوو، خۆیان حازر کردو هەڵیان کوتایە سەر دوژمن، ئەبو سوفیان کە بەمەی زانی بە خۆیو لەشکرەکەیەوە هەڵهاتو بەرەو مەککە گەڕایەوە!

﴿للذين أحسنوا منهم واتقوا أجر عظيم﴾ جا بۆ ئەوانەی کە خێرا بە پیر بانگەوازی‌یەکەوە هاتن‌و خوداپەرست بوون پاداشتێکی گەورە هەیە، کە شیاوی ئەم خۆبەخت کردن‌و تێکۆشانەیان بێ. بە وشەی (منهم) ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ئەوانەی بە پیر بانگەوازی‌یەکەوە هاتن ریزو پاداشەکەیان دەست کەوت، ئەوانی تر عوزریان هەبوو عوزرەکەیان پەسەند بوو ﴿الذين قال لهم الناس﴾ ئەو موسوڵمانانەی کە لەپاش غەزای ئوحوودو ساڵی دوایی واتە: لەپێش غەزای بەدری بچووک نەعیمی کوڕی مەسعوودی ئەشجەعی کە ئەوکاتە کافر بوو، پێی گوتن: ﴿إن الناس قد جمعوا لكم فاخشوهم﴾ ئەی موسوڵمانەکان! ئەوە ئەبو سوفیان‌و جەماعەتەکەی لەشکریان لە ئێوە کۆکردۆتەوە، دەیانەوێ لەناوتان بەرن، لێیان بترسن‌و شەڕیان لەگەڵ مەکەن، خۆتان تووشی فەوتان‌و لەناوچوون مەکەن، مەچنە دەرەوە بۆیان، بەڵکوو بەزەییان پێدا بێنەوە، ئەگەر پشتان بگرن نەتان کوژن.

ئیتر موسوڵمانەکان بە بیستنی ئەو هەواڵە نەک بترسێن‌و ورەیان بڕوخێ بەڵکو ﴿فزادهم إيمانا﴾ حەماسیان هەستاو بیروباوەڕیان بەهێز بوو، خۆڕاگری‌و صەبرو ئارام‌و جەربەزەییان زیادی کردو پشتیان بە خودا بەستو ﴿وقالوا حسبنا الله ونعم الوكيل﴾ وتیان: ئێمە خودامان هەیە، خودا پشتیوانمانەو باشترین کەسێکە کە پشتی پێ ببەسترێ، ئیتر ئەوەندەی تر عەزیمەت‌و ئازایەتییان زیادی کردو خۆیان ئامادەکرد بۆ بەرەنگاری دوژمن‌و بیریان لە ئاکامەکەی نەکردەوەو، وتیان: خودامان بەسە، هیچ باکمان لە زۆری لەشکری دوژمن نیە، خودا سەروکاری ئێمە دەکا، باشترین پشت پێ‌بەستراوەو یارمەتیدەرمانە.

رستەی ﴿حسبنا الله ونعم الوكيل﴾ نزاو پاڕانەوەیە کە موسوڵمان لەکاتی تەنگانەدا دەیڵێ. ئیبراهیم کاتێ خستیانە ئاگرەکەوە ئەو دوعایەی خویند، پیغەمبەری ئیسلامیش کاتێ هەواڵیان پیدا کە لەشکری دوژمن لێی کۆبوونەتەوەو دەیانەوێ زیانیان پێ بگەیەنن ئەم دۆعایەی

خۆیند، ئیبنو مەردەوەیهی لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: کە لەتەنگانەیەکێ کەوتن بڵێن: (حسبنا الله ونعم الوکیل). ئیبنو ئەبی دونیا لە عائیشەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ کە تووشی ناخۆشی‌یەکێ دەهات دەستی موبارەکی بە سەرو ریشی خۆیدا دەهێناو دەیفەرموو: (حسبنا الله ونعم الوکیل).

جا هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کە ئاوا خۆیان تەسلیم بە خودا کردو ئاوا پشتیان پێ بەست، هەموویان هاوبەشی هەڵمەتەکەیان کردو بەرەنگاری دوژمن بوونەوە، ﴿فانقلبوا بنعمة من الله وفضل لم یمسسهم سوء واتبعوا رضوان الله﴾ گەڕانەوە بە چوار دەستکەوت: نازو نیعمەتی خودایی، فەزڵو زێزی خودا، زیان پێ نەگەیشتنیان، شوێنکەوتنی ریبازێک کە رەزامەندی خودای تیدابێو خوداش لێیان رازی‌یە. واتە کاتێک پشتیان بە خودا بەستو چوونە دەر بۆ بەرەنگاری دوژمن، پەروەردگار رازو مرازی بۆ بەجێهێنان، ئەزیەتدانی پیلانگێڕانی لێ دوورخستنەوە، قازانجیان کردو کوژرانو برینداریان نەبینی، شایانی ئەوەن کە بە گوێڕایەڵی فەرمانی خوداو پێغەمبەر لەقەڵەم بدرێن. کە دەستەبەربوونی ئەم رەوشتە بناغەی سەرکەوتنو خۆشبەختی دونیاو قیامەتە ﴿والله ذو فضل عظیم﴾ خودا خاوەنی فەزڵو گەورەیی زیدەیە! چونکە بە گەورەیی خۆی بیروبڕوای پتەوکردن، تۆفیقی دان بۆ جیهاد کردنو، لە پیلانی دوژمن پاراستنی، خێرو بێرو قازانجیشی بەسەردا رشتن.

بەیهەقی لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: نیعمەتەکە ئەوەیە: کە ساغو سەلامەت بوون، فەزڵەکەش ئەوەیە: کە لەو کاتەدا کاروانێک لەو دەڤەرە تێپەڕی، پێغەمبەر ﷺ کاڵاکانیانی کڕینو قازانجێکی باشی لێ کردو، قازانجەکەی بەسەر جەنگاوەراندا دابەش کرد.

ئەمجار پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿إنما ذلکم الشیطان یخوف أولیاءه﴾

ئەو ترساندنەی ئێوە لەشەیتانەوە بوو، ئێوەی ترساند لە گرۆهەکانی خۆی‌و وای خستە دڵو دەروونتانەوە کەئەوان واتە: (کافرەکان) خاوەن چەکو جەنگاوەری زۆرن، بە هەڵمەتو مەردو نەبەردن‌و، نەچن بچن بەرەو رووویان ببنەوە! ﴿فلا تخافوهم وخافون إن كنتم مؤمنين﴾ بەڵام ئێوەی موسوڵمان پێویستە لە فڕوفێڵی شەیتان ئاگادار بن‌و، هیچی بە گوێ نەکەن. ئەگەر شەیتان شتێکی ئاوای خستە دڵتانەوە، هیچ ئێیان مەترسن‌و پشتتان بە من قائم بیّ‌و خۆ بخەنە پەنامەوە، من یارمەتیدەرو پەنادەرتانم.

ئایەتی ﴿ولا تحسبن الذين قتلوا...﴾ ئایەتەکانی دواییشی ئەم حوکمانەیان لیّ دەردینرین:

١- کەسێک لە بەرامبەر دوژمنی خوداو پێغەمبەردا ﷺ خۆگر بیّ، تا دەکوژریّ شەڕ بکا، لای خودا پلەو پایەیەکی گەورەی هەیە. کە پلەو پایەی تایبەتی شەهیدانە، کە بە رێزەوە لای خودا ژیان بەسەر دەبەن، شەهیدان زیندوون‌و نامرن‌و لەبەهەشت دان‌و رزقو رۆژییان دەدرێتیّ. گیانیان وەکوو گیانی باقی موسوڵمانانی سەر زەوی باقی‌یە! هەرچەندە بە رواڵەت مردوون‌و لاشەکانیان لەژێر گڵدایە بەڵام لە راستیدا نەمردوون، ئەوان زیدە رێزیان لیّ دەگیریّ بە رزقو رۆژی‌و نازو نیعمەت درێژە بە ژیانیان دەدەن، بەڵام چ ژیانێک؟ هەر خودا بۆ خۆی دەزانیّ چۆنەو ژۆن نیە، هەر لەکاتی کوژرانیانەوە ئەو رزقو رۆژیی‌و پلەو پایەیان بۆ فەراهەم دەهێندریّ هەروەکوو ئەوە بلّیی ژیانی دونیا بۆیان بەردەوامە، بەڵام بە شێوەیەکی خۆشتر.

ئەوەی زۆربەی موفەسیرەکان لەسەری کۆکن ئەوەیە: کە گیانی شەهیدان شتێکی ثابتەو بەردەوامە، بەڵام ژیانەکەیان شێوەیەکی تایبەتی‌یە، جا یان هەر گیانەکانیان لە گۆڕدا بۆ دەگەڕیندرێتەوەو هەر لەویشدا لەززەتیان پیّ دەگا، یان رزقو رۆژی بەهەشتیان دەدرێتیّ‌و بۆنی بەهەشت دەکەن‌و لەوێشدا نین! بڕێکیش دەڵێن: مانای وایە: ئەوانە شیاوی ئەوەن کە لەداهاتوودا رزقو رۆژیی بەهەشتیان بدرێتیّ! رای راست

ئەوەیە کە گیانەکانیان لەناو سکی باڵندەدایەو لەبەهەشت دا دەخۆنو دەخۆنەوە وەکوو لەوەپێش ئاماژەمان بۆ کرد.

٢- شتنی شەهیدو کفن کردنیانو نوێژ لەسەرکردنیان زانایان دوو رایان تێدا هەیە.

حەنەفییەکان دەڵێن: شەهید لە جلی خۆیدا کفن دەکرێو نوێژی لەسەر دەکرێ، بەڵام ناشۆرێ بەمەرجێ موکەلەفو پاک بێ. بەڵام لەش پیسو بێنوێژو خوێنداری زەیستان، ئەگەر شەهید بوون بە رای ئەبو حەنیفە دەشۆردرێن وەکوو چۆن منداڵو شێت، دەشۆردرێن. موحەممەدو ئەبو یوسف -دوو هاوەڵی ئەبو حەنیفە بوون- دەڵێن: ناشۆردرێن. بەڵگە لەسەر نەشتنو کفن نەکردنیان فەرموودەکەی جابیرە کە بوخاری لێیەوە دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: (إدفنوهم بِدمائهم).

شافیعیو ئەحمەدو بەیهەقیو نەسائی دەڵێن: فەرمووی: (فزملوهم بدمائهم) مەبەستی رۆژی ئوحودە کە نەیشۆردن، بەڵکو حەفتاو دوو نوێژی لەسەر شەهیدەکان کرد. زۆربەی (فوقەها) دەڵێن: شەهید نە دەشۆردرێ نە کفن دەکرێ، نە نوێژی لەسەر دەکرێ، بەڵام پیسیو پۆخەڵی -جگە لە خوێن- دەبێ لە جەستەی لاببرێ!

چونکە چڵکو پۆخەڵی لەشەهیدیەکەوە پەیدا نەبووە، ئاماژە بە فەرموودەی جابیر کە دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد بە لە گۆڕنانی شەهیدەکانی ئوحود بە خوێنەکانیانەوەو نەشۆردنیو نە نوێژی لەسەر کردن.

هەروەها زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی شەهید کە بە زیندوویی راگوێزراو لە گۆڕەپانی جەنگ دا نەکوژراو ماوەیەک ژیا دوایی کە مرد دەشۆردرێو نوێژی لەسەر دەکرێ، وەکوو لەگەڵ عومەریان کرد، خوا لێی رازیبی بێ. بەڵام کەسێک بە ستەم لێکراوی بکوژرێ، وەکوو ئەوانەی

خەواریج کوشتیانن، یان ڕێگرو چەتە بیکوژن، ئەبو حەنیفەو ثەوری دەڵێن: هەرکەسێک ئاوا بە ستەم بکوژرێ، ناشۆردرێ، بەڵام نوێژی لەسەر دەکرێو هەروەها نوێژ لەسەر هەموو شەهیدێک دەکرێ.. جەماوەری زانایان دەفەرموون: دەشۆردرێن وەکوو شۆردنی مردوو، مەگەر ئەهلی حەرب بیکوژن.

بەڵام ئەگەر دوژمن لەناکاو بەسەر دانیشتوانی گوندێکیان دا داو لە لانەو خانەی خۆیان دا کوشتیانن ئەوانە هەرچەندە شەهیدن وەلێ دەشۆردرێنو کفن دەکرێنو نوێژیان لەسەر دەکرێ.

دڵخۆشکردنی پێغەمبەر ﷺ لەدوای جەنگی ئوحوودو، ڕەتدانەوەی کافرەکانو ڕژدەکانو جیاکردنەوەی پاکو پیس لە یەکتری

وَلَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْكُفْرِ ۚ إِنَّهُمْ لَن يَضُرُّوا۟ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَلَّا يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا فِى ٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟ ٱلْكُفْرَ بِٱلْإِيمَٰنِ لَن يَضُرُّوا۟ ٱللَّهَ شَيْـًٔا وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٧٧﴾ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ خَيْرٌ لِّأَنفُسِهِمْ ۚ إِنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ لِيَزْدَادُوٓا۟ إِثْمًا ۚ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٧٨﴾ مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ ۗ

وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى ٱلْغَيْبِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَجْتَبِي مِن رُّسُلِهِۦ مَن يَشَآءُ ۖ فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ ۚ وَإِن تُؤْمِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٩﴾ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ هُوَ خَيْرًا لَّهُم ۖ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ ۖ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا۟ بِهِۦ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ وَلِلَّهِ مِيرَٰثُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١٨٠﴾

دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (١٧٩) سوددی دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەموو ئۆمەتی خۆم بەسەردا رانوایندران وەکوو چۆن بەسەر ئادەم دا رانواندران، زانیم کێ ئیمانم پێ دێنیو کێ ئیمانم پێ ناهێنێ. ئەم قسە بەرگوێی دووڕووەکان کەوتەوە، گاڵتەیان پێ هات، وتیان: سەیرە، موحەممەد پێی وایە: دەزانێ کێ ئیمانی پێ دەهێنێو کێ بڕوای پێ ناکا، ئێمە لەگەڵ خۆینیو بڕوای پێ ناکەین، کەچی نامان ناسێ، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ!

دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (١٨٠) زوربەی راڤەکەرانی قورئان پێیان وایە دەربارەی زەکات نەدەرەکان هاتۆتە خوارێ.

(عطية) لە ئیبنوعەبباسەوە ریوایەت دەکا کە فەرموویەتی: ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو مالمە جوولەکانە هاتۆتە خوارێ کە رەوشتو نیشانەو پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدیان شاردۆتەوە. مەبەستیش بە (بخل) شاردنەوەی ئەو زانیاریانەیە کە خودا پێی داون.

جا وەکوو ئاشکرایە سەرکەوتنی کافرەکان لە غەزای ئوحوودداو تێشکانو زەرەرمەندی موسوڵمانەکان، سەری کێشا بۆ ئەوەی مونافیقەکان ئەم ئاکامە ئیستیغلال بکەن، ئەوەبوو دەیانگوت: ئەگەر

موحەممەد پێغەمبەر بوایە ئاوای بەسەردا نەدەهات، لیێ نەدەکوژراو تێنەدەشکا! بەڵکو ئەو داوای فەرمانڕەوایی دەکا بۆیە جارێک سەردەکەوێو دەمێک تێدەشکێ! هەوڵیان دا یارمەتی کافرەکان بدەنو موسوڵمانان لە بەرەنگاریو تێکۆشان سارد بکەنەوە. پێغەمبەر ﷺ بەم هەڵویستەی دووڕووەکان زۆر دڵگران بوو، ئیتر ئەم ئایەتانە نێردرانە خواریو غەمو ناڕەحەتی لە دڵی پێغەمبەردا نەماو دڵی ئارامی گرت. هەروەکوو چۆن کاتێک کافرەکان روویان لە ئیمان هێنان وەرگێڕاو تانەیان لە قورئانو شەخصی پێغەمبەر خۆی دا. ئایەتی ﴿**ولا یحزنك قولهم إن العزة لله جمیعا**﴾یونس/٦٥. هاتە خوارێو غەمو ناڕەحەتی لە دڵی پێغەمبەردا نەهێشت. یان ئایەتی ﴿**فلعلك باخع نفسك علی اثارهم إن لم یؤمنوا بهذا الحدیث أسفا**﴾الکهف/٦. کە ئەمیش بوو بە غەمڕەوێنی پێغەمبەرﷺ.

جا هەر بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ پەروەردگار فەرمووی ﴿**ولا یحزنك الذین یسارعون في الكفر**﴾ با هەڵویستی ئەوکافرانە تۆ غەمناک نەکا، ئەی پێغەمبەر! با سەرپێچی کردنو کێشەو بەرەو یارمەتیدانی خوانەناسان بۆ کوفر، تۆ دڵگیر نەکا، ئەو هاشو هوشەی ئەبو سوفیانو دانیشتوانی مەککەو دووڕووەکان ئەنجامی دەدەن با کار لە دڵی تۆ نەکا.

﴿**إنهم لن یضروا الله شیئا**﴾ بێگومان ئەوان ناتوانن زیان بە خۆشەویستانی خودا بگەیەنن، زیان بە پێغەمبەرو هاوەڵانی ناگەیەنن!

﴿**یرید الله ألا یجعل لهم حظا في الآخرة**﴾ ئەوانە زیان بە خۆیان دەگەیەنن، جەنگ لەگەڵ خوداو پێغەمبەر دەکەن، خودا دەیەوێ کە ریسوایان بکا، بێ بەشی نازو نیعمەتی رۆژی قیامەت بن، لەوێدا هیچ بەشو باریان نەدرێتێ؛ سەرباری ئەوەش ﴿**ولهم عذاب عظیم**﴾ سزای گەورەو سامناکیان دەدرێ چەندییەتو چۆنیەتی ئەو سزایە -خودا نەبێ- کەس نایزانێ، پەرروەدگار لەسەر کردەوەی خراپی خۆیان سزایان دەداو ستەمیان لێ ناکا. بەڵکو ئەوان بۆ خۆیان زوڵمیان لە خۆیان کردووە، بەوە

کە ڕێبازی کوفریان هەڵبژاردووەو خۆیان گومڕا کردووەو، یارمەتی گرۆهانی کوفر دەدەنو، دژی موسوڵمانان دەجەنگێن، وەکوو لە شوێنێکیتردا دەفەرموێ: ﴿**ولا یحیق المکر السیء إلا بأهله**﴾فاطر/٤٣. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە نابێ پێغەمبەر گرنگییان پێ بداو لێیان بترسێ، نموونەی ئەم ئایەتە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿**یا أیها الرسول لا یحزنك الذین یسارعون في الکفر، من الذین قالوا، امنا بأفواههم ولم تؤمن قلوبهم**﴾المائدة/٤١.

جا نەونەبێ ئەم حوکمە تایبەت بێ بە ئەبو سوفیانو دانیشتوانی مەککەو دووڕووەکان، بەڵکو ئەمە حوکمێکی گشتییەو چەسپاوەو هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەجیاتی ئیمان کوفر هەڵدەبژێرن، لەجیاتی خواپەرستی شتی تر دەپەرستن.

بۆیە دەفەرموێ: ﴿**إن الذین اشتروا الکفر بالإیمان لن یضروا ا لله شیئا ولهم عذاب ألیم**﴾ ئەوانەی کوفر بە ئیمان دەگۆڕنەوە، لە شوێنی ئیمان بە خوداو شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ ڕێبازی کوفریان هەڵبژاردووە، ئەوانە زیان بە خودا ناگەیەنن! بەڵکو زیان بە خۆیان دەگەیەنن، ئەوانە لە دونیاو قیامەت دا سزای بە ئێشو کوشندەیان دەدرێو خۆشیی لە ژیانی دونیاو قیامت نابینن.

﴿**ولا یحسبن الذین کفروا أنما نملي لهم خیر لأنفسهم**﴾ با ئەو کافرانە وانەزانن کە ئێمە مۆڵەتیان دەدەینو تەمەنیان درێژ دەبێ، مۆڵەتدانەکەمان بۆیان سوودی هەیەو قازانجی لێ دەکەن! با گومانی وا نەبەن، بەڵکو ﴿**إنما نملي لهم لیزدادوا إثما ولهم عذاب مهین**﴾ ئێمە کە مۆڵەتیان دەدەین بۆ ئەوە نیە تۆبە بکەنو بگەڕێنەوەو موسوڵمان ببن، بەڵکو مۆڵەتدانەکەمان بۆیان بۆ ئەوەیە: زیاتر گوناه بکەنو لە گومڕایی دا نوغرۆ بن! جا کە ئەوان تۆبە نەکەنو نەگەڕێنەوە، ئەوە مۆڵەتدانەکەمان بۆیان دەبێتە هاندەر بۆ زیدە ڕەوی لە گوناه کردن داو گومڕابوونی زیاتر!! ئەوانە سزای بە ئێشو سوکایەتی پێکردنیان بۆ

ئامادەکراوە، چونکە لەجیاتی ئەوەی ساماندارێو تەمەن درێژی خۆیان لەکاری خێردا بەکاربهێنن، لەکاری خراپ دا بەکاریان دەهێنن، ئاکامەکەشی کەڵەکەبوونی خراپەکاریی دەبێو پەروەردگاریش سزایان دەدا لەسەر هەڵوێستو کردەوەیان!

بەکورتی مۆڵەت دانو دواخستنی تۆڵەساندن لێیان یارمەتیدانی خودایی نیە بۆیان، بەڵکو ئەندازەکردنو نەخشەکێشانێکی خودایی یە بۆیان، کە بەو نەخشەکێشانەی خۆی، بوونەوەر هەڵدەسوڕێنێ، تەقدیری خودا وایە! هەر شتێک، کە تووشی ئادەمیزاد دەبێ، لە چاکەو خراپە، خۆشیو ناخۆشی؛ بەروبوومو ئاکامی کردەوەی ئادەمیزاد خۆیەتی.

جا بەگوێرەی داخوازی ئەم سوننەتە خوداییە، ئادەمیزاد لەخۆی بایی دەبێو، بە مولەتدانە کە خۆی لە خۆی دەگۆڕێو لە گوناەو سەرپێچیکردنی فەرمانی خودادا رۆ دەچێ، شیاوی سزای بە ئێشی دۆزەخ دەبێ.

ئەنجار پەروەردگار ئەوە روون دەکاتەوە: کە بەڵاو موسیبەتو تەنگانە سەنگی مەحەکو بۆتەی تاقیکردنەوەنو راستی بیروباوەڕ دەردەخەن، شتێکی ئاساییە: کە خودا ئادەمیزادان تووشی ئاستەنگو بەڵاو موسیبەت بکا، بۆ ئەوەی موسوڵمانی راستاڵو ئادەمیزادی دووڕوو لێک جیا بکاتەوەو دەفەرموێ:

﴿ماكان الله ليذر المؤمنين على ما أنتم عليه حتى يميز الخبيث من الطيب﴾ عادەتی خودا وا نەهاتووە واز لە کۆمەڵی موسوڵمانان بهێنێ کەبەو شێوە تێکەڵیو پێکەڵییەی کە لەپێش روودانی جەنگی ئوحوددا لەسەری بوون بیانهێڵێتەوە، دووڕووەکان بتوانن بیروباوەڕی پیسی خۆیان بشارنەوەو بنکۆڵی قەڵای ئیسلام بکەن. بەڵکوو خودای میهرەبان وازناهینێ، هەتا موسوڵمانو دووڕوو لێک جیا نەکاتەوە! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿ولنبلونكم حتى نعلم المجاهدين منكم والصابرين﴾** محمد/٣١.

مەبەست ئەوەیە کە رۆژی جەنگی ئوحـوود بۆتـەی پاڵفتـەکردن بـوو، موسوڵمانانو ناموسوڵمانی تێدا تاقیکرایەوە، پەروەردگار دەریخست کـێ موسوڵمانو خۆڕاگـرو ئـازاو نەبـەردو مـەردو ملکـەچی فـەرمانی خـوداو پێغەمبەرە، پەردەی لەسەر فڕو فێڵـی دووڕووەکـان هەڵدایـەوە بـۆ ئـەوەی سەرپێچیو خراپەکارییان دەربکەوێ بۆ خەڵکی، خۆ پەنادانیان لە چوون بۆ غەزاو خیانەتکردنیان لەگەڵ خوداو پێغەمبـەر دەربکـەوێ، وێ دەچـێ کـە برێ کەس وا بیربکەنـەوە بڵێـن: دەگونجـێ لێـک هـەڵاواردنی موسـوڵمان چالاک لە دووڕوو، بە نیگای خودایـی ئـەنجام بـدرێ، خـودا موسـوڵمانان ئاگاداری کاری غەیب بکاو موسـوڵمانو ناموسـوڵمانیان بـۆ دیـاری بکـا، ئیتر پەروەردگار لە وەڵام دا دەفـەرمویێ: ﴿**وما كان الله ليطلعكم على الغيب**﴾ عـادەتی خـودا وا دانـەهاتووە کـە هـەموو موسـوڵمانان بەسـەر غەیب دا ئاگادار بکا، بەڵکو خودا ئادەمیزادی دروسـت کـردووە، ڕێگـای چاکو خراپی بۆ دیاری کردووە، هێزو توانـاو عـەقڵو هۆشـی پێـداوە، بـۆ ئەوەی هەوڵ بداو تێبکۆشێو ئامانجی خۆی بەدەست بینێ، بـە کـردەوەی سروشت خوازو شارەزایی کردنی پێغەمبەران بە مرادی خۆی بگا! هـەرگیز عادەتی خودا وا نەهاتووە کە هەموو کەس بەسەر غەیبدا ئاگـادار بکـا، ﴿**ولكن الله يجتبي من رسله من يشاء**﴾ بـەڵکو پـەروەردگار لـە پێغەمبەرانی خۆی هەندێکیان هـەڵدەبژێرێ بـۆ ئـەم کـارەو بـە نیگـا ئـەو جۆرە نهێنییانەیان پێ ڕادەگەیەنێ، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفـەرموێ: ﴿**عالم الغيب فلا يظهر على غيبه أحدا، إلا من ارتضى من رسول**﴾الجن/٢٦-٢٧.

ئـەمجار ئـەو پێغەمبـەرەی کـە خـودا بەسـەر بـرێ شـتی غـەیبی دا ئاگاداری دەکا، هەواڵی نیەت پاکیو موسوڵمانی، یان ناپـاکی مونـافیقی کەسێک، یـان زیـاتر بـە بـرێ کـەس ڕادەگەیـەنێ ئەوەسـەرچاوەی ئـەو ئاگادارییە لەخوداوەیە، خودا بە ویستی خـۆی هـەندێ زانیـاری دەدا بـەو پێغەمبـەرانـە، نـەک مانـای وابـێ کەئـەوانیش وەکـوو خـودا چـی لـە دڵو دەروون دایە بیزانو چۆنیـەتو چەندییـەتی بیروباوەڕی هـەموو کەسێک

بزانن!! بۆیە خودا کە ئادەمیزادی دروست کردووە، ڕێگای باشو خراپی نیشان داوە، ئەمجار هۆکارو ئەسبابی ماددیش دەخاتە گەڕ بۆ تاقیکردنەوەیان.

﴿فآمنوا با لله ورسله﴾ گەوابێ ئێوە ئەی گرۆهی ئادەمیزاد! ئیمان بە خودایەتی خوداو پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر بهێنن، شوێن شەریعەتو یاسای ئاسمانی بکەون، بڕواتان وابێ کە پێغەمبەران لە خۆوە هەواڵ نادەنو چی خوا ئاگاداری نەکردبن ئەوانیش بەخەڵکی ڕاناگەیەنن، ئەمەرەتدانەوەی کافرەکانە کە دەیانگوت: ئەگەر (موحەممەد) ڕاست دەکا با خەبەرمان بداتیو پێمان بڵێ: کێ لە ئێمە ئیمان دەهێنێو کێ ئیمان ناهێنێ! ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێ: ﴿وإن تؤمنوا وتتقوا فلکم أجر عظیم﴾ ئەگەر ئێوە ئیمان بێنن بەو هەواڵە غەیبیانەی پێغەمبەر پێتان ڕادەگەیەنیو خۆتان لە سزای بە ئێشی خودا بپارێزن، بەهۆی پەیڕەوکردنی فەرمانەکانیو دوورکەوتنەوە لەو شتانەی نەهی لێ کردووە، ئەوە بۆ ئێوە پاداشی گەورەو زۆرو زەبەندەی وا هەیە کە کەس ناتوانێ ئەندازەی دیاری بکا.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە: هەمیشە قورئان ئیمانو تەقوا بە یەکەوە دینێ، وەکوو چۆن زۆربەی کات نوێژو زەکات بە یەکەوە باس دەکا، چونکە لەنێوان ئیمان تەقوادا پەیوەندی گەرم هەیە، هەروەها بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەشە کە ئیمان بەبێ تەقوا تەواو نابێ! هەروەکوو زۆرجار باسی بەختکردنی نەفسو ماڵو دارایی بەیەکەوە ئەنجام دەدا.

جا چونکە ئایەتەکانی پێشوو هەڵنانو هاندانیان تێدا بوو بۆ گیان بەخشین، گونجاو بوو: کە ئەمجار ئادەمیزادان هان بدا بۆ ماڵو دارایی بەخت کردنو فەرمووی: ﴿ولا یحسبن الذین یبخلون بما آتاهم الله من فضله هو خیرا لهم بل هو شر لهم﴾ با کەس وا گومان نەبا، کە بە خیلیو چروکی ماڵ کۆکردنەوە، گرتنەوەی ماڵو دارایییەک کە خودا داویە پێیان لەخەڵک، کارێکی باشەو سوود ئامێزە، پێیان وانەبێ ماڵبەخشینو

کۆمەکی‌کردن بە هەژاران ئادەمیزادی دەوڵەمەند هەژار دەکا! با کەس گومانی وا نەباو خەیاڵی وا نەکا. بەڵکو ئەوە شەڕو نەگبەتییە بۆ خۆیانو گەلو نەتەوەیان لە دونیاو قیامەت دا!!

مەبەست بە بەخیلی نەدانی زەکاتی شەرعییەو خێرو صەدەقە نەکردنە بە خاوەن ئاتاجانو، بەرپابوونی ئاژاوەو ترسو نائاسایشی سەرتاسەریی...

زیانی بەخیلی لە دونیادا ئەوەیە: کە ماڵو سامانی دەوڵەمەند دەبێتە شوێنی ئەوە کە هەموو کاتێ هەژار چاوی تێوە بێو هەوڵ بدا بە تالانکردن، یان دزی، یان فەوتاندن، تۆڵەی هەژاری خۆی لێ بستێنێ، لە رۆژگاری ئێمەدا ئەو هەموو هەڵمەتە نائاسایی‌یانە بۆ سەر دەوڵەمەندەکانو بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی سۆشیالیستی... هتد هەموویان بۆ رووخاندنی بناغەو کۆڵەکەی سەرمایەداری‌یەو ئاکامی بەخیلی رژدیی سەرمایەدارانە!

زیانی بەخیلی بۆ دینو قیامەتیش ئەوەیە، کە پەروەردگار هەواڵی داوە کە ﴿سيطوقون ما بخلوا به يوم القيامة﴾ ئاکامی بەخیلی‌یەکەیانو ماڵ پەرستی‌یەکەیان دەکرێتە تۆقەی ئاگرینو لەملیان دەکرێو هەرچی بکەن خۆیان بۆ رزگار ناکرێو تووشی لۆمەو پرسیارو سزای رژدیەکەی خۆیان دەبن.

ئیمامی بوخاری فەرموودەیەک لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (من آتاه الله مالا، فلم يؤد زكاته مثل له شجاعا أقرع له زبيبتان، يطوقه يوم القيامة، يأخذ بلهزمتية– أي شدقيه– ثم يقول: أنا مالك، أنا كنزك) واتە: کەسێک خودا ماڵو سامانی دایەو زەکاتی پێویستی لێ دەرنەکرد؛ ئەو ماڵو سامانە بۆی دەبێتە مارێکی کەچەلو دوو کەڵبەی تیژی هەنو رۆژی قیامەت لە ملی دەهاڵێو، قەپاڵی پێدا

دەکاو، پێیەوە دەداو دەڵێ: من ماڵو سامانەکەتم من گەنجینەو خەزێنەکەتم.

﴿و لله میراث السموات والأرض وا لله بما تعملون خبیر﴾ سامانی ئاسمانو زەوی هی خودایە، هەر ماڵو داراییەک کە ئەو خەڵقە بە میرات وەری دەگرن هی خودایەو بەس، ئیتر چۆن دەگونجێ کە ئادەمیزادان رژدی بکەن لەو ماڵو داراییەی کە خودا پێی داون لەرێگای خودادا سەرفی نەکەن!؟؟ دڵنیا بن کە لەسەر هەموو شتێک لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ دەکرێ، کەوابێ پێش هاتنی قیامەتو لەدونیا دەرچوونتان لە ماڵو دارایی خۆتان ببەخشنو یارمەتی هەژارو نەدارایان بدەن، خودا ئاگادارو زانایە بە نیەتو کردەوەتان، هیچی لێ هون نابێو هەموو کەس پاداشو سزای کردەوەی چاکو خراپی خۆی وەردەگرێتەوە.

برێ خراپەکاریی جوولەکەکان، کە هەژاریی پاڵ خودا دەدەنو پێغەمبەریش بە درۆ دەخەنەوە

لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ سَنَكْتُبُ مَا قَالُواْ وَقَتْلَهُمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿١٨١﴾ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿١٨٢﴾ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ عَهِدَ إِلَيْنَآ أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىٰ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ ٱلنَّارُ قُلْ قَدْ جَآءَكُمْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِى بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَبِٱلَّذِى قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٨٣﴾

فَإِن كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ جَآءُو بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُنِيرِ ﴿١٨٤﴾

ئایەتەکانی پێشوو رووداوەکانی جەنگی ئوحوودیان باس کرد، فێڵو تەڵەکەی دووڕووەکانو هەوڵو کۆششیان بۆ پشت سارد کردنەوەی موسوڵمانان لە جیهادو خودا پەرستییان روونکردەوە، لێرە بەدواوە لەم چەند ئایەتانەی داهاتوودا فێڵو تەڵەکەی جوولەکەکانو دژایەتی کردنیان بۆ موسوڵمانان باس دەکا! پەروەردگار موسوڵمانان دەترسێنێ لە نیەتو مەبەستو هەڵویستی جوولەکە، هەروەکوو چۆن لەوەپێش هەمان موسوڵمانانی ترساند لە فرتو فێڵی دووڕووەکان.

ئیبنو ئیسحاقو ئیبنو ئەبی حاتەم لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: حەزرەتی ئەبوبەکر چووە خوێندنگایەکی جوولەکەکانەوە، بینی کۆمەڵێک جوولەکە، لە جوولەکەیەکی تر کۆبونەتەوە؛ ناوی (فینحاص) بوو، ئەم فینحاصە رووی لە ئەبوبەکر کردو وتی: ئەی ئەبوبەکر! ئێمە هیچ پێویستیمان بە خودا نیەو ئەو پێویستی بە ئێمە هەیە! ئەگەر خودا دەوڵەمەند بوایە قەرزی لە ئێمە نەدەکرد! وەکوو پێغەمبەرەکەتان دەڵێ: ئاماژەیە بە ئایەتی ﴿من ذا الذي يقرض ا لله قرضا حسنا﴾ ئیتر ئەبوبەکر رقی هەڵساو مستەکۆڵەیەکی لە دەمو چاوی دا، فینحاس چوو بۆ لای پێغەمبەرو شکاتی کرد وتی: ئەی موحەممەد! بڕوانە هاوەڵەکەت چی لێ کردم؟ پێغەمبەر بە ئەبوبەکری گوت: چی پاڵی پێوەنای لەو کابرایە بدەی؟؟ وتی: قوربان قسەیەکی زۆر گەورەی کرد! دەڵێ خودا هەژارە.

فینحاس لە قسەکەی ژێوان بووەوە وتی: من شتی وام نەگوتووە، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرموێ.

﴿لقد سمع ا لله قول الذين قالوا إن ا لله فقير ونحن أغنياء﴾ بێگومان خودا قسەی ئەو کەسانەی بیست کە گوتیان: خودا هەژارەو ئێمە دەوڵەمەندین! بە ڕاستی قسەیەکی نارەواو ناحەقیان گوت، خودا لەسەر ئەو بوختانەیان سزایان دەداو تۆڵەیان لێ دەستێنێ.

﴿سنكتب ما قالوا﴾ ئەمە هەڕەشەیەکی توندو تیژە، لەسەر ئەو بوختانەی کە خودا بە هەژار دەزانن‌و خۆیان بە دەوڵەمەند حسێب دەکەن،

بەڵام با بزانن کە خودا لەسەر ئەو وتەیان سزایان دەدا، چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: وتەکەیان دەنووسین‌و هەڵی دەگرین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سزادانی لەسەر بێ، جا ئەوان هەر ئەم تاوانەیان نیە بەڵکو تاوانێکی تریان ﴿وقتلهم الأنبياء بغير حق﴾ ئەوەبوو کە بە ناڕەوا پیغەمبەرانیان کوشتووە، بە شێوەیەکی دڕندەیی لەناویان بردوون، نیسبەتدانی پێغەمبەر کوشتن بۆ جوولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ هەرچەندە باوکئو باپیری ئەوان ئەنجامیان داوە، لەم رووەوەیە: کە ئەمان رازی بوون بە کردەوەکەی ئەوان‌و پیێ لێ دەنێن‌و هاوسۆزی خۆیان لەگەڵیاندا پیشان دەدەن، جا لەبەر ئەم هەڵوێستەیان‌و رەزامەندیی‌یان بە کردەوەکەیان پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ونقول ذوقوا عذاب الحريق﴾ پێیان دەڵێین: سزای ئاگری سووتێنەر بچێژن؛ واتە: خودا لەسەر کردەوەکانیان بە سەخت ترین سزا تۆڵەیان لێ دەستێنێ، پییان دەڵین: ﴿ذلك بما قدمت أيديكم﴾ ئەم سزا سووتێنەرەتان بە هۆی تاوانە جۆراوجۆرەکانتانەوەیە، وە کوشتنی پێغەمبەران‌و خودا بە هەژار زانین‌و یارمەتیدانی کوفرو بێدینان. ئەم شزایەتان کە دەدرێ بەهۆی ئەوەیە: کە بەدەستی خۆتان کردووتانە.. کردەوە پاڵ دەست دەدرێ، چونکە زۆربەی کردەوەی ئادەمیزاد بەدەست ئەنجام دەدرێ، هەروەها لەبەرئەوەیە کە کردەوەکان بە حەقیقەت لەوانەوە پەیدا بووە، نەک هەر ئەوە بەڵکو هەوڵیان داوە پێغەمبەر تیرۆر بکەن ویستیان دیواری بەسەردا بڕوخێنن، ژەهریان بۆ کردە ناو خواردنەوە، گۆشتە مەڕەکەیان بۆ ژەهراوی کرد؛ کەوابێ ئەو سزا ئامادەکراوە بۆیان لە شوێنی خۆیدایە. ﴿وأن الله ليس بظلام للعبيد﴾ خودا بەهیچ جۆرێک ستەم لە بەندەکانی ناکا، کەس بە ناڕەوا سز نادا.

بە کورتی پێیان دەگوترێ: بچێژن سزای ئاگر بەهۆی ئەو کردەوانەی کە بەدەستی خۆتان ئەنجامتان داون‌و خودا ستەمکار نیەو لە خۆڕایی سزاتان نادا، جا ئەم پێگوتنەیان لە دۆزەخ دا دەبێ، یان لەکاتی مردن یان لەکاتی لێکۆڵینەوەو حیساب لەگەل کردندا دەبێ، بێژەرەکە، یان

پەروەردگارە یان فریشتەیە؟! ئەمجار پەروەدگار درۆیەکی تری جوولەکەکان رەت دەکاتەوە دەفەرموێ: ﴿الذين﴾ ئەو جوولەکانە کەسانێکن کە ﴿قالوا﴾ وتیان: ﴿إن الله عهد إلينا أن لا نؤمن لرسول حتى يأتينا بقربان تأكله النار﴾ بێگومان خودا فەرمانی پێ کردووینو بەڵێنی لێمان ساندووە کە بڕوا بە هیچ پێغەمبەرێک نەکەین، هەتاکو بڕێک لە موعجیزاتەکانی ئەوە نەبێ: کە یەکێک لە ئومەتەکەی قوربانییەک بکاو ئاگرێک بێ بیسوتێنێ، واتە: موعجیزەی پێغەمبەرەکە ئەوەبێ؛ ئەگەر یەکێک قوربانییەکی کرد یان خێرێکی کرد، نیشانەی قبوڵ بوونەکەی ئەوەبێ شتەکە دابنێنو ئاگرێک بێتە خوارێ بیسوتێنێ! مەبەستیان ئەوەبوو : ئیمان بە پێغەمبەر نەهێنن، بۆیە: ئەو جۆرە درۆیەیان هەڵبەستبوو.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: ئەم ئایەتە دەربارەی کەعبی کوڕی ئەشرەفو مالیکی کوڕی صەیفو فینخاصی کوڕی عازوراءو کۆمەڵێکی تر هاتۆتە خوارێ کە هاتنە خزمەت پێغەمبەرو وتیان: ئەی موحەممەد! تۆ بەلای خۆتەوە پێغەمبەریو لافی فروستادەیی لێ دەدەیو پێت وایە: خودا نیگات بۆ دەکاو کیتابی بۆ ناردووی! ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە خودا پەیمانی لە ئێمە ستاندووەو لەتەورات دا بەڵێنی ئەوەی لێ وەرگرتووین کە ئیمان بە هیچ پێغەمبەرێک نەهێنین هەتا قوربانییەک نەهێنێ بۆمانو نیشانەی قبوڵ کردنەکەی ئەوە نەبێ ئاگرێک لە ئاسمانەوە بێ بیسووتێنێ، ئاگرەکە کە لە ئاسمانەوە دێ دەنگێکی بەسپایی لێ بێ، جا ئەگەر تۆ ئەمەمان بۆ دەکەی، ئەوە بڕوات پێ دەکەینو ئیمانت پێ دەهێنین.. ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ!

بەڵێ ئەم ئیدیعایەو باسو خواسی ئەم بەڵێنو پەیمانە دەست هەڵبەستی خۆیان بوو، لە خەزێنەی خەیاڵی پوچی خۆیان هەڵیان هێنجا بوو! بۆیە پەروەردگار بە درۆی خستنەوەو رەدی دانەوەو فەرمووی:

﴿قل قد جاءكم رسل من قبلي بالبينات وبالذي قلتم﴾ هاتە

خوارەوەی ئاگر موعجیزەیەو موعجیزەش بۆ چەسپاندنی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرە رەوانە کراوەکەیە، دەی خۆ زۆر پێغەمبەری خاوەن موعجیزە هاتوونە سەرتان وەکوو یەحیاو زەکەرییاو هی تریش موعجیزەی راست وحەقیان نیشان داوە، لەو جۆرە موعجیزەی کە ئێوە دەیڵێن نیشانیان داوە، ئەدی ﴿فلم قتلتموهم﴾ بۆچی کوشتانو بەشێوەی دروندەیی لەناوتان بردن؟ بۆچی بڕواتان پێ نەکردن؟ ﴿إن كنتم صادقين﴾ ئەگەر ئێوە راست دەکەن شوێن حەقو راستی دەکەونو پابەندی فەرمانی پێغەمبەران دەبن!!

جا وەکوو گوترا: ئەم کردەوانە پاڵ جوولەکەکانی سەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئان دراوە، لەکاتێکا باوکو باپیریان کردوویانە نەک ئەمان! بەڵام چونکە ئەوانیش بەو کردەوانە رازینو پێیان وایە: لەسەر حەق بوون، بۆیە کردەوەی باپیرانی رابوردوویان پاڵ ئەمان دراوە!! گەلو نەتەوە لە عاداتو دابو نەریت دا وەکوو تاکە کەس وان ئەو تاوانەی یەکێکیان بیکا پاڵ هەموانیان دەدرێ لای عەرەبەکانیش ئەم دابو نەریتە باو بوو تاوانی یەکێک لە هۆزێک پاڵ هەموو هۆزەکە دەدراو تۆڵەیان لە هۆزەکە دەستاند.

بەکورتی پێشینانتان سەر رەقو نا پەسەند بوون، ئێوەش وەکوو ئەوان وانو هەمان هەڵسو کەوت بیروباوەڕتان هەیە.

ئەمجار پەروەردگار دڵخۆشی پێغەمبەر ﷺ دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿فإن كذبوك فقد كذب رسل من قبلك جاءوا بالبينات والزبر والكتاب المنير﴾ ئەگەر کافرو خوانەناسانی هاوچەرخت بە درۆیان کردیەوەو بڕوایان پێ نەکردیو موعجیزەو بەڵگەی راستی پێغەمبەرایەتیت کاری تێ نەکردن؛ تۆ دڵگران مەبە. چونکە زۆر پێغەمبەری پێش تۆ بە موعجیزەو بەڵگەی راستیی پێغەمبەرایەتیانەوە هاتوونە ناو گەلو هۆزەکانیانەوە، کتێبی ئاسمانیان لەگەڵ دا بروە، وەکوو ئەو پەڕاوانەی کە بۆ پێغەمبەران نێردراونەتە خوارێ، کتێبی وەکوو تەوراتو ئینجیلو

زەبووریان پێ بووە کەچی بڕوایان پێ نەکردوونو بە درۆیان خستوونەوە، گاڵتەیان پێ کردوون، ئازاریان داون، ئەوانیش صەبرو ئارامیان لەسەر ئەو ئەزیەتدانە گرتو خۆڕاگرو بارقوڵ بوونو لەسەر ریبازی خۆیان بەردەوام بوونو پەیامی خۆیان گەیاند! ئەمە سروشتی ئادەمیزادە لەهەموو کاتو سەردەمێک دا، هی وا هەیە گوێ بۆ حەقو راستی دەگرێ، هی وا هەیە بەرەنگاری حەق دەبێو گاڵتە بە هەڵگرانی پەیامی راستی دەکا! کەوابێ تۆ سەرسام مەبە لە بەرگری کردنی کافرەکان بۆ بانگەوازی‌یەکەت! چونکە دڵو دەروونیان ئامادە نیە بە حەق بگەنو خێرو خۆشییان ناوێ،،

مردن سەرەنجامی هەموو گیاندارێکە، دونیا گۆڕەپانی تاقیکردنەوەیەو قیامەت شوێنی پاداشە

كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۖ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَۗ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿١٨٥﴾ ۞لَتُبْلَوُنَّ فِىٓ أَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَذًى كَثِيرًاۚ وَإِن تَصْبِرُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴿١٨٦﴾

هەر لە روانگەی دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ پەروەردگار ئەوە دەچەسپێنێ کە مردن سەرەنجامی هەموو زیندویەکە؛ تاقیکردنەوە لە دونیاداو پاداش دانەوە لە قیامەت دایە! هەموو کەس ئاکامی کردەوەکانی خۆی دەبینێتەوە! بۆیە بەم شێوە گشتی‌یەو بەم قاعیدە موطلەقە، دەفەرموێ: ﴿کل نفس ذائقة الموت﴾ هەموو نەفسێک تامی جودابوونەوە لە لاشە دەچێژێو رۆژێک لە رۆژان ئەم حاڵەتەی بەسەردێ، کەس رزگاری نابێ. هەموو کەس دەبێ کاسەی مردن بچێژێ !! ئەمە

ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نەفس نامرێ، لاشە دەمرێ، چونکە ئەوەی دەچێژێ مەوجوودە، مردوو ناچێژێ، جەژتن هەستێکە زێندوو هەستی پێ دەکا. وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**كل من عليها فان ويبقى وجه ربك ذو الجلال والاكرام**﴾الرحمن/٢٦-٢٧. هەموو کەسێک لە جنۆکەو ئادەمیزادو فریشتەو تەنانەت هەڵگرانی (عەرش)یش دەمرن... تەنها خودا دەمێنێتەوە، هەر ئەو زیندوو راوەستاوەو نەمرە، بەردەوامو باقییەو هەر دەبێ، وەکوو هەر بووە! ئایەتەکە دڵدانەوەی موسوڵمانانیشی تێدایە، چونکە ئەوە دەچەسپێنێ کەچی زیندوویەک هەیە لەسەر رووی زەویو لە ئاسمانەکان، هەموویان مردن دەچێژن. هەموو نەفسێک تامی جودابوونەوە لە لاشە دەچێژێ. ﴿**وإنما توفون أجوركم يوم القيامة**﴾ پاداشی کردەوەکانتان بە سەرجەمیو تەواوی لە رۆژی قیامەت دا وەردەگرنەوە، هەموو نەفسێک پاداشو سزای کردەوەکانی -خێرو چاکە، تاوانو خراپە- بە تەواویو بەشێوەیەکی دادوەزانە وەردەگرێتەوە، کەس ستەمی تۆزقاڵێکی لێ ناکرێ!

ئایەتەکە باسی وەرگرتنەوەی پاداشو سزای تەواو دەکا، ئەمەش ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە برێ پاداشو سزا جاری وا دەبێ لە دونیادا یان لە گۆڕدا دەگاتەوە بە ئینسان!! هەروەها ئەو فەرموودەیەی کە تیرمذیو طەبەری لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەیگێرێتەوە کە دەفەرموێ (إن القبر روضة من رياض الجنة أو حفرة من حفر النار) پشتگیری راستی ئەو ئاماژەیە دەکا.

جا ﴿فمن زحزح عن النار وأدخل الجنة فقد فاز﴾ کەسێک لە ئاگر دوورخرایەوەو رزگاری بوو خرایە بەهەشتەوەو بە مراد گەیشت، ئەوە بەختەوەرو خۆشنوودە، گەیشتۆتە ئەوپەڕ پلەی خۆشیو کامەرانیو داخوازی هەرە بەرزی خۆی بەدەست هێناوە.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: کەسێک دەیەوێ لە ئاگری دۆزەخ

دووربکەویتەوەو بچێتە بەهەشتەوە یا وا بکا بە موسوڵمانی بمرێ، کاتێک مردن یەخەی پێ دەگرێ بڕوای بە خوداو ڕۆژی قیامەت بێ، شتێک بۆ خەڵک بێنێ کە پێی خۆشە خەڵک ئەو شتەی بۆ بێنن، چی بۆ خۆی پێ خۆشە بۆ کەسانی تریش پێی خۆش بێ. واتە: لە ژیان دا پارێزگاری مافی خوداو ئادەمیزاد بکا، بە گوێرەی توانا ئەرکی سەرشانی بەرامبەر خوداو بەندەکانی جێبەجێ بکا، بۆ ئەوەی بە مراد بگاو، بە بەهەشتی بەرین شاد بێ!!

ئیبنو ئەبو حاتەم لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (موضع سوط أحدكم في الجنة خير من الدنيا وما فيها) ئەگەر دەتانەوێ دڵنیابن لە ئەمە، دە بڕۆن ئایەتی ﴿فمن زحزح عن النار﴾ بخوێننەوە.

﴿وما الحياة الدنيا إلا متاع الغرور﴾ ژیانی دونیا کە هەیە بە هەموو خۆشیو لەززەتێکەوە بریتییە لە هۆکاری لەخۆ بایی بوونو هەڵخەڵەتاندن، خۆشییە جەستەییەکان؛ وەکوو خواردنو خواردنەوە، هەروەها خۆشییە مەعنەوییەکان وەکوو پلەو پایەو ڕێزداری! وەکوو کاڵایەکی هەڵخەڵەتاندن وانو پاش ماوەیەک دەردەکەوێ هیچو پووچو کەم بایەخنو، ئادەمیزاد لە ژیان دا پێیان هەڵدەخەڵەتێو، بە باشیان دەزانێو، هەڵیان دەبژێرێ، بەڵام ئەو ژیانەی لای خودایە ئەوە ژیانەو حەق وایە هەوڵی بۆ بدرێ! وەکوو پەروەردگار دەفەرموێ: **﴿بل تؤثرن الحياة الدنيا والاخرة خير وأبقى﴾الاعلى/١٦-١٧.**

یان دەفەرموێ: **﴿وما أوتيتم من شيء فمتاع الحياة الدنيا وزينتها. وما عند ا لله خير وأبقى﴾القصص/٦٠.**

پێویستە ئەوە بزانرێ: کە دونیا کاتێک ئاوا هیچو پووچە، کە بەسەر قیامەت دا تەفضیل بدرێو بکرێتە غایەو مەبەست، بەڵام ئەگەر دونیا بکرێتە وەسیلەو ئامێر بۆ بەدەستهێنانی پلەو پایەی قیامەت، ئەوە دونیا

شتێکی خاوەن بایەخەو کاڵایەکی بەنرخە، جا کەسێک تەفضیلی دونیا بدا بەسەر قیامەت دا وەکوو کەسێک وایە: سەودایەکی کردبیّو فێڵیان لیّ کردبیّ، دوایی بۆی دەربکەویّ کە دەستیان بڕیوەو غەشیان لیّ کردووە، دەستی لە بنی هەمانەوە دەربچیّو هیچی بۆ نەکریّو دەسخەڕۆ ببیّ!!

ئەمجار پەروەردگار دوای تەواوبوونی جەنگی ئوحود، دەیەویّ بڕێک دڵدانەوەی موسوڵمانەکان بداتەوەو، تێیان بگەیەنیّ کە لەسەر تاڵو ترشی رام بێنو بۆ ناخۆشیو بەڵاو موصیبەت خۆگرو خۆڕاگر بن، دەفەرمویّ: ﴿لتبلون في أموالكم وأنفسكم ولتسمعن من الذين أوتوا الكتاب من قبلكم ومن الذين أشركوا أذى كثيرا﴾ ئەی پێغەمبەرو کۆمەڵی موسوڵمان! بزانن: دونیا خانووی تاقیکردنەوەو کارکردنو تێکۆشانە، ئێوە دەخرێنە بۆتەی تاقیکردنەوەو ئیمتیحانەوە، تووشی جۆرەها بەڵاو موصیبەت دەبن، لە ماڵو دارایی دا تاقی دەکرێنەوە، ماڵو داراییتان دەفەوتیّ، لە دەوڵەمەندیەوە هەژار دەکەون، یان فەرمانتان پیّ دەکریّ ماڵو سامانتان ببەخشنو لەڕێگای خێردا سەرفی بکەن، لە جەستەو لاشەی خۆتانو منداڵو خزمو کەسو کاردا ئیمتیحان دەکرێن، تووشی کوشتنو برینداریو نەخۆشیو ترسو لەرز دەبن، جۆرەها نەخۆشیو بەڵاو ئافات روو دەکاتە خۆتانو منداڵو کەسو کارتان. وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرمویّ: ﴿**ولنبلونكم بشئ من الخوف والجوع ونقص من الاموال والانفس والثمرات وبشر الصابرين**﴾البقرة/١٥٥.

جا موسوڵمانانو پێغەمبەرەکەیان لە جوولەکەو فەلەو عەرەبە کافرەکان شتی زۆر ناخۆش دەبیسن، جۆرەها بوختانو قسەی ناشیرینو بیّ بناخەتان ئاراستە دەکەن، جنێو بە ئاینتان بە پێغەمبەرتان دەدەن دژیان دەدوێن، هەوڵی لەناوبردنتان دەدەن، بەڵام ﴿وإن تصبروا وتتقوا فإن ذلك من عزم الأمور﴾ ئەگەر صەبر بگرنو تەقوای خودا بکەن، چیتان فەرمان پیّکراوە، ئەنجامی بدەن، چیتان لیّ قەدەغەکراوە خۆتانی لیّ دوور

بخەنەوە؛ ئەوە کار دروستی‌یەو راستاڵی‌یە، شایانی ئەوەن دووچەندانە پاداش بدرێنەوەو پێویستە هەریەکێ لە ئێوە بەو شێوە رەفتار بکا.

ئەم ئایەتە یەکێکە لەو ئایەتانەی موسوڵمانان هەڵدەنێ بۆ بارقووڵیو جوڵانەوەی رامیاریو هەڵکردن لەگەڵ دوژمنان داو پەیرەوکردنی ململانێی سیاسیو خەباتکردنی دانو سان. پێغەمبەریش ﷺ هەرچەندە فەرمانی پێ کرابوو کە شەڕ لەگەڵ کافرەکان بکا، لەگەڵ جوولەکەکان مەدارای دەکردو زۆرجار چاوپۆشی لە هەڵەو تاوانی مونافیقەکان دەکرد.

پەیمانو بەڵێن وەرگرتن لە خاوەن نامەکان

وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ فَنَبَذُوهُ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ وَٱشْتَرَوْاْ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ ﴿١٨٧﴾ لَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَآ أَتَواْ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُواْ بِمَا لَمْ يَفْعَلُواْ فَلَا تَحْسَبَنَّهُم بِمَفَازَةٍ مِّنَ ٱلْعَذَابِ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٨٨﴾ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٨٩﴾

وەکوو زانیمان پەروەردگار لە سوورەتی (العمران)دا موناقەشەیەکی زۆری لەگەڵ فەلەکان دا ئەنجام دا، زۆر سەرگوزشتەی سەیرو سەمەرەی لە جۆرەکانەوە گێڕایەوە، دوابەدوای ئەوە باسی غەزای بەدرو ئوحوودی کرد، ئەمجار دێتە سەر هەڵوێستێکی تری جوولەکەو فەلەکان کە ئەمیش سەرسوڕهێنەرو سەیرە، ئەویش بریتییە لە تانەدان لە ئایینو لەکەدارکردنی پەیامی ئیسلام، لەکاتێکا لە تەوراتو ئینجیل دا فەرمانیان پێ کراوە، کە زانیاری کتێبەکانیان نەشارنەوە، کە بڕێ لەو زانیاریانە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی

موحەممەد ﷺ و راستی پەیامە پیرۆزەکەی،، بەڵکو بەڵێنی لێ وەرگرتوون کەئەم راستییانە بۆ خەڵک روون بکەنەوەو بەهیچ جۆرێ پەردەپۆشییان بۆ نەکەن! وەکوو دەفەرموێ: ﴿وإذ أخذ الله ميثاق الذين أوتوا الكتاب لتبينن للناس ولا تكتمونه﴾ یادی ئەو کاتە بکەنەوە کە پەروەردگار پەیمانو بەڵێنی لە خاوەن نامەکان -جوولەکەو فەلە- لەسەر زوبانی پێغەمبەرەکانیان وەرگرت کە ناوەرۆکی کتێبەکانیان -تەوراتو ئینجیل- بەبێ دەست لێدان بە خەڵکی رابگەیەنن‌و هیچیان لێ نەشارنەوە، ناوەرۆکو حەقیقەتیان چۆنە ئاوا بۆ خەڵکیان شی بکەنەوە، نامەی خودا نابێ کەم‌و زیادی تێدا بکرێ، بەڵکو دەبێ چۆن هاتووە ئاوا بۆ ئادەمیزادان روون بکرێتەوە، گۆڕانکاری‌و پێچ‌و پەنای تێدا نەکەن، مەبەستەکانی چۆنەو بۆچی هاتووە شی بکرێتەوە، بەتایبەتی باس‌و خواسی پێغەمبەری ئیسلام چۆنەو رەوشتی‌و نیشانەی بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەن‌و ئیمانیشی پێ بێنن‌و بانگەوازی ئایینەکەی بکەن‌و، خۆ ئامادە بکەن: هەر کاتێ رەوانە کرا، خێرا ئیمانی پێ بێنن! کەچی ئەوان ئەو زانیاریانەیان شاردەوەو بەهایەکی بێ نرخیان لە پاساویدا وەرگرت. ئەوەیان لەبیر چووەوە کە بەڵێنیان داوەو بەڵێنی کامەرانی هەردوو جیهانیان پێ دراوە، بەڕاستی سەوداکەیان سەودایەکی زیان بەخشەو کڕین‌و فرۆشتنەکەیان زەرەر مەندییە.

ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڕەشەیەکی توندو تیژە، بۆ زانایانی هەموو رۆژگارێک کە نەچن لاسایی ئەو جوولەکەو فەلانە بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەو نەفرین‌و تانەو لۆمەو سزایەی تووشی ئەوان بووە تووشی ئەمان نەبێ!

بەڵکو هەوڵ‌و تێکۆشان ئەنجام بدەن، ئەو زانست‌و عیلمەی دەیزانن بە شێوەیەکی سوود بەخش بەخەڵکی رابگەیەنن، هیچی لێ حەشار نەدەن‌و پەردەپۆشی نەکەن، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی هەر کەسێک داوای زانستی‌یەکی لێکراو شاردیەوە، پەروەردگار رۆژی قیامەت لغاوی ئاگرینی لەدەم دەکات‌و سزای دەدا. ﴿فنبذوه وراء ظهورهم واشتروا به

ثمنا قليلا﴾ بەڵێ ئەو عالمە جولەکەو قەشە مەسیحی‌یانە هیچ پابەندی تەوراتو ئینجیل نەبوونو پاش گوییان خستن.

کۆمەڵێکیان تەوراتو ئینجیل دەخوێنن بێ تێگەیشتنو نازانن مەبەستەکانیان چینو چی نین! کۆمەڵێکیان بە ئەنقەست دەقەکان دەگۆڕنو لەخۆیانەوە زیادو کەمی‌یان تێدا دەکەن، بە جۆرێک لایانداونو گۆڕانگارییان تێدا کردوون، بۆ پڕوپیتاڵی دونیای بێ بایەخ گۆڕانکارییان لە دەقەکانیاندا کردووە، هەندیکیان شاردۆتەوە، هەندیکیان گۆڕیوە بۆ پلەو پایەیەکی کاتیو دونیایی، یان ناوبانگو شۆرەتی قەڵب، یان بۆ دەسکەوتی ماڵو دارایی بێبایەخ!! خۆشبەختی دونیاو قیامەتیان لەکیس خۆیان داوە، لەڕاستی‌دا ئەوان لەو سەوداو مامەڵەیەدا زەرەرمەندو دۆڕاون، خۆشبەختیو کامەرانی هەردوو جیهانیان واز لێ هێناوەو خەریکی کۆکردنەوەی شڕو پیتاڵی کەم نرخی دونیانو هەڵپەی بەرتیل وەرگرتنو رووتاندنەوەی هەژارو بێ نەوایانن، دەیانەوێ بە چەپو گوپ پلەو پایەی خۆیان بپارێزن! ﴿فبئس ما يشترون﴾ خراپ کالآیەکە، ئەوەی کڕیویانە. چونکە ئەوان لە شوێنی خۆشیو کامەرانی بەردەوامو بەهەشت، جیهانی بێ بەقایان پەسەند کردووە!

ئەمە بەڵگەیە، لەسەر ئەوە کە زانست بلاوکردنەوە پێویستەو فێرکردنی خەڵک واجبە، چۆن پێویستە نەزان هەوڵی فێربوون بدا، هەروا پێویستە زاناش هەوڵی فێرکردن بدا، ئیمامی عەلی فەرموویەتی: (ما أخذ الله على أهل الجهل أن يتعلموا حتى أخذ على أهل العلم أن يعلموا) .

حەسەنی بەصری دەیفەرموو: ئەگەر ئەو بەڵێنە نەبوایە کە خودا لە زانایانی وەرگرتووە زۆر لەو شتانەی کە پرسیارم لێ دەکەن وەڵامم نەدەدانەوە!

تا ئێرە قسە لەگەڵ خاوەن نامەکان بوو، کە پەروەردگار پەیمانی لێ وەرگرتوون، بەوەی کە تەوراتو ئینجیل بۆ ئادەمیزادان شی بکەنەوە،

بەڵام کەمتەرخەمییان تیدا کردو کاریان بە ناوەرۆکی نامــە ئاسمانییەکـە نەکردو، کاڵایەکی بێ نرخیان لەجیاتی ئەوە هەڵبژارد، ئەمجار دێتە ســەر روون کردنەوەی حاڵەتێکی تر لە هەڵویستەکانیان بەمەبەستی ترساندنی موسـوڵمانان لـە لاســـاییکردنەوەیان، هەڵویستەکەشــیان ئــەوەبوو: کــە شانازییان بەوە دەکرد کە گۆڕانگاریو مانا لێکدانەوەی ناڕێکو پێکێ لـە دەقەکانی تەوراتو ئینجیل دەدەنــەوە، تـەئویلو تـەحریفی تێـدا دەکـەن، شاییـان بە خۆیان بوو، کە دەتوانن سەر لەخــەڵکی بشـێوێنن ، خۆیـان پـێ پێشەواو رابەر بوو، زۆر بەم کردارەیان کەیف خۆش بوون! ئیتر پەروەردگار فەرمووی: ﴿لا تحسبن الذیــن یفرحـون بمـا أتـوا ویحبـون أن یحمـدوا بمـا لم یفعلوا فلا تحسبنهم بمفازة من العذاب﴾ ئەی موحەممەد! وا گومان مەبـە کە ئەوانەی وا دڵخۆشن بە کردەوە نالــەبارەکانی خۆیــانو شـانازی دەکـەن بـەوەی کـە توانیویانــە ســەر لــە خــەڵکی بشــێوێنن، راسـتییەکانیان هەڵگێڕاوەتەوە، زانیاری راستو دروستیان شارۆدتەوە، خۆیـان بـە خـاوەن پلەو پایەی عیلـمو زانسـت دەزانـن، پێیـان وایـە: کـە شـیاوی ئـەوەن کـە سوپاس بکرێن، چونکە تەوراتو ئینجیل خوێننو راڤەکـەری دەقـەکانیانن دەیانەوێ تۆ سوپاسیان بکەی لەسەر شتێک کە نەیان کـردووە، -تـۆ ئـەی موحەممەد! وا مەزانە ئەوانە لە سـزای جیهـانی رزگاریـان دەبـێ، تەوانـە هەرگیز رزگاریان نابێو بەختەوەر نابن، بەڵکو سزای بەئێشـیان بـۆ دیـاری کراوە لە دونیادا ریسوا دەبـن، تووشـی جۆرەهـا بـەڵاو موصیبـەت دێـن، جۆرەها بومەلەرزەو زریانو لافاوو دەردو بەڵاو تاعونو نەخۆشی سـامناک روویـان تـێ دەکـا! ﴿ولهـم عـذاب ألیـم﴾ لەقیامەتیشـا راپێچـی دۆزەخ دەکرێنو تۆڵەی بوختــانو ســەرپێچییان لێ دەسێنرێ، لەسـەر گۆڕانکـاری دەقەکانی تەوراتو ئینجیلو هەڵەو گێڕانەوەی مەبەستو ماناکانیان سزا دەدرێن.

﴿ولله ملك السموات والأرض، والله علـى كـل شيء قديـر﴾ ئـەی گرۆهی موسوڵمانان! غەمناک مەبن، لاواز مەبن، حەق بێژ بن، هیچ کاتێ

راستی مەشێرنەوە، بە ئایەتی خودا کاڵای بێ بایەخ مەکڕن، ئایین فرۆش مەبن، دڵخۆش مەبن بەوەی مەدح بکرێن لەسەر کارێک کە نەتان کردووە، جگە لە خودا لەکەس مەترسێنو گوێ بە هیچ مەدەن خوداتان بەسە، ئەو فریاتان دەکەوێ! قسەو قسەلۆکی ئەوانە کارتان تێ نەکا کە دەڵێن: خودا هەژارە، ئێمە دەوڵەمەندین، چونکە موڵکو سامانی ئاسمانو زەوی هەمووی هی خودایەو بە ئارەزۆی خۆی ئاڵو گۆڕی تێدا دەکا، پەروەردگار بەسەر هەموو شتێک دا دەسەڵاتی هەیەو هیچ شتێک لێی عاسی نابێ، کەوابێ لێی بترسنو سەرپێچی فەرمانەکانی مەکەن! ترستان لە غەزەبو تۆڵەی هەبێ.

سەرنج راکێشانی ئادەمیزاد بۆ بیرکردنەوە لە بوونەوەر، پاداشیش بۆ نێرو مێیە

إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾ ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا سُبْحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٩١﴾ رَبَّنَآ إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُۥ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿١٩٢﴾ رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِى لِلْإِيمَٰنِ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِرَبِّكُمْ فَـَٔامَنَّا

رَبَّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلْأَبْرَارِ ﴿١٩٣﴾ رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ﴿١٩٤﴾ فَٱسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّى لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَـٰمِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ بَعْضُكُم مِّنۢ بَعْضٍ فَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ وَأُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِمْ وَأُوذُوا۟ فِى سَبِيلِى وَقَـٰتَلُوا۟ وَقُتِلُوا۟ لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ

وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلثَّوَابِ ﴿١٩٥﴾

طەبەرانیو ئیبنو ئەبی حاتەم لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕنەوە دەڵێن: قورەیشیەکان هاتنە لای جولەکەکان، وتیان: مووسا کە کرا بە پێغەمبەر موعجیزەی چی بۆ هێنان؟ جوولەکەکان وتیان: عەساکەی دەستی نوورانی بوو کە دەیخستە ناو باخەڵییەوە کە دەری دەهێنا دەدرەوشایەوە. هاتنە لای مەسیحی‌یەکان وتیان: عیسا موعجیزەی چۆن بوو؟ وتیان لاڵو بەڵەکی چاک دەکردەوە، مردوی زیندوو دەکردنەوە، ئەمجار هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتیان: ئەی موحەممەد! بۆمان لە خودا بپاڕێرەوە کێوی (صەفا) مان بۆ بکا بە زێڕ، پێغەمبەر لە خودا پاڕایەوە ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿إن في خلق السموات والأرض﴾ بێگومان لە بەدیهێنانو دروستکردنی ئاسمانەکانو زەویدا، ئاسمانەکان بەو هەموو بەرزیو فراوانی‌یەوە زەوی بەو هەموو نەرمیو پەستەییەوەو گونجانی بۆ ژینگەی گیانداران تێیدا، وێڕای هەبوونی ئەو هەموو یاساو نیظامە رەنگینانەی کە کاروباری کەونو کائیناتیان پێ هەڵدەسوڕێ هەموو شتێک لە چوارچێوەی سنووری خۆیداو لەکاتی خۆیدا کاری خۆی

ئەنجام دەدا.

(فەلەک) تەوەرەکان، ئەستێرەکان، ئەستێرە کاکەشەکان دەریاو کێوو چۆمەکان، داری بەردارو گژو گیاو ئاژەڵ، کانو سەروەتو سامان.

﴿واختلاف اللیلو النهار﴾ هاتوچۆی شەوو رۆژ یەک بەدوای یەک دا، دەمێک شەو درێژەو رۆژ کورت، کاتێک دەبێ بە پێچەوانەوە دەبێو چاخی واش دەبێ بەرامبەرو بە ئەندازەی یەکترین، ئاوا بەو جۆرەو بەگوێرەی وەرزو کاتو شوێن، گۆڕانکارییان بەسەردا دێ، هەموو ئەمانەو هی تریش ﴿لآیات لأولي الألباب﴾ بەڵگەی چەسپێنەرن لەسەر هەبوونی خوداو تواناو دەسەڵاتی رەهاو گەورەییو تاکو تەنیایی، بۆ کەسانێک خاوەن هۆشو فام بنو بە وردی لە بوونەوەر ورد ببنەوەو بە هۆشو فامی تەواوەوە تێ بفکرن، نەک کەرو لاڵو نا عاقڵانە تێی بفکرنو ئاژەڵ ئاسا هەڵسو کەوت لەگەڵ بوونەورەدا بکەن، وەکوو ئەوانەی پەروەردگار لە ئایەتێکی تردا دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿**وکاین من اية في السموات والآرض یمرون علیها وهم عنها معرضون. وما یؤمن أکثرهم با لله إلا وهم مشرکون**﴾**یوسف**/١٠٥-١٠٦.

ئەمجار پەروەردگار پێناسەی (**اولوالألباب**) دەکاو دەفەرموێ: ﴿**الذین یذکرون ا لله قیاما وقعودا وعلی جنوبهم**﴾ ئەو هۆشمەندانەن: کە هەمیشە یادی خودا دەکەنو لە بوونەوەر دەفکرن، لەهەموو کاتو شوێنێکدا لەگشت بارو زروفێکیان دا، بە راوەستاوی بە دانیشتوویی، بە راکشاوی، بە دڵو بە زوبان، یادی خودا لەیاد ناکەن، هەمیشە خودایان لە بیرە، وێڕای ئەو یادە هەمیشەییە ﴿ویتفکرون في خلق السموات والأرض﴾ لە بوونەوەر ورد دەبنەوە، لە دیاردەکانی ئاسمانو زەوی دەفکرن، نهێنیو دەستی قودرەتی خودایان تێدا دەبینن، لەهەموو شوێنێکدا گەروەیی خوداو بە توانایيو زانیاری فراوانو بەزەیی پەروەردگار بەدی دەکەن...

تیفکرین دەبێ لە دەستکردەکانی خودا بێ، نەک لە خودی

پەروەردگار خۆی!! چونکە مەحاڵە کەس بتوانێ حەقیقەتو چۆنیەتی زاتو صیفاتی خودای بۆ روون ببێتەوە.

دەگێڕنەوە رۆژێک پێغەمبەر ﷺ چووە ناو کۆمەڵی یارانەوە خەریکی بیرکردنەوەو تێفکرین بوون پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون: بیر لە دروستکراوان بکەنەوە، هەرگیز فکر لە دروستکەر مەکەنەوە، چونکە ئێوە توانای ئەوەتان نیە چۆنیەتی خودا بزانن، حەسەنی بەصری فەرموویەتی: سەعاتێک بیرکردنەوە لە بوونەوەر لە شەونوێژی شەوێک خێرترە!!

جا ئەو خواناسە عاقڵو هۆشمەندانە کە ئاوا لە بوونەوەر ورد دەبنەوەو لە فراوانی بوونەوەرو کارسازیی پەروەردگارو دەست رەنگینی زاتی بێچوونی تێ دەفکرن، بە زوبانی حاڵو مەقال دەڵێن: ﴿ربنا ما خلقت هذا باطلا﴾ خودایە! ئەم بوونەوەرەت بەخۆڕایی دروست نەکردووە، ئەم کەونو کائیناتەت بە هەوانتە وەگەڕ نەخستووە، زاتی تۆ زۆر لەوە بەرزترە کاری نابەجێ بکا، هەموو دروستکراوێک لە شوێنی خۆیدایە، حیکمەتو نهێنی‌یەکی یەزدانی تێدایە.

واتە: موسوڵمانی بیرکەرەوە دوای لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە روودەکاتە بارەگای پەروەردگارو دەستی زەلیلیو پاڕانەوە بەرز دەکاتەوە، بڕواو قەناعەتی خۆی دەربارەی بوونەوەر ئاشکرا دەکاو دەڵێ: خودایە! تۆ بە بێ هوودە ئەم بوونەوەرەت دروست نەکردووە. ﴿سبحانك فقنا عذاب النار﴾ ئیشو کارت هەمووی پاکو بێ عەیبە، بۆ خۆت پاکو بێ خەوشی، تاکو تەنیاو کەریمی کارسازی خودایە! پەنامان بدەو لە سزای ئاگر بمانپارێزە! یارمەتیمان بدە بۆ کردنی کاری چاک، بیرو باوەڕمان راستو دامەزراو بکە، تووشی پشێوی بیروباوەڕو گومڕاییو سەرلێتێکچوون نەبین!!

﴿ربنا إنك من تدخل النار فقد أخزيته﴾ پەروەردگارا! هەر کەسێک بە دادوەری خۆتو بەهۆی سەرپێچیکردنو گومڕاییو لادانی خۆی لە رێگای راست، بیخەیە دۆزەخەوە بێگومان ریسوات کردووە، زەلیلو

داماوت کردووە، چونکە کەسێک لە تۆ یاخی بێ ناتوانێ بەربەرەکانی تۆ بکا، هەرکە ویستت داماوی دەکەیو کەسیش نیە بتوانێ کۆمەکی پێ بکا. ﴿وما للظالمين من أنصار﴾ ئەوانە ستەمکارن، ستەمکارانیش کەس نیە بتوانێ یارمەتییان بداو لە سزای دۆزەخ رزگاریان بکا، سزادانیان بە ئاگری دۆزەخ تۆڵەستاندنێکی دادوەرانەیەو ئاکامی ستەمکاریو سنوور بەزێنی خۆیانە!

﴿ربنا إننا سمعنا مناديا ينادي للإيمان أن آمنوا بربكم فآمنا﴾ خودایە! ئێمە گوێمان لێ بوو: بانگەوازیکەرێک کە پێغەمبەرە ﷺ بانگی دەکردو داوای لێ کردین بۆ موسوڵمان بوونو بڕواهێنان بە خودا، بانگی کردین کە ئیمان بە خودای خۆمان بێنین، ئێمەش بڕوامان پێ کردو موسوڵمان بووینو شوێنی کەوتین، بڕوامان بە تاکو تەنیایی خوداو دەسەڵاتی رەهاو بێ سنووری هێنا، هەروەها ئیمانمان هێنا بە هەموو ئەو حوکمو شەریعەتو دابو نەریتو رەوشتانەی پێغەمبەر بۆی هێناوین، هەموویمان وەرگرتو قبووڵمان بوو! ﴿ربنا فاغفر لنا ذنوبنا وكفر عنا سيئاتنا وتوفنا مع الأبرار﴾ خودایە! لە تاوانە گەورەکانمان خۆش ببە، تاوانی بچووکمان بپۆشە، گوناهی گەورەو بچووکمان رەش بکەرەوە، بمانخەرە ریزی پیاوچاکانەوە، لەگەڵ راستالان بمانمرێنە، لەکۆمەڵی صالحو خوداپەرستان حسێبمان بکە، شەرمەزاری رۆژی قیامەتمان مەکە، ﴿ربنا وآتنا ما وعدتنا على رسلك﴾ خودایە! ئەوەی کە لەسەر زوبانی پێغەمبەر ﷺ بەڵێنت پێداوین لە پاداشی باش، وەکوو سەرکەوتن لە ژیانی جیهانداو، چوونە ناو بەهەشت لە قیامەت دا بماندەرێو بۆمان جێبەجێ بکە! ئێمە تاوانبارینو کەمتەرخەمین، یارمەتیو تۆفیقی تۆ نەبێ هیچمان بۆ ناکرێ، خودایە! ﴿ولا تخزنا يوم القيامة﴾ لیقەوماوو شەرمەزاری بەرچاوی خەڵکیدەشتی مەحشەرمان مەکە، ئیمانمان بەهێز بکەو، کردەوەمان چاک بکەو، پاداشی باشمان لەسەریان بدەرەوە، تۆ وادە راستو بەڵێن دروستی، لە دونیادا پێشکەوتوو سەرکەوتوومان بکە، وەکوو

لەئایەتێکی تردا فەرمووتە: ﴿**وعد ا لله الذين امنـوا منكم وعملوا الصالحـات ليستخلفنهم في الأرض**﴾النور/٥٥.

له قیامەتیشدا بەبەهەشتی بەرین شادمان بکـه، وەکـوو فەرمووتـه: ﴿**وعد ا لله المؤمنين والمؤمنات جنات تجري من تحتها الانهار**﴾**التوبة**/٧٢. ئەمانە وادەو بەڵێنی خۆتن ﴿**إنـك لا تخلـف الميعـاد**﴾ بێگومـان تـۆ وادە راسـتو بەڵێن دروستی، هەرگیز وەعدە بە خیلاف نەبووی‌و نابی ﴿**فاسـتجاب لهـم ربهم أني لا أضيع عمل عامل منكم من ذكر وأنثى**﴾ پەروەردگاریان نـزاو پاڕانەوەکـەیانی لێ وەرگرتـن، چونکـە پاڕانەوەکـەیان بـەدڵ بـوو، لـە دڵو دەروونێکی پڕ لە ئیمانو ئیخلاصەوە سەرچاوەی گرتبوو! پـێی فـەرموون: کە من کردەوەی هیچ کەسێک بە فیڕۆ نادەم پاداشی نێرو مێ؛ هەرکەسـە بە گوێرەی خۆی دەدەمەوە! نێرو مـێ شـان بـە شـانی یـەکتری لـە مـافو ئـەرک دا یەکسـانن. پاداشـیان لەسـەر کـردەوەی چـاکو سـزا لەسـەر خراپەکارییان وەکوو یەک وایە. ﴿**بعضكم من بعض**﴾ بڕیکتان لە بڕیکتان پـەیدا دەبـن، ئەمـەش شتێکیغەریب نیـە؛ نـیرو مـێ لەیـەک رەگـەزنو رەچەڵەکیان یەکە. مێ لە نیر پەیدادەبیّو نێر لە مێ دەبیّ! جـا ﴿**فـالذين هاجروا**﴾ ئەو ئادەمیزادانەی لەپێناو ئایینی خوادا کۆچیان کردووە، زێـدو نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشتووە ﴿**وأخرجوا من ديارهم**﴾ لە مالو حـاڵی خۆیان دەرکراون، لە نیشتمانی دڵگـیری خۆیـان وەدەر نـراون ﴿**وأوذوا في سبيلي**﴾ لە پێناو ڕێبازی من دا سزایان چەشـتووە ﴿**وقـاتلوا**﴾ کـوژراونو گیانیان بەخت کردووە!! لە رێگای خودادا تێکۆشاون، ئەوانـە هـەموویان چاکـەکارنو خوداپاداشـی باشـیان دەداتـەوە، لـە پاداشـی کۆششـی دڵسۆزانەیان دا ﴿**لأكفرن عنهم سيئاتهم**﴾ تاوانەکانیان پەردەپۆش دەکەمو لە گوناهیان خۆش دەبم ﴿**ولأدخلنهـم جنـات تجري مـن تحتهـا الأنهـار**﴾ دەیانخەمـە بەهەشـتێکەوە کـە بـەژێر دارو درەختـەکانیدا جۆگـەی ئـاوی صاف دەکشێن، هەتاهەتایە لەو لەززەتو خۆشی‌یەدا دەمێننـەوە ﴿**ثوابـا**

من عند الله﴾ پاداشێکە خودا دەیداتەوە بە بڕواداران لەبری کردەوەی باشی دونیایان ﴿والله عنده حسن الثواب﴾ خودا هەرە پاداشی باشی لایە بۆ کردار باشان ئەویش بەهەشتە.

ئایەتەکان ئەوە دەگەیەنن کە:

١- پێویستە ئینسان لە مەخلوقاتی خودا وردبێتەوەو تێیان بفکرێ.


٢- زانایان فەرموویانە: وا باشە کەسێک لە خەوهەڵسا دەست بەدەمو چاویدا بێنێ، ئەم دە ئایەتەی کۆتایی سوورەتی ئالی عیمران بخوێنێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ وای کردووە، ئەمجار نوێژی بەیانیو سونەتی پێشەوە بکا وێڕای تاعەتکردن، بیر لە بوونەوەر بکاتەوە.

٣- موسوڵمان دەبێ هەموو کات یادی خودا بکاو لەهەموو کاتو شوێنێک دا خودای لە بیر نەچێتەوە، لەکاتی ڕاکشانو دانیشتنو ڕاوەستان دا خودای لەیاد بێ! ئاماژەی ئەوەشی تێدایە کە نوێژکەر بە ڕاوەستانەوە دەبێ نوێژ بکا، ئەگەر نەیتوانی بە دانیشتنەوە، ئەگەر بۆی نەکرا بە ڕاکشانەوە.

سزاو پاداشی هەریەکێ لە کافرەکانو موسوڵمانانو باوەڕدارانی خاوەن نامەکان

لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى ٱلْبِلَـٰدِ ﴿١٩٦﴾ مَتَـٰعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۚ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٩٧﴾ لَـٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّـٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا نُزُلًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۗ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّلْأَبْرَارِ ﴿١٩٨﴾ وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ لَمَن يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِمْ خَـٰشِعِينَ لِلَّهِ لَا يَشْتَرُونَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۗ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٩٩﴾

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱصْبِرُواْ وَصَابِرُواْ وَرَابِطُواْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ



پەروەردگار لە ئایەتەکانی پێشوودا بەڵێنی پاداشی گەورەی بە موسوڵمانان دا، موسوڵمانان هەژارو نەدارا بوون، کافرەکان دەوڵەمەندو خاوەن سامان بوون، لە لەززەتو خۆشیدا دەتلانەوە، ئەمجار صەبرو خۆڕاگرییان دەخاتە دڵەوە، لە روانگەی بەراوردکردن لەنێوان لەززەتی دونیای بێ بەقاو لەززەتی بەهەشتی هەرگیز نەبڕاوەدا. هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە دەڵێن: دەربارەی کافرەکانی مەککە بوو کە لە خۆشیو رابواردندا دەتلانەوە، بڕێ موسوڵمان گوتیان: بڕوانن خوانەناسنو بێ بڕواکان چۆن لەخۆشیدا دەژینو ئێمەش خەریکین لەبرسا بمرین!!

ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو فەرمووی: ﴿لايغرنك تقلب الذين كفروا في البلاد﴾ ئەی ئەو کەسەی کەئەو جۆرە بیروڕایە بە دڵتاندا گوزەر دەکەن! یان ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ ئەمەیان پێ رابگەیەنە بڵێ: با ئەو حاڵەتو چۆنیەتیەی کافرەکان تێیدان لە لەززەتو خۆشی رابواردن؛ تۆ هەڵنەخەڵەتێنێ، واقیعت لێ چەواشە نەکا، چونکە ئەو خۆشیو کامەڕانیە کاتییەی ئەوان تێیدان درێژخایەن نیەو، زۆر نامێنێتەوە رادەگوێزرێن بۆ کوشندەترین سزا! پێویستە موسوڵمان چاو ببڕێتە ئەو پاداشەی کە خودا بۆی داناوە کە خۆشیو کامەڕانییەکی هەمیشەییو بەردەوامە کە ژیانی بەهەشتە.

﴿متاع قليل ثم مأواهم جهنم وبئس المهاد﴾ ئەو بەرەڵلاییو هاتوچۆو رابواردنەیان خۆشییەکی کاتیو ماوە کورتەو، زۆر نابا کۆتایی پێ دێ پاشان گەڕانەوەو حەوانەوەیان لە دۆزەخ دا دەبێ، کە خراپترین شوێنی حەوانەوەیە!

ئەمجار دوای ئەوەی حاڵی کافرەکانی دیاری کردو ئاکامو

سەرەنجامی ئەوانی روون کردەوە، سەرەنجامی موسوڵمانان دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿لكن الذين اتقوا ربهم هم جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها﴾ بەڵام ئەوانەی تەقوای خودایان کردووە، پابەندی فەرمانەکانی بوونو خۆیان لە نەهی لێکراوەکانی پاراستووە، ئەوە لە پاداشی ئەوەدا چەند باخێکی بەهەشتیان دەدرێتێ کە بەژێر دارەکانیدا جۆگای ئاوی صاف دەکشێنو بە ئارەزووی خۆیان لەززەت وەردەگرنو خۆشی دەچێژنو لەم نیعمەتو لەززەتەدا هەتاهەتایە دەمێننەوە.

﴿نزلا من عندا لله﴾ میوانی ریزلێگیراوی لای پەروەردگارن، بە لوتفو کەرەمی خۆی دایان دەپۆشێ، لە کەرەمو بەخششی خۆی بەهرەمەندیان دەکا، ئەم شوێنو مەنزڵگاو بەهەشتە رازاوە لەززەتێکی جەستەیی لێ وەردەگرن.

﴿وما عند ا لله خير للأبرار﴾ ئەوەی لای خودایە لەرێزو تەقدیر، زیاد لەو خۆشیانەی باسکران، ئەوە بۆ پیاوچاکانەو هەڵوێست پاکان زۆر چاکترە لەوەی کە خوانەناسان تێیدا رادەبوێرن.. بۆیە پێیان دەگوترێ : (ابرار) چونکە لەگەڵ باوکێو دایکێو کوڕو کچیان چاکەکار بوون.

ئەمجار باسی کۆمەڵێک لە خاوەن نامەکان دەکا: کە بەهۆی قورئانەوە هیدایەت دراونو بڕوایان بە پێغەمبەر ﷺ کردووە، هەروەکوو چۆن لەوەپێش بڕوایان بە پەیامی پێغەمبەرانی پێشوو کردووە!

وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی سەلامو هاوەڵانیو نەججاشی (مەلیکی حەبەشە)و هی تریش، دەفەرموێ: ﴿وإن من أهل الكتاب لمن يؤمن با لله وما أنزل إليكم﴾ بێگومان لەو خاوەن نامانە هەیە: کە بڕوای بە خودا هێناوە، موحەممەد بە پێغەمبەر دەزانێو ئیمانی پێ هێناوە، بڕوای بەو قورئانە کردووە کە بۆ ئێوە نێردراوەتە خوارێ ﴿وما أنزل إليهم﴾ هەروەها ئیمانیان بەو نامانەش هێناوە کە بۆ خۆیان نێردراوە -کە تەوراتو ئینجیلە- ئەوانە چەند رەوشتێکی ناوازەیان هەیە.

١- بڕوایان بە خودا بڕوایەکی پتەوو چەسپاوو دامەزراوە!
٢- بڕوایان بە هەموو قورئان هەیە: کە نێردراوە بۆ پێغەمبەر ﷺ و تاقە پەڕاوێکی ئاسمانییە کە بەبێ دەست لێدانو گۆڕانگاری ماوەتەوە.
٣- بڕوایەکی ئیجمالیو پوختەیان بە تەوراتو ئینجیل هەیە.
٤- ﴿خاشعین لله﴾ ترسو خۆفێکی تەواویان لە خودا هەیە کە بەروبوومی بڕوای راستو پتەوە، چونکە هەرکاتێ دڵ لەخودا ترسا، هەموو جەستە ئەو ترسەی تێدا رەنگ دەداتەوە.
٥- ﴿لا یشترون بآیات الله ثمنا قلیلا﴾ کاڵای پڕوپووچی دونیایی بە ئایینو بیروباوەڕ ناکڕن... پاریزگاری نیگای خودایی دەکەنو هیچی لێ ناشێرنەوە، ئەو موژدەیەی کە لە تەوراتو ئینجیل دا دراوە بە هاتنی موحەممەد (پێغەمبەری ئاخر زەمان)و رەوشتو پێغەمبەرایەتیو نیشانەکانی خۆیو نیشانەی ئوممەتەکەی چۆن پێیان گەیشتووە ئاوا بڵاوی دەکەنەوەو بە خەڵکی تری دەگەیەنن.
﴿أولئك لهم أجرهم عند ربهم﴾ ئەوانە: کەئەو رەوشتانەیان تێدایە -جوولەکە بن یان گاور- پاداشی تەواوی کردەوەی خۆیان وەردەگرنەوە، لەسەر هەموو کردەوەیەکی چاکیان پاداشی تەواویان لای خودایەو پەزمەندە کراوە بۆیان، ﴿إن الله سریع الحساب﴾ خودا زۆر خێرایانە لێکۆڵینەوەو حیسابو سەرژمێری کردەوەی ئادەمیزادان دەکا، لە ماوەیەکی زۆر کورتو کەم دا حیسابو لێکۆڵینەوەی بێ هەڵەو بێ ستەم بۆ بەندەکانی خۆی دەکا، حوکمو فەرمانی خودا پێداچوونەوەو هەڵوەشاندنەوەی تێدا نیە، ئەو رەوشتانەی باسکران لە بڕێ جوولەکەدا هەبوون کە موسوڵمان بوون؛ وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی سەلامو هاوەڵانی کە ژمارەیان لە دە کەس تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام مەسیحیەکان زۆریان موسوڵمان بوونو پابەندی فەرمانی خوداو پێغەمبەر بوون، وەکوو پەروەردگار لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿لتجدن أشد الناس عداوة للذین امنوا الیهود والذین أشركوا، ولتجدن أقربهم مودة للذین امنوا الذین قالوا إنا نصاری، ذلك بأن منهم قسیسین ورهبانا وإنهم لا یستكبرون، وإذا سمعوا ما أنزل**

الی الرسول تری أعينهم تفيض من الدمع مما عرفوا من الحق يقولون ربنا امنا فاكتبنا مع الشاهدين، وما لنا لا نؤمن با لله وما جاءنا من الحق ونطمع أن يدخلنا ربنا مع القوم الصالحين، فاثابهم ا لله بما قالوا جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها وذلك جزاء المحسنين﴾المائدة/٨٥.

ئەمجار پەروەردگار کۆتایی بەم سوورەتە هێنا بە ئامۆژگاری کردنێکی گشتی بۆ موسوڵمانان کە وایان لێ بێ نزاو پاڕانەوەیان گیرا بێ، لە دونیادا بەسەر دوژمن دا زاڵ ببن‌و لە قیامەتیشدا پاداشی باش وەربگرن‌و بە مراد بگەن! بۆیە روویان تێ دەکاو دەفەرموێ: ﴿یا أیها الذین آمنوا اصبروا﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هەیەو ئیمانتان هێناوە، خۆڕاگرو بەردەوام بن لەسەر بەجێ هێنانی ئەرکە پێویستەکانی ئایین، وەکوو ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکان.

هەروەها خۆڕاگربن لە بەرامبەر بەڵاو نەخۆشی‌و ناخۆشی‌و هەژاری‌و نەداری، ﴿وصابروا﴾ پێشبڕکێی صەبرو ئارام گرتن بکەن لەگەڵ دوژمن دا، بەرامبەریی نەفس‌و ئارەزۆ بکەن.. ﴿ورابطوا﴾ لە سەنگەردا بن بۆ دوژمن؛ هەموو کاتێ خەریکی خۆ ئامادەکردن بن بۆ جیهادو بەرگریی لە ماڵ‌و نامووس‌و نیشتمان‌و ئایین، هەموو کاتێ حازرو ئامادەباش‌و گوێ لە مست بن بۆ فەرمانی فەرمانڕەوای موسوڵمان!!

ئیمامی بوخاری لە سەهلی کوڕی سەعدی (الساعدی)یەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (رباط یوم في سبیل الله خیر من الدنیا وما فیها). ئیمامی موسلیمیش فەرموودەیەکی لەسەلمانەوە گێڕاوەتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (رباط یوم‌و لیلة خیر من صیام شهر وقیامه) هەردوو فەرموودەکە پشتگیری یەکتری دەکەن‌و یەک مانا دەبەخشن.

﴿واتقوا ا لله لعلكم تفلحون﴾ تەقوای خوا بکەن، بترسن لە تۆڵەو سزای، بەنهێنی‌و بە ئاشکرا خوداتان لەبەرچاو بێ! پابەندی فەرمان‌و خۆپارێز بن لە نەهییەکانی، بەڵکو سەرفراز بن، ئاشکراشە کەسێک پابەندی ئەم ئامۆژگارییانە بێ بە مراد دەگاو لە ناخۆشی رۆژی قیامەت رزگاری دەبێ! سەرفرازی دونیاو قیامەت دەبێ!

سوورەتی النساء

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

ئەم سوورەتە چوارەم سوورەتی قورئانەو دوای سوورەتی (البقرە) درێژترین سوورەتی قورئانی پیرۆزە.

ئەم سوورەتە، مەدینەیی‌یە، واتە: پاش کۆچ کردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە هاتۆتە خوارێ، هاتنە خوارەوەکەی لەچەند کاتو وەرزی جیاجیادا بووە، ئیمامی بوخاری لە عائیشەوە فەرموودەیەک دەگێڕێتەوە: دەفەرموێ: (ما نزلت سورە النساء إلا وأنا عند رسول الله ﷺ).

ئاشکراشە خاتوو عائیشە ژیانی ژنو مێردایەتی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ لەمانگی شەوالی ساڵی یەکەمی کۆچی‌دا دەست پێکرد. دەربارەی فەزڵو گەورەیی ئەم سوورەتە حاکم لە موستەدرەکێ دا لە (عبدالرحمن)ی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: لە سوورەتی (النساء)دا پێنج ئایەتی تێدا هەن ئەگەر هەموو دنیاو چی تێدایە هی من بێ بە ئەندازەی ئەو پێنج ئایەتە دڵم پێ خۆش نین!!

﴿إن الله لا يظلم مثقال ذرة﴾ ﴿إن تجتنبوا كبائر ما تنهون عنه﴾ ﴿إن الله لا يغفر أن يشرك به ويغفر مادون ذلك لمن يشاء﴾ ﴿لو أنهم إذ ظلموا أنفسهم جاؤوك﴾.

حاکم دەڵێ: ئەم فەرموودەیە ئیسنادەکەی راستو دروستە، ئەگەر (عبدالرحمن) لەباوکی بیستبێ؟!؟

موناسەبەو پەیوەندی ئەم سوورەتە بە سوورەتی ئالی عیمرانەوە لەچەند روویەکەوەیە:

١- سوورەتی ئالی عیمران کۆتایی هات بە فەرمانکردن بە موسوڵمانان بۆ تەقوا کردن، سوورەتی (النساء)یش بەهەمان فەرمان دەستی پێ کرا؛ کە فەرمان بە هەموو ئادەمیزاد دەکا بە تەقوا کردن.

٢- ئایەتی ﴿فما لكم في المنافقين فئتين...﴾ دەربارەی غەزای

ئوحوود هاتۆتە خوارێ، لە سوورەتی ئالی عیمرانیش دا شەصت ئایەت دەربارەی غەزای ناوبراو هاتوونە خوارێ، ئاشکراشە دانانی سوورەتو ئایەت هەریەکە لە شوێنی خۆی بە دەست نیشانکردنی پێغەمبەر ﷺ خۆی بووەو کارێکی تەوقیفی‌یە.

بۆیەش ناونراوە (سورة النساء الكبرى) چونکە زۆر باسی حوکمە شەرعییەکانی ئافرەتی تێدایە.

ئەو حوکمو ئامۆژگاریو یاسا ئیسلامییانەی ئەم سوورەتە لەخۆی گرتوون ئەمانەن:

١- ئەم سوورەتە یاسای خێزانو کۆمەڵگای ئیسلامیی‌و پەیوەندی بە کۆمەڵگای ئادەمیزادەوە شی دەکاتەوە، بەشێوەیەکی کورتو پوخت باسی رەگەزو رەچەڵەکی ئادەمیزاد دەکاو ئەوە دەچەسپێنێ کە هەموو ئادەمیزاد لەیەک رەگەزو یەک تاکەکەس پەیدا بوون، لە بنەماو رەچەڵەک دا کەس لەکەس زیاتر نیە، ئەمجار بۆ ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکە رێکو پێک بێ، فەرمانی بە هەموو ئادەمیزاد کردووە کە خۆیان لە بێ فەرمانی خودا بپارێزن، کارێک نەکەن خۆیانو ماڵو منداڵو خزمو کەس‌وکار تووشی بەڵاو ئاستەنگ ببن. ئەوەیان بۆ ئاشکرا دەکا کە خودا چاودێرە بەسەریانەوە ئاگاداری هەموو هەڵس‌و کەوتێکیانە.

٢- سوورەتەکە بەشێوەیەکی دوورو درێژ باسی یاسای ئافرەتان دەکا، حوکمی کچ‌و ژنو خوشکو پوورو دایک روون دەکاتەوە، ئەوە دەچەسپێنێ کە ئافرەت لەبارەی خاوەنیەتی ماڵو داراییەوە کەسایەتی سەربەخۆی هەیەو دەتوانێ بە ویستو ئارەزووی خۆی ماڵو دارایی خۆی هەڵبسوڕێنێ!، هەروەها لە خێزان دا مافی کەسایەتی خۆی‌و مارەیی‌و بژێو کەلەپوور گرتنی هەیە؟

هەروەها باسی پیرۆزیی پەیوەندی ژنو مێردایەتی‌و پەیوەندیی خزمایەتی‌و ژنو ژنخوازی شی دەکاتەوە! باسی رێکخستنەوەی ژنو مێردی لێک زویر بوو دەکاو گرنگی عەقدی نیکاحو سووربوون لەسەر

پەڕەپێدانی ڕێز لێ دەنێ، باسی ئەوە دەکا کە سەرۆکایەتی پیاو لە خێزاندا دەسەڵاتێکی ملهوڕیو دیکتاتۆری نیە، بەڵکو لێپرسراوییو ئەرک خستنە ئەستۆیەو بۆ ئاسانکردنی هەڵسوڕانی کاروباری خێزانە.

٣- ئەمجار سوورەتەکە تەرازووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەست نیشان دەکاو ئەوە دەچەسپێنێ کە پەیوەندییەکە دەبێ لەسەر بناغەی ئامۆژگاری کردنی یەکتریو هاریکارییو سەرپەرشتییو خۆشەویستییو یارمەتیدانی یەکتری دابمەزرێ! بۆ ئەوەی بنەمای گەلو نەتەوە بە پتەوی رەنگ ڕێژ بکرێ!

٤- هەروەها شێوەی پەیوەندی کۆمەڵگای ئیسلامیی بە کۆمەڵگاو دەوڵەتانی جیهانەوە نەخشەکێش دەکا، یاساو رەوشتو مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان دا روون دەکاتەوە، برێ یاسای جەنگو رەوشتی جەنگاوەرانو چۆنیەتی مامەڵەی سەلامو شێوەی موناقەشەو دەمەدەمێ لەگەڵ خاوەن نامەکان داو هەڵمەتی کاریگەر بۆ سەر دووڕووەکان بەشێوەیەکی پوختو کورت دەست نیشان دەکا.

ئەمە هەمووی بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێ غەلو غەشی پاکو خاوێن لە ولاتی ئیسلام دا، بۆ پاک کردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە لە پشێوی بیروباوەڕو، لانەدان لە عەقیدەی یەکتاپەرستی هەولدان بۆ دامەزراندنی بیروباوەڕێکی صافو بێ گەردو، یەکتاپەرستییەکی زانستیانەی خوداویست!!

جا بۆیە لە سەرەتاوە بۆ چەسپاندنی یەکیەتی رەگەزی ئادەمیزادو یەکیەتی ژنو مێردو نێرو مێ لە رەچەڵەک داو پەیوەندی خێزانی، فەرمووی:

ئادەمیزاد هەموویان لەیەک بنەمای ئادەمیزادیی پەیدابوون زنو مێرد لەیەک کانن

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبٗا ﴿١﴾

﴿يا أيها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة﴾ ئەی ئادەمیزادانی هۆشمەند! خۆتان لە سزای پەروەردگارتان بپارێزن بەوە کە پابەندی فەرمانەکانی بن‌و لە نەیلێکراوەکانی دوور بکەونەوە، لەهەموو شتێک دا کە پەیوەندی بە خوداپەرستی‌و مافی بەندەکانی خوداوە هەیە، بەگوێرەی بەرنامەی خودا رەفتار بکەن، خۆتان بپارێزن لە سزای ئەو پەروەردگارەی ئێوەی دروست کردووە لەیەک تاکەکەس، کە باوە ئادەمە هەمووتان لە ئادەم کەوتوونەتەوەو ئەویش لە گڵ دروست کراوە.

﴿وخلق منها زوجها﴾ هەر لەو رەچەڵەکو رەگەزەی باوە ئادەمی لێ دروست کرد، دایکە (حەوا)شی دروستکردووە، کە خێزانی ئادەمە! یان وەکوو دەڵێن: لە پەراسووی چەپی ئادەم دایکە (حەوا)ی دروست کرد!

﴿وبث منهما رجالا كثيرا ونساءا﴾ لەو زنو مێردەکە (ئادەم‌و حەوا)ن ئادەمیزاد کەوتووەتەوە، پیاوی زۆرو ئافرەتی فرەیان لێ کەوتوونەوە، ئەمجار لەو وەچەو نەوانەی لە ئادەم‌و حەوا کەوتوونەوە پەیوەندی خزمایەتی‌و خێزانی تێدا رسکاندوون؛ بۆ ئەوەی بەزەییان بە یەکتردا بێتەوەو، هاریکاری یەکتری بکەن‌و زەوی ئاوەدان بکەنەوەو کۆمەڵگای بەختەوەرو خوداپەرست پێکەوەبنێن، بۆیە جارێکی‌تر جەختی لەسەر

تەقواو خۆپاراستن لە سزای پەروەردگار کردەوەو فەرمووی: ﴿واتقوا ا لله الذي تساءلون به﴾ خۆتان بپارێزن لە سزای ئەو خودایەی کەبەناوی ئەوەوە داوای شت لەیەکتری دەکەن -وەکوە دەڵێی بۆ خاتری خودا وا بکە، یان تۆو خودا وا مەکە.... هتد!-

﴿والأرحام﴾ هەروەها خۆتان بپارێزن، لە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی، چونکە هەبوونی خزمایەتی نیعمەتەو داخوازی وەفاو ئەرکە، دەبێ سوپاسی خودای لەسەر بکرێ! خزمایەتی پەیوەندیو خۆشەویستیو هاریکارییە، مرۆڤ لەژێر سایەیدا هەست بە خۆش بەختیو کامەرانی دەکا، هەست بە پشتو قووەتو هێزی مەعنەوی دەکا، لەناو کۆمەڵدا کەیف خۆش دەبێ بە کامەرانی خێزانو خزمانی، خەمناک دەبێ بە ناخۆشییان. پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (فاطمة بضعة مني يقبضني ما يقبضها ويبسطني ما يبسطها) بە یادکردنەوەی ئەوە کە رەچەڵەکی ئادەمیزاد یەکێکە، ئاماژە بەوەدەکا کە دەبێ سنووری مرۆڤایەتی بپارێزرێو ئادەمیزاد هەموویان برای یەکترین خۆشیان بێو ترشیان بێ!

برایەتیش داخوازی ئاشتیو هاریکاریو نەفرین کردنە لە شەڕو شۆڕو کێشەو دووبەرەکی.

مەبەست بەو تاکە نەفسەی کە ئادەمیزادی لێ کەوتۆتەوە باوکە ئادەمە، زۆربەی زانایانی ئیسلام پێیان وایە ئەو ئادەمە باوکی هەموو ئادەمیزادە، جگە لەو ئادەمە ئادەمی تر نەبوون، بڕێک زانا پێیان وایە پێش ئەم ئادەمە چەند ئادەمی تر هاتوونە کۆڕی ژیانەوە! بەڵام ئەم رایە لەگەڵ ظاهیری قورئان دژ دەوەستێ!

مەبەست بە (زوج) دایکە حەوایەو وەکوو دەڵێن: لە پەراسووی چەپی ئادەم دروستکراوە، لەوکاتەدا ئادەم نوستبوو کە بەخەبەر هاتو حەوای بینی حەزی لێ کردو وەگری یەکتری بوون! فەرموودەیەک هەیە ئیمامی موسلیمو بوخاری ریوایەتیان کردووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(استوصوا بالنساء خيرا فإنهن خلقن من ضلع، وإن أعوج شئ في الضلع أعلاه، فإن ذهبت تقيمه كسرته، وإن تركته لم يزل أعوج) .

برێ له زانایان وەکوو ئەبو موسلیمی ئەصفەهانی دەڵێن: مەبەست له ﴿وخلق منها زوجها﴾ ئەوەیە: پەروەردگار حەوای لە رەگەزی ئادەم بەدیهێناوە، ئادەمو حەوا یەک رەچەڵەکنو لەیەک سروشتن، دەڵێن: چ گرنگی‌یەک لەوەدا هەیە کە حەوا لەپەراسووی چەپ دروست کرابێ؟ پەروەردگار دەتوانێ حەوا وەکوو ئادەم لە گڵ دروست بکا! بەڵگەشیان ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿**ومن اياته أن خلق لكم من انفسكم أزواجا لتسكنوا اليها**﴾الروم/٢١.. مانای (من أنفسكم) یان بە (من جنسكم) کردووە.. یان دەفەرموێ: ﴿**لقد جاءكم رسول من انفسكم**﴾التوبة/١٢٨.. بەڵام ئەم رایەی ئەبو موسلیم رەت کراوەتەوە بەوە کە پێچەوانەی مانای فەرموودە راستەکەی بوخاریو موسلیمە، حیکمەتیش لەوەدا کە حەوا لەپەراسووی ئادەم دروستکرابێ. دەرخستنی بە توانایی خودایە، کەوا دەتوانێ زیندو لە زیندوو دروست بکا بەبێ زاووزێ هەروەکوو چۆن دەتوانێ زیندوو لە مردوو دروست بکا!

ئەمجار کۆتایی ئایەتەکە بەوە دەهێنێ، کە پەروەردگار بەسەر هەموو شتێک دا ئاگادارەو دەفەرموێ: ﴿**إن الله كان عليكم رقيبا**﴾ بێگومان خودا بەسەر هەموو کردەوەیەکی ئێوەدا چاودێرو ئاگادارە، بناغەی هەموو هەڵوێستو بیرو باوەڕێکتان دەزانێ‌و، زانایە بە ئەندازەو چۆنیەتی کاریگەری ئەو کردارو هەڵوێستانەتان لەسەر دڵو دەروونتانو هیچی لێ ون نابێ، هیچ حوکمو یاسایەکتان بۆ دانانێ مەگەر بەرژەوەندیو خۆشبەختی دونیاو قیامەتتانی تێدا بەدی نەکرێ!

ئەوەی لەم ئایەتەوە وەردەگیرێ ئەمانەن:

١- تەقواو خۆپاراستن لە سزای خودا پێویستە.

٢- ئادەمیزاد هەموویان لەیەک باوکو دایک کەوتوونەوەو

هەموویان لە ئادەمن‌و ئادەمیش لە گڵ دروستکراوە.

٣- ئافرەت بەشێکە لە پیاوو لەو دروست کراوە، بەیەکەوە ژیان بەسەر دەبەن‌و وەگری یەکتربوون‌و بێ یەك هەڵناکەن، پێویستە هەردووکیان هاریکاری یەکتری بن، بێ هاریکاری نێوانیان رەچەڵەکی ئادەمیزاد لەسەر زەوی پەرەناسێنێ!

٤- دەشێ بەناوی خودا داوای شت لەخەڵك بکەی.

٥- گرنگی پەیوەندی خزمایەتی‌و هەوڵدان بۆ بەجێهێنانی صیلەی رەحم‌و نەپچڕاندنی، چونکە خودا صیلەی رەحمی بە ناوی خۆیەوە لکاندووە.

زانایانی موسوڵمان هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، کە بەجێهێنانی صیلەی رەحم واجبەو پچڕاندنی حەرامە، ئەوەش راستە کە پێغەمبەر ﷺ کاتی (ئەسماء)ی خێزانی عەرزی‌کرد وتی: ئایا من هاموشۆی دایکم بکەم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ هاتوچۆی دایکت بکەو صیلەی رەحمی لەگەڵدا بەجێ بێنە، دایکیشی بت پەرست بوو.

پێدانەوەی ماڵی هەتیوان بە خۆیان‌و خواردنی ماڵیان

﴿وَءَاتُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰٓ أَمۡوَٰلَهُمۡۖ وَلَا تَتَبَدَّلُواْ ٱلۡخَبِيثَ بِٱلطَّيِّبِۖ وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَهُمۡ إِلَىٰٓ أَمۡوَٰلِكُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حُوبٗا كَبِيرٗا ۝٢﴾

جا کە لە ئایەتی پێشوودا فەرمانی کرد بە ئادەمیزادان بۆ تەقواکردن بەگشتیی، موناسیب بوو، کە دەست بکا بە دەست نیشان کردنی جۆرەکانی تەقوا کە بەشێك لە تەقوا پاراستنی ماڵی هەتیوانەو فەرمووی: ﴿وآتوا اليتامى أموالهم﴾ موقاتیل‌و کولەبی دەڵێن: ئەم ئایاتە دەربارەی کابرایەکی غەطەفانی هاتۆتە خوارێ: کە برازایەکی هەتیوی هەبوو ماڵ‌و دارایی‌یەکی زۆری هەبوو لای مامەکەی، کاتێ هەتیوەکە باڵغ بوو پێگەیشت، داوای ماڵەکەی کردەوە، مامەکەی نەیدایەوە، چوونە لای

پێغەمبەر ﷺ، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ: کە کابرای غەطەفانی ئایەتەکەی بیست، وتی: فەرمانبەرداری خوداو پێغەمبەرم، پەنادەگرم بە خودا! لەتاوانی گەورە، ئیتر ماڵەکەی دایەوە بە برازاکەی.

﴿وآتوا اليتامى أموالهم ولا تتبدلوا الخبيث بالطيب﴾ ئەی سەرپەرشتیاری هەتیوان! هەرکاتێ هەتیو باڵغ بوو، پێگەیشت، ماڵو دارایی خۆیان کە لەژێر دەستی ئێوەدایە پیان دەنەوەو هیچی لێ گل مەدەنەوە، لەسەردەمی منداڵیشیدا لە ماڵو دارایی خۆی نەفەقەی بۆ دابین بکەن، هیچ ئەندازەیەکیش لە ماڵی هەتیوەکە تێکەڵ بە ماڵی خۆتان نەکەن، ماڵو سامانی حەلاڵی خۆتان پیسو حەرام نەکەن، بەهۆی تێکەلاوبوونی ماڵی هەتیوان. ﴿ولا تأكلوا أموالهم إلى أموالكم﴾ ماڵی هەتیوان لەگەڵ ماڵی خۆتان مەخۆن، بڕیەش لەجیاتی هەموو تەصەڕوفێک کە لە ماڵ دا دەکرێ وشەی (اکل=خواردن)ی بەکارهێنا چونکە زۆربەی تەصەڕوفو هەڵسو کەوتی ماڵو دارایی بەمەبەستی خواردنە، وشەی (الی) بە مانا (مع) هاتووە، واتە: ماڵو دارایی هەتیوان مەخەنە پاڵ ماڵو دارایی خۆتان بەمەبەستی خواردن! ئێوە ئەگەر وا بکەن ماڵی حەلاڵی خۆتان گۆڕیوەتەوە بە ماڵی حەرام کە هی هەتیوەکانە، ئەمەش تاوانێکی گەلێک گەورەیەو خۆتانی لێ بپارێزنو توخنی مەکەون، وەکوو دەفەرموێ: ﴿إنه كان حوبا كبيرا﴾ بێگومان خواردنی ماڵی هەتیو تاوانێکی گەورەیە!

بەکورتی ئایەتەکە دوو شت دەگەیەنێ:

ا- پێویستە ماڵی هەتیو پارێزگاری بکرێ، هەرکاتێ هەتیوەکە باڵغ بوو ماڵو دارایی خۆی پێ هەڵدەسوڕا ماڵەکەی تەسلیم دەکرێتەوە.

ب- هەموو جۆرە سوود وەرگرتنێک لە ماڵی هەتیو حەرامە گوناهی گەورەیە، مەگەر بۆ کەسێک ناچاربێ، ئاماژە بە ئەو ئایەتەکە دەفەرموێ: **﴿ومن كان غنيا فليستعفف ومن كان فقيرا فليأكل بالمعروف﴾**النساء/٦.

فرەژنی تا چوار ڕەوایە بۆ پیاو بەڵام بەمەرج ! مارەیی پێدانیش واجبە

وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا ﴿٣﴾ وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً ۚ فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَّرِيئًا



ئەمجار دێتە سەر باسی فرەژنیو مارەییو دەفەرموێ: ﴿**وإن خفتم ألا تقسطوا في اليتامى فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى وثلاث ورباع**﴾ ئەگەر لەدڵی خۆتاندا هەستتان کردو ترسان لەوەی کە ماڵی ژنی چەتیوە بخۆنو مافی پێشێل بکەن: ئەوە نابێ مارەیان بکەن، چونکە خودا لەباتی مارەکردنی ئەوان بۆی حەڵاڵ کردوون کە ژنی تر مارە بکەن دوو، سێ، چوار.

مەبەستی ئایەتەکە بە گوێرەی هۆی هاتنەخوارەوەکەی دیاری دەکرێ، جا یان دەربارەی مارەکردنی ئافرەتی ناچەتیوەیە، واتە: ئەگەر چەتیوێکتان لەلابوو ترسان لەوەی کە مارەیی هاوشانی خۆی نەدەیتێ، واز لەو بێنەو هەوڵ بدە ئافرەتێکی تر مارە بکە، ئافرەتی تر زۆرن، دەتوانن مارەیان بکەن، دوو، سێ، چوار، واتە: زیاد لە ژنێک تا چوار دروستە، بەڵام بەمەرجێک دادپەروەرانە هەڵسو کەوتیان لەگەڵ بکەنو مافیان پێشێل نەکەن.

﴿**فإن خفتم ألا تعدلوا فواحدة**﴾ ئەگەرترسی ئەوەتان هەبوو دادوەرانە لەگەڵیاندا نەجووڵێنەوە تەنها بە یەک ژن دابین بنو قەنیات

بکەن!

﴿و ما ملكت أيمانكم﴾ یان کە ویستتان زیاد لە ئافرەتێکتان هەبێ، ئەوە ئافرەتی کۆیلە پەیدا بکەن، چونکە ئەو ئافرەتە کەنیزەکانە ئەگەر زۆریش بن رەوایە! ﴿ذلك أدنى ألا تعولوا﴾ ئەمە گونجاوترە بۆ ئەوەی ستەم نەکەن.

یان دەربارەی دادوەرییە لەنێوان ژنەکان دا ئەگەر پیاوەکە فرەژن بوو، واتە کاتێک ئایەتی ﴿وآتوا اليتامى أموالهم﴾ هاتە خوارەوە سەرپەرشتیاری هەتیوەکان کەوتنە ئەمری واقیعەوە، هەرچەندە دەربارەی عەدالەت کردن لەگەڵ ئافرەتاندا بەلایانەوە مەبەست نەبوو، پیاوی وا هەبوو دە ژنی هەبوو بە عەدالەتیش لەگەڵیاندا نەدەجولایەوە، ئیتر بەم ئایەتە پێیان راگەیەنراو پێیان وترا: ئەگەر ترسی عەدالەت نەکردنتان هەیە دەربارەی مافی هەتیوو تووشی حەرەج بوون، دەی ئەگەر دەربارەی عەدالەت نەکردن لەنێوان خێزانەکانتان دا ترستان هەبێ، ژمارەی ژنەکانتان کەم بکەنەوەو لەگەڵیشیان دا بەعەدالەت بجولێنەوە، چونکە پێشێل کردنی مافی ژنانیش وەکوو پێشێل کردنی مافی هەتیوان تاوانە.

بوخاریو موسلیمو نەسائیو بەیهەقیو هی تریش لە عورووەی کوڕی زوبەیرەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: پرسیارم لە پوورە عائیشەم کرد؛ (دایکی موسوڵمانان) دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە لەوەڵام دا وتی: ئەی خوشکەزای خۆم! وا رێ دەکەوت ئافرەتی جەتیوەی خاوەن سامان لەماڵی سەرپەرشتیارەکەیدا دەبوو، کابرای سەرپەرشتیار تەماعی ماڵو سامانەکەیو جوانییەکەی دەیگرت، دەیویست مارەی بکا بەبێ ئەوەی مارەیی بداتێ، یان وەکوو هاوشانی خۆی مارەیی بۆ دیاری بکا، ئیتر ئەوەیان لێ قەدەغە کراو، فەرمانیان پێ کرا کە بچن بە ئارەزووی خۆیان ئافرەتی تر مارە بکەن لە یەکەوە تا چوار.

بەکورتی مانای ئایەتەکە بەم جۆرەیە: ئەگەر زانیتانو لەدڵی خۆتان دا هەستتان کرد کە ستەم لە چەتیوەکان دەکەن؛ بەوە کە مارەییان

نەدەنێ یـان مـاڵ هـەتیوان بخـۆن بـە خۆڕایـی، ئـەوە پێویسـتە کـە ئـەو چەتیوانە مارە نەکەن، بچن ژنی تر مارە بکەن، یـەکێ یـان دوو، یـان سـێ یان چوار، یان پێویستە کە لەکاتی فرەژنیدا دادپەروەر بن، زیاد لە چـوار مارە نەگەن، بەڵکو بتوانن عەدالەت بەکاربێنن، عەدالەتەکەش بـەگوێرەی توانای پیاوەکەیە وەکوو ئەوە لەشوێنی حەوانەوەو پۆشاکو مانـەوە لایـان یەکسانی بنوێنن، بەڵام شتێک کە لە توانایدا نەبێ وەکـوو خۆشەویسـتی دڵو ئـەو جـۆرە شـتانە، ئـەوە پیـاو بەرپرسـیار نیـە کـە یەکسـانی بکـا لەنێوانیان دا، چونکـە خۆشەویسـتیو مـەیلی دڵ شـتێک نیـە دەسـەڵاتی ئینسانی تێدابێ!

پێغەمبەر ﷺ لە ئاخرو ئۆخری ژیانیدا، دڵی زیاتر پەیوەست بوو بـە عائیشەوە، بـەڵام بـێ رەزامـەندی خێزانـەکانی تـری هیـچ زێـدە شـتێکی ماددی بۆ تەرخان نەکردووە، بەڵکو دادوەرانـە هـەڵسو کـەوتی لەگـەڵ دا دەکردنو دەیفەرموو: (أللهم إن هذه قسمي فيما أملك فلا تؤاخذني فيما لا أملك) مەبەستی خۆشەویستی دڵ بووە!

ژیانی کامەرانی ژنو مێرد لەوەدایە کە پیاو یەک ژنـی هـەبێ ئەمـە ئەوپەڕی ئاستێکی خۆشبەختی خێزانەو پێویستە خەڵکی لەسەر پـەروەردە بکرێو قەناعەتیان پێ پەیدا بێ، بـەڵام جـاری وا دەبـێ کـە لـەم راسـتە رێیە لابدەین لەبەر بەرژەوەندییەک کە پەیوەندی بە ژیـانی ژنو مـێردەوە هەیە، یان بەرژەوەندی گەلو نەتەوە داخوازی ئەوەیە: کە فرەژنی رەوابـێو برێ کەس بتوانن زیاد لە ژنێک تا چوار مارە بکەن!

١- وەکوو ئەوە پیاو ئافرەتێکی نەزۆک مارە بکاو حەزی لەوەبێ کـە منداڵـی هـەبێ! کـەوابێ لـە بـەرژەوەندی ئافرەتەکەیـە یـان بـەرژەوەندی هەردووکیانە کە وێڕای مانەوەی ئەم ژنە نەزۆکە لەژێر نیکاحی پیاوەکـەدا ژنێکی تر بێنێ! بەتایبەتی ئەگەر پیاوەکە خاوەن پلەو پایەو ماڵو سـامان بوو.

٢- ئەگەر ژنەکە بە تەمەن بێو لە سکئو زا وەستابێتەوە، پیاوەکەش حەزی لە منداڵ بێو بشتوانێ بژێوی زیاد لە ژنێک بدا.

٣- ئەگەر پیاوەکە هێزی پیاوەتی زۆربێو بزانێ کە ژنێک بەشی ناکاو بەم جۆرە پیاوەکە میزاجێکی پیاوەتی تایبەتی هەبێو ژنەکە بەپێچەوانەوە بێ، یان ئافرەتەکە ماوەی بینوێژی دوورو درێژ بێو بەشێکی زۆری مانگ لە حەیزدا بێ! ئەو کاتە پیاوەکە لەبەردەم دوو ڕێگادایە یان ژنێکی تر بێنێ یان تووشی داوێن پیسی ببێو ئاینو ماڵو تەندروستی بفەوتێ! ئەمەش دەبێتە کارەسات بەسەر ژنەکەوەو زۆر لەوە خەتەرترە بۆی کە ژنی بەسەر بێ.

٤- هەرکاتێک لە کۆمەڵگادا ژمارەی ئافرەت لە پیاو زۆرتربێ بەشێوەیەکی بەرچاو، وەکوو لەئاکامی شەڕی گەورەدا جاری وا دەبێ بە هەزاران گەنجو لاو دەبنە خۆراکی دێوەزمەی جەنگەکەو پیاو کەم دەبنو ئافرەت زۆرو هیچ ڕێگا چارەیەکیش نیە بۆ دابین کر.نی ژیانی جگە لە فرۆشتنی شەرەفی کە ئەمەش دەبێتە بەڵایەکی سامناک تر! چونکە ئەو کاتە ئەرکی بژێوی خۆیو بژێوی ئەو منداڵەش کە باوکێکی دیارپکراوی نیە بژێوی بکێشێ لەئەستۆیدا دەبێ، بەتایبەتی لەکاتی حەملو دوای منداڵ بوونو ماوەی شیرخواردنی!!

ئەوەی کە دەبینرێ لە وڵاتە پیشەسازیو پێشکەوتووەکاندا کە لە کارگەو فەرمانگەکاندا ژنو پیاو تێکەڵن زۆرجار وادەبێ دەست درێژی دەکرێتە سەر ئافرەتو گەنجینەی کچێنی پێشێل دەکرێو کارەساتی ناخۆش روو دەدەن! تەنانەت چەند ئافرەتێکی نووسەری ئینگلیزی ئەوەیان روون کردۆتەوە کە ئەو ڕەوشت نزمی‌یەی ئافرەتی ئەورووپا تێی کەوتوون هیچ چارەیەکی نیە جگە لەوەی یاسای فرەژنی (تعدد الزوجات) بخەنە کار هەرچەندە ئافرەت قێزی لەوەیە کە ژنی بەسەر بێ!!!؟

پوختەی قسەی ئیسلام ئەوەیە: فرەژنی پێچەوانەی خۆشەویستیو ئارامی خێزانە، زۆرجار دژایەتی لەنێوان ژنەکان دا، لەنێوان منداڵەکانیان

دا، لەنێوان ئەوانو باوکەکەیان دا پەیدا دەکا، پێویستە موسوڵمان پەنا بۆ فرەژنی نەبا مەگەر زەروورەت پاڵی پێوە بنێو متمانەی بە خۆشی هەبێ کە دادوەرانەو بەگوێرەی فەرمانی خودا لەگەڵیان دا دەجوڵێتەوە ئەگینا کارەکەی ستەم کردنە لە خۆیو لە ژنەکەیو لە گەلەکەشی.

پێغەمبەر ﷺ کە خێزانی زۆربوون، لەبەر بەرژەوەندییەکی ئاینی بووە، لە مارەکردنی هەر خێزانێکی دا بەرژەوەندییەکی تایبەتیی ئیسلامیی تێدا بووە، ئەوەبونو لەرێی ژن خواستنەوە هۆزە گەورەکانی کردنە خزمی خۆیو بە سوودی ئیسلام شکایەوە، بە فیعلی موسوڵمانانی فێری ئەوە کرد کە چۆن ریز لە ئافرەت بگرنو عەداڵەتیان لەنێوان دا ئەنجام بدەنو ریز لە خزمو کەسو کاریان بگرن.

کاتێ وەفاتی کرد نۆ دایکی بۆ موسوڵمانان بەجێ هێشت، کە هەریەکەیان لەلای خۆیەوە خەریکی فێرکردنی ئافرەتانی موسوڵمانان بوون، بەتایبەتی ئەو ئەحکامە تایبەتیانەی کە پێویستە ئافرەت فێری ئافرەتی بکا، خۆ ئەگەر پێغەمبەر ﷺ تەنها ژنێکی هەبوایە نەیدەتوانی ئەو کارە ئەنجام بدا.

پوختەی قسە ئەوەیە کە هیچ کاتێک بەهیچ جۆرێ پێغەمبەر ﷺ لە مارەکردنی ژنی زۆردا ئەو مەبەستەی نەبووە کە پاشاو فەرمانڕەواکانی دونیا هەیانە،. واتە: فرەژنی پێغەمبەر ﷺ بەمەبەستی رابواردنو لەززەت بینین لە ژنان نەبووە، چونکە ئەگەر وابوایە دەبوو ئافرەتی جوانو کچۆڵەی مارەبکردنایە، نەک بێوەژنو ئافرەتی بەساڵاچوو، چونکە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی مارەی کردوون بێوەژن بوون، لەلایەکی ترەوە پێغەمبەر ﷺ تا تەمەنی (٤٥) ساڵێ تەنها خاتوو خەدیجەی بووە، کە لەخۆی بە تەمەنتر بوو! بە عادەتیش کەسێک تەمەنی گەیشتە پەنجاو چوار ساڵ حەزی جنسی کەم دەبێو ئارەزووی ئافرەتی کەم دەبێتەوە.

بەکورتی فرەژنی لە ئیسلام دا کارێکە بە ناچاری پەنای بۆ دەبرێ، یان بەرژەوەندییەکی تایبەتی‌یان گشتیی تێدایە! پێغەمبەر ﷺ لە

مارەکردنی هەر ژنێکیدا وەکوو وتمان: بەرژەوەندییەکی ئیسلامیی تێدا بووە، بۆ نموونە سەودەی کچی زەمعەی حەبەشی لەبەرئەوە مارە کرد چونکە کۆچکاری دەستەی دووەمی حەبەش بوو، مێردەکەی مردبوو، ئەگەر بگەڕایەوە بۆ ماڵی باوکی لەوانەبوو سزای بدەنو کافری بکەنەوە، ئیتر پێغەمبەر ﷺ بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی مێردەکەی مارەی کردەوە، عائیشەو حەفصەی بۆ ڕێزنان لە باوکیان -ئەبوبەکرو عومەر- مارە کردن، زەینەبی کچی (جەحش)ی مارە کرد بۆ ئەوەی قانونو یاسای بەکوڕکردن (التبني) هەڵوەشێنێتەوە، جووەیرییە کچی (الحارث)ی سەرەکی هۆزی (موصطەلەق)ی بۆیە مارە کرد بۆ ئازادکردنی دیلەکان، چونکە جووەیرییە لە غەزای بەنی موصطەلەق دا ڕفێنراو کەوتە بەشی ثابیتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماس ئەویش موکاتەبەی لەگەڵ دا کرد، هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ داوای یارمەتیلێ کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر ڕازی بی پارەی ئازادکردنەکەت بۆ دەدەمو مارەت دەکەم ئافرەتەکە زۆری پێ خۆش بوو کە پێغەمبەر ﷺ مارەی کرد، سەد کەس لە خزمو کەس وکاری ئافرەتەکە دیل بوون کرابوونە کۆیلەو بەش کرابوون بەسەر موسڵمانان دا ئیتر خەڵکەکە هەموویان ئازادکردنو وتیان: ئەمانە بوونە خەزورانی پێغەمبەرو ناگونجێ بەکۆیلەیی بیان هێڵینەوە.[1]

هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئیسلام بوونی هۆزی موصطەلەق، زەینەبی کچی خوزەیمەی بۆیە مارە کرد بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی مێردەکەی کە عەبدوڵلای کوڕی جەحش بوو، لەغەزای ئوحوددا شەهید بوو، ئوممو سەلەمە کە ناوی هیند بوو ئەویشی بۆیە مارەکرد بۆپڕکردنەوەی کەلێنی مێردەکەی کە کوژرابوو، هەروەها چونکە ڕۆژی حودەیبییە ڕایەکی پەسەندی دا.

---

[1] رفع الخفا .. شرح ذات الشفا/ احمد بن الحاج اللانی/ لێکۆڵینەوەی حەمدی عبدولمەجیدی سەلەفی ج٢/١٣.

ئوممو حەبیبە؛ رەملـەی کچـی ئـەبو سـوفیانی بۆیـە مـارە کـرد بـۆ ئەوەی لەگەڵ مێردەکەیدا عەبدوڵلای کوڕی جەحش جاری دووەم کۆچیـان کرد بۆ حەبەشە لەوێ عەبدوڵلا بوو بـە گـاور، بـەڵام ئـەم لەسـەر ئـاییـنی ئیسلام مایەوە.

صەفییـەی کچـی حوصـح ی بۆیـە مـارەکرد چونکـە سـەرۆکی بـەنی قورەیظەو نەضیر بوو، لە رفێنراوانی خەیبەر بووَ بۆیە مارەیکرد تا لـە دیلی رزگاری بکا.

مەیمونەی کچی (الحارث)ی هیلالی کە ناوی (برە) بوو بۆیـە مـارە کرد چونکە لەگەڵ بەنو هاشمو بەنو مەخزوم دا خزمایەتی هەبوو!!

ئەمجار پەروەردگار رووی خیطاب دەکاتە پیاوانو پێیان دەفەرموێ:

﴿وآتـوا النسـاء صدقـاتهن نحلـة﴾ بـە دڵ خۆشـیو دڵ فراوانیـیـەوە مارەیی بدەن بە خێزانەکانتان، هیـچ گـیریو منجـەمنجی تێـدا مەکـەن.. چونکە مارەیی نیشانەی خۆشەویستی نێوان ژنو مێردە .

نیشانەی ڕێزلێنانی ئافرەتە ، ئیبنو عەبباس دەفـەرموێ: خیطابەکـە بۆ مێردەکانە چونکە سەردەمی نەزانی پیاوی ١٠ هەبوو بەبێ مارەیی ژنی مارە دەکرد پیاو بە ئافرەتی دەگوت شووم پـێ بکـە مـیراتت لێ دەگـرمو میراتم لێ بگرە، ئیتر ئـەم ئایەتـە فـەرمانی پێکـردن کـە زوو مارەییـان بدەنێ.

بڕێکٔ لە زانایان دەڵێن: خیطابەکـە بـۆ کـەسو کـاری ئافرەتەکەیـە، چونکـە پێـش هاتنـە خوارەوەی ئـەم ئایەتانـــە کـەسو کـار مارەییـان وەردەگرت، نەیان دەدا بە ئافرەتەکە، بەڵکو بۆ خۆیان دەیانخوارد، واتـە: مارەیییەکەیان دەکردە شیربایی‌و بۆ خۆیان هەڵیان دەگرت.

پەروەردگار بەم ئایەتە ئەو ماف پێشێل کردنـەی لێ قەدەغـە کـردن؛ بەڵام ﴿فإن طبن لكـم عـن شئ منه نفسـا فكلوه هنيئـا مريئـا﴾ ئەگـەر ئافرەتـەکان بـە ویسـتو ئـارەزووی خۆیـان بـەبێ فـرتو فێـڵو هەڕەشـە، بڕێکیان لەو مارەیییە پێدان، ئەوە حەڵاڵەو بە نەوشی گیانی بیخۆنو هیچ گوناهی تێدا نیەو حەڵاڵو زوڵاڵە.

قورمتێنە دانان لەسەر بێ عەقڵو منداڵو هاووێنەیان، ماڵو سامانی خۆیان نادرێتێ تا تێگەیشتوو و پێگەیشتوو نەبن

وَلَا تُؤْتُوا۟ ٱلسُّفَهَآءَ أَمْوَٰلَكُمُ ٱلَّتِى جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمْ قِيَـٰمًا وَٱرْزُقُوهُمْ فِيهَا وَٱكْسُوهُمْ وَقُولُوا۟ لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴿٥﴾ وَٱبْتَلُوا۟ ٱلْيَتَـٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُوا۟ ٱلنِّكَاحَ فَإِنْ ءَانَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْدًا فَٱدْفَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْ ۖ وَلَا تَأْكُلُوهَآ إِسْرَافًا وَبِدَارًا أَن يَكْبَرُوا۟ ۚ وَمَن كَانَ غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ ۖ وَمَن كَانَ فَقِيرًا فَلْيَأْكُلْ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ فَإِذَا دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْ فَأَشْهِدُوا۟ عَلَيْهِمْ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا ﴿٦﴾

لە ئایەتەکانی پێشوودا باسی پێدانەوەی ماڵی هەتیوان دوای باڵغ بوونو پێدانی مارەیی بە ژنانی کرد، لێرە بەم لاوە دێ دوو مەرج دادەنێ، هەرکاتێ مەرجەکان نەیەنەدی ماڵەکەیان تەسلیم ناکرێ!

جا وەکوو دەڵێن: ئەم ئایەتە ﴿وابتلوا اليتامى ....﴾ دەربارەی ثابیتی کوڕی ریفاعەو مامی هاتۆتە خوارێ، ئەوەبوو (رفاعە) کۆچی دوایی کرد (ثابیت)ی کوڕی منداڵ بوو مامی ثابیت هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺو عەرزی کرد؛ وتی: قوربان! ئەم برازایەم هەتیوەو لەماڵی مندایەو من سەرپەرشتیاریمی، چی بۆ من رەوایە لەماڵی ئەوو کەی ماڵەکەی بدەمەوە؟ ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ، کە دەفەرموێ: ﴿ولا تؤتوا السفهاء أموالكم﴾ خیطابەکە بۆ کۆمەڵی موسوڵمانانە، یان بۆ سەرپەرشتیارانە نەهیەکە گشتییە بۆ هەموو ماڵو سامانێک کە دەدرێتە مرۆڤی گێلو نەزان.

واتە: هەموو هەتیوێک کە باڵغ بوو هەموو ماڵەکەی بدەنەوە،

هەموو ژنێکیش مارەیی بدەنێ، مەگەر گێلو نەفام بن، ئەوکاتە مالو دارایی خۆتان مەخەنە ژێر دەستی گێلو نەفامان، جا ئەو گێلو نەفامانە نێر بن یان مێ، گەورە بن یا بچووک هەتیو بن، یان باوکو دایکیان هەبێ.

واتە: ئەوجۆرە کەسانە نابێ سەروکاری ماڵی خۆیان بکەن، کەسایەتی سەوداو مامەڵەیان نیە، جا هەرچەندە لەراستیدا مالو سامانەکە بە رواڵەت هی ئەو گێلو نەفامانەیە؛ کەچی ئایەتەکە نالێ ماڵەکانیان مەدەنێ؛ بەڵکو دەڵێ: ماڵەکانتانیان مەدەنێ! ئەمەش لەم رووەوەیە ئەو (حیجر) لەسەر دانراوانە ئەگەر ماڵەکانیان بدرێتێو بیفەوتێنن دەبێ سەرپەرشتیارو کەسەکانیان بەخێویان بکەن ئەوکاتە ئەوان زەرەرمەند دەبن، کەوابێ وەکوو ماڵەکە هی خۆیان بێ وایە، یان لەم رووەوەیە ئەوانە ئەگەر ماڵەکانیان بە ژیری رەدام بێنن سوودیان پێ دەگاو سەرپەرشتیارو کەسەکانیان لێیان بەهرەمەند دەبن. کەوابێ وەکوو ماڵەکە هی خۆیان بێ وایە، بۆیە دەفەرموێ (اموالکم) مالو داراییەکەتان واتە: ماڵەکەی پاڵ سەرپەرشتیارەکان داوە، بۆ ئەوەی بەرپرسیاریو سەرپەرشتیاری خۆیانو ماڵیشیان بخاتە ئەستۆ، ئایەتەکە راستەوخۆ ئەوەی قەدەغە کردووە کە (سوفەها) مالو دارایی خۆیان سەرو بەر بکەن؛ جا ئەو نەزانییە یا بە هۆی بچووکیو منداڵییەوەیە یان بەهۆی شێتی یان بەهۆی گێلیو نەفامییەوەیە یان هۆی قەدەغەکردنەکە موفلیسییە؛ وەکوو ئەوە کابرا قەرزدار بێ بە جۆرێک قەرزەکانی هەموو ماڵەکەیانی داگرتبێو خاوەن قەرزەکان داوایان لە دادوەر کردبێ حیجری لەسەر دابنرێ ئەو کاتە هەرچەندە کابرا عاقلو هۆشمەندە بەڵام بە گێلو نەفام لەقەڵەم دەدرێو حوکمی ئەوانی بەسەردا دەدرێو دەسەڵاتی بەسەر ماڵەکەی خۆیدا نامێنێ.

﴿التي جعل الله لكم قياما﴾ ئەو مالو داراییەی کە پەروەردگار بۆ ئێوەی کردووە بەهۆی درێژە پێدانی ژیانو هۆکاری خۆش گوزەرانو رێکو

پێکٚ کردنی کاروبار، چونکە ماڵو سامان رەگی ژیانە، بەهۆی ماڵو دارایی‌یەوە گەلو نیشتمان پێش دەکەوێ قەڵای ژیانو شارەستانی بینا دەکرێ، تاکو کۆمەڵ خۆشبەختو کامەران دەبن بە ماڵو سامان دەتوانین بەسەر دوژمندا زاڵ ببین.

سەلەفی صالح فەرموویانە: ماڵو سامان چەکی موسوڵمانە، هەروەها فەرموویانە: ئەگەر ماڵو سامان پێکەوە بنێینو دوایی بەجێی بهێڵینو خودا لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ دا بکا لەسەری، باشترە لەوەی ئاتاجی خەڵکی بینو سواڵ بکەین. سەفیان کاڵایەکی هەبوو بازرگانی پێوە دەکرد وتیان: ئەم بازرگانی کردنە لەدونیات نزیکٚ دەکاتەوە، فەرمووی ئەگەر لە دونیام نزیکٚ بکاتەوە لە بێ رێزی دونیاش دەمپارێزێ! هەروەها سەلەفی صالح فەرموویانە: بازرگانی بکەنو کاسبی بکەن چونکە ئێوە لە رۆژگارێکٚ دان ئەگەر یەکێکیتان موحتاج بوو پێش هەموو شتێکٚ ئایینەکەی لەکیس دەچێ.[1]

﴿وارزقوهم فيها واكسوهم﴾ واتە: ماڵو سامانەکەیان بکەنە شوێنی وەدەستهێنانی رزقو رۆژیو پۆشاکو پێداویستی ژیان بۆیان، ماڵو دارایی‌یەکەیان بۆ بخەنە ئیشو بازرگانی‌یان بۆ پێوەبکەنو بژێوو پێداویستی‌یان لەبەرو بوومو قازانجی ماڵەکەیان بۆ دابین بکەن، نەکٚ لە خودی ماڵەکە نەفەقەو پێداویستییان بۆ دابین بکەن!

چونکە ئەگەر وا بکەن پاش ماوەیەکٚ ماڵەکەیان کۆتایی دێو دەخورێ! هەر بۆیەشە ئایەتەکە فەرمووی: (فيها) نەیفەرموو (منها) تا ئاماژەبێ بۆ ئەوەی کە ماڵو سامانەکەیان بۆ بکرێ بە شوێنو کانو سەرچاوەی بژێو بۆیان، بازرگانی پێوە بکرێو لە قازانجی ماڵەکەیان پێداویستییان بۆ دابین بکرێ.

---

[1] التفسير المنير ج٤/٢٤٩.

﴿وقولوا لهم قولا معروفا﴾ با هەموو سەرپەرشتیارێک بەو سەفیهو گێلو (حیجر) لەسەر دانراوەی ژێر دەستی خۆی قسەی باشو هیوابەخش بڵێ: ئەگەر منداڵ بوو بڵێ رۆڵە: ماڵ ماڵی خۆتەو من وەکیلو سەرپەرشتیارم بەسەر ماڵەکەتەوە، هەر کە پێ گەیشتی ماڵەکەت دەخەمەوە ژێر دەست، ئەگەر گێلو نەفام بوو ئامۆژگاری بکاو هەڵی بنێ بۆ ئەوەی ماڵی خۆی بە فیڕۆ نەداو تێی بگەیەنێ کە سەرەنجامی ماڵ بە فیڕۆدان هەژاریو نەدارایییە، هەمیشە ڕێگای راستی نیشان بدا، گەشبینی فێر بکا، دڵخۆشی بداتەوە، هەڵی بنێ بۆ کارکردنو بۆ راستاڵی.

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار فەرمانی بەوەکرد کە هەتیوان دوای پێگەیشتنو باڵغ بوون ماڵەکەیان بدرێتەوە، دێتە سەر روون کردنەوەی چۆنیەتی ماڵ پێدانەوەکەیانو کاتی ئەنجامدانی ئەو کارەو فەرمووی:

﴿وابتلوا الیتامی حتی إذا بلغوا النكاح﴾ هەتیوەکان تاقی بکەنەوە پێش باڵغ بوون، یان دوای باڵغ بوون، چونکە بەلای ئەبو حەنیفەو شافیعییەوە پێش باڵغ بوون بەلای مالیکەوە دوای باڵغ بوون تاقیکردنەوەکە ئەنجام دەدرێ.

بەمەبەستی تاقیکردنەوە بەشێک لە ماڵەکەیان بدەنەوە بۆ ئەوەی ئاڵو وێری پێوە بکەن، چاودێرییان بکەن بزانن هەڵسو کەوتیان چۆنە، جا ﴿فإن آنستم منهم رشدا فادفعوا إلیهم أموالهم﴾ ئەگەر عەقڵو لێزانینتان تێدا بەدی کردنو، زانیتان سەوداو مامەڵەیان ڕێکو پێکە، هەڵسو کەوتیان هۆشمەندانەیە، ئەوە ماڵەکەیان وێ بدەنەوە با بۆ خۆیان کاروباری خۆیان هەڵسوڕێنن.

-بلوغ النكاح- ئەو تەمەنەیە کە کوڕ بیر لە ژن هێنان دەکاتەوە، تەمەنی ئەوەیە کە بەرپرسیار بێو حوکمی شەرعی لەسەربێ! رەسیدبوونی کوڕ بەلای شافیعیو ئەحمەدەوە تەمەنی پانزە ساڵییەو بۆ ئافرەت بێنوێژبوونە، هەروەها ئیحتیلام بوونیش نیشانەی باڵغ بوونە، ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: هەتیو کە تەمەنی گەیشتە (٢٥) ساڵ ماڵەکەی دەدرێتەوە با

هۆشمەندیش نەبێ، بەڵگەشی ئایەتی ﴿وآتوا الیتامی أموالهم﴾ە هەروەها دەڵێ: کەسێک گەیشتە ریزی پیاوانو باڵغ بوو، ئیمانو باوەڕو بێدینی بەرچاو گیرا، قەدەغەکردنی ماڵو دارایی خۆی لێی جۆرێکە لە ستەمو ماف پێشێلکردنیەتیو شێواندنی کەرامەتی مرۆڤایەتیەتی!

ئەمجار پەروەردگار جارێکی تر رووی خیطاب دەکاتە سەرپەرشتیکارانو دەفەرموێ: ﴿ولا تأکلوا إسرافا وبدارا أن یکبروا﴾ ماڵو سامانەکەیان بە هەوانتەو بێ جێو رێ مەخۆن بتانەوێ پێشبڕکێ بکەنو پێش ئەوەی باڵغ ببن ماڵەکەیان بخۆنو دەست پێش خەری بکەنو بڵێن تا لێیان نەستاندووینەوە، بادەستی خۆمان بوەشێنین، واتە: بەهیچ جۆرێک خواردنی ماڵی هەتیو رەوا نیەو نزیکی مەکەونەوە..

ئەمجار ئەوە دەمێنێتەوە ئایا سەرپەرشتیار دەتوانێ حەقی ماندووبوونی سەرپەرشتیاریو چاودێرییەکەی لەماڵی هەتیوەکە هەڵبگرێ؟

لەوەلامی ئەوەدا دەفەرموێ: ﴿ومن کان غنیا فلیستعفف﴾ کەسێک دەوڵەمەند بوو پێویستی پێ نەبوو، با دەست درێژی نەکاتە سەر ماڵەکەیو هیچی لێ هەڵنەگرێ بەڵام ﴿ومن کان فقیرا فلیأکل بالمعروف﴾ کەسێک هەژار بوو، سەرپەرشتی کردنەکەش دەستی دەگرتو رێگای بڕێ ئیشو کاری لێ دەگرت، با لە ماڵی هەتیوەکە بەئەندازەی پێویستییەکەی هەڵبگرێو پێداویستی خۆی پێ دابین بکا، زیدەڕەوی تێدا نەکا! .

ئەمجار لێرەدا زانایانی شەریعەتو ئوصولو تەفسیر ئەم پرسیارەیان هەڵستاندووەو دەڵێن: ئایا ئەو ئەندازە ماڵەی سەرپەرشتیار لەماڵی هەتیوەکە هەڵی دەگرێ کرێیە یان نا؟ حەنەفییەکان دەفەرموون: کرێ نیە، جگە لەوان زانایانی تر دەڵێن: کرێیەو جواداوازیی نێوان هەژارو دەوڵەمەندیش نیە، سەرپەرشتیار ئەگەر دەوڵەمەندیش بێ هەر دەتوانێ کرێی خۆی هەڵبگرێ! ئایەتەکەش کەدەفەرموێ: (فلیستعفف) ئەمرێکە

بۆ وجووب نیەو سوننەتو نەدب دەگەیەنێ، قاعیدەی (فیقهی)یش داخوازی ئەوەیە: ئەو کرێیە کرێیەکی عادەتیو (اجرة المثل) بێ جا ئەو کرێیە بەشی پێداویستی سەرپەرشتیارەکە بکا یان نەیکا ﴿فإذا دفعتم إليهم أموالهم فاشهدوا عليهم وكفى بالله حسيبا﴾ ئەی سەرپەرشتیاران! کە ماڵەکانتان دایەوە بە هەتیوەکان ، شایەتییان لێ بگرن بەوەی کە ماڵەکانتان داونەوەو هیچتان لەئەستۆدا نەماوە، چونکە ئەم شایەت گرتنە -دوای بەرچاو گرتنی دوو مەرجی پێشوو کە باڵغیو ژیرییە- گومان دوورخەرەوەیەو کێشە لابەرە، چەسپێنەری بۆ ئەمانەتەکە! خودای مەزنو زانا باشترین شایەتو چاودێرە، ئاگای لە چۆنیەتی سەرپەرشتیکردنو ماڵ پێدانەوەکەیان هەیە، حیسابو لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەموو کەس دەکا، پاداشتو سزای هەموو کردەوەیەک دەداتەوە.

مافی میراتگران لە ماڵی میرات داو مافی ئاتاجانو هەتیوانو خزمانی تر

لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ ۚ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿٧﴾ وَإِذَا حَضَرَ ٱلْقِسْمَةَ أُو۟لُوا۟ ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينُ فَٱرْزُقُوهُم مِّنْهُ وَقُولُوا۟ لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴿٨﴾ وَلْيَخْشَ ٱلَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا۟ مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَٰفًا خَافُوا۟ عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلْيَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴿١٠﴾

پاش ئەوەی پـەروەردگار باسـی حـەرامی خواردنـی مـاڵی هـەتیوانی کـردو فـەرمانی دا کـە هـەرکاتێ پێگەیشـتنو بـاڵغ بـوون ماڵەکـەیان وێ دەنەوە، ئەمجار دێ ئەوە روون دەکاتەوە، کە ئەو کەلەپوورەی لـە مـردوو بـەجێ دەمێنـێو سەرپەرشـتیار پارێزگـاری دەکــەن، نـێرو مــێ تێـیــدا هاوبەشن، لەسەردەمی پێش هاتنی ئیسلام میراتیان نەدەدا بـە ئـافرەتو منداڵ، باوەڕیان وابوو کەسێک شەڕە شمشێر نەکاو تـاڵان نـەگرێ مـیرات وەرناگرێ!!

سەعیدی کـوڕی جوبـەیرو قـەتادە دەڵێـن: خوانـەناسو موشـریکەکان کەلەپووریان دەدا بە پیاوی گەورەو بەشـە میراتیـان بـۆ ئـافرەتو منـداڵ دانەدەنا.

ئیبنو حیببانو عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەدی ئەصفەهانی لـە باسـی (فرائض)دا لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: خـەڵکی سـەردەمی نەزانی بەشە میراتیـان نـەدەدا بـە کـچو نـە نێرینـەی بچـووک تـا گـەورە نەبوایە، پیاوێک لە یاریدەدەران مرد، ناوی ئەوسی کوڕی ثابیت بوو، دوو کچو کوڕێکی بچووکی لەپاش بەجێمان؛، ئامۆزاکانی (خالیدو عەرفەطـە) کە عـەصـەبە بوون، هەموو کەلەپوورەکەیان بـردو هیچیـان بـۆ کـچو کـوڕو ژنەکەی نەهێشتەوە، خێزانەکەی (ام کحلة) هاتە خزمەت پێغەمبـەر ﷺ و ئـەوەی بـۆ روون کـردەوەو سـکاڵای خـۆی لــەلا کـرد، پێغەمبــەر ﷺ فـەرمووی: نـازانم چیـت پـێ بڵێـم؟ ئیـتر ئـەم ئایەتـە هاتـە خـوارێ کــە دەفەرموێ: ﴿للرجال نصيب مما ترك الوالدان والأقربون وللنساء نصيب مما ترك الوالدان والأقربون مما قل منه أو كثر﴾ پیاوان بەشی خۆیان هەیـە لەو کەلەپوورەی بـاوکو دایـکو خـزم بـەجێی دێڵـن، هـەروەها ئافرەتـان بەشی خۆیان هەیە لەو کەلـەپوورەی دایـکو بـاوکو خـزم بـەجێی دێڵـن، واتە: ئەگەر هەتیوەکان ماڵیان هەبوو لەو کەلەپوورەی باوکو دایکو خزم بەجێی دێڵن؛ ئەوە هەموویان تێیدا هاوبەشن، جیاوازیی نێوان نـێرو مــێ نیە، ماڵە بەجێماوەکە زۆر بێ یان کەم بێ، هەرکەسە بەپێی خۆی بەشــە

کەلەپووری خۆی دەدرێتێ.

﴿نصيبا مفروضا﴾ ئەوە بەشێکی دیاریکراوو حەقێکی چەسپاوو دانراوە، کەس بۆی نیە لیێ کەم بکاتەوە یان مەنعی بکا.

ئەمجار قورئان لایەنێکی دەروونی چارەسەر دەکا، ئەویش ئامادەبوونی ئەو خزمانەیە -کە لەبەر خزمە نزیکەکان میرات نابەن- ئەوانە بۆ کۆڕی میرات بەشکردنەکە دینە پێشەوەو، داوای میرات دەکەن، وەکوو برای باوکی لەگەڵ هەبوونی برای دایکو باوکیدا، یان مام لەگەڵ هەبوونی باوکێ... هتد بۆیە دەفەرموێ: ﴿وإذا حضر القسمة اولوا القربى واليتامى والمساكين فارزقوهم﴾ ئەگەر خزمە میرات لێ زەوت کراوەکان ئامادەی کۆڕی دابەشکردنی میرات بوونو، داوایان کرد بەشیان بدرێ، شتێکیان بدەنێ، تەنانەت ئەگەر کەمیش بێ بێبەشیان مەکەن، با بە دڵ شکاوی نەگەڕێنەوەو دڵیان نەیێشێو دژایەتی لەناو بنەماڵەدا پەیدادێ! قسەی نەرمو نیانیان لەگەڵ دا بکەن، بۆ ئەوەی ئەو ماڵە کەمەی دەیاندرێتێ بە زۆری بزانن و خزمایەتیو دۆستایەتی زیاتر پێ پتەو بێ.

مەبەست بە وشەی (القسمة) لەئایەتەکەدا بەشکردنی ماڵی جێماوی مردووە لەنێوان میراتگرەکان دا.

مەبەست بە (اولواالقربى) ئەو خزمانەن کە خزمی نزیکتر مەنعیان دەکەنو حەجب دەبن یان (ذوى الأرحام)ن...

زۆرینە، راڤەکەرانی قورئان کە ئیبنوعەبباسو سەعیدی کوڕی جوبەیریشیان لەگەڵدان ، دەڵێن: ئایەتەکە موحکەمەو نەسڕاوەتەوە، فەرمانەکەش وجوب دەگەیەنێ، بەڵام خەڵک چۆن لەکاتی چوونەوە ماڵدا، ئیزن وەرگرتنیان بۆ چوونە ژوورەوە پاش گوێ خست، ئاواش کارکردنیان بەم ئایەتەیان پاش گوێ خستووە!!

حەسەنی بەصریو نوخەعی دەفەرموون: فەرمانی ئایەتەکە تەنها بۆ ماڵی گوێزراوە (منقول)یە، زەویو زارو خانووبەرە ناگرێتەوە، واتە: (اولوا القربى) هیچیان لەماڵی نەگوێزراوە نادرێتێ بەڵکو بەقسەی خۆش

ئیقناع دەکرین!!

(فوقەها) شەرعزانەکان، پێیان وایە: بەشدانی میرات بۆ (أولوا القربی) سوننەتەو رووی خیطابەکە لە میراتگری گەورەیە، چونکە ئەگەر ئەو جۆرە خزمانە (أولوا القربی) بەشێکی دیاریکراویان هەبوایە پەروەردگار وەکوو باقی مافەکانی تر شی دەکردەوە، جا کە شاریع روونی نەکردۆتەوە ئەوە دەگەیەنێ کە بەشدانەکەیان پێویست نیە، دووبارە ئەگەر بەشدانەکەیان واجب بوایە، دەبوایە پێغەمبەر ﷺ بەکردەوە دەقاو دەق تەنفیذی بکردایەو لە فەرموودەدا روون بکرایەوەو بە تەواتور بە ئێمە بگەیشتایە، چونکە پەیوەندی هەیە بە بەشی هەژارو نەدارەوە، دەی کە ئەمانە هیچیان نەبوون، دەزانین کە بەشدانی میرات بۆ (اولوا القربی) واجب نیە بەڵکو سوننەتە.

ئەمجار بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکی تری دەروونی کە تووشی سەرپەرشتیاری هەتیوان دەبێ کە بریتییە لە ئەزیەتدانو لێتووڕەبوونو پاشگوێ خستنی هەتیوەکان، دەفەرموێ: ﴿وليخش الذين لو تركوا من خلفهم ذرية ضعافا خافوا عليهم فليتقوا الله وليقولوا قولا سديدا﴾ با ئەو سەرپەرشتیاری هەتیوانە بترسێن، رێزی هەتیوان بگرن؛ قسەی خۆشیان لەگەڵدا بکەن، بە رۆڵەو کوڕە بچوکەکەم بانگیان بکەن. واتە: وەکوو چۆن بە نەرمو نیانی بە خۆشەویستی بانگی منداڵی خۆیان دەکەن با بەو شێوە بانگی ئەوانیش بکەن، با ئەوە بخەنەوە یادی خۆیان کە ئەوانیش لەوانەیە بمرنو منداڵەکانیان بە هەتیوی بکەونە ژێر دەستی خەڵکی تر، منداڵی ئەوانیش پاشگوێ بخرێنو زەبرو زەنگیان لەگەڵ دا بەکار بهێنرێ!

جا با ئەو سەرپەرشتیارانە لەخوا بترسنو تەقوای خودا بکەنو خۆ بپارێزن لەوەی کە بەخراپی هەڵسو کەوت لەگەڵ هەتیوی ژێر دەستیان بکەن، با بە شێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵ دا بکەن کە پێیان خۆشە لەگەڵ منداڵی خۆیان پاش مردنیان بکرێ.

مەبەستی ئایەتەکە هەڵنانی سەرپەرشتیارانە بۆ پارێزگاری ماڵی

هەتیوانو هەڵس وکەوت کردنی باش لەگەڵیانداو رووخۆشیو قسەی خۆش کردن لەگەڵیاندا، ئەمەش لە روانگەی ئەوەوە کە ئەوەیان دەخاتە خەیاڵەوەکە نزیکە منداڵی ئەوانیش هەتیو ببنو ئاوا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ.

دەی با چییان پێ خۆشە بۆ منداڵی خۆیان بکرێ بە هەتیویی ئەوەش بۆ هەتیوی ژێردەستیان بکەن! ئایەتەکە پەیوەندی بە ئایەتی پێشەوە هەیە چونکە لەوێ کە فەرمووی: ﴿للرجال نصيب...﴾ وەکوو فەرمان وایە بە میراتگرەکان، واتە: ئەو هەتیوانە مافی خۆیان بدەنێو سەرپەرشتیاریان بۆ دیاری بکەن، ئەمجار ئەو سەرپەرشتیارانە با ئاگاداری ماڵەکەیان بۆ بکەن، هەڵسو کەوتی راستو لەباریان لەگەڵدا بکەن، وەکوو چۆن پێیان خۆشە هەمان هەڵسو کەوت لەگەڵ منداڵی خۆیان بە هەتیوی بکرێ.

ئەمجار پەروەردگار جەخت لەسەر فەرمانو نەهییەکانی پێشوو دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿إن الذين يأكلون أموال اليتامى ظلما إنما يأكلون في بطونهم نارا﴾ دڵنیابن، ئەوانەی ماڵی هەتیوان بە ناڕەواو بێ جێ دەخۆن، ئەوە با بزانن: ئەوانە ئاگر دەخەنە ورگی خۆیانەوە، ورگی خۆیان پڕ دەکەن لە ئاگر، واتە: شتێک دەخۆن کە دەبێتە هۆی چوونە ناو ئاگرو سووتاندنیان!

﴿وسيصلون سعيرا﴾ لەوە بەولاوە دەخرێنە ناو دۆزەخەوەو بە ئاگر دەسوتێندرێن؛ ئاگرێکی سووتێنەر کە (وقود)و کەرەسەکەی ئادەمیزادو بەردە.

هێنانی وشەی (بطون) لە ئایەتەکەدا بۆ جەختو زیادەڕەوییە، یان مەبەست پڕکردنو لیپاو لیپ کردنە، بۆیە نەیگوت: (إنما يأكلون نارا) فەرمووی: (إنما يأكلون في بطونهم نارا).. لەم جۆرە تەعبیرەش لە قورئان دا زۆرەو ئوسلووبی عەرەبی پێی ئاشنایە. ﴿**يقولون بأفواههم ما ليس في قلوبهم**﴾ال‌عمران/١٦٧. دەی خۆ قسە هەر بەدەم دەکرێ. یان ﴿**ولكن**

تعمى القلوب التي في الصدور﴾الحج/٢٨. دڵ هەر لەناو سینگ دایە. یان ﴿**ولا طائر يطير بجناحيه﴾**الانعام/٣٨. دەی خۆ باڵندە هەر بە باڵ دەفڕێ، کەوابوو وشەی (بأفواههم) (في الصدور) (بجناحيه) بۆ جەختو موبالەغە هێنراون.

پوختەی قسە ئەوەیە: هەتیو لاوازو بێ دەسەڵاتو دڵ شکاون، شیاوی هەموو سەرپەرشتیەکئو چاودێری کردنێکنو پێویستە بەرژەوەندییان بەرچاو بگیرێو سەرپەرشتییەک بکرێن کە پاساوی بێ باوکیان بداتەوە؛ بۆیە قورئان گرنگی پێداونو هەر لە سەرەتای سوورەتی (النساء)دا تا ئێرە نۆ ئایەتی دەربارە ناردوونە خوارێو جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە ماڵو دارایی هەتیو پارێزگاری بکرێو نەهێڵدرێ ماڵو سامانی بە ناڕەوا بخورێو مافی پێشێل بکرێ!

پاساو چۆنیەتی میراتگرتن

يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِىٓ أَوْلَـٰدِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۚ فَإِن كُنَّ نِسَآءً فَوْقَ ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ۖ وَإِن كَانَتْ وَٰحِدَةً فَلَهَا ٱلنِّصْفُ ۚ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُۥ وَلَدٌ ۚ فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٌ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُ ۚ فَإِن كَانَ لَهُۥٓ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ ٱلسُّدُسُ ۚ مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِى بِهَآ أَوْ دَيْنٍ ۗ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا ۚ فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١١﴾

۞وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم مِّنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ فَإِن كَانُوا أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَا أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَارٍّ وَصِيَّةً مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ ﴿١٢﴾

﴿يوصيكم الله في أولادكم﴾ دەربارەی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە دوو ریوایەت هەیە: یەکەمیان: فەرموودەی جابیری کوڕی عەبدوڵلایە کەدەڵێ: نەخۆش بووم پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەبوبەکر هاتنە دیدەنیم،، کە هاتبوونە لام من لەهۆش خۆم چووبووم، پێغەمبەر ﷺ داوای ئاوی کردبوو، تۆزێکی لێ رشاندبووم، وە هۆش خوم هاتمەوە، عەرزم کرد وتم: چی لەم ماڵو دارایيەم بکەم؟! ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ ﴿يوصيكم الله في أولادكم.....﴾.

دووەم : ئەحمەدو ئەبو داودو تیرمیذیو حاکم لە جابیرەوە دەگێڕنەوە: گوتی: خێزانی سەعدی کوڕی رەبیع هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمانە دوو کچەکەی سەعدی کوڕی رەبیعن باوکیان لە ئوحوددا لەخزمەت جەنابت دا کوژرا، مامیان هەموو ماڵەکەیانی بردووە، هیچی بۆ نەهێشتوونەوە! ماڵو سامانیشیان نەبێ

کەس مارەیان ناکا، چارم چیە؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خودا ئەمە روون دەکاتەوە، ئیتر ئایەتی ﴿یوصیکم الله في اولادکم للذکر مثل حظ الأنثیین﴾ هاتە خوارێ.

ئەمجار پێغەمبەر ﷺ ناردی بە دوای مامەکەیان داو فەرمووی: لەو مالۆ سامانەی سەعدی برات دوو بەش لە سێ بەشی بدە بە کچەکانی سەعد، هەشت یەکیش بدە بە دایکیان، ئەوی کە مایەوە بۆ خۆت ببە!، ئەمە یەکەم بەش کردنی میرات بووە لە ئیسلام دا.

لە ئایەتی پێشوودا بەکورتی باسی میراتگرتنی خزمانی کرد، ئەمجار لەم ئایەتەدا دێ بەشی هەریەکێک لە میراتگرەکان دیاری دەکا، بەشی کورو کچو نەوە، باوکو دایکو نەنکو باپیر، ژنو مێرد، خوشکو برای باوکی ئەوە لە کۆتایی سوورەتەکەدایە

هۆیەکانی میراتگرتن لەپێش ئیسلامدا سێ شت بوون:

ا- خزمایەتی، بەلام بە زۆری دەدرا بە پیاوی شەرکەر، ئافرەتو مندال هیچیان نەدەدرایە!

ب- بە کوڕ کردن (التنبی) هەلگرتنەوە!

ج- پەیمان بەستنو سوێند خواردن بۆ یەکتریی بەو شێوە پیاوێک بەیەکێکی تر بلێ: خوێنی من خوێنی تۆیە خوێنی تۆ بە فیرۆ چوو مانای وایە: خوێنی من بە فیرۆ چووە. میراتت لێ دەگرمو میراتم لێ بگرە.

ئیتر ئیسلام جگە لە -بەکوڕکردن (التبنی) کە بە ئایەتی ﴿**وما جعل أدعیاءکم أبناءکم**﴾الاحزاب/٤. بەتال کردەوە. میرات گرتنی خزمایەتی بە ئایەتی ﴿**ولکل جعلنا موالي مما ترك الوالدان والأقربون**﴾النساء/٣٣ چەسپاند. دوو هۆی تریشی زیادکردن، کۆچ کردنو برایەتی، بەلام دوایی بە ئایەتی ﴿**وأولو الارحام بعضهم أولى ببعض في كتاب الله**﴾الانفال/٥٧. هەلیوەشاندەوە.

لە کۆتاییدا هۆی میراتگرتن لە ئیسلامدا لە سێ شتدا کۆبووەوە، خزمایەتی، ژنو مێردایەتی، ئازادکردن، ئیتر پەروەردگار سەرەتا دەستی کرد بە روون کردنەوەی بەشی کورو کچو نەوەو فەرمووی: ﴿یوصیکم الله

في أولادكم﴾ پەروەردگار دەربارەی میراتگرتنی منداڵەکانتان بەم شێوەیە فەرمانتان پێ دەکاو بەشەکانیان دیاریی دەکا **﴿للذكر مثل حظ الأنثيين﴾** ئەگەر یەکێک مرد کوڕو کچی لەدوا بەجێمان، ئەوە بۆ هەر نێرینەیەک دووچەندانەی مێیینە هەیە! چونکە پیاو بەرپرسیارە لەبژێوی خێزانو کارکردنو چەشتنی جۆرەها ناڕەحەتیو مارەیی پێدانی خێزانی.

بەڵام ئافرەت داوای دابین کردنی بژێوی کەسی لێ ناکرێ، کچ بێ، خوشک بێ، دایک بێ، خێزان بێ یان پوور بێ، بژێوی کەسی لەسەر نیە مارەیی بە کەس نادا، جا **﴿فإن كن نساءا فوق اثنتين فلهن ثلثا ما ترك﴾** ئەگەر میراتگرەکان هەموویان ئافرەت بوون دوو یان زیاتر ئەوە دووبەش لە سێ بەشی ماڵەکە بۆخۆیان دەبەن.

﴿وإن كانت واحدة فلها النصف﴾ ئەگەر میراتگر تەنها مێیینەیەک بوو، ئەوە نیوەی ماڵەکە دەبا. دەربارەی بەشە میراتی دوو کچ ئەگەر نێرینەیان لەگەڵدا نەبوو، چەند واتەیەک هەیە: ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: حوکمی دوو کچ حوکمی کچێکە واتە نیوەی ماڵەکە دەبەن! چونکە ئایەتەکە دەفەرموێ: **فإن كن نساءا فوق اثنتين فلهن ثلثا ما ترك﴾** واتە: لە دوو زیاتر نەبن هەر نیوەیان دەکەوێ. جەماوەری زانایان دەفەرموون: حوکمی دوو کچ حوکمی دوو خوشکە، واتە: دوو بەش لە سێ بەش دەبەن، چونکە قورئان دەربارەی دوو خوشک دەفەرموێ: **﴿فإن كانتا اثنتين فلهما الثلثان مما ترك﴾** هەروەها چونکە خوشک لەگەڵ براکەیدا سێیەک دەبا دەی دەبێ لەگەڵ خوشکیشیدا سێیەکی بەرکەوێ. هەروەها چونکە ئیبنومەسعودو بۆ بەشکردنی میراتی کابرایەک کە کچێکو کچی کوڕو خوشکێکی لەپاش بەجێ مابوون، بەم شێوەیە دابەشی کرد، شەش یەک بۆ کچی کوڕەکەو نیوە بۆ کچەکە بۆ ئەوەی بەشی هەردووکیان بکاتە دوو بەش لە سێ بەش. جا ئەگەر کچ لەگەڵ کچی براکەیدا دوو لە سێیان بەرکەوێ، دەبێ لەگەڵ خوشکی خۆیدا هەمان بەش بەرن؛ واتە دوو لە سێ بەشی ماڵەکە.

بە کورتی ئەگەر منداڵەکان نێرو مێ بوون ئەوە هەموو نێرینەیەک دوو هەندەی مێینە دەبا، ئەگەر یەک کچ بوو نیوەی ماڵەکە دەبا، ئەگەر دوو کچ یا زیاتر بوون، ئەوە بە ڕای جەماوەری زانایان دوو بەش لە سێ بەش دەبەن، ئەگەر یەک کوڕ بوو، هەموو ماڵەکە دەبا، ئەگەر چەند برایەک بوون، بە یەکسانی ماڵەکە لەناویان دابەش دەکرێ!

﴿ولأبويه لكل واحد منهما السدس مما ترك إن كان له ولد﴾ باوکو دایکی مردوو هەریەکەیان شەش یەکی دەکەوێ لەو کەلەپوورەی لە مردووەکە جێماوە، بە مەرجێ مردووەکە منداڵی لەپاش جێمابێ!

﴿فإن لم يكن له ولد﴾ ئەگەر مردووەکە منداڵی نەبوون ﴿وورثه أبواه﴾ باوکو دایکی هەبوون ﴿فلأمه الثلث﴾ ئەوە سێیەکی بۆ دایکیەتی.

﴿فإن كان له إخوة فلأمه السدس﴾ ئەگەر مردووەکە وێڕای باوکو دایکی خوشکو برای هەبوون، ئەوە دایکەکە شەش یەکی ماڵەکە دەبا.

بەکورتی دایک سێیەک دەبا، ئەگەر نەوەی میراتگر نەبوو، یان دوو یا زیاتر لە خوشکو برا نەبوون. ئەگەر نەوەی میراتگر هەبوو، یان ژمارەیەک لە خوشکو برا هەبوون، ئەوکاتە شەشیەک دەبات.

باوک شەش یەک دەبا ئەگەر نەوەی میراتگر هەبوو، جا ئەگەر نەوەکە کچێک بوو، ئەوە نیوەی دەبا، نیوەکەی تر باوکە بە فەرضو بە تەعصیب دەیبا.

دایک ئەگەر یەکێ لە ژنو مێردی لەگەڵدا بوو، سێیەکی باقی ماندە دەبا، وەکوو ئەوە ژنێک بمرێ مێردو دایکو باوکی هەبن، ماڵەکە دەکرێ بە شەش بەش، سێ بەشی بۆ مێردەکەیە، سێیەکی باقی ماندە کە بەشێکە لە شەش بەشەکە بۆ دایکەکەیە، دوو بەشەکەی تر باوکەکە بەشێوەی عەصەبەیی دەیبا. یان ئەگەر پیاوێک بمرێ ژنێکو باوکو دایکی لەدوا بەجێ بمێنن! ماڵەکە دەکرێ بە دوانزە بەش، ژنەکە چواریەک دەبا، دایک سێیەکی باقی ماندە دەبا ئەوی تری کە شەش بەشە

بۆ باوکەکەیە بەشێوەی عەصەبەیی دەیبا، ئەم دوو مەسەلە پێیان دەگوترێ (العمریە) یان (الغراء)..

ئەم میرات گرتنو بەش کردنە ﴿من بعد وصية يوصي بها أو دين﴾ لەدوای جێبەجێکردنی وەصیەتی مردووەکەو دانەوەی قەرزەکانیەتی!

واتە: دوای مردنی ئادەمیزاد ئەگەر مالو دارایی لەپاش بەجێما، پێش هەموو شتێک حەقی کفنو دفنی لێ دەدرێ، ئەمجار قەرزێک کە پەیوەندی بە ذیممەی مردووەکەوە هەبێ لێی دەدرێتەوە، دوایی ئەگەر وەصیەتی کردبوو، تا ئەندازەی سێیەکی مال وەصیەتەکەی ئەنجام دەدرێ، ئەمجار ئەوەی مایەوە بەسەر میراتگرەکاندا بەگوێرەی شەرع دابەش دەکرێ!

ئەمجار پەروەردگار رستەیەکی ناواخنی هێنا بۆ هۆشیارکردنەوەی ئادەمیزاد کە خودا ئاکامی هەموو ئیشێک دەزانێو پێویستە هەر کەسە بەشە میراتی خۆی بدرێتێو دەفەرموێ:

﴿آباءكم وأبناءكم لاتدرون أيهم أقرب لكم رحما﴾ ئەوانەی میراتیان بۆ دیاری کراوەو خودا دەربارەیان وەصیەتو ئامۆژگاری کردن، دایکو باوکو کورو کچیخۆتانن لەکاتی بەشکردنی میراتدا ستەمیان لێ مەکەن؛ هەرکەسە بەشە میراتی خۆی بدەنێ، نەچن وەکوو سەردەمی پێش ئیسلام ئافرەتو منداڵ بێبەش بکەن! ئێوە نازانن کامەیان زیاتر سوودی دونیاو قیامەتتان پێ دەگەیەنێ، ئەم بەشکردنە بەشکردنێکە خودا دیاری کردووە، کەس بۆی نیە گۆڕانکاری تێدا بکا، خودا بۆ خۆی دەزانێ چی لە بەرژەوەندیی بەندەکانیدایە، هەموو شتێک لە شوێنی شیاوی خۆی دادەنێ، میراتی لەنێو ئێوەدا بەش کردووە بەشێوەیەکی عادڵانەو بەرژەوەندی هەموو کەسی لەبەرچاو گرتووە ﴿إن الله كان عليما حكيما﴾ بەڕاستی خودا زاناو دانایە، هەموو کارێکی لەجێی خۆیدایە، ئێوەش بەگوێرەی ئەو یاسایە میرات بەشبەش بکەن، ستەمکاری تێدامەکەن.

﴿ولكم نصف ما ترك أزواجكم إن لم يكن لهن ولد﴾ بۆ ئێوەی مێرد هەیە نیوەی ئەو ماڵو دارایییەی کە ژنەکانتان بە جێی دێڵن بەمەرجێ منداڵیان لەدوا بەجێ نەمێنێ، جا ئەو منداڵە لەم مێردەی بێ یان لە مێردیکی تری بێ، ئەو منداڵە نێر بێ یان مێ، یەک بێ یا زیاتر، منداڵی خۆی بێ یان منداڵی منداڵی بێ، مەرجیش نیە ئەو ژنە گواسترابێتەوە بەڵکو تەنها مارەکرابێ بەسە: ﴿فإن كان لهن ولد فلكم الربع مما تركن من بعد وصية يوصين بها أو دين﴾ ئەگەر ئافرەتەکە منداڵی هەبوون، ئەوە مێردەکە چواریەکی هەیە ئەوی تری بۆ خزمو کەسو کاریەتی، ئەگەر کەسی تری نەبوو دەدرێ بە (بيت المال).

ئەمە دوای دانەوەی قەرزو جێبەجێکردنی وەصیەتەکەی ﴿ولهن الربع مما تركتم إن لم يكن لكم ولد، فإن كان لكم ولد فلهن الثمن مما تركتم من بعد وصية توصون بها أودين﴾ ژن چواریەکی ماڵی بەجێماوی مێردی دەبا، ئەگەر مێردەکەی منداڵی بەجێ نەهێشتبوو، هەشت یەکی دەکەوێ، ئەگەر مێردەکەی منداڵی لەپاش بەجێمابێ، تەنانەت ئەگەر کابرای مێرد زیاد لە ژنێکی هەبێ، هەر هەموویان هاوبەشن لە چواریەک، یان هەشت یەکەکەدا، ئەمە دوای دانەوەی قەرزو جێبەجێکردنی ئەو وەصییەتانەی دەیانکەن!

﴿وإن كان رجل يورث كلالة أو امرأة وله أخ أو أخت فلكل واحد منهما السدس﴾ پەروەردگار لەم ئایەتانەدا میراتگرانی کردوون بە سێ تاقم. تاقمێک راستەوخۆ پەیوەستن بە مردووەکەوە ئەوانیش باوکو دایکو کوڕو کچن، تاقمێک پەیوەندییان بە مردووەکەوە هەیە، بەهۆی عەقدی مارەیی، ئەوانیش ژنو مێردن.

تاقمێک پەیوەندییان بە مردووەکەوە هەیە بەهۆی ناوەنجی (واسطة) وە ئەمانە پێیان دەگوترێ (كلالة) کەوابێ (کەلالە) خزمێکە جگە لە باوکو دایکو کوڕو کچە، جا چونکە تاقمی یەکەم خزمایەتیان بۆ مردووەکە زۆر بەهێزەو قەت لە میراتگرتن ناکەون پێش هەموانی خست،

ئەمجار باسی تاقمی دووەمی کرد.

ئەمجار هاتە سەر باسی تاقمی سێیەم کە بە (کلالـة) ناودەبرێنو خزمی جگە لە باوکئو دایکئو کوڕو کچن.

حوکمی میراتگرتنی (کلالـە) ئەوەیە: ئەگەر مردووەکە خوشکئو برای دایکی هەبوون هەریەکەیان شەشیەکی هەیە.

﴿فإن کانوا أكثر من ذلك فهم شركاء في الثلث﴾ ئەگەر زیاد لە یەکێک بوون ئەوە لە سێیەک دا هاوبەشن، بەڵگە لەسەر ئەوەی کە مەبەست بە خوشکئو برا لە ئایەتی (کلالـة) دا خوشکئو برای دایکین، قیرائەتی سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصە کە دەفەرموێ: (وله أخ أو أخت من أم) . هەروەها چونکە لێرەدا بەشەکە یان شەشیەکە، یان سێیەکە، ئەم دوو بەشانەش بەشی دایکن کەوابێ دەشێ کەسێک بە هۆی دایکەوە بگاتە مردوو هەمان بەشی بەربکەوێ.

بەکورتی براو خوشکی دایکی دوو حاڵەتیان هەیە:

١ - ئەگەر برا، یان خوشک، بە تەنها بوو، هەریەکەیان شەشیەکی هەیە.

٢ - ئەگەر زیاد لە یەکێک بوون، هاوبەشن لە سێیەک دا، فەرقی نێرو مێیان نیە.

ئەمانە هەموو ﴿من بعد وصية يوصى بها أودين﴾ دوای جێبەجێکردنی وەصیەتو دانەوەی قەرزەکان ﴿غير مضار﴾ بەمەرجێک دانەوەی قەرزو جێبەجێکردنی وەصیەتەکەی زیان بە میراتگرو خاوەن قەرزەکان نەگەیەنێ!

هەڵبەتە زیان گەیاندن لە وەصیەتو قەرزدا چەند جۆرێکی هەیە.

١ - کابرا دان بە قەرزداری دا بنێ بۆ بێگانەیەک بە جۆرێک قەرزەکە هەموو ماڵەکە، داگیر بکات، یان هەندێکی! مەبەستی دان پیانانەکە ئەوەبێ زیان بە میراتگرەکان بگەیەنێ.

٢ - دان بەوەدا بنێ ئەو قەرزەی کە لەلای فلانەکەس هەیەتی

وەری‌گرتۆتەوە.

٣- زیاد لە سێیەکی ماڵ بکا بە وەصیەت.

٤- سێیەکی ماڵی بکا بە وەصیەت بەڵام مەبەستی خێرو ڕەزامەندی خودا نەبێ. بەڵکو مەبەستی کەم بوونەوەی بەشی میراتگرەکان بێ.

﴿وصية من الله والله عليم حليم﴾ ئەمە وەصیەتو فەرمانی خودایە فەرمانتان پێ دەکا کار بەم یاسایە بکەنو جێبەجێی بکەن، خودا زاناو ئاگادارە بە بەرژەوەندی بەندەکانیو زیان پێگەیاندنیان، دەزانێ کێ شیاوی میرات گرتنەو کێ شیاو نیە، هەرکەسە چەندی دەکەوێ! ویڕای ئەوە حەلیمو لەسەرخۆیە، پەلە ناکا لە سزادانی ئەوانەی سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن!

پەروەردگار کە بەم شێوە هەست بزوێنە کۆتایی بە ئایەتەکە هێنا، ئاماژە دەکا بۆ ئەوە کە خودا یاسای میراتی بەو شێوە داناوە، دەزانێ چی بەرژەوەندیو خێرو بێری ئادەمیزادی تێدایە! کەوابێ پێویستە پابەندی فەرمانو ئامۆژگاری‌یەکانی بینو بەگوێرەی یاساو شەرعی ئەو، میراتەکە بەش بکەین.

نەچین دەستدرێژی بکەینو مافی ئەمو ئەو پێشێل بکەین! یان بێین تەعدیل لە یاسای میراتدا بکەین، وەکوو ئەوە، بەئەندازەی پیاو بەشی ئافرەت بدەین، وەکوو لەبرێ وڵاتی بەناو ئیسلامیی‌دا پەیڕەو دەکرێو شوێن برێ دابو نەریتی پرپووچ کەوتوونو لاسایی یاسای رۆژئاوا دەکەنەوەو یاسای دانراو (وضعي) بەسەر خۆیاندا دەسەپێننو پێیان وایە: ئەمە یەکسانیو دادپەروەرییە لەنێوان ئافرەتو پیاودا! چونکە ئەوە لەگەڵ دەقەکانی قورئاندا رووبەڕوو دەبنەوە، دژی یاسای خودایی دەوەستێن، ئاشکراشە هیچ دادوەریو یاساناسیو بەرژەوەندی دروستی‌یەک ناگاتە دادوەری پەروەردگار، کەس بە ئەندازەی خودا بەڕەحمو بەزەیی نیە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (اللهُ أرحم بعباده من هذه بولدها) دڵنیابن خودا بەبەزەیی ترو بەرەحم ترە لەم دایکە بۆ جگەرگۆشەکەی!

سنوورەکانی پەروەردگار

تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٣﴾ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدْخِلْهُ نَارًا خَـٰلِدًا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٌ مُّهِينٌ



﴿تلك حدود الله﴾ ئەو یاسایانەی باسکران دەربارەی ماڵو سامانی هەتیوان، یاسای ژنو مێردایەتی، شێوەی میراتگرتنو بەشە جۆراو جۆرەکانی میرات، هەموو سنوورو فەرزکراوو ئەندازەدار کراوو حوکمی خودان، کە کردوونی بە یاساو فەرمانی کردووە کاروباری خێزانو پەیوەندی ژنو مێردو بەشکردنی میرات ئەندازەی بەشەکانی لەو سنوورەدا جێبەجێ بکرێن! هەرگیز سنوربەزێنی مەکەنو یاساشکێن مەبنو ئاگاداری فەرمانەکانی شەریعەت بنو پێشێلیان مەکەن.

﴿ومن یطع الله ورسوله یدخله جنات تجري من تحتها الأنهار خالدین فیها﴾ کەسێک پابەندی فەرمانی خوداو پێغەمبەر بێ، بەگوێرەی قورئان پەیڕەو بکا، شوێن شەریعەتی ئیسلام بکەوێ، ئەوە خودا لە پاداشی هەڵوێستی باشیدا دەیخاتە ناو باخو باخاتی بەهەشتەوە، کە بەژێر باخەکاندا جۆگەی ئاوی صافو بێگەرد دەکشێنو بۆ هەتا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوە ﴿وذلك الفوز العظیم﴾ ئەوە بە مراد گەیشتنێکی گەلێک مەزنەو سەرفرازیو رزگاربوونە لەهەموو ناخۆشییەک، لەززەتو خۆشی بەهەشت لەززەتی جەستەییو گیانییە.

﴿ومن یعص الله ورسوله ویتعد حدوده﴾ کەسێک لە خوداو پێغەمبەری خودا یاخی بێ، سنوور ببەزێنێو یاسای خودا پێشێل بکا ﴿یدخله نارا خالدا فیها وله عذاب مهین﴾ خودا دەیخاتە ناو ئاگرێکەوە

کەرەسەی سووتاندەکەی ئادەمیزادو بەردە، بۆ هەتاهەتایە تێیدا دەمێنێتەوە، ویڕای ئەوەش سزایەکی سووکانە پێکردنی دەدرێو سەرباری ئازارو بەردەوامی سوکایەتیشی تێدایە!

جیاوازیی زۆر هەیە لەنێوان مانەوەی هەتاهەتایی ناو بەهەشت لەززەت وەرگرتنو رابواردنو خۆشگوزەرانی تێیدا، لەگەڵ مانەوەی هەتاهەتایی ناو دۆزەخو چەشتنی جۆرەها سزاو ئەشکەنجەو سوکایەتی پێکردنی!

بەڕاستی ئەمە رەحمەتو سۆزی خودایە بەبەندەکانی، کەوا لەپێشەوە حەلاڵو حەرامی بۆ دیاری کردوون، یاساو نیظامی بۆ داناون، بۆ خێر هەڵیناونو لە شەڕ تەکاندونیەوە، مزگێنی داونیو ترساندوونی! جا کەسێک فەرمانبەرداری خودابێو، شوێن ڕێبازی پێغەمبەر کەوتبێ، خۆی لەتاوانو سەرپێچیکردن پاراستبێ، ئەوە پاداشی بەهەشتەو هەتاهەتایە تێیدا دەگوزەرێنێ! کەسێکیش لەخودا یاخی بێو شوێن ڕێبازی پێغەمبەر نەکەوێ سەرپێچییەکەی گەیشتە پلەی کوفر، ئەوە لە دۆزەخدا بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە، بەلام ئەگەر ئیمانی هەبوو، تاوانی کردو، سنووری ئایینی بەزاند، ئەوە شیاوی سزای دۆزەخە بۆ ماوەیەک،دوایی دەردەهێندرێو دەخرێتە بەهەشتەوە.

سزای داوێن پیسی ئافرەتان

وَٱلَّٰتِى يَأْتِينَ ٱلْفَٰحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمْ فَٱسْتَشْهِدُوا۟ عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِّنكُمْ ۖ فَإِن شَهِدُوا۟ فَأَمْسِكُوهُنَّ فِى ٱلْبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّىٰهُنَّ ٱلْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ ٱللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا ﴿١٥﴾ وَٱلَّذَانِ يَأْتِيَٰنِهَا مِنكُمْ فَـَٔاذُوهُمَا ۖ فَإِن تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُوا۟ عَنْهُمَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ تَوَّابًا رَّحِيمًا ﴿١٦﴾

لە ئایەتەکانی پێشوودا پەروەردگار یاسای ژنو مێردایەتیو

میراتگرتنی روونکردەوە، هەرشەی لەوانە کرد کە سنوور بەزێنی دەکەن، ئەمجار لێرەدا دێ سزای ئەو ژنانە دیاری دەکا کـە یاساشـکێنی دەکـەنو دەفەرمویٚ: ﴿واللاتي يأتين الفاحشة من نسـائكم﴾ ئـەو ژنانـەی تاوانیـان لیٚ روودەدا لە خـێزانی ئێـوە ﴿فأستشـهدوا عليهـن أربعـة منكـم﴾ چوار شایەتی پیاویـان لیٚ بەشـایەت بگـرن، جـا ﴿فإن شـهدوا فأمسـكوهن في البيوت حتى يتوفاهن الموت أو يجعل الله لهن سبيلا﴾ ئەگەر چوار شـایەتە پیاوەکان شایەتیان لەسەردان ئەوە لەماڵدا بەندیان بکەنو مەهێڵن لە ماڵ دەربچن، تا دەمرن، یا خوا چارەیەکی تریان بۆ دیاری دەکا.

ئەمە لـە سـەرەتادا حوکمـی ئیسـلام بـەو جـۆرە بـووە، ئـافرەت کـە زینـاکردنی لەسـەر بچەسـپایەو چـوار شـایەت شـایەتییان لەسـەر بدایـە، لەماڵدا بەند دەکراو چوونە دەرەوەی لیٚ قەدەغە دەبوو تا دەمـرد، سـزای پیـاوانیش جنێـو پێـدانو لێـدان بـە نـەعلو ئـەو جـۆرە شـتانەبوو، هـەتا پەروەردگار ئەو حوکمەی هەڵوەشاندەوە بە جەڵدە لێدانـی کچو کـوڕ، بـە بـەردەباران کردنـی ژن کـە مـێرد چووبێتـە لای هـەروەها پیـاو کـە ژنـی هێنابیٚ! وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرمویٚ: ﴿الزانية والزاني فاجلدوا كل واحد منهما مأة جلدة﴾النور/٢.

ئەگەر موحصەنەیش بوون (واتە: ژن مێردی هەبوو، پیاو ژنی هەبوو) ئەمەش ئەو چارەسەرە بوو کە لە ئایەتی پێشوودا ئاماژەی بۆ کرابوو.

ئیمامـی موسلیمو خاوەنی کتێبـە فـەرموودەکان لـە عوبـادەی کـوڕی صامیت دەگێڕنەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتـەوە کـە دەفـەرمویٚ: (خذوا عني، خذوا عني، قد جعل الله لهن سبيلا، البكر بالبكر جلدمائة ونفي سنة والثيب بالثيب جلد مأة والرجم).

رای زانایان لەسەر ئەوە جێگیر بووە، کە بەشی کۆتایی فەرموودەکـە هەڵوەشاوەتەوە، وەئەو رێگا چارەیەی خودا بۆی دیاریی کردوون، ئەوەیـە: بێـوە، چ ژن چ پیـاو بـیٚ، بـەردەباران دەکـریٚ، نـەک جـەڵدەی لیٚ دەدریٚ.

چونکە پێغەمبەر ﷺ بەکردەوە لێیەوە چەسپاوە کە بەردەبارانی کردووە نەک جەڵدەلێدان!

﴿واللذان يأتيانها منكم، فآذوهما فإن تابا وأصلحا فأعرضوا عنهما، إن الله كان توابا رحيما﴾ ئەو دوو پیاوەی نێربازی دەکەن، یان ئەو کوڕو کچەی زینا دەکەن، بە جنێوو لۆمەو تانەو تەشەر سزایان بدەن، جا ئەگەر تۆبەیان کردو صالح بوونو سروشتی خۆیان گۆڕیو وازیان لەو کردەوە ناشیرینە هێنا، ئیتر ئەوە تانەو تەشەریان لێ مەدەن، چونکە کەسێک لە تاوان کردن تۆبە بکا وەکوو کەسێک وایە: تاوانی نەکردبێ، بێگومان پەروەردگار تۆبە گیرایەو تۆبە قبووڵ دەکاو بە رەحمو سۆزە بۆ بەندەکانی، خیطابی ئایەتەکە روو دەکاتە لێپرسراوانو فەرمانڕەوایان، ئایەتەکە حوکمی بێوەژنی زیناکەری روون کردۆتەوە هەروەها حوکمی کوڕو کچی زیناکەری بەیان کردووە، بەڵام باسی حوکمی بێوە پیاوی زیناکاری نەکردووە، دیارە حوکمی بێوەژنی هەیە.

ئەبو موسلیی ئەصفەهانی کەبەلایەوە لە قورئاندا نەسخ نیە دەڵێ: ئایەتی یەکەم مەبەستی پانپانۆکەی نێوان مێینەیە، ئایەتی دووەم مەبەستی هەتیوبازییە، ئیتر لەسەر ئەم رایە حوکمی هەردوو ئایەتەکان نەسڕاوەتەوەو نەسخیان تێدا نیە.

مەرجو کاتی تۆبەکردن

إِنَّمَا ٱلتَّوْبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٧﴾ وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ إِنِّى تُبْتُ ٱلْـَٰٔنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ أُوْلَٰٓئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا



لە ئایەتی پێشوودا پەروەردگار ئەوەی روون کردەوە کە ئەو کەسانەی تۆبە دەکەن ئیتر سزادانیان لەسەر تامێنێو وازیان لێ دەهێنرێ؛ ئیتر لێرەدا گونجاو بوو کە باسی مەرجو کاتی تۆبەکردن بکا، بۆیە فەرمووی: ﴿إنما التوبة على الله للذين يعملون السوء بجهالة ثم يتوبون من قريب﴾ واتە: خودا بەگەورەییو فەضلو ئیحسانی خۆی تۆبە لەو کەسانە وەردەگرێ کە بەنەزانی تووشی کردنی تاوانێک دەبنو نازانن ئاکامو سەرەنجامی چی دەبێ، واتە: هەڵەیەکە پێیان دەکرێو دوایی لەسەری سوور نابنو وازی لێ دێنن زوو پەشیمان دەبنەوەو تۆبە دەکەن، تەنانەت ئەگەر تۆبە کردنەکەیان پێش غەرغەرەی سەرە مەرگ بێ هەر تۆبەکە گیرایە! مەبەست بە نەزانی ئەوە نییە نەزانێ کە وا حەرامە، چونکە هەموو موسوڵمانێک پێویستە حەرامو حەڵاڵ بزانێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە هەواو هەوەسو شەهوەتو ئارەزوو بەسەریدا زاڵ ببنو تاوانەکەی پێ بکەنو دوایی پەشیمان ببێتەوە!

موجاهیددەڵێ: هەرکەسێک بە هەڵە یان بە ئەنقەست لەخودا یاخی بێو تاوان بکا ئەوە نەزانە هەتا وازی لێ دێنێ!

قەتادە لە (ابی العالیە)وە دەگێڕێتەوە دەڵێ: وادەبوو هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ دەیانگوت: هەر تاوانێک بەندە بیکا جەهالەتو نەزانییە.

عبدالرزاق دەڵێ: (معمر) لە قەتادەوە ریوایەتی کردووە کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ رایان لەسەر ئەوە چەسپیوە کە هەر کارێک، هەر شتێک سەرپێچی خودای تێدابێ نەزانییە. جا بە ئەنقەست بیکا یان بە هەڵە! ئاماژە بەو ئایەتە کە دەفەرموێ: **﴿قل يا عبادي الذين أسرفوا على أنفسهم لا تقنطوا من رحمة الله﴾**الروم/٥٠.

ئەی موحەممەد! بەو بەندانەی من بڵێ: کە بە نەفامی زێدەڕەوییان کردووەو ستەمیان لەخودی خۆیان کردووە بەوە کەتاوانیان ئەنجام داوە، پێیان بڵێ: با لە رەحمەتو بەخششی خودا نائومێد نەبن، تۆبە بکەنو پەشیمان ببنەوەو داوای لێخۆشبوون لە ئێمە بکەن!

کەوابوو مەرجی یەکەم ئەوەیە تاوانەکە بە نەفامی بکا، مەرجی دووەم ئەوەیە: بە ماوەیەکی کەم دوای کردنی تاوانەکە پەشیمان ببێتەوە، زانایانیش ماوە کەمەکەیان داناوە: بەو ماوەیەی نێوان کردنی تاوانەکەو مردن. واتە کەسێک پێش غەرغەرەی مردن تۆبە بکا بەر ماوە کەمەکە دەکەوێ! ﴿فألئك يتوب الله عليهم وكان الله عليما حكيما﴾ ئەوانەی بە نەزانی تاوانیان لێ رووداوەو دوایی بە ماودیەکی کەم تۆبە دەکەن ئەوە خودا تۆبەیان لێ وەردەگرێو عەفوویان دەکا، چونکە بەردەوامو سوور نەبوون لەسەر گوناھ کردن، پەروەردگار زانایە بە زەعیفی بەندەکانی لەبەرامبەر شەهوەتو ئارەزۆدا، داناو حەکیمە لە وەرگرتنی تۆبەکەیان. لەدوای بەیانکردنی حالو چۆنیەتی ئەوانە تۆبەیان لێ وەردەگیرێ، ئەمجار حالو چۆنیەتی ئەوانەی کە تۆبەیان لێ وەرناگیرێ بەیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿وليست التوبة للذين يعملون السيئات حتى إذا حضر أحدهم الموت قال إني تبت الآن﴾ تۆبە بۆ ئەوانە نیە کە خراپەکاری دەکەن دەست لە تاوان کردن هەڵناگرن هەتا مردن یەخەیان پێ دەگرێو دەزانن کار لە کار ترازاوە ئەو کاتە بەناچاری دەڵێ: من ئێستا تۆبە دەکەمو پەشیمانم لە کردارەکانم، ئەو کاتە تۆبە کردن هیچ سوودیکی نیەو هیچ هومێدیکی لێ ناکرێ، وەکوو لە ئابەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فلم يك ينفعهم إيمانهم لما رأوا بأسنا﴾غافر/٨٥.

یان لەباسی سەرگوزشتەی فیرعەونَدا کاتێک خەریک بوو بخنکێ وتی: ﴿امنت أنه لا اله إلا الذي امنت به بنو اسرائيل انا من المسلمين الان وقد عصيت قبل وكنت من المفسدين﴾یونس/٩٠-٩١.

چونکە گەیشتۆتە حاڵەتی نائومێدیو لەدونیای تێکۆشانو هەوڵدان دەرچووە، کەوتۆتە دونیای پاداشو تۆڵە، ئەوەی لێچاوەروان ناکرێ کە ماوەی هەبێ واز لە خراپەکاری بێنێو بریاری پەشیمانیو گەڕانەوەو هەڵوێست گۆڕینی لێ بکرێ.

﴿ولا الذين يموتون وهم كفار﴾ هەروەها تۆبە لەوانەش وەرناگیرێ

کە بەبێ بڕوایی دەمرن ﴿أولئك أعتدنا هم عذابا أليما﴾ ئەو دوو تاقمە کە تۆبەیان لێوەرناگیرێ سزای بە ئیشو کوشندەمان بۆ ئامادەکردوون، لە تۆڵەی تاوان کردنو بەردەوام بوونیان لەسەر خراپەکاریو بێ بڕواییان هەتامردن. ئا بەو جۆرە پەروەردگار یەکسانی خستۆتە نێوان ئەوانەی تۆبەکەیان دوادەخەن تا دەگەنە حاڵەتی غەرغەرەو کۆتایی ژیانی دونیاو ئەوانەی بە بێبڕوایی دەمرن، یەکسانی خستۆتە نێوانیانەوە لەوەدا کە تۆبەیان لێوەرناگیرێ، چونکە هەروەکو چۆن ئەو کەسەی لەسەر بێبڕوایی دەمرێ دەرگای تۆبەی لەسەر خۆی داخستو یەقینی خۆی خستۆتە حاڵەتی دژوارەوە، هەر بەو جۆرەش ئەوکەسەی کە تۆبەکردنی دواخست، تا کاتی غەرغەرە سنووری دیاریکراوی تۆبەکردنی پێشێل کردووە تازە کاتی بەرپرسیاریو هەڵبژاردن بەسەرچووەو کاتی تۆڵەو سزایە.

مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەت دا لە روانگەی ئیسلامەوە

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرۡهٗاۖ وَلَا تَعۡضُلُوهُنَّ لِتَذۡهَبُواْ بِبَعۡضِ مَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ إِلَّآ أَن يَأۡتِينَ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖۚ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ فَإِن كَرِهۡتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَيَجۡعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيۡرٗا كَثِيرٗا ﴿١٩﴾ وَإِنۡ أَرَدتُّمُ ٱسۡتِبۡدَالَ زَوۡجٖ مَّكَانَ زَوۡجٖ وَءَاتَيۡتُمۡ إِحۡدَىٰهُنَّ قِنطَارٗا فَلَا تَأۡخُذُواْ مِنۡهُ شَيۡـًٔاۚ أَتَأۡخُذُونَهُۥ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ﴿٢٠﴾

وَكَيۡفَ تَأۡخُذُونَهُۥ وَقَدۡ أَفۡضَىٰ بَعۡضُكُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ وَأَخَذۡنَ مِنكُم مِّيثَٰقًا غَلِيظٗا ﴿٢١﴾

راڤەکەرانی قورئان دەڵێن: دانیشتوانی مەدینە پێش هاتنی ئیسلامو لە سەرەتای ئیسلامدا، دابو نەریتێکیان هەبوو ئەگەر پیاوێک بمردایەو ژنی لەدوا بەجێ بمایە، کوڕێکی پیاوەکە کە لەو ژنە نەبوایە، یان خزمی تری پیاوەکە، خێرا کراسێکی خۆی بەسەر ئافرەتەکەدا دەدا، ئیتر ئەو کەسە دەبووە خاوەنی ئەو ئافرەتە، ئەگەر پیاوێک بمردایەو ژنی لەدوا بەجێبمایە کوڕێکی پیاوەکە کە لەو ژە نەبوایە، یان خزمی تری پیاوەکە، خێرا کراسێکی خۆی بەسەر ئافرەتەکەدا دەدا، ئیتر ئەو کەسە دەبووە خاوەنی ئەو ئافرەتە، ئەگەر بیویستایە مارەی دەکرد بەبێ مارەیی، ئەگەر بیویستایە بەشووی دەداو مارەیی‌یەکەی بۆ خۆی وەردەگرتو هیچی نەدەدا بە ئافرەتەکە؛ یان نەیدەهێشت شوو بکاتەوە بە خەڵکیتر مەگەر ئافرەتەکە بەو میراتەی لە مێردەکەی بۆی ماوەتەوە، یان لەهی تر هەی بووە، خۆی بکڕیایەوە، یان ئافرەتەکە بمردایەو میراتەکەی بۆ خۆی بگرتایە. جا وەکوو دەڵێن: ئەبو قەیسی کوڕی ئەسلەتی ئەلئەنصاری مرد (کبیشة)ی کچی موعەنی ئەنصاری خێزانی بوو، لەدوای بەجێ ما، ئەبو قەیس کوڕێکی هەبوو لە ژنێکی تری بوو ناوی (حصن) بوو هەر لەگەڵ باوکی مرد خێرا کراسێکی خۆی بەسەر زڕداکەکەیدا داو کردی بە میراتو ئەمجار نە لیّی نزیک بووەوە نە بژێویشی دایە، تەنگی پێ هەڵچنی بۆ ئەوەی بەو ماڵەی هەیەتی خۆی بکڕێتەوە، ئیتر ئافرەتەکە سکاڵای خۆی هێنایە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ئەویش فەرمووی: لەماڵی خۆت دانیشە تا خودا دەربارەی ئەم نەریتە نیگام بۆ دەنێرێ، ئیتر خودا ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ، کە دەفەرمویێ: ﴿يا أيها الذين آمنوا لا يحل لكم أن ترثوا النساء كرها﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە! ڕەوا نیە بۆ ئێوە کەئافرەت بە کەلەپوور داگیر بکەن، ڕەوا نیە کە چاو لەسەردەمی نەزانی بکەن، ئافرەت بە کاڵاو شتومەک حسێب بکەن، بە ناوی میراتەوە داگیری بکەنو بە ئارەزۆی خۆتان تەصەڕوفیان تێدا بکەنو بۆ خۆشیان ناڕازی بن، ویستان مارەیان بکەن، یان لە خەڵکیتریان مارە بکەنو

شیرباییان بخۆن، یان شوکردنیان لێ قه‌ده‌غه بکه‌نو ناچاریان بکه‌ن خۆیان بکڕنه‌وه یان به ناڕه‌حه‌تی ژیانی کوله‌مه‌رگی به‌سه‌ر به‌رن ﴿ولا تعضلوهن لتذهبوا ببعض ما آتیتموهن﴾ نه‌چن شووکردنیان لێ قه‌ده‌غه بکه‌نو ته‌نگیان پێهه‌ڵچنن بۆ ئه‌وه‌ی ئافره‌ته‌که ناچار ببێ ئه‌و میراتو ماره‌ییه‌ی وه‌ری‌گرتووه بتانداته‌وه‌و خۆی رزگار بکاو خۆی بکڕێته‌وه.

ئیبنو جه‌ریر له ئیبنوزه‌یده‌وه ده‌گێڕێته‌وه ده‌ڵێ: قوڕه‌یشیه‌کان له مه‌ککه پیاوی وایان هه‌بوو، ئافره‌تێکی شه‌ریفی ماره ده‌کرد به‌هومێدی ئه‌وه له‌گه‌ڵی هه‌ڵ نه‌کا، لێی جیابێته‌وه، به‌ڵام به‌مه‌رجێک به‌بێ ره‌زامه‌ندیی ئه‌م شوو نه‌کاته‌وه، ئیتر شایه‌تیان دێنانو سه‌نه‌دیان پێ ده‌نووسی، جا ئه‌گه‌ر خوازبێنی کاری بهاتنایه، ئه‌گه‌ر ئافره‌ته‌که ماڵو سامانی بدایه به پیاوه‌که‌ی پێشووی‌و رازی بوایه، ئه‌وه ئیزنی ده‌دا، ئه‌گه‌ر رازی نه‌کردایه ئه‌زیه‌تی ده‌دا نه‌یده‌هێشت شوو بکاته‌وه!

زۆرجار واده‌بوو ئه‌و جۆره پیاوانه ته‌نگیان به‌و جۆره ژنانه هه‌ڵده‌چنی بۆ ئه‌وه‌ی به ماڵو سامانی خۆیان خۆیان رزگار بکه‌ن.

خیطابی ئایه‌ته‌که، یان روو ده‌کاته مێرده‌کان، یان روو ده‌کاته که‌سوکاری مردووه‌که، ئه‌وانه‌ی ژنی کابرای مردوویان به که‌له‌پوور داگیر ده‌کردو نه‌یانده‌هێشت به حه‌زی خۆی شوو بکاته‌وه، به‌ڵکو ئاوا به بێ مێردی ده‌یان هێشته‌وه تا ده‌مردو ئه‌مجار ماڵه‌که‌یان به که‌له‌پوور ده‌گرت.

ئه‌و هه‌ڵوێسته نامرۆڤانه‌یان له‌گه‌ڵ دا مه‌نوێنن ﴿لتذهبوا ببعض ما آتیتموهن﴾ بۆ ئه‌وه‌ی به‌شێک له‌و ماره‌ییه‌ی پێتان داون وه‌ربگرنه‌وه، یان مافێکی خۆیان که له‌سه‌ر ئێوه‌یه لێیان داگیر بکه‌نو پێشێلی بکه‌ن! ئه‌مجار حاڵه‌تێک له‌وه ده‌رده‌کاو به‌ندکردنو ته‌نگ پێهه‌ڵچنینی ئافره‌ت تێیدا به ره‌وا داده‌نێ ئه‌ویش ئه‌وه‌یه که ده‌فه‌رموێ:

﴿إلا أن یأتین بفاحشة مبینة﴾ مه‌گه‌ر ئه‌و ئافره‌تانه تاوانێکی حه‌یابه‌ره ئه‌نجام بده‌ن، به ئاشکرا تاوانێکی وه‌کوو زینا، دزی،

هەڵگەڕانەوە لە مێردو ئەو جۆرە شتانەی کەشەرع بە ناپەسەندیان دادەنێ بیکەن، ئا لەم حاڵەدا سزادانو تەنگ پێ هەڵچنینی ئافرەت ڕەوایە بەمەبەستی ئەوەی کە پێتان داون لێیان بستێننەوە، جا مارەیی بێ، یان ماڵی تر بێ، چونکە لەم حاڵەدا خراپەکارییەکە لە ئافرەتەکەوەیەو سووچ سووچی ئەوە، نەک هی پیاوەکە. بۆیەش فەرمووی: ﴿فاحشة مبينة﴾ واتە: تاوانە حەیابەرەکە، چەسپاوو ئاشکرا بێ، بۆ ئەوەی ڕێگا لە پیاوان بگرێ، نەچن پێش چەسپانی تاوانەکەو ئاشکرابوونی، حوکمی ناڕەوا بەسەر ئافرەتەکەدا بدەنو بە خۆڕاییو بە هەوانتە ئافرەتێکی داوێن پاک لەکەدار بکەن.

ئەمجار داوا لە مێردەکان دەکا کە هاوڕێیەتی ژنەکانیان بکەن بە شێوەیەکی نەرمو نیانو بە قسەو بەکردەوە، ویژدانی خۆیان بخەنەکارو لەبژێوو پۆشاکو شوێنی حەوانەوەیان بەگوێرەی توانا کەمتەرخەمییان لێ نەکەن، چونکە ئافرەت هەستو سۆزی ناسکە پێی خۆشە مێردەکەی چی لەو دەوێ ئەویش بۆ ئەوی بکا، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف**﴾البقرة/٢٢٨.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: باشترین ئادەمیزاد لە ئێوە ئەوکەسەیە بۆ خێزانی باش بێ، من باشترین کەسم بۆ خێزانی خۆم). ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ وابوو خۆش ڕەوشتو دەم بە پێکەنین بوو، یاری لەگەڵ خێزانەکانیدا دەکرد، لەگەڵیاندا ڕووخۆش بوو، بژێوی بۆ دابین دەکردن، دەم بە پێکەنین بوو لەگەڵ خێزانەکانیدا تەنانەت پێشبڕکێی لەگەڵ عائیشەدا دەکرد، هەموو شەوێک خێزانەکانی لەو خانووەدا کۆدەکردەوە کە شەو تێیدا دەمایەوە، جاری وا دەبوو نانی ئێوارەی لەگەڵ دەخواردن، ئەمجار هەریەکەیان دەچووەوە بۆ ماڵی خۆی، عادەتی وابووەکە نوێژی عیشای دەکرد دەچووە ئەو هۆدەیەی کە شەو تێیدا دەنووستو پێش نووستن برێ یاریو سوحبەتی لەگەڵ خێزانی ـ ەکردو ئەمجار دەنووست.

پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿**لقد كان لكم في رسول الله أسوة**

حسنة﴾الاحزاب/٢١.

ئیبنو عومەر دەڵـێ: پێغەمبـەر لـە حـەجی ماڵئـاوایی‌دا فـەرمووی: (إستوصوا بالنساء خيرا فإنهن عوان عندكم، أخذتموهن ولكم عليهن حق ولهن عليكم حق، ومن حقكم عليهن ألا يوطئن فرشكم أحدا، ولا يعصينكم في معروف، وإذا فعلن ذلك فلهن رزقهن وكسوتهن بالمعروف).

پـەروەردگار کـە دەفـەرموێ: ﴿وعاشـروهن بـالمعروف﴾ بـۆ راستکردنەوەی ئـەو هەڵـەو تاوانانەیـە: کـە لەسـەردەمی پێـش ئیسـلام‌دا بەرامبـەر ئـافرەت دەکـرا، ئـەوە بـوو پیـاوان خراپـەیان لەگـەڵ ئـافرەتدا دەکرد، قسەی ناشیرین‌و رەقیان لەگەڵ دا دەکـردن، ئازاریـان دەدان، بۆیـە پەروەردگار فەرمانی بە موسـوڵمانان کـرد: کـە هـەڵس‌و کـەوتیان لەگـەڵ ژناندا چاکەکاری بێ، تەنانەت ﴿فإن كرهتموهن فعسى أن تكرهـوا شيئا ويجعل الله فيه خيرا كثيرا﴾ ئەگەر شتێکتان لەوان پـێ نـاخۆش بـوو: بـەم جۆرە عـەیبێکتان لە رەوشتیان بەدڵ نەبوو، یان شێوەو روخساریانتان بەدڵ نەبوو، یان هەڵسوڕان‌و کاروباری ناوماڵیانتان بەدڵ نەبوو، یان حـەزتان لـە ئافرەتێکی تر بوو: ئەوە صەبر بگرن‌و پەلە مەکەن لە جوودابوونەوە لێیان، یان لەتەنگ پێ‌هەڵچنینیان؛ چونکە لەوانەیە خودا مانەوەیان بکاتە خـێرو بێر بۆتان، وایان لێ بکا ببنە جێگای رەزامـەندی ئێـوە، رەوشـتی خۆیـان باش بکەن، یان منداڵی رێکئو پێکئو صاڵح‌و خـێر ئاوەرتـان لێیـان ببـێ‌و بۆتان پەروەردە بکەن، بەوە نەقصی خۆیان پڕ بکەنەوە. پێغەمبـەریش ﷺ فەرموویەتی: (لا يفرك مؤمن مؤمنة إن كره منها خلقا رضي منها آخر) بـا مێرد ژنی ناخۆش نەوێ بـە جۆرێـک وا لـەخۆی بکـا ناخۆشەویسـتی‌یەکە ببێتە هۆی لێک جیابوونەوەیان، ئەگەر رەوشتێکی تێدابوو، بەدڵی نـەبوو، ەروشتێکی تری تێدایە جێگای رەزامەندی بـێ. واتـە: چاوپۆشـی بکـا لـە رەوشتە خراپەکانی بەهۆی رەوشتە جوانەکانی.. بەڵێ ئەگەر پیاوان مانـای

ئەم ئایەتەو فەرموودانەیان هەزم بکردایەو کاریان پێ بکردنایە خێزانیان دەخستە کامەرانییەوەو خۆیان لەو کێشەو نیزاعانە دەپاراست کە دەبنە هۆی دەست لێک بەردانی ژنو مێردو هەڵوەشانەوەی خێزانو پەرتەوازە بوونی منداڵو زۆربوونی بێسەرپەرشتان..

ئاشکرایە ستەمکاریی لە سروشتی ئادەمیزاددا کۆنو ریشە داکوتراوو بەربڵاوە، پیاوی ستەمکار پشت ئەستوور بەهێزو توانای خۆیو بەوەی کە تەڵاقی بەدەستە، زۆرجار ستەمی لە ژن دەکرد، هەر کەبیویستایە ژنەکەی تەڵاق بدا چی مارەییو پارەو پوولێکی پێی دابوو، لێی دەستاندەوە، بۆ ئەم مەبەستە جۆرەها بیانووو تەنگ پێ هەڵچنینی ناڕەواو بوختانو درۆو دەلەسەی بۆ هەڵدەبەست.

ئیتر پەروەردگارئەو هەڵویستو ستەمکارییەی لێ مەنع کردنو فەرمووی: ﴿وإن أردتم استبدال زوج مكان زوج وآتيتم إحداهن قنطارا فلا تأخذوا منه شيئا﴾ ئەگەر ویستتان ژنی نابەدڵتان بگۆڕن بە ژنێکی ترو تەڵاقی بدەن، ئەوە بە صەبرو ئارام بن، بەشێوەیەکی عادڵانەو ریکو پێک دەستی لێبەردەنو تەڵاقی بدەن، بە ناڕەوا بوختانو پروپاگەندەیان بۆ بەرپا مەکەنو مارەییشیان لێ مەستێنەوە تەنانەت ئەگەر ماڵێکی زۆریشتان پێ دابوون هەر هیچیان لێ مەستێننەوە، ﴿أتأخذونه بهتانا وإثما مبينا﴾ ئایا ئێوە ماڵەکەیان لێ وەردەگرنەوە بەهۆی بوختانو درۆ هەڵبەستنەوە؟ بەستەمکاریەکی ئاشکرا... مارەییەکەیان لێ وەردەگرنەوە؟ شتی وا مەکەنو هەڵویستی وا مەنوێنن ﴿وكيف تأخذونه﴾ چۆن لێیان وەردەگرنەوەو ئەو مارەیی ستاندنەوە بە رەوا دەزانن؟ لەکاتێکا ئەو ئافرەتانە هیچ تاوانێکیان نیەو هیچ کەمتەرخەمییەکیان نەبووە، ئەمە ویڕای ئەوەی کە ﴿وقد أفضى بعضكم إلى بعض﴾ ئەو هەموو پێکەوە نووستنو جووت بوونەتان پێکەوە ئەنجام داوە، خۆشیتان لەیەکتری بینیوەو منداڵتان لەبەین‌دا پەیدا بووە، دەی چۆن ئەو هەڵویستە وەردەگرنو ئەو پەیوەندییە دەپچڕێنن، هەتکی

ناموسی ئافرەتەکە دەکەن، سومعەی خراپ دەکەن، تەماع لەماڵی ئەو بێ دەستەڵاتە دەکەن؟ خۆ ئێوە توانای کارکردنو ماڵ پەیداکردتان هەیە! چۆن ئێوە هەڵوێستی ئاوا بەرامبەریان دەنوێنن؟ خۆ ﴿وأخذن منكم ميثاقا غليظا﴾ عەهدو پەیمانیان لێ وەرگرتوون بەوەی کە بەریکئو پێکی مێردایەتییان لەگەڵدا بکەنو هەڵسو کەوتتان لەگەڵیاندا راستاڵانە بێو هەرکاتیکیش بەیەکەوە نەگونجان بەشێوەیەکی عادڵانەو مرۆڤانە دەستیان لێ بەربدەنو ستەمو نارەوایییان لەگەڵدا نەکەن.

قەتادەو موجاهید دەڵێن: (ميثاق) ئەو عەهدو پەیمانەیە کە پەروەردگار لەبارەی ئافرەتانەوە لە پیاوانی وەرگرتووە کە دەفەرموێ: ﴿**فإمساك بمعروف أو تسريح بإحسان**﴾البقرة/٢٢٩.

ئەو ئافرەتانەی ناشێ مارە بکرێن

وَلَا تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ ءَابَآؤُكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّهُۥ كَانَ فَـٰحِشَةً وَمَقْتًا وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٢٢﴾ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَـٰتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَٰتُكُمْ وَعَمَّـٰتُكُمْ وَخَـٰلَـٰتُكُمْ وَبَنَاتُ ٱلْأَخِ وَبَنَاتُ ٱلْأُخْتِ وَأُمَّهَـٰتُكُمُ ٱلَّـٰتِىٓ أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَـٰعَةِ وَأُمَّهَـٰتُ نِسَآئِكُمْ وَرَبَـٰٓئِبُكُمُ ٱلَّـٰتِى فِى حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ ٱلَّـٰتِى دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ

وَحَلَـٰٓئِلُ أَبْنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ مِنْ أَصْلَـٰبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ ٱلْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٢٣﴾

لەوەپێش پەروەردگار حوکمی مارەکردنی چەتیوانو ژمارەی ئەو

ئافرەتانەی کە دروستە پیاو مارەیان بکا بەمەرجێ دادوەری بکاو بتوانێ بژێوییان دابین بکا دیاری کرد.

ئەمجار ئامۆژگاری ئەوەشی کرد کە بە ڕێکو پێکی هەڵسو کەوتیان لەگەڵدا بکرێ، هەڕەشەی لەوە کرد کە بە ناڕەوا مارەییان لێ بستێندرێ، ئەمجار دێتە سەر دیاریکردنی ئەو ئافرەتانەی کە ناشێ پیاو مارەیان بکا، جا هۆی نەشیانەکە خزمایەتی، یان خەسوو خەزورایەتی، یان شیرخواردن بێ: ئەم ئایەتە دەربارەی حصنی کوڕی ئەبو قەیس هاتۆتە خوارێ، کە ژنی باوکی خۆی واتە: زڕ دایکی خۆی کە ناوی (کبشە)ی کچی مەعەن بوو مارە کرد، هەروەها صەفوانی کوڕی ئومەییەی کوڕی خەلەف باوەژنی خۆی -فاخیتەی کچی ئەلئەسوەدی- مارە کرد، هەروەها مەنصوری کوڕی مازین باوەژنی خۆی -مولەیکەی کچی خاریجەی- مارە کرد. ئەشعەثی کوڕی سوار دەڵێ: ئەبو قەیس کە یەکێک بوو لە پیاوچاکانی یاریدەدەران، کۆچی دوایی کرد. قەیسی کوڕی کە لە ژنێکی تری بوو، خوازبێنی کرد، زڕدایکەکە وتی: من تۆ بە کوڕی خۆم دەزانم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەچمە لای پێغەمبەر ﷺ فەرمانی لێ وەردەگرم، چوو بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ئەم هەواڵەی بۆ گێڕایەوە ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ.

ئیبنو جەریری طەبەری لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: کۆمەڵگای سەردەمی نەزانی مارەکردنی ئافرەتی مەحرەمییان بەلاوە یاساغ بوو، جگە لە زڕدایکو کۆکردنەوەی نێوان دو خوشک...

ئیتر بە مەبەستی بنبڕکردنی ئەو دابو نەریتەو قەڵاچۆکردنی ئەو باوە پیسەو نەهێشتنی ئەو عادەتە ناشیرینە پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ، دەفەرموێ: ﴿ولا تنكحوا مانكح آباؤكم من النساء إلا ما قد سلف﴾ ئەو ئافرەتانە مارە مەکەن کە باوکەکانتان مارەیان کردووە! واتە: زڕدایکی خۆتان مارە مەکەنەوە، ئەوە کردەوەیەکی ناشیرینو قێزلێکراوە تەبیعەتێ ساغ بێ لێی نامۆیە، چونکە زڕ دایک وەکوو

دایکێ وایە، مەگەر ئەوانەی کە لەوەپێش مارەیان کردبن، ئەوە گوناهیان ناگاتیو سزایان لەسەر نیە ﴿إنه کان فاحشة ومقتا وساء سبیلا﴾ مارەکردنەوەی زڕدایک کارێکی ناڕەوایەو ستەمەو قێزلێکراوەو ڕێبازێکی خراپەو هەرکەسێک لەوە بەولاوە بیکا تاوانەو شیاوی سزادانە.

ئیمامی رازی دەفەرموێ: کردەوەی خراپو پیس سێ جۆرە: یان قوبحی عەقڵییە، یان قوبحی شەرعییە، یان قوبحی عورفییە، پەروەردگار مارەکردنەوەی زڕدایکی وا حسێب کرد: کە هەر سێ ناپەسەندیەکەی تێدان. چونکە فەرمووی: (فاحشة) کە ناشیرینیەکەی لای هەموو ژیرو هۆشمەندێک ئاشکرایە، فەرمووی: (ومقتا) کە بێزراوی لای خودایە واتە: قوبحی شەرعییە، فەرمووی (وساء سبیلا) کە ئەویش بێزراوی ناو پیاوانە واتە: قوبحی عورفییە، ئەمجار دێتە سەر دەست نیشان کردنی ئەو ئافرەتانەی کە مارەکردنیان حەرامە، چونکە مارەکردنیان پێچەوانەی ئەو پەیوندییەیە کە لە نیکاح کرنی نێرو مێ چاوەڕوان دەکرێ، ئەو ئافرەتانەش شەش تاقمنو پەروەردگار بەم شێوەیە دیاری کردوون کە دەفەرموێ: ﴿حرمت علیکم أمهاتکم﴾ یاساغو قەدەغەیە لەسەرتان مارەکردنی دایکئو نەنکتان با بەرەو ژووریش بچێ! ﴿وبناتکم﴾ کچەکانتان با داکەوێ واتە کچی کچی.. ﴿وأخواتکم﴾ هەروا حەرامە لێتان مارەکردنی خوشک جا خوشکی دایکئو باوکی، یان خوشکی باوکی، یان خوشکی دایکی بێ. ﴿وعماتکم﴾ پوور: خوشکی باوک ﴿وخالاتکم﴾ پوور: خوشکی دایک. ﴿وبنات الأخ﴾ کچی برا. ﴿وبنات الأخت﴾ کچی خوشک. ئەم سێ تاقمە بە هۆی نەسەبەوە حەرامن واتە: (اصول) بنەچە (فروع)نەوە (حواشي) نزیکئو دوور.

تاقمی چوارەم: مارەکردنیان بە هۆی شیرخواردنەوە حەرام دەبێ، وەکوو دەفەرموێ: ﴿وأمهاتکم اللاتي أرضعنکم ,واخواتکم من الرضاعة﴾ دایکی شیردەرو خوشکی شیری؛ واتە: هەموو خزمی ژنە شیردەرەکە دەبنە خزمی شیرخۆرەکە: ژنەکد دەبێتە دایکی، کچی ژنەکە

دەبێتە خوشکی شیرخۆرەکە، مێردی ژنە شیردەرەکە دەبێتە باوکی شیرەخۆرەکە، کوڕەکانی دەبنە برای شیرخۆر.

ئیمامی بوخاریو موسلیم لە ئیبنوعەبباسەوە فەرموودەیەک ریوایەت دەکەن: دەڵێ: کاتێ پێغەمبەر ﷺ داوای لێ کرا کە کچی حەمزەی مامی مارە بکا، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە بە من ناشێ؛ چونکە ئەو کچی برای شیریمە! هەرچی بە نەسەب حەرام بێ، بە هۆی شیرخواردنیش حەرام دەبێ. دووبارە بوخاری لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: لە پێغەمبەر ﷺ پرسیار کرا: دەربارەی پیاوێک کە دوو جاریەی هەبن یەکێکیان شیری دا بە منداڵێکی نێرینەو ئەوی تریان شیری دا بە منداڵێکی مێینە، ئایا دەشێ دوایی ئەو دوو منداڵە ببنە هاوسەری یەکتر ؟! پێغەمبەر فەرمووی: نەخێر نابێ.

چونکە (لقاح) مەتربەکردنەکەیان یەکە، واتە چونکە مێردی دوو جارییەکان پیاوێکە هەردووکیان لە پیاوەکەوە شیرەکەیان بۆ پەیدا بوو.

زاهیری ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە شیرخواردن زۆرو کەمی چوون یەکە، حەنەفییەکانو مالیکیەکان ئەمەیان لە ئایەتەکە وەرگرتووە، کۆمەڵێکی تر لە (فوقەها) پێیان وایە دەبێ شیرخواردنەکە لە سێ جار کەمتر نەبێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا تحرم المصة والمصتان ولا الإملاجة والإملاجتان) مژینێکو دوو مژین قومێکو دوو قوم حەرامی پەیدا ناکەن، شافیعیو ئەحمەد، پێیان وایە: بە کەمتر لە پێنج جار شیرخورادن حەرامی پەیدا نابێ.. لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە لە عائیشەوە ریوایەت کراوە کە فەرموویەتی (کانت فیما أنزل الله من القرآن عشر رضعات معلومات فنسخن بخمس معلومات فتوفي رسول الله ﷺ وهن فیما یقرأ من القرآن) هەڵبەتە حەنەفییەکان دەڵێن: ئایەتەکە ماناکەی موحکەمو ئاشکرایە، مەبەستەکەی روونو بێ پێچو پەنایە، فەرموودەکەش

خەبەری واحیدە تەخصیصی ئایەتی ئاوا بە خەبەری واحید ناکرێ!

ئەبوبەکری رازی لە طاووسەوە لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕێتەوە: کە فەرموویەتی: خەڵک دەڵێن: ژەمێکو دوو ژەم شیر خواردن، حەرامی پەیدا ناکەن، فەرمووی: بەڵێ زوو وابوو بەڵام ئیمڕۆ تەنها ژەمێک دەبێتە هۆی حەرامی.

شیر خواردن نابێتە هۆی حەرامی ئەگەر تەمەنی منداڵە شیرخۆرەکە لە دوو ساڵ زیاتر بێ چونکە ماوەی شیر خواردن تا دوو ساڵە، لەوەدوا حسێب ناکرێ.

قورئان دەفەرموێ: ﴿**والوالدات يرضعن أولادهن حولين كاملين لمن أراد أن يتم الرضاعة**﴾.

هەروەها دارەقوطنی لە ئیبنوعەبباسەوە فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: (لا رضاع إلا ماكان في الحولين) .

تاقمی پێنجەم: ئەو ئافرەتانەن بەهۆی خەسوو خەزوورییەوە حەرام دەبن کە یەکەمیان دایکی ژنە وەکوو دەفەرموێ: ﴿**وأمهات نسائكم**﴾ حەرامە لەسەرتان مارەکردنی دایکی ژنتانو نەنکی ژنتان.. مەرجیش نیە ئافرەتەکە گواسترابێتەوە، بەڵکو تەنها بە مارەبڕینی ئافرەتەکە، دایکیو دایکی دایکیو بەرەو ژوور، لە پیاوەکە حەرام دەبن.

دووەم کچی ژن کە لە مێردێکی تری بێ بە مەرجێ ئافرەتەکە گواسترابێتەوەو مێردەکەی لەگەڵی جووت بووبێ، ئیتر ئەو کاتە کچی ئەو ژنەو کچی کچی .. هتد لە پیاوەکە حەرام دەبن، وەکوو دەفەرموێ: ﴿**وربائبكم اللاتي في حجوركم من نسائكم اللاتي دخلتم بهن**﴾ حەرامە لێتان مارە کردنی (کۆلەبەسە) کچی ژنەکانتان کە لەمێردی تریان بێو لەژێر چاودێریو سەرپەرشتیاری ئێوەدابن، بەمەرجێ چووبنە لای دایکەکەیان.. بەڵام ﴿**فإن لم تكونوا دخلتم بهن فلا جناح عليكم**﴾ ئەگەر نەچووبوونە لای ئافرەتەکانو نەگواسترابوونەوە، هەر تەنها مارەیان

براوبوو لێک ترازان، ئەوە ئەگەر دایکەکە تەڵاق بدەن یان بمرێ دەشێ (ربیبە)کە مارە بکەن!

جا مەرج نیە (ربیبە)کە لەماڵی مێردی دایکیدا بێ، تەنانەت ئەگەر لای سەرپەرشتیاری تریش بێ هەر لەمێردی دایکی حەرام دەبێ.

سێیەم ژنی کوڕەکانتانو ژنی کوڕی کوڕ...هتد وەکوو دەفەرموێ: ﴿وحلائل أبنائكم الذين من أصلابكم﴾ حەرامە لەسەرتان مارەکردنی ژنی کوڕو ژنی کوڕی کوڕ ئەو کوڕانەی لەپشتی ئێوە کەوتوونەوە، بەڵام ژنی کوڕی هەڵگیراوەو بەکوڕکراو واتە: (التبنی) ئەوە ئەگەر مارەیان بکەن هیچی تێدا نیە. وەکوو چۆن پێغەمبەر ﷺ زەید بە تەبەنی بووبووە کوڕی، کە زەینەبەی مارە کرد دوایی تەڵاقی دا، پێغەمبەر ﷺ مارەی کردەوە، بەمە دابو نەریتی تەبەننی پووچ کردەوە وەکوو دەفەرموێ: ﴿لكيلا يكون على المؤمنين حرج في أزواج أدعيائهم﴾الاحزاب/٣٧.

تاقمی شەشەم: ئەو ئافرەتانە کە بەهۆی هۆکاری لاوەکی مارەکردنیان حەرام دەبێ وەکوو دەفەرموێ ﴿وأن تجمعوا بين الأختين إلا ماقد سلف﴾ هەروەها لێتان حەرامە، کەلەیەک کاتدا دوو خوشک لەژێر نیکاحتان دا بن، یان ئافرەتێک لەگەڵ پووری دا یان لەگەڵ برازایدا یان لەگەڵ خوشکەزای دا ببن بە خێزانی پیاوێک، واتە: کۆکردنەوەیان لەژێر نیکاحی پیاوێکدا لەیەک کاتدا حەرامە. قاعیدەکەشی ئەوەیە: هەر دوو ئافرەتێک ئەگەر وای دابنێین یەکیان پیاو بێو یەکیان ئافرەت نیکاحیان لێک نەیە کۆکردنەوەشیان لەژێر نیکاحی کابرایەکدا دروست نیە، مەگەر لەپێش هاتنەخوارەوەی ئەم حوکمەدا بووبێ ئەوە تازە تێپەڕیوە ﴿إن الله كان غفورا رحيما﴾ بێگومان پەروەردگار لێخۆشبووەو لە ئاساری ئەو جۆرە کردارانەی پێشووتان خۆش دەبێ، ئەگەر تۆبە بکەنو بۆ لای خودا بگەڕێنەوە، سۆزو بەزەیی زۆرە بۆیە ئەحکامی ژن مارەکردنی ئاوا بۆ شیکردنەوە بەجۆرێک کە بەرژەوەندیو خێرو سوودی تێدایە بۆ گشتیو دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ئێوەی ئادەمیزاد.

بەیارمەتی خودا لە نووسینەوەی بەرگی دووەمی تەفسیری ڕەوان بوومەوە.. بەمەش کۆتایی بە جزمی چوارەمی قورئانی پیرۆز هات.

خوا یار بێ بەبێ پچڕانو وەغران یەک بە دوا یەک دا هەموو بەرگەکانی ئەم تەفسیرە پیرۆزە دەکەونە بەردەستی شەیدایانی قورئانی پیرۆزو لێی بەهرەمەند دەبن. ئەمەش ئاواتی سەرەبەرزی بەندەیە.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە ئەگەر توانای دارایی خۆم وەکوو پێویست هەبوایە دەمتوانی زووترو خێراتر هەموو بەرگەکانی یەک بەدوای یەکدا بەچاپ بگەیەنم. بەلاّم دەسەلاّت هەر ئەوەندەیەو خودا بەزۆری نەزانێ!!

پێرستی سەرەباسەکانی جزمی چوارەمی تەفسیری رەوان

ئەم تەفسیرە زێڕینە

قورئانی پیرۆز سەرچاوەی رۆشنی بەرنامەی ئیسلامە، مۆمێکی رۆشنە، چرایەکی درەخشانە، رێگەی ژیانی هەردوو جیهانی موسولمان، رۆشن دەکاتەوە، بەرنامەی ژیانی گەلی ئیسلام دادەرێژێ، هەموو کونو قوژبنێکی ژین رۆشن دەکاتەوە، لەئەرکی پیرۆزی سەرشانی موسولمانانە کە بەباشی لەبەرنامەی پیرۆزی ئیسلام حالی ببن، هەتا لەسەر شێوەیەکی رەوا خودا بپەرستنو لەسەر شێوەیەکی جوانی گونجاو لەگەل گیانی سەردەمدا مامەلەی پێ بکەنو بەهرەی گیانیو ژیانی لێ وەربگرن. ئەمڕۆ لە سایەی خوداوە رابوونێکی گەورەی ئیسلامیی هەیە، لەهەموولایێ چاوی تێ براوە، جێگەی ئومێدی جەماوەری موسولمانە، لاوە رۆشنبیرەکانو پیرە نوورانییەکانیش وەک پەروانەو مۆم بەپیریەوە دەچن، خوێنی گەشیان زەیتی بلێسەی مەشخەلەکەیەتی. خوا یار بێ ئەم رابوونە بەئەنجام دەگا، ئاسۆ روونە، ئومێدی گەورە بەرەحمەتی خوا وایە کە هۆی تەوفیقو سەرکەوتنی بۆ برەخسێنێ.

دەی ئەم تەفسیرە، لەبابەتی خۆیدا، لەم گۆرەپانەدا پێشەنگو سەرمەشقە، خوایاربێ هۆکارێکی لەبار دەبێ لە هۆکارەکانی ئەو تەوفیقە خوایییە، بەسە بۆ پەسنو پەناخوانی ئەم تەفسیرە کە لەم سێ بوارە گرنگەدا خزمەت بە گەلی کوردی سەرجەم موسولمان دەکا:

١- گەوهەرێکی شەوچرایە لە بواری راڤەو تەفسیری قورئانی پیرۆزدا، بەکوردییەکی بەپێزی بەهێزی ئاسانی رەسەنی وەوان نووسراوە، بەباشی خوێنەری لەمەبەستو مەعناو رۆحی دەقە قورئانییەکە شارەزا دەکا، دوورە لە بابەتی لاوازو ئەفسانەگەری، دووریشە لە توندڕەوی، لەسەر رێبازێکی نوێباوە کە پابەندبێ بە یاساکانی عولوومی تەفسیرەوە، لەبەرئەوە هەموو مەرجەکانی تەفسیری رەسەنی تیادایە.

٢- یادگاریەکی شاکارە لە بواری خزمەتی ئەدەبو رۆشنبیریو نامەخانەی کوردیدا، زمانی پێ دەولەمەند دەبێ، کوردی پێ داناتر دەبێ.

٣- خزمەتێکی تایبەتە بە ئاشقانی قورئانو مامۆستا ئایینییەکان، چونکە دەتوانن بەئاسانی لە پوختەی تەفسیرە کۆنەکانو تەفسیرە نوێکان بەهۆی ئەم تەفسیرەوە شارەزا ببن.

خودا پاداشتی مامۆستا مەحموود بداتەوە لەسەر ئەم کۆششە پیرۆزە، یاخوا لە هەموو بەرگەکانی تریدا ئاوا سەرکەوتووبێ، بەراستی وەک حەزرەت ﷺ دەفەرموێ: (الاناء يترشي بما فيه). دیارە دلی مامۆستا مەحموود پڕە لە حوببی قورئانو موسولمانانو کوردان، بۆیە لەم سێ بوارەدا نووری دلی سەرڕێژی کردووە، مایەی شانازیو سەربەرزی بەندەی ناتەوانە کەبەشداریم لە پیاداچوونەوەی ئەم بەرگەدا کردووە، دوا وتەم: **لخير مايهدى الى عبد وفي لربه نظير ذا المؤلف**

خادم القران

نوری فارس حەمەخان

١٩٩٧/١٢/٧